ئەمیندارێتی ڕۆشنبیری و لاوان
یاریدەی لەچاپدانی داوە

نیکۆلۆ مەکیاڤیللی

میر

لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دوکتۆر کەمال مظهر احمد دا

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
حسین عارف

نیکۆلۆ مەکیاڤیللی

هەنەگیان !
ژ
خاڵە
١٧/٢/١٩٨٣

میر

لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دوکتۆر کمال مظهر احمد دا

وەرگێڕانی لە عەرەبی یەوە

حسین عارف

دوکتۆر کمال مظهر أحمد

وردبوونەوەیەکی مێژوویی
دەربارەی مەکیاڤیللی و مەکیاڤیللیزم

سەرێ خستنێکی نوێی بیروباوەڕەکانی
مێژوونوسی گەورەی سەردەمی ڕاپەڕین

تێبینی : ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژمارە (٦)ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٩ی گۆفاری «افاق عربية»دا بلاۆکراوەتەوە .

مێژوو کەم جار ڕووناکبیرێکی وەهای بە خۆیەوە دیوە کە بەردەوامو بە درێژایی چەند سەدەیەك ، لە هەموو کووچەیەکی ئەم جیهانە بەرینەماندا، بیروراکانی بە وێنەی مەکیاڤیللی ی ئیتالیایی کە ناوی دەچەسپێتە زەینی هەریەکێك لەوانەوەی بۆ یەکەمجار لە دەرگای سیاسەت دەدەن ، بوویێتە مایەی بێنەوبەرەیەکی پڕ لە ناکۆکی. لەبەر ئەوە شتێکی سەیرنی یە کە ئەم پیاوەو بەرهەمی قەڵەمەکەی دەستی تا ئەم ڕۆژانەش لە لایەن گشت لێکۆڵەرەوەکانەوە بە هەموو ڕێبازە جۆراوجۆرەکانیانەوە ، جێگای بایەخ پێدان بێ. جا هەرچەندە ڕووی شێوێنرای مەکیاڤیللی لە دێر زەمانەوە لە بیرو هۆشی ڕۆژئاوایی یەکاندا بەرەو سڕینەوە چووەو ڕووە ڕاستەقینەکەی جێگای گرتۆتەوە ، بەڵام لای ڕۆژهەڵاتی یەکان هێشتا هەر وێنەکەی لەوەبەری لە بیرو هۆشدا چەسپەو بە شێوەیەکیش کە جیاوازی ی لەگەڵ ئەوەکەی ئەوروپای سەدەکانی پێشوودانی یە . سا ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە بە پشت بەستن بە نووسینەکانی خۆی و بەو دوا بیروڕایانەی لێکۆڵەرەوەکان سەبارەت بیروباوەڕەکانی پێ یگەیشتوون ، ڕووە ڕاستەقینەکەی مەکیاڤیللی بخاتە پێش چاو. هەروەکوو تەقەلادانێکیشە بۆ گەیشتن بە هەندێ ئەنجام لێدەرهێنانی نوێی ئەوتۆ کە بۆ گفتوگۆ لەسەرکردنو پەرەپێدان دەشێن .

کورتەیەکی ژیانی مەکیاڤیللی

نیکۆلۆ دی بیرناردۆ مەکیاڤیللی ، لە (٣)ی مایسی (١٤٦٩)دا لە شاری فلۆرنسا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئیتالیاوە ، لە دایك بووە . بە ڕەچەڵەك لە بنەماڵەیەکی تۆسکانیایی ی سەرداری ڕەسەن بووە کە زۆر کەسیان بە درێژایی دەیەها ساڵ پایەوپلەی گرنگیان داگیردەکردو لە ئاکامیدا چڕژابوونە کۆری ژیانی سیاسی ی پڕ لە چستوچالاکی ی فلۆرنساوە، تەنانەت خاووخێزانی باپیرە گەورەی لە ئەنجامیدا لە

سالی (١٢٦٠)دا تووشی دەرکردن لە شار بووبوونو یەکێکیشیان لە بەندیخانەدا لیٚ مردبوو . هەروەها پێش ئەوەی مەکیاڤیللی چاو بە ژیاندا هەڵبینیٚ ، خێزانەکەیان لە رووی باری ئابووری‌یەوە لە شکستیدا بووەو ئەوە ، وەك لە دواییدا سەرنجی دەدەینیٚ ، هەندیٚ شوێنەواری بە هەڵس و کەوتی‌یەوە جیٚهێشتوە.کەوابیٚ مەکیاڤیللی لە باوەشی سیاسەتو رۆشنبیریدا پەروەردە بووە . باوکی پارێزەرێکی ناسراو بووەو دایکیشی شیعری داناوە . جا هەرچەندە زانیاریمان دەربارەی ماوەی نۆبەرەی ژیانی مەکیاڤیللی بەو شێوەیەی سەرچاوە سەرەتایی‌یەکانی باری رۆشنبیری‌ی ئەومان بۆ رۆشن بکاتەوە لەبەر دەستدا نی‌یە ، بەڵام گومانی تێدا نی‌یە کە بە پێوانەی سەردەمی خۆی ، خوێندەواری‌یەکی باشی بە نەسیب بووەو قانوونو مێژووی[1] خوێندوە . لە تەمەنی حەوت ساڵاندا دەستی کردۆتە فێربوونی زمانی لاتینی[2] کە ئەو وەختە زمانی زانستو رۆشنبیری بووە . ئینجا هەر لە سەرەتای لاوێتی‌یەوە ، حەزی خۆی بۆ هەردوو رۆشنبیری‌ی کۆنو نویٚ نیشانداوەو خوتبەکانی خوتبەدەری رۆمانیایی شیشرۆن (١٠٦ - ٤٣ - پ . ز)ی خوێندوونەتەوەو نووسینەکانی ئەرستۆی خەتم کردوونو بە بایەخ‌پێدانەوە ، شوێن نووسینەکانی هەردوو رابەری سەردەمی راپەرین دانتی (١٢٦٥ - ١٣٢١)و پەترارك (١٣٠٤ - ١٣٧٤) کەوتوە . بەڵام قوتابخانەی راستەقینەی مەکیاڤیللی ، شەقامەکانی شازی فلۆرنسا بووە کە گەورەترینی بلیمەتەکانی سەردەمی راپەرینی وەك دانتی‌و لیوناردۆ داڤینشی‌و مایکل ئەنجلوو چەندانی تریشی بە جیهان بەخشیوە . ئەم شارە لەوەدا لەگەڵ شارەکانی تری ئیتالیادا جیاواز بووە کە چستو چالاکی‌یەکی فراوانی ئەوتۆی تێدابووە نەك تەنیا پیشەی دەستەیەکی هەڵبژاردە بوویٚ بەو وێنەیەی لە شارێکی گرنگی وەك ڤینیسیادا دەکرا ، بەڵکوو پیشەی هەموو فلۆرنسایی‌یەك بووە . واتە لەم شارەدا ، بەپیٚی وەسف‌کردنی لە لایەن یەکێك لە مێژوونووسانەوە[3] «هەموو خەڵکەکە سیاسی بوون». جا بە راستی شەقامەکانی فلۆرنسا ، گەلیٚ کارەساتی سیاسی‌ی یەك بە دوای یەکی پڕ لە دەرسو عیبرەتیان بە خۆیانەوە دیبوو کە چەسپابوونە یادی خەڵکەکەیەوەو بەردەوام دەیانگێرانەوەو کارەساتی ژیانی تایبەتی‌ی خۆیانیان پێوە بەند دەکردن .

دوو چاوی بریقەدارو سەرنجێکی کاریگەری پڕ مانا بنوێنن . بالآیەکی مام‌ناوەندیو دوو لێوی تەنك کە زەردەخەنەکەیان هەرچی‌یەك لە قوولآیی دەروونیدا بسووریٚ ئاشکرای بکەن . سەرچاوەکان پشت بە نووسینەکانی هاوچاخەکانی دەربارەیو بەو تابلۆیانەی هەندیٚ لە وێنەکیشەکانی سەردەمی راپەرین کیٚشاویانە ، بەم جۆرە وەسفی رەنگ‌ورووی مەکیاڤیللی‌یان کردوە . بەلآم لەودیو ئەم شێوەیەوە جیهانێکی پڕ لە بەها خۆی حەشار دەدا . مەکیاڤیللی بە نموونەیەکی دەگمەنی قسەقوتیو کاریگەری لە گوێگرو دەم‌راستیو رووخۆشی لە ئاستی خەڵکی هەمەچەشنەدا ، لە دارفرۆشەکانی گوندەکەیەوە تا میرەکانی ئیتالیاو ئینجا پادشاکانی ئەوروپا ناسرابوو کە بەوە هەوڵی دەدا . لە هەموو حاڵەتێکدا جێگەی رەزامەندی بیٚو بچێتە دڵی خەڵکەکەوە.واتە پیاوێکی خۆش‌مەعشەرەبووەو بۆ برادەرانیشی هێجگار دڵسۆز بووەو لە پێناوی خێروخۆشیو پایەبڵندی‌یاندا هەچی‌یەکی لە باردا بوو‌بیٚ چ بە قسەو چ بە کردار بۆی کردوون . هەروەکوو لە ژیانیدا دڵرەقی‌ی نەزانیوە چی‌یەو بەزەیی بەو مرۆڤە بیٚ‌گوناهانەدا هاتۆتەوە کە بوونەتە کۆچی قوربانیو ئەمەش بە ئاشکرا لەو نامە زۆرانەدا دەردەکەویٚ کە بۆ برادەرانی خۆی نووسیون خۆ لە قسەلەروویشدا ، هیچ یەکێك لە ناودارانی سەردەمەکەی شانی لە شانی نەداوە(٤) . بەلآم لە پالیٚ هەموو ئەمانەدا ، پیاوێکی بەگومانو دوودڵو رارا بووە.هەروەها ئەو ئەگەرچی جارێکیانٚ سەبارەت بە خۆی وتویەتی : «من بە هەژاری لە دایك بووم لە بەر ئەوە پێش خۆشی‌بینین ، هەست‌کردن بە موحتاجی فێربووم(٥) » ، لەگەلیٚ ئەوەشدا خۆشی‌ی لە ژیاندا بە خۆیەوە بینیوەو تێگەیشتنێکی ئیتالیایی‌یانەی رەسەن تیٚ‌گەیشتوە . ژیانی خۆشویستوەو سەخی تەبیعەت بووەو رەزیلو پیسکە نەبووە.لە پارەوپوول سەرف‌کردندا ، چ بۆ خۆیو چ بۆ برادەرانی ، دەستی نەگێراوەتەوە(٦) . یا هەرچەندە مێبازو جوان‌پەرست بووە ، بەلآم قەت نەیدەگەیاندە رادەی غافڵبوون لە نەریتو بواری بە خۆی نەدەدا کار بگاتە ئەوەی ژیانە خێزانی‌یەکەی لیٚ بشێویٚ ، بگرە وەك باوکێکی دڵسۆزی بەرەحم لەگەلیٚ هەر شەش منالەکەیدا دەجوولآیەوەو ئەوپەری بەتەنگەوەهاتنو خۆشەویستییشی بە ژنەکەی دەبەخشی . بەم جۆرە هیواو ئاواتە بەرینەکانی بە

گونجاوی‌یەکی تەواوەوە ، لەگەڵ بلیمەتی‌یە بێ‌هاوتاکەی‌و خۆشەویستی‌یەکەی بۆ ئیش‌کردن‌و گیانی خزمەتگوزاری‌یەکەی بە چاکترین باردا هاتنە کایەوە .

ئەمانە هەموو نیکۆلۆیان خستە قاڵبێکەوە لە کۆمەڵگایەکدا کە پاشماوەی ئایدۆلۆژیای دەرەبەگایەتی‌و بەتایبەتی سیفەتی تاکرەوی‌و دووفاقی‌یەکەی ، بە سەر بیروهۆشی زۆربەی هەرەزۆری یەرەی خاوەن وشەو فیکردا زاڵ بووبێ ، وەك بێگانەیەکی لێبێ . بۆ وێنە زۆر کەسی دەروون گەندەڵ لە هاوتاکانی ، حەسوودی‌یان پێدەبردو تەقەلایان دەدا لە رێگەی گیروگرفت بۆ دروست‌کردن‌و بلاوکردنەوەی قسەوباسی داوین‌پیسی دەربارەی‌و تانووت‌لێدانی گوایە دڵسۆز نی‌یە ، زەفەری پێ‌بەرن . کەچی لەو کەسانە بەولاوە کە لە بیرکردنەوەدا هاوشانی بوون‌و یا بە رەوشت لەوە بالاتر بوون ماوە بە خۆیان بدەن دابخزێنە زەلکاوی بەدکرداری‌و گەندەڵی‌یەوە،لە سەروو هەمووشیانەوە مێژوونووسی ناسراو گویکاردینی‌و دیپلۆماسی‌ی فلۆرنسایی فرانسیسکۆ فیتۆری –ئەمە بەتایبەتی دوای دەربەدەرکردنی– ، ئیتر هیچ دۆستێکی دڵسۆزی بەخۆیەوە نەدی . بۆیە هەروەکوو مێژوونووس أ . ك . جیفیلیکۆف دەربارەی دەڵێ : «ئەو بە تەنیا بوو» بەلام «لە کەسانی‌تر سەربڵندتر بوو[7] ».

حەسوودی پێ‌بەرانی مەکیاڤیللی پتر لە سەر ئەوە لێ‌ی پەست دەبوون کە لەرادەبەدەر قسە لەروو بوو . لە راستیدا ئەو نەیدەتوانی خۆشەویستی یا رق‌وکینەی خۆی لە خەڵکی بشارێتەوە ، چونکە ئەگەر تەقەلای شاردنەوەشیانی بدایە ، ئەوا شێوەی سەروسەکوت‌و زەردەخەنە پڕ لە گاڵتەپێ‌هاتنەکەی یا لە دڵسۆزی‌یەکەی هەر بەو بارەیاندا دەنواند.بۆیە ئەو لە دەوروبەرێکدا کە زۆربەی رۆشنبیرانی لەنیسك بێ‌بەرو بێ‌رووتر بوون‌و مەرایی‌یان بۆ هەر خاوەن دەسەلاتێکی پایەدارو دەوڵەمەند؛ ، دەکرد ، .چەندە رەوشت‌و .رەفتارنزمیش بووایە ، وەك مرۆڤێکی نائاسایی دەکەوتە پێش چاو ئینجا وەختێ لە ئەنجامیدا ئەویش ناچار بوو دڵی کەسانی دووررو رابگرێ ، خۆی بە لاقرتێوە لە نووسینێکدا وتی :

«من زۆر لە دەمێکەوە ئەوەی بیری لێدەکەمەوە نایڵێم‌و ئەوەیشی دەیڵێم بە هیچ کلۆجێك بیری لێ ناکەمەوە . خۆ ئەگەر جارێکیان رووی‌دا کە ناچار بم هەق بڵێم ،

ئەوا بە کلاّفەیەك درۆو دەلەسەی وەها دەوری دەتەنم کە زەفەرپێبردنی ئاسان نەبێ». [8]

هەروەها بە گاڵتەهاتن بە شت تاوانباریان دەکرد کە ئەوە بەپێی وەسفکردنی یەکێك لە مێژوونووسە ئیتالیایی‌یەکان ، بریتی بوو لە نواندنێکی چاکی (ئایینی کەسێك کە دڵسوزانە باوەڕی بە ڕەهای تایبەتی‌ی خۆی هەبوو)، چونکە (ئەوەی خەڵکی‌تر دەیانشاردەوە ئەو نەیدەشاردەوە)، یا ئەگەر بیشی‌کردایە (ئەو سیفەتە بەرزانەی خۆی حەشار دەدان) کە وەهایان لێدەکرد (دڵپاکی‌یەکەی بکەوێتە بەرچاوان نەك بارە ڕاستەقینەکەی [9]).

زۆر جاریش حەسوودی‌پێبەرانی مەکیاڤیللی ، بۆ زەفەرپێبردنو زڕاندنی ناوی ، پەنایان دەبردە بەر گەڵی ڕێوشوێنی چەپەڵ . بۆ نموونە بە تەماعکار گوناهباریان دەکردو — بە قسەی ئەوان — گوایە هەر ئەوەش هانی‌دا ماریا کۆرسینی بە تەماعی سەروەت‌و سامانەکەی بکاتە هاوسەری خۆی ، لە کاتێکدا پیرۆزی‌ی پەیوەندی ژن‌و مێردایەتی لە نێوانیاندا لە ڕادەیەکدا بوو کە ماریا تا دوا هەناسەی ژیانی ، ئەوپەڕی وەفاداری بۆی بە وەفا بووەوتەنانەت نیکۆلۆش لە وەسێتی یەکەمیدا ، بڕیاری بۆ دابوو کە تەواوی هەقی خۆی لە ماڵ‌و مڵك بدرێتێ‌و بە مەرجێ تەنیا خۆی‌و مناڵەکانیان سوود لەو میراتی‌یە ببینن کە دوای مردنی بەجێی دێڵێ .جا بە درێژایی ماوەی بیست‌و سێ ساڵ ،پەیوەندی‌ی نێوان نیکۆلۆو ماریا لەوپەڕی باشیدا بووە . هەروەکوو نامەکانی دەریدەخەن لە هەر سەفەرێکدا کە کردوێتی ، زۆر تەنگەتاوی گەڕانەوە بووە بۆ ناو خێزانەکەی‌و ئەوانیش زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیان کردوە ، بەتایبەتی ژنەکەی کە نیکۆلۆ بۆ گاڵتەوگەپ بە (سەرۆکەکەم) ناوی بردوە [10] .هەروەها هەندە کەسێك تەقەلایان دەدا ، سەرکەوتنە بەرچاوەکانی کە بە کردەوە لە ژیانیدا بەدی‌ی هێنابوون ، بخەنە ناو گێژاوی گومان لێکردنەوە ، بەتایبەتی سەرکەوتنەکانی لە کۆڕی دیپلۆماسی‌یەتدا [11] ، بەڵام گێژاوەکەیان تەنیا خەیاڵێکی خاو بوو .

ئەم هەڵوێستە نانەجیبانەیەی هاوەڵ‌و ناسیاوانی لە پاڵ گرفتە تایبەتی‌یەکانی خویدا

، جۆرە بەرچاوتاریکی‌یەکیان لە دەروونی مەکیاڤیللیدا دروست‌کردو خستیانە سەر ئەو باوەڕەی گوایە حەسادەت «غەریزەیەکی رەسەنی تەبیعەتی ئادەمیزادە» و «نەژادی مرۆڤایەتی بە گشتی ، پتر مەیلی یەك لە بایەخی یەکتر کەم‌کردنەوە دەکەن نەك ستایش کردن – دەمەتەقی[12] » . بەلام مەکیاڤیللی خۆی لەم بابەتە خەلکە نەبوو ، چونکە ئەو «هەردەم ئارەزوویەکی سروشتی بۆ ئیشکردن‌و بە شێوەیەك کە خێروخۆشی‌ی کۆمەلی تێدابی‌و بی‌گوێدانە هیچ شتیکی‌تر ، هاندەری بوو – دەمەتەقی» . لەبەر ئەوە کارێکی رەوا بوو کە مێژوو حوکمی عادیلانەی خۆی بداو ئەستێرەی حەسوودی‌پی‌بەرانی مەکیاڤیللی ، وەك هەر نەبووبن بکوژێتەوەو ئەستێرەی ئەو لە ئاسمانی بێگەردی ئیتالیادا هەر روو لە گەشانەوە بی‌و ناویشی لە گشت کۆڕو کۆمەلێکی ئایدۆلۆژی‌و سیاسیدا ، هەر بە زیندوێتی بمێنێتەوە . ئەو هەتا ئەمرۆش لە قوولایی گۆڕەکەیەوە ، بەم شێوە بی‌ یاخود بەویان ، چنگی لە سیاسەت هەر گیرەو بیروراکانی ، خۆیان بە سەر گشت روونا کبیرە سیاسی‌یەکاندا دەسەپێنن .

مەکیاڤیللی سەرەرای ئەو هەموو بەهرەو تواناو بیرتیژی‌یەی ، نەگەیشتە ئەوەی لە وەختێکی زوودا ، شوێنی شیاوی خۆی لە دەزگای حوکم‌و کۆری سیاسەت لە فلۆرنسادا داگیربکا . هۆیەکەشی لە بنچینەدا دەگەرێتەوە بۆ زەفەرنەبردنی بەو رێگایە یا ناسیاوی پەیدا کردن لەگەل ئەو کەسەی دەیتوانی بیگەیەنێتە سەر شانۆ . بەلام کاتی گەیشت ، تەمەنی خۆی دابوو لە (٢٩) سالان‌و ئەو وەختە زۆر کەسانی‌تر پێش ئەم پایەوپلەی گرنگیان داگیر کردبوو . لەگەل ئەوەشدا کارێکی ئاسایی بوو نیکۆلۆ بوونی کارێکی ئاسایی بوو نیکۆلۆ بوونی خۆی بسەلمێنی‌و جی‌پی‌ی خۆی بکاتەوە . چونکە ئەو وەك دەربارەی خۆی وتوێتی ، بەخت وەهای لە چارە نووسی بوو کە نەتوانی «باسی هونەری پیشەسازی‌ی ئاوریشم‌و هونەری چنینی خوری[13] یا باسی قازانج‌و زەرەر بکا ، بەلکوو بتوانی تەنیا لە یەك مەسەلە بدوی کە ئەویش کاروباری دەولەتە[14] » . بۆیە وەختی لە تەمووزی ١٤٩٨ داو بە دوای دامەزراندنی رژێمی جەمهووری لە فلۆرنسادا ، سکرتارێتی‌ی ئەنجومەنی دەیەی پی‌سپێردرا ، لەو کارانەدا کە بەجی‌ی هێنان ، لێوەشاوەیی‌یەکی ئەوتۆی سەلماند کە هەرزوو بە سەر هەموو

ئەوانی تردا زاڵ بوو . ئەم هەتا ئەو وەختە هیچ راپۆرتێکی رەسمی ی نەنووسیبوو ، یا لە هیچ شوێنێکدا وتاری نەخوێندبووەوە ، کەچی دارشتنە پتەوەکەی لە یەکەمینی نووسینە رەسمی یەکانیدا ، وەهایان نیشاندەدا کە لەم کۆرەدا خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی کەڵەکەبووی چەندین ساڵ بێ(١٥) . خۆ وەنەبێ ئەرکەکەشی کەم بایەخ بووبێ ، چونکە ئەنجومەنی دەیە سەرپەرشتی ی هەموو کاروباری سەربازی و پەیوەندی ی جەمهووری یەتی لەگەڵ دەرەوەدا دەکردو رووبەرووی چەندین کارەسات و رووداوی یەکلایی کەرەوەی وەزعەکە دەبووەوە ، بەتایبەتی بە هۆی ئاڵۆزی ی پەیوەندی فلۆرنساوە لەگەڵ حکومەتەکانی شارەکانی تری ئیتالیاداو لە ئەنجامی تەماعکردنی بێگانەدا لە سەرجەمی وڵاتەکە کە زنجیرەیەك شەروشۆری یەك بە دوای یەکدای لێوەشایەوەو سوودو بەرژەوەندی دوو دەوڵەتە ئەوروپایی یە بەهێزەکە ، ئیسپانیاو فەرەنسای تێدا کەوتە بەر حاڵەتی بەیەکدادان . بەهەرحاڵ ، وەختێ پێیرۆ سۆدیرینی ی برادەری بە سەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژێردرا ، ئەو هێندە پشتی پێ ی ئەستوور بوو کە وای لێهات بچێتە ریزی دانەران و نەخشەکێشانی سیاسەتی جەمهووری یەتەکەوە . مەکیاڤیللی پانزە ساڵ مایەوەو لەو ماوەیەدا بیست و چوار جار کرایە نێردراوی دیپلۆماسی کە ئەوە هەلی پەیوەندی کردنی راستەوخۆی لەگەڵ گرنگترین کەسانی ئەوسای ئیتالیاو ئەوروپای بۆ رەخساند ، وەك پاپاو پادشای فەرەنساو ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرێتی پیرۆزی رۆمانیا . مەکیاڤیللی لە نێوان ئەو سەفەرانەیەوە شارەزایی یەکی فراوانی دەسگیربوو ، چونکە لە نزیکەوە زانیاری ی دەربارەی نهێنی یەکانی پەیوەندی ی نێو دەوڵەتان و رێوشوێنی حوکمرانی کردنی لە ئەوروپادا پەیداکرد . بۆ وێنە چوار جار خۆی بە تەنیا سەری لە دەرباری فەرەنسادا کە چەند مانگێکیان خایاندو لە ئەنجامیاندا ، شارەزای کردارو رەفتاری فەرەنسایی یەکان و پیلانەکانی ناو دەربارو زۆر شتی تریش لە شێوازەکانی فەرمانرەوایی یەکەیان بوو کە ئەمانە لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی تری خۆیدا ، بە شێوەیەکی ئاشکراو روون لە نووسینەکانیدا رەنگیان دایەوە . مەکیاڤیللی لە نێوان گەشتە دیپلۆماسی یەکانی یەوە هەستی کرد کە شتێك لەم جیهانەدا هەیەو ئەو مەبەستیتی ، شتێك کە لێوردبوونەوەو بەدوادا گەران دەهێنێ»(١٦) .

رژێمی جەمهووری لە فلۆرنسادا لە ساڵی ١٥١٢ دا رووخاو بنەماڵەی میدیتچی . لە سایەی هێزە داگیرکەرەکانی ئیسپانیاوە دەزگای حوکمیان وەرگرتەوەو سۆدیرینی پەنای بردە بەر مەملەکەتی عوسمانی یەکان و چەندانێکی تریش لە کاربەدەستان هەڵاتن ، هەروەکوو مەکیاڤیللیش کە هەرچی یەکی لە تواناداا بوو کردی بۆ ئەوەی نەیەڵێ جەمهووری یەت هەرەس بێنێ ، دەستی لە کار کێشرایەوە . ئینجا لە سەرەتای ساڵی ١٥١٣ دا ، بە تۆمەتی بەشداربوونی پیلانێك دژی رژێمی ستەمکاری میدیتچی . تاوانبارکراو گیراو لە ماوەی بەندی یەکەیدا شەش جار تووشی ئازاردان بوو . تا دواجار بریاری دوورخستنەوەی بۆ گوندی سانتا کرۆسی نزیك شاری فلۆرنسادرا کە شوێنی لە دایك بوونی خۆی بوو .

مەکیاڤیللی بە دوای ئەو کارەساتانەدا کە بوونە هۆی رووخاندنی جەمهووری یەت و ئینجا ئازاردانی ئەمو دوورخستنەوەی ، تووشی نائومێدی یەکی گەورەی ئەوتۆ بوو کە وای لێکرد بریار بدا «ئیتر قەت بیر لە سیاسەت نەکاتەوەو لی ی نەدوێ». بەڵام ئەمە بریارێك نەبوو بۆی ببرێتە سەر ، بۆیە خۆی واتەنی «دوای هەزار ساڵ» لێدابران . بایدایەوە سەر «ئەشقە کۆنەکەی خۆی [17]» چونکە – وەك لە یەکێك لە نامەکانی دا وتراوە – ئەو نەیدەتوانی لە هیچ شتێك بدوێ «تەنیا لە یەك باس نەبێ کە کاروباری دەوڵەتەو کە یا ئەوەتا تەنیا لەم باسە دەدوێم ، یاخود ناچاری بێدەنگی یەکی بیرای ببێ دەبم [18]» . بگرە ئەو لە رۆژانی دوورخستنەوەکەیدا نەك تەنیا هەم دەینووسی و هەم بێدەنگیش نەدەبوو بەڵکوو بەردەوام گەڵێ ئامۆژگاری ی سوودبەخشی بەو هاورێ دیپلۆماسی یانەشی رادەگەیاند کە لە کۆری یاریکاری ی سیاسەتی ئەوروپادا هەڵدەسووران [19] .

لە نامەیەکدا کە مەکیاڤیللی لە رۆژی ١٠ کانوونی یەکەمی ١٥١٣ دا بۆ هاوری ی دڵسۆزی فیتۆری ی ناردوە ، واتە دوای دوورخستنەوەکەی بە ماوەیەکی کەم . باری ژیانی خۆی دوای ئەو دوورخستنەوەیە ، بەم شێوە کاریگەرە باس دەکا : «لەو وەختەوەی دوورخراومەتەوە ، هێشتا هەر لەدێدا دەژیم . بەیانیان زوو لەگەڵ شەبەقدا لە خەو هەڵدەستم و روو دەکەمە دارستانە خنجیلەکەم تا بزانم ئایا داربرەکان

چی‌یان‌بەچی کردوە». ئینجا دوای گفت‌وگۆ کردنێك لەگەڵ ئەو داربرانەدا، روو دەکاتە سەر گردێك‌و چەند سەعاتێك بە خوێندنەوەوە بەسەر دەباە دوایی‌تر سووکە قاوەڵتی‌یەك دەکاو ئینجا رێگای مەیخانەکە دەگرێتە بەر کە لەوێ لەگەڵ ئاشەوان‌و قەساب‌و کرێکاراندا دەکەوێتە دەم‌ودوو . ئیتر «وەختێك ئێوارە دادێ دەگەرێمەوە ماڵەوە . جل‌وبەرگە لادێی‌یانەکەم دادەکەندم کە قوراوی بوون‌و بەرگی دەربارو پیشوازی‌کردن دەپۆشم بۆ ئەوەی شیك بنوێنم . ئەوسا بە نیازی سەردان لە کۆشك‌و تەلاری پیاوانی دێرین کە بە خۆشنوودی‌یەوە پێشوازیم لێدەکەن ، خۆم دەکەم بە کتێبخانەکەمداو ئیتر ئەوە تا کە خۆراکە کە بۆ من دەس‌بداو بۆی خوڵقابم . لەوێ من کۆ لە باسکردن‌و کۆڵینەوە لە بنج‌وبناوانی کارو کردارەکانیان ناکەمەوەو ئەوانیش بەو گیانی مرۆڤپەروەری‌یەوەی پێ‌ی پەروەردەبوون ، بە سەروزمانێکی شیرینەوە وەرامم دەدەنەوە. بەم جۆرە بە درێژایی چوار سەعاتی رەبەق ، من هەست بە هیچ بێزاربوونێك ناکەم‌و هەرچی شتێك بزانم پەستم دەکا فەرامۆشی‌دەکەم‌و ئیتر نە هەژاری‌و نە مردن دەمترسێنن ، چونکە بە کامی دڵ لەگەڵ ئەواندا دەبم[٢٠]».

مەکیاڤیللی بەم گیانەوە خۆی بۆ لێکۆڵینەوەو نووسین تەرخان کردو لەو دوا ساڵانەی ژیانیدا ، کۆمەڵێ کتێبی بایەخداری دانان کە لە چەند سەدەیەك لەمەوبەرەوەو هەتا ئێستاش بەردەوام دەخوێنرێنەوە.بایەخدارترینی نووسینە سیاسی‌و مێژوویی‌یەکانی کتێبی «میر – ١٥١٣» و «دەمەتەقێ دەربارەی دە کتێبەکەی تیتۆس لیڤی – ١٥١٣ – ١٥١٦»[٢١] و «هونەری جەنگ – ١٥١٩ – ١٥٢٠» وکتێبە گەورەکەی «مێژووی فلۆرنسا» ن کە ئەمیان لە هەشت بەرگدایەو لە ساڵی ١٥٢٠ بەدواوە، چەند ساڵێك پێوەی خەریك بوو .

مەکیاڤیللی ، وەك خۆی وتوێتی ، هەوڵی‌داوە هەرچی‌یەکی زانیوەو لە رێگەی تاقیکردنەوەی ساڵەهاو بریارە تایبەتی‌یەکانی خۆیەوە سەبارەت بە کاروباری سیاسەت فێری بووە ، دایان برێژێتە ناو نووسینەکانی‌یەوە[٢٢] . بێگومان دەوڵەمەندی‌یەکەی لە زانستاو قووڵی لە تاقیکردنەوەکانیداو دووربینی لە بریارەکانیدا بۆ بەخشینی رەسەنایەتی‌و کارامەیی بە نووسینەکانی سەروزیاد بوون . نیکۆلۆ هەرچەندە لە شێوەی

نووسینیدا هێندە بەهێزو ڕەوان بوو کە دەورێکی گرنگی لە گەلاڵەکردنی زمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی ئیتالیادا گێڕا کە لەمەشدا لە تیروتوانجی ژەهراوی ی حەسوودی پی بەرانی دەرباز نەبوو ، بەلاَم ئەو خۆی واتەنی «بەو نیازەی نەدەنووسی کە کارێکی هونەری بخوڵقێنێ» بەڵکوو بە نیازی گەڕان بەدوای سیستمی سیاسەت‌و هێزە بزوێنەرەکانیدا ، بە قووڵایی دا ڕۆدەچووە خوارەوەو دەیکۆڵی یەوە . بۆیە لە دەربڕیندا خۆی لە ئاڵۆزی بەدوور دەگرت‌و ڕەوان‌و ڕوون‌و سفت دەینووسی . ئەو ئەوەی بەلاوە گرنگتر بوو «بە حیکمەتی سیاسەت بگا نەك دەربڕینی ئەستاتیکی ، قایل‌کردن نەك پیاهەڵدان ، ڕاچەناندنی هەست‌و نەستی خەڵکی نەك دڵدانەوەیان بە جوانکاری ی نووسین[٢٣]» بەڵێ . مەکیاڤیللی بە حیکمەتی سیاسەت گەیشت‌و خەڵکی قایل‌کردو هەست‌و نەستیانی ڕاچەناند ، بەلاَم بە دەمی یەوە بە داهێنانی هونەری‌و بە شیرینی ی شێوەی نووسینی دڵیشی دانەوە . هەندێك ڕایان وایە کە مەکیاڤیللی ئەگەر بایەخی تەواوی بە ئەدەب بدایە سەرکەوتنێکی زۆر لەوە زیاتری بەدی‌دەهینا کە خۆی چاوەڕوانی دەکرد[٢٤] ، چونکە هاتنەبەرمەیدان‌و سەرکەوتنەکەی لەو بابەتە بوون کە بە دەگمەن بلیمەتیکی تری ئیتالیایی لەم ڕووەوە پێشی کەوتوون ، ئەگەرچی خۆی بایەخێکی کەمیشی پێدەداو وەختێکی کەمی بۆ تەرخان دەکردن[٢٥]. بۆ نموونە شانۆگەری یەکانی ، لە گشت شارە گەورەکانی ئیتالیادا پێشکەش دەکران‌و سەرنجی خەڵکێکی زۆرو لە گەڵیاندا پاپاشیان ڕادەکێشا.

وەزعی مەکیاڤیللی لە دوورخستنەوەکەیدا ئاسایی نەبوو بەتایبەتی لە ڕووی سایکۆلۆژی یەوە کە لە ئەنجامی دابڕکردنیدا لە خزمەتکردن‌و بەشداربوون لە ژیانی ڕۆژانەدا کە خۆی باوەڕی وابوو زیاتر لە هەر شتێکی تر بۆ ئەوەو بۆ نووسین دەربارەی سیاسەت خوڵقاوە ، هەژا بوو .

بەلاَم مەکیاڤیللی لەم ڕووەوە هێندە بە هەڵە چووبوو کە ئەو ڕایە باوەی دەیوت : «دوورخستنەوەی زیانێك بوو بۆ خۆی‌و دەسکەوتێك بوو بۆ ئێمە»[٢٦] بووە ڕاستی یەکی سەلمێنراو . بەهەرحاڵ . مەکیاڤیللی خۆی ڕایەکی جیاوازی هەبوو . بۆیە بەردەوام هەوڵی گەڕانەوەی بۆ سەرشانۆ دەداو تەنانەت لەدوا ساڵانی ژیانیدا . چەند

جارێك سووكە هەلێكی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئارەزووە بۆ هەڵكەوت‌و هەندێ كاروفرمانی پێ سپێردرا . بەلاّم لەمە گرنگتر ئەوەیە كە دوای ماوەپێدانی بە بەشداربوونی ئەو كۆرە سیاسی‌یە گشتی‌یانەی لە شاری فلۆرنسادا دەبەستران ، توانی لاوانی فلۆرنسا بەلای خۆیدا رابكێشێ .

ئەو دڵە گەورەیە ، لە رۆژی (٢١)ی حوزەیرانی ١٥٢٧ دا لە لێدان كەوت‌و بۆ رۆژی دوایی ، لە سانتا كرۆسی گوندەكەی خۆیدا نێژرا . نیكۆلۆ لە كاتی سەرەمەرگدا ، هەمان نیكۆلۆی درێژایی سالاّنی ژیانی بوو . چونكە پێش گیان‌سپاردن بە چەند ساتێك ، ئەوەی لا پەسندتر بوو كە لەگەلّ رۆشنبیراندا لە دۆزەخدا بێ تا دەربارەی سیاسەت دەمەتەقێیان لەگەڵدا بكا ، نەك لەگەلّ نەفام‌و دەم‌رووتاندا بێ لە بەهەشتدا [٢٧] .

بەلاّم مەكیاڤیللی نەیدەزانی‌و چاوەڕێشی نەدەكرد كە ئەو لەم ژیانەدا هەر دەمێنێ‌و لە نێوانی ئەو بیروڕا دروستە لەڕووانەوەی كە بە دڵسۆزی‌یەوە دەری بڕین ، هەر بەردەوام دەبێ لەسەر باسكردن لە سیاسەت‌و نەخشە بۆ دانانی .

بیروڕا سـیاسی‌یەكانی مەكیاڤیللی

دەتوانرێ لە نێوان لێكۆڵینەوەی گرنگترین سێ كتێب لە چل كتێب كە مەكیاڤیللی دایناون ، واتە «میر» و «دەمەتەقێ» و «هونەری جەنگك» ، لەپاڵ ئەو كۆمەڵە نامانەی كە لە زۆر بارودۆخی جیاجیادا ، بۆ نزیكترین هاورێیانی خۆی ناردوون ، چاك شارەزای بیروڕا سیاسی‌یەكانی ببین . «میر» بە قەوارە بە بچووكترین كتێبی مەكیاڤیللی‌و بە ناودارترینیشیان دادەنرێ [٢٨] . هەرچەندە كتێبەكانی تری لە گرنگیدا هیچیان لە میر كەمتر نی‌یە ، بەلاّم پیاو كە دەیخوێنێتەوە بەراستی هەست دەكا ، ئەو پانزە سالەی كە مەكیاڤیللی وەك خۆی وتویێتی تەرخانی كردبوون بۆ : «بەڕێوەبردنی كاروباری فەرمانڕەوایی ، بە فیرۆ نەچوو بوون [٢٩] » .

ئەم كتێبە لە ژیانی خۆیدا ، بە دەسنووس بە شێوەیەكی فراوان دەساو دەس دەكرا

. بەلاّم بۆ یەکەمجار لە سالّی (١٥٣٢) دا ، واتە دوای مردنی حاوەنەکەی بە پێنج سالّ لە چاپ.دراو ئیتر هەر خێرا وەرگێردرایە سەر گشت زمانە ئەوروپایی یەکانی تریش و بۆ دەیەها جارو بگرە زیتریش لە چاپ درایەوە . هەروەکوو سەدان روونا کبیرو سیاسی و نووسەر کەوتنە لێکۆڵینەوەی و ئێستاش لە زۆر دەزگای ئاکادیمی ی بەناوبانگدا ، وەك زانکۆی ئوکسفۆردو زانکۆی ئەمریکا لە بیروت و چەندانی تریش بۆتە بەندێك لە پرۆگرامی دەرسی وتنەوەدا . جا هەموو ئەمانە پسپۆرانیان هانداوە کە «میر» لە ناو هەموو بەرهەمەکانی سەردەمی راپەرینی بەخشندەی ئیتالیادا «بە هەقیانەت بە بەرهەمێکی نەمردابنێن (٣٠) » .

مەکیاڤیللی لە سەرەتادا جەمهووری یەتی بۆ حوکمرانی کردن بە رژێمێکی نموونەیی دادەنا . بەلاّم دوای ئەوەی کەوتە شی کردنەوەی بارودۆخی ئیتالیای دابەش کراو بە سەر پێنج دەولّەتدا لە سەردەمی ئەودا کە بریتی بوون لە مەملەکەتی ناپۆلی لە باشووردا، دۆقی یەتی میلان لە باکووری رۆژئاواداو جەمهووری یەتی ڤینیسیای ئەریستۆکراتی لە باکووری رۆژهەلاّتداو جەمهووری یەتی فلۆرنساو دەولّەتی پاپایەتی لە ناوەراستدا کە پەیوەندی یش لە نێوانیاندا وەها لەسەر شەروشۆرو ناکۆکی دەقی گرتبوو کە سەراپای نیشتمانەکەی لە بەردەم شالاّوی بەردەوامی بێگانەدا دەکردە نێچیرێکی دەستەمۆ ، دوای ئەوە مەکیاڤیللی لە «میر» دا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە باشترین رژێمێك بتوانیّ یەکێتی ی ئیتالیاو پارێزگاری لێکردنی بەدی بێنیّ ، ئەو جۆرە رژێمەیە شان دابداتە سەر دەسەلاّتێکی دکتاتۆری ی (موتلّەق)ی بەهێزی ئەوتۆ کە گویّ نەداتە لێکدانەوەی دینی و دنیایی و رەوشتخوازی ، چونکە سوودو بەرژەوەندی بالاّی دەولّەت و بە شێوەیەکی تایبەتی یەکێتی ی ولاّت ، بە رای ئەو هەق بە میر دەدەن پەنا بەرێتە بەر هەموو ریّوشوێنێك ، وەك بەکارهێنانی زەبروزەند کە – وەك پیّ ی لەسەر دادەگرت – بنچینەی هەقەو هەروەها دلّرەقی و کوشتن بە نهێنی و پاشگەزبوونەوە لە بەلّێن و سوێندخواردن و پەنا بردنە بەر چاوەشەکردن و بەرتیلکاری و فرت وفێلّ و درۆکردن و دووروویی ، واتە ئامانجی پیروز پارسەنگی ریّوشوێن لە هەر بابەتێك بن دەداتەوە (الغایات السامیة تبرر الوسائل أیا کانت) . هەر وەها ئامۆژگاری ی میری وەها دەکرد

که بۆ بەدیهێنانی ئامانجو زیادەخوایە سیاسییەکانی خۆی ، شەرم لە هەڵبژاردنی هیچ جۆرە ڕێوشوێنێك نەکا چەندە بێ مەزێتانەش بن . چونکە فەرمانڕەوای سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە بە پێی بارودۆخو بە پێی پێویستی ، پەنا دەباتە بەر هەردوو جۆرە ڕێوشوێنی مرۆڤانەو ئاژەڵانەو دەزانێ چۆن لەنگەری نێوان فێڵبازیی ڕێویو شاڵاوبردنی شێر ڕادەگرێ . لەبەر ئەوەی کە پێوانەو بنچینە بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەت سەرکەوتنە . ئینجا دوایی بە وەرگرتنی ئەم بیروڕایانە بە ڕووتیو لە سایەی لێ هەڵبژاردنیانەوە لەلایەن حوکمڕانەکانەوە بەو شێوەیەی بە دەستووری «ولا تقربوا الصلاة» بۆیان لەبار بووە . زاراوەی (مەکیاڤیللیزم) و (مەکیاڤیللیست) پەیدا بوون کە یەکەمیان ئاسایییەو بەو جۆرە سیاسەتە دەوترێ کە هیچ گوێ ناداتە بەهای ڕەوشتو ڕەفتارو دووەمیشیان بەو کەسەی پەیڕەوی ئەو جۆرە سیاسەتە دەکا .

بەڵام ئەمە بەهەرحاڵ لەوە بەولاوەنییە کە بریتی بێ لە پۆپەی شێوە شێوێنراوەکەی مەکیاڤیللیزم . چونکە ئەو پیاوە بیروڕا گرنگەکانی خۆی بەبێ چەندین مەرج بۆ ڕەوشتێکی باڵاو بەبێ لێکدانەوەیەکی ژیرانەی ئەوتۆ کە شت بە باری ڕاستەقینەی خۆیدا بنوێنێو سیاسەت چ لە کاتو چ لە شوێندا بخاتە چوارچێوەی ڕاستو دروستی خۆیەوە دەرنەبڕیوە . بۆ نموونە بۆ میر زۆر بەجێیە خۆی وەها نیشان بدا کە خاوەنی «بەزەییو وەفاداری بۆ بەڵێنو هەستی پیرۆزی مرۆڤانەو دڵسۆزیو دینپەروەری» یەو «بەڕاستییش ئەو سیفەتانەی تێدان» . بەڵام لە سەریشی پێویستە خۆی وەها پەروەردە بکا کە «وەختێ پێویستی ناچاری دەکا» بە «پێچەوانەی ئەوەوە خۆی نیشان بدا» بۆی لەسەر پێ بێ . بۆیە میر دەبێ «بیروهۆشی خۆی ئامادەی گونجان لەگەڵ شەپۆلدا بەو بارانەدا بکا کە ئاڵوگۆڕی کۆششو بەخت دەیانهێننە پێشەوە . بە مەرجێك وەك لەوەبەر وتم . ئەگەر بۆی لوا پشت نەکاتە خێرخواییو بەڵام ئەگەر هەر ناچارو تەنگەتاو کرا . ئەوا دەبێ کۆ لە خراپەکاریو شەڕخوایی نەکاتەوە -- میر -- بەشی هەژدەیەم» . ئەوی ڕاستیش بێ مێژوو نموونەیەکی نەداوینەتێ کە میرو بگرە غەیری میریش «ئەگەر ناچار بوو بێو تەنگەتاو کرابێ . پەنای نەبردبێتە بەر خراپەکاریو شەڕخوایی» . ئەمە ڕاستییەکەو بمانەوێو نەمانەوێ . دانی پێدابنێین با ڕاووڕێوی بۆ

بهێنینەوە ، لەوە دەچێ سیفەتێکی بەندی سروشتی خەڵکەکەبێ . کەوابێ مەترسی لەم لایەنەی بیروراکانی مەکیاڤیللیدا نی یە کە هەر وەك خەڵکەکەی تر شتی دیوەو بەلاّم ئەم بە پێچەوانەی ئەوانەوە لی ی بێدەنگ نەبووە ، بەڵکوو کلۆڵی یەکە لەوەدایە کە ئەو مەرج و سیفەتانەی مەکیاڤیللی داوای کردوون لە باروو دۆخی ئاسایی دا لە میردا هەبن ، وەك «بەرەحمی و وەفاداری بۆ بەڵێن و هەستی بالاّی مرۆڤپەروەری و دڵسۆزی و دینداری» لە دوو تویێی مێژوودا لە ئاوی ناو بیابان دەگمەنترن . ئەگەر بهاتایەو گشت میرەکان پەیرەوی بیروراکانی مەکیاڤیللی یان بکردایە ، لاپەرە رەشەکان لە دەفتەری مێژوودا هێجگار کەم دەبوونەوە .

ئینجا ئیّستا با لەگەڵ مەکیاڤیللی و «میر» ەکەیدا بەردەوام بین و بزانین چ نەخشەو دەرسێك بۆ هەر تازەمیرێك دادەنێ . میر لە سەری پێویستە «پیاوێکی بەتەنگەوەهاتوو بێ ، بەلاّم بە مەرجێك لە قسەکردندا دەست نەخاتە روو» . لە سەرێتی خەڵکی وەها لێبکا «بەرەحمی و وەفاداری بۆ بەڵێن و مەردایەتی و مرۆڤپەروەری و دینداری ی بە زەقی تێدا ببینین و ببیستن — میر — بەشی هەژدەیەم» . هەروەها دەبێ خۆی «لە هەموو ئەو شتانەی دەیخەنە بەر ریسواکردن و رق لێ بوونەوەوە» بە دوور بگرێ . ئەو وەختێك تووشی رق لێبوونەوە دەبێ کە ببێتە راووڕووتکەرێك و ماڵ و موڵك و ژنانی رەعیەتەکەی زەوت بکا کە پێویستە خۆی لە قەرەیان نەدا» . هەروەها «ئەگەر خەڵکەکە بێباری و چلێتی و موخەنەتی و ترسنۆکی و لالاّنەوەیان لە میر بینی دەشێ بە نەگریس و چەپەڵی بدەنە قەڵەم . جا لەبەر ئەوەی ئەم کاروکردارانە بۆی دەبنە بەردی بناغەی مەترسی ، دەبێ خۆیانی لێبەدوور بگرێ و کاروباری خۆی وەها ساز بدا کە کردەوەکانی ئەوپەری مەزنی و چست و چالاکی و ورەپتەوی و خۆراگری بنوێنن» . هەروەکوو سەبارەت بە حوکم کردنی رەعیەتەکەشی «دەبێ ئەو بڕیارەی دەیدا بڕای بڕ بێ و هەڵوەشاندنەوەی بۆ نەبێ . دەبێ سوور بێ لەسەر بڕیارەکانی خۆی و ماوە بە هیچ مرۆڤێك نەدا بیخەڵەتێنێ و فێڵی لێ بکا — میر — بەشی نۆزدەیەم» .

مەکیاڤیللی ئامانجی لەم مەرجانە رازیبوونی گەل بووە لە میر ، لەبەر ئەوەی رەزامەندیی گەلی بۆ حوکمڕانی یەکی بنج داکوتراوی سەرکەوتوو بە مەرجێکی

بنچینەیی دادەنا . ڕەزامەندی گەل «یەکێکە لەو باسە هەرە گرنگانەی کە میر دەبێ بایەخی پێبدا» . چونکە میر دەبێ «ئەگەر گەل لێی رازی بوو زۆر ترسی لە پیلانگێران لە دژی نەبێ . بەڵام ئەگەر لە لایان ریسواو ڕەزاگران بوو ، یا هەستی کرد گەل دوژمنایەتی لەگەڵدا دەکا . ئەوا دەبێ لە هەموو مرۆڤێكو لە هەموو شتێك بترسێ» . چونکە قەلاّوقوللە «چەندە پەتەویش بن» میر ناپارێزن ئەگەر «رق لێ بوونەوە یا خۆشویستنی لە لایەن گەلەکەی خۆیەوەی[٣١] » پشتگوێ خست . «میر – بەشی نۆزدەیەمو بیستەم». چاکتریش بۆ میر وەهایە کە بە پشتی گەلەکەی بگاتە سەر تەختی فەرمانڕوایی‌کردن نەك بە یاریدەی سەرداران . «میر – بەشی نۆیەم» . هەروەها ئەو میرەی ناتوانێ «بە هۆی پرۆژەی سوودبەخشەوە» گەل رابکێشێ بەلای خۆیدا «ناچار دەبێ هەردەم شمشێری بەدەستەوە بێو لەسەر پێ بێ – میر – بەشی هەشتەم».

هەروەکوو زۆر پێویستە میر مرۆڤێکی رۆشنبیر بێو دەبێ «مێژوو بخوێنێتەوەو لە کردارەکانی پیاوانی هەڵکەوتوو بکۆڵێتەوە . تا سەرنج بداتە ڕێوشوێنیان لە شەرکردنداو لە هۆی سەرکەوتن و ژێرکەوتنیان وردببێتەوە . بۆ ئەوەی لە سەرکەوتنەکانیاندا شوێن‌پێیان هەڵبگرێو لە ژێرکەوتنەکانیاندا خۆی لە هەڵەو چەوتی‌یەکانیان بپارێزێ – میر – بەشی چواردەیەم».

مەکیاڤیللی ئەوەی لە هەر تازە میرێك داوادەکرد . دەزگایەکی ڕێك‌وپێکی بەڕێوەبردنی ئەوتۆ دابمەزرێنێ کە کاروباری بە کەسانێکی لێهاتووی بێ لەکە بسپێرێو بەوە هەر مرۆڤەو لە شوێنی گونجاوی خۆیدا دابنێ . هەروەها لە سەری پێویستە «هەمیشە مەیلی بەلای مرۆڤی بەهرەدارو بەتواناادا هەبێو کەسانی دەست‌ڕەنگینی لا پەسەند بێو هەڵکەوتووان لەهەر هونەرێکدا بێ ڕێز لێبنێ – میر – بەشی بیست‌و یەکەم». ئەم مەسەلەیە لە سنووری خۆیدا گرنگ‌و بایەخدارە، چونکە «یەکەم باری سەرنج کە دەربارەی میرو چۆنێتی‌ی بیرکردنەوەی لای هەر مرۆڤێك پەیدا دەبێ ، لە سەرنج‌لێدانی ئەوکەسانەوە دروست دەبێ کە لە دەورو پشتیدان.واتە ئەگەر دڵسۆزو لێهاتوو بوون . ئەوا پیاو لە بەحیکمەتی‌ی میر دڵنیا دەبێو دەوترێ : توانیوێتی لێهاتوویی دەسنیشان بکاو دڵسۆزی بگرێتە خۆی». پێویستیشە ئەوانە لەو زمان‌لووس‌و

مەرایی کەرو دووڕووە بلۆفچی‌یانە نەبن کە لە «دەرباری پاشاو میرەکاندا گرد دەبنەوە – میر – بەشی بیست‌و دووەم‌و بیست‌و سێ‌یەم». ئینجا ئەوانە دەبێ باش بزانن‌و لەوە بەئاگا بن کە ئەو سەنگ‌و رەنگەی هەیانە ، بەندی ئەو هەڵوێستەیە کە میر لە ژێر رۆشنایی‌ی رادەی دڵسۆزیو فیداکاری‌یاندا بۆ خۆی‌و رژێمەکەی دەیگرێتە خۆی . میریش لەلای خۆیەوە «بۆ ئیدامەپێدانی پابەندیو دڵسۆزی‌ی وەزیرەکەی بۆ خۆی ، پێویستە ئاگای لێ‌ی بێو گیرفانی پڕ لە پارەو پوول بکاو بە نیشانی دەبدەبەی بەرێزی‌و گەورەیی ، دەوری بتەنێ‌و سۆزی بۆ دەربڕێ‌و شەرافەتمەندی‌ی پێ‌ببەخشێ‌و پایەوپلەیەکی بەرپرسیارانەی ئەوتۆی پێ‌بسپێرێ کە ئەو پارەو پوول‌و دەبدەبەی بەرێزی‌و گەورەیی‌یەی بە سەریدا داباریێنراون ، هانی بدەن بۆ تەماعکردن لە دەسکەوتنی سامانی زۆرترو لەقەبی گەورەتر . یا ئەو پایەو پلەیەی پێ‌ی‌گەیشتوە تا ئەو رادەیە گرنگ بێ کەترسی لە دەست‌چوونی لا‌یەیدا بکا-میر-بەشی بیست‌و دووەم»

هەر لەم روانگەیەوە میر دەبێ «پیاوی دنیادیدەو بە حیکمەت بۆ کۆڕی دانیشتنی خۆی هەڵبژێرێ‌و ماوە تەنیا بەوان بدا بە سەربەستی بۆی بدوێن‌و لە حزوریدا راستی دەربڕن ، بەڵام بە مەرجێك ئەو سەربەستی پێدانە تەنیا لەو باسانەدا بێ کە خۆی پرسیاریان دەربارە لێ‌دەکاو لەوە نەچێ بەولاوە . وەکی‌تر پێویستە ئەو لەلای خۆیەوە سەبارەت بە هەموو شت پرسیاریان لێ‌بکاو گوێ بۆ بیروڕایان رابگرێ‌و ئینجا ئەوسا بە شێوە تایبەتی‌یەکەی خۆی بیر لە باسەکە بکاتەوە . هەروەکوو دەبێ لەو کۆڕی دانیشتنانەدا لەگەڵ هەر یەکێك لە راوێژکارانیدا وەها بجوولێتەوە دڵنیای بکا کە چەندە بە دڵسۆزی‌یەوە لە روو قسە بکا ، میر هێندە لێ‌ی‌رازی دەبێ . دوای ئەوە ئیتر پێویستە گوێ لە قسەی هیچ مرۆڤێك نەگرێ ، بەڵکوو خۆی لەبەر رۆشنایی بیروڕای راوێژکارانیدا لە باسەکە بکۆڵێتەوەو بڕیارێکی ئەوتۆی لەسەر بدا کە پاشگەزبوونەوەی تێدا نەبێ». هەروەها تازەمیر دەبێ «هەمیشە ئامۆژگاری بگرێتە خۆی ، بەڵام لە وەختێکدا کە ئەو خۆی دەیەوێ ، نەك لە وەختێکدا کە کەسانی‌تر دەیانەوێ‌و بگرە ئەگەر خۆی داوای نەکردبێ ، نابێ بە هیچ کلۆجێ ماوە بدا تەقەلای ئامۆژگاریکردنی بدرێ . هەرچەندە پێویستە ئەو خۆی بەزیادەوە داوای بکاو باش گوێ بۆ ئەو

راستی یانە شل بکا کە بۆی دەگێردرێنەوەو کە پرسیاری دەربارە کردوون – میر – بەشی بیست‌و سێیەم». لەگەڵ ئەوەشدا «پێویستە سەبارەت بەو قسانەی بۆی دەکرێن وریابێ‌و لەکارکردنیشدا وەها هەڵنەسووڕێ کە لە سێبەری خۆی بترسێ».

هەروەها میر دەبێ بۆ هەر شتەو پێوانەیەکی نەگۆڕی هەبێ ، بەڵام لەگەڵ هەردەم حساب بۆکردنی پێداویستی‌و بارو دۆخدا . بۆ نموونە دەبێ سەخاوەت‌و پیسکەیی سنووریان هەبێ‌و دڵپاکی‌یش تا رادەیەك بێ کە پێویستە بەبێ چەندوچۆن لە ساتی بەیەکدانیدا لەگەڵ سوودوبەرژەوەندی دەوڵەتدا کۆتایی پێ‌بێت . واتە پێویستە هەر میرێك کە دەیەوێ پارێزگاری لە خۆی بکا ، فێر بێ چۆن خۆی لە دڵسافی‌و خێرخوایی بەدوور دەگرێ‌و دەبێ ئەم فێربوونەشی بەپێی پێویستی‌ی هەر حاڵەتێك کە تووشی دێ بەکاربهێنێ – میر – بەشی پانزەیەم». بەڵام لە سەریەتی تا پەری ئەوپەر هەوڵی تەسککردنەوەی ماوەی ئەو خۆدوورخستنەوە ناچاری‌یەو کۆتایی‌پێهێنانی بدا لەگەڵ «مسۆگەرکردنی ئەمن‌و ئاسایش» ، بگرە هەرخێرا بیگۆڕێ بە «کارو کردارێکی ئەوپەڕی سوودیان بۆ رەعیەتەکە تێدابێ – میر – بەشی هەشتەم». مەکیاڤیللی بە شێوەیەکی قووڵتر لە کتێبەکەی‌ترید «دەمەتەقێ»کە نزیکەی پێنج ساڵ بە دانانی‌یەوە خەریك بووە ، گشت بیرو باوەڕەکانی خۆی سەبارەت بە سیاسەت‌و چونێتی‌ی حوکمکردن‌و رەوشت‌و رەفتارو پەیوەندی‌ی نێو دەوڵەتان‌و زۆر شتی تریشی بە پشت‌بەستن بە هەڵسەنگاندنی تاقیکرنەوە کۆنەکانی رۆما تێدا کۆکردونەتەوە ، دووبارە دەکاتەوە . گرنگترین شت کە خوێنەری «دەمەتەقێ»(٣٢) هەڵیدەهێنجێ ئەوەیە کە چاکەکاری‌ی نموونەیی لای هەر هاوولاتی‌یەك بەرادەی خۆتەرخانکردنی بۆ بەرژەوەندی گشتی دەپێورێ . بۆیە پیاو لە «دەمەتەقێ‌کەیدا» وەك لە «میر» یشدا هەیە هەست دەکا مەکیاڤیللی بە پەرۆشەوە .وێڵی دوای ئەو رژێمە نموونەیی‌یەیە کە خەو بە دامەزراندنی‌یەوە لە ئیتالیادا دەبینێ . گومانیشی تێدا نی‌یە «ئەو حکوومەتە میللی‌یەی مرۆڤێکی ژیری ئەوتۆ دێنێتەکایەوە کە خەڵکی بتوانن لە ژێر سایەی ئەو یاسایانەدا کە دایاندەنێ بژین ، بێ‌ئەوەی ناچاری دەسکاری‌کردن‌و راستکردنەوەیان بن حکوومەتێکی بەختەوەر دەبێ» (دەمەتەقێ – کتێبی یەکەم –٢). کەوابێ‌جارێکی تریش

میری نموونەیی لە «دەمەتەقێ»دا وەها دەبینینەوە ئەو کەسە بێ کە «سەرجەمی گەل دەکاتە دۆستی خۆی» (دەمەتەقێ – کتێبی یەکەم – ٤٠) . بگرە مەکیاڤیللی لێرەدا سەبارەت بە شوێنی گەل لە بەرامبەر حکوومەتدا لەوە بەولاتریشەوە دەچێ کە لە «میر»دا وتراوەو دەڵێ : «پیاوی زیر لە مەسەلە زانراوو لاوەکی یەکاندا وەك مەسەلەی دابەشکردنی پایەوپلەو پێشخستنو بەرزکردنەوە ، رای گشتی ناخاتە پشت گوێ ، چونکە گەل لێرەدا ئەگەر وازی لێ بهێنرێ خۆی جڵەوی خۆی بگرێ ، قەت هەڵە ناکاو ئەگەر جارناجارێکیش کردی ، هەڵەکانی بە بەراوورد لەگەڵ ئەو هەڵانەدا کە ئەگەر دابەشکردنەکە درایە دەست چەند کەسانێك رووئەدەن ، زۆر دەگمەن دەبن (دەمەتەقێ – کتێبی یەکەم – ٤٧).

مەکیاڤیللی لە «دەمەتەقێ» دا سەرلەنوێ پێ لەسەر پێویستی ی رەچاوکردنی بنەمای (کالاّ بەقەد بالاّ – الرجل المناسب فی المکان المناسب) و ئەوپەری سوودبینین لە تواناو بەهرەو بلیمەتی یە تازە پشکوتوەکان دادەگرێتەوە «چونکە وەختێ لاوێك لە رێگەی چاکەکاری یەکەوە کە لەگەڵ کارێکی مەزنیدا سەرهەڵدەداو ناوی دەکەوێتە سەر زاری گشت خەڵکەکە ، ئەوە دەبێتە عەیبو عارێکی گەورە کە دەوڵەت ئەو خزمەتەی نەخاتە حاڵەتی سوودلێبینینەوەو لاوەکە ناچاری چاوەروانکردن بکا تا بە تەمەن گەورە دەبێو ئیتر لەو ماوەیەدا وای لێ دێ چالاکی یە تایبەتی یەکەی بیروهۆشی و خێرایی یەکەی لە ئیش کردندا لە دەس بدا کە ولاتەکەی دەیتوانی لە کاتی خۆیدا بیانخاتە کارو سوودیان لێ ببینێ»(دەمەتەقێ – کتێبی یەکەم – ٦٠).

لەو باسە گرنگانەی کە مەکیاڤیللی بە بایەخپێدانێکی زۆرەوە لای لێکردۆتەوەوبە شێوەیەکی نوێ چ لە «میر»و چ لە «دەمەتەقێ»دا لێی دواوەو تەنانەت یەکێك لە کتێبەکانی خۆی بۆ تەرخان کردوە «هونەری جەنگ»[٣٣] ، مەسەلەی سوپای نیشتمانی یە کە بە گرنگترین هۆی بەدیهێنانی یەکێتی ی ئیتالیای دادەنا . مەکیاڤیللی هەر لە وەختێکی زووەوە پەنجەی خستە سەر کەموکووری یەکانی سوپا ئەوروپایی یەکان ، بەتایبەتی پشتبەستنیان بە هێزی سەربازی بەکرێگیراو کە «مانای رێكوپێکی نازانن چی یە ، گفتو بەڵێن ناپارێزن ، لە رووی دۆستاندا خۆیان بە ئازا نیشاندەدەنو

بەرامبەر بە دوژمنان ترسنۆکن ، لە خوا ناترسن و لەگەڵ خەڵکیدا بێویژدانن . ئەو میرەی پشت بەم جۆرە هێزە دەبەستێ رەنگە تێکشکانە مسۆگەرەکەی بە دواخستنی ئەو هێرشە دوا بکەوێ کە بەرێوەیە بکرێتە سەری». زامە قووڵەکەی مەکیاڤیللی لێرەدا بوو ، بۆیە پێویستی بە نموونەهێنانەوە نەبوو «چونکە ئەو شکستییەی بەسەر ئیتالیادا هاتوە ئەنجامی یەك شتە کە ئەویش پشت‌بەستنێتی بۆ ساڵانێکی زۆر بە لەشکری سەربازی بەکرێ‌گیراو – میر – بەشی دوازدەیەم». لە رۆژانێکدا کە خەڵکی خۆیان دەخستە بازاری کڕین و فرۆشتنەوەو لە وەختێکدا کە جەنگە گەورەکانی ئەورووپا بەرادەیی یەکەم بە سەربازی بەکرێ‌گیراو دەکران و لەگەڵیاندا ئەو جەنگی سێ ساڵەیەی کە دوای مردنی مەکیاڤیللی بە سەدەیەك هەڵگیرسا ، دەنگێکی دڵسۆز لە فلۆرنساوە بەرزبووەوەو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە«ئەو هاوولاتی‌یەی جەنگ بۆ ئامانجێکی بێگانە بۆ خۆی دەکاتە پیشە«هاوولاتی‌یەکی باش نی‌یە ، چونکە ئەرکی سەرشانێتی خزمەتی ولاتەکەی خۆی بکا کە هۆی تێکەوتوەو پێویستە لە پێناوی سەربەرزی‌ی ئەودا بجەنگێ».

دیارە دەبێ ئەم وتانە لە چوارچێوەی کات‌وشوێنی خۆیاندا هەڵبسەنگێنرێن . ئەم وتانە نەك تەنیا زادەی بیروهۆشێکی بلیمەت بوون ، بەڵکوو ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی کارامەو چاودێری‌کردنێکی وردی رووداوەکانی چ ئیتالیاو ئەورووپاو چ ناوچەکانی‌تر بوون . ئەو لە سوپا ئەورووپایی‌یەکان و سوپای عوسمانی‌یەکانی کۆڵی‌بووەوەو هۆیەکانی لاوازی‌ی یەکەمیان و بەهێزی‌ی دووەمیانی دسنیشان‌کردبوون . مەکیاڤیللی لەرۆژانی جەمهووری‌یەتدا توانی ئەنجومەنی دەیە قایل بکا کەهیچ دەوڵەتێك ناتوانێ لە خۆی و سنووری‌خۆی‌دڵنیا بێ ئەگەر خاوەنی هێزی تایبەتی خۆی نەبێ . هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش ئەنجومەن بڕیاری‌دا هەموو ئەو هاوولاتی‌یە فلۆرنسایی‌یانە بکاتە سەرباز کە دەتوانن چەك هەڵبگرن و ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ئیتالیا بووە هەنگاوێکی پێشەنگانە .

بایەخ‌پێدانی فراوانی تیوری و کردارانەی مەکیاڤیللی بە کاروباری سوپاو جەنگ لەو خەونە پیرۆزەوە هەڵقوڵابوو کە ببینێ ئیتالیایی‌یەکان «بە هاندانی ئامانجێکی نیشتمانی

لەریزی لەشکرەکانی شارەکاندا دەجەنگن و لە رووی ئەوروپادا سەری خۆیان بەرزدەکەنەوەوە»[٣٤] وبە لێهاتوویی یەوە مەزنکاری یەکانی رۆمای کۆن دووبارە دەکەنەوە .

مەکیاڤیللی ئەنجامی کۆڵینەوەی لەم مەسەلانەو لە هی تریش - کە دوایی دەگەڕێینەوە سەریان - زۆر دەرسی لە مێژوو هەڵهێنجاوەو زۆر عیبرەت و حیکمەتیشی لەو دەرسانەوە دەرهێناون و ئینجا هەموو ئەوانەی لەگەڵ وردبوونەوەی خۆیدا لە ژیانو ئەو ئەرکانەدا بەدەمی یەوە بەجێ ی هێناون ، بە هۆشێکی بلیمەتانەو بیرێکی تیژەوە تێکەڵ بە یەکتری کردوون . ئەو بەبێ پشت بەستن بە شایەتێکی مێژوویی یا زیاتر رای خۆی دەرنەبڕیوەو بە دەگمەنیش تاقیکردنەوەو ئەنجام دەرکێشانی کردۆتە گشتکاری یا بەبێ پەنابردنە بەر ئەو رووداوانەی قسەکەی دەسەلمێنن رێنمایی کردوە. جاهەر لەبەر ئەوەیە کتێبەکانی پڕن لە نموونەی مێژوویی جۆراوجۆری ئەوتۆ کە زەحمەتە وێنەی لە نووسینەکانی رووناکبیرانی تردا ببینین . مەکیاڤیللی لە لێکۆڵینەوەکانیدا گەلێ پرسیاری گرنگی وەهای وروژاندوون کە لە دوای سەردەمی ئەرستۆوە پشت گوێ خرابوون و پوختەو مەغزایان بریتی یە لە گەڕان بە دوای ئەو هۆیانەدا کە بارودۆخی بەردەوام بوون بۆ دەوڵەتان و هێزو توانای مانەوەو نەش ونماکردن لەسایەی رژێمێکی ئاسوودەی چەسپاودا بۆ حکوومەتان سازدەدەن . بەمە ئەو لەسنووری ئایدولۆژیای سیاسی ی کلاسیکی یانەی ئەوروپا چووەدەرەوەو بە شێوەیەکی هێجگار جیاوازو بنەڕەتی لە نووسەرە گەورەکانی سەردەمی ناوەراست و بگرە جیاواز لە نووسەرە گەورەکانی سەدەی شانزەیەم و حەڤدەیەمیش ، وەك هوبس و هوکرو لووك و کەسانی تر کە بە تەواوی لە لێکدانەوەی خواناسی یانەی دیاردەکانی دەوڵەت و سیاسەت رزگار نەبوون ، کەوتە لێدوان و قسەکردن لە کۆمەڵگاو سیاسەت.[٣٥]

ئامانجی مەکیاڤیللی لە گشت نووسین و قسەکانی گەیشتن بوو بە پیرۆزترین مەبەست کە بریتی بوو لە رزگارکردنی نیشتمان لە گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی و بەدی هێنانی ئەو یەکێتی یەی کە لەو رۆژانەدا کەس بەوێنەی ئەو دەرکی بە مەغزاو ئەنجامەکانی نەکردبوو . ئەو بۆ ئیتالیای ونجرکراوی دەنووسی ، بۆ ئیتالیایەك کە بۆ داگیرکەرە بێگانەکان

بووبووە کێڵگەیەکی تاقیکردنەوە ، بۆ ئیتالیایەك کە دوای ئەوەی لە گشت کیشوەری ئەوروپادا نموونەی گەشانەوەو پێشکەوتن بوو ، رووی لە پووکانەوەو پووچەڵی کردبوو.[٣٦] بگرە نیکۆڵۆ بۆ ئامانجێکی لەوە بەولاتریشەوە دەچوو ، ئەو نەك تەنیا بیری لەوە دەکردەوەو دەینووسی کە ئیتالیا لە ئاژاوەو ئەنجامەکانی رزگاری بیی‌و رادەیەك بۆ پەرت‌پەرت بوونی دابنرێ‌و یەکێتی‌ی بۆ بەدی‌بهێنرێ ، بەڵکوو بیری بۆ ئیتالیایەك دەچوو کە لە گشت کیشوەری ئەوروپادا ببێتە هێزێکی گەورەی کاریگەر. ئەم جۆرە بۆچوونە کە بۆ ئەورووپای سەردەمی ناوەراست شتێکی ئەوتۆی نەدەگەیاند ، لە دوایيدا وردەوردە بیروهۆشی گشت خەڵکەکەی داگیرکرد . مەکیاڤیلیش ئەو شانازی‌یەی بۆ بەسە کە بووە یەکەم نوێنەری مەزنی ئەو جۆرە خواست‌و هیوارەوایانە .

گومانی تێدا نی‌یە کە هیچ ئامانجێکی سیاسی بۆ بارودۆخی مێژوویی ئەوسای ئیتالیا ، لە پیرۆزیدا نەدەگەیشتە رادەی ئەوەی مەکیاڤیللی پێش چاوی خۆی خستبوو . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی مێژوو بیگرە، ناوی ئەو لەهەر کەسێکی‌تر زیاتر زڕێنرا ، تارادەیەك وای لێهات کە لە ریزی شەیتانەکان‌و پیاو خراپە هەرە درەکاندا ، باڵاترین شوێن داگیر بکا کە ئەمە باسێکەو هەقی لەسەر راوەستان‌و تێوردبوونەوەیەکی تایبەتی‌ی هەیە .

بۆچی‌و چۆن ناوی مەکیاڤیللی زڕێنرا

ناوزڕاندنی مەکیاڤیللی لە ئەنجامی گەلێ‌هۆو بۆچوونی جۆراوجۆرەوە بوو کە هەوڵدەدەین بە کورتی لەم چەند بەندە سەرەکی‌یەدا کۆیان بکەینەوە .

١- حەسوودی پێ‌بردن :

نیکۆڵۆ وەك روونا کبیرێکی گەورە ژمارەیەکی زۆر حەسوودی پێ‌بەرانی هەبوون کە هەوڵیان‌دەدا بە چەپەڵترین شێوەو قوماربازانەترینیان زەفەری پێ‌بەرن‌و ئەوەبوو لە سەرەتای باسەکەماندا هەندێ لایەنمان لێ‌باس‌کردن . ئەوانە چەندین کون‌وکەلەبەریان دەخوڵقاند تا لە نێوانیانەوە بەو ئامانجە ناپیرۆزەیان بگەن . بەلام ئەو

لەگەڵ ئەوەشدا ملی بۆ ئەو دڵودەروون چرووکانە نەدەداو هەر لەسەر بورجی بیروڕاو باوەڕی تەواوی‌یەوە بە خۆی،سەیری دەکردن‌و دەیبینین لەبەر پێیدا دەستەیەك بستەباڵای ئەوتۆن کە لە بەزەیی پێداهاتنەوە بەولاوە هیچی‌تر هەڵناگرن ، چونکە نەخۆشی لە دڵ‌و دەروونیاندا بنجی داکوتاوە . بۆیەئەم سەرەڕای هەموو خراپەکاری‌یەکانیان ، هەرچی‌یەکی دەربارەی وردترین نهێنی‌و مەڵبەندی لاوازی‌یان پێدەزانی ، لەدڵە گەورەکەی خۆیدا دەیشاردنەوەو بگرە هەوڵی‌دەدا هەر کاتێ ماوەی بۆ هەڵبکەوتایە خزمەتیشیان بکا .

سەیر ئەوەیە نیکۆلۆ لە نەشتەری هەندێ لە نزیکترین برادەرە خۆشەویستەکانیشی دەربازی نەبووە . بۆ نموونە گویکاردینی کە – بەپێی وەسف‌کردنی لە لایەن یەکێك لە مێژوو نووسانەوە –«لە ژیانیدا زیاتر لە مەکیاڤیللی مەکیاڤیللیست بوو» [37]، ڕەخنەی لە هەندێ بیروڕای مەکیاڤیللی وەها دەگرت کە گوایە دڵڕەقانەو بێ‌بەزەییانەیە ، لە کاتێکدا لە یەکچوونێکی تەواو لەنێوان هەردوو مێژوو نووسی گەورەی سەردەمی راچەنین ، مەکیاڤیللی‌و گویکاردینیدا هەیەو هەر جیاوازی‌یەکیشیان لە بەیندا هەبێ ، تای تەرازوو بە ئاشکرا بەلای یەکەمیاندا دەشکێتەوە.بۆ نموونە گویکاردینی وایدەبینی مەکیاڤیللی لەو باوەڕەیدا کە گوایە گشت بەسەرهاتە سیاسی‌یەکانی ئیتالیا ئەنجامی پەرت‌پەرت بوونی بوون بەهەڵە چووە ، چونکە ئەو پەرت‌پەرت‌بوونە – بەرای ئەم – بووبووە هۆی پەیدابوونی «گشت ئەو شارە گەشە سەندووانە» لە ئیتالیادا «کەنەدەتوانرا لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا پەیدا بین». لەبەر ئەوە بوونی «ڕژێمێکی پادشایەتی‌ی یەکگرتوو ، لە بریتی‌ی خۆشگوزەرانی بۆ ئیتالیا ، دەبووە مایەی نەهامەتی» [38].

هەروەها هاوڕێ‌یەکی‌تری (فرانسیسکۆ ڤیتۆری) دەیتوانی بە هۆی ئەو شوێنە دیپلۆماسی‌یە باڵایەوەی لە ڕۆمای کۆڕی چست‌وچالاکی‌ی فراوانی سیاسی‌و ئاینیدا وەك مەڵبەندێکی پاپایەتی‌و کڵێسەی کاسۆلیکی هەیبووە، زۆر لەوە زیاتر خزمەتی نیکۆلۆ بکا وەك دەیکرد .

٢– کڵێسە :

هەڵوێستی کڵێسە لە زراندنی ناوی مەکیاڤیللیدا گەلێ کاریگەر بوو.بەڵام بۆ ئەوەی

بە رِوونی لە هەموو بارێکی ئەو هەڵوێستە تێ بگەین ، چاکتر وایە یەکەمجار باسی هەڵوێستی مەکیاڤیللی بەرامبەر بە کڵێسەو بە رژێمی دەرەبەگایەتی بەگشتی کە ئەوسا باوبوو بکەین . ئەو هەرچەندە زیاتر پێ ی لەسەر کڵێسە دادەگرت ، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەندێ لایەنی ئەوتۆی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیش دەدوا کە لە سەردەمی ئەودا گەیشتبوونە ئەوپەڕی رادەی بەربادی‌و لەبەردەمی پێشکەوتنی ئاسایی کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا بووبوونە کۆسپێکی سەرەکی . مەکیاڤیللی ئەمەی بە شێوەیەکی بلیمەتانەی تەواو گونجاو لەگەڵ تەبیعەتی ئەو پلە مێژوویی‌یەدا شی‌کردۆتەوە کە لەرووی سیاسی‌یەوە وەهای پێویست دەکرد و رژێمێکی سیاسی‌ی ئەوتۆی بۆ دابمەزرێنرێ کە بتوانێ کۆتایی بە بەرەڵڵایی ئەو دەرەبەگایەتی‌یە باوە بهێنێ . ئێمە لێرەدا تەنیا یەك نموونەی رەوان لە «دەممەتەقێ» دێنینەوە کە لەبەشی پەنجاو پێنجەمینی کتێبی یەکەمیدایەو ئەمە دەقەکەیەتی :

«سەردار (نبیل) لەلای من ئەو بابەتە کەسانەن کەژیان بەبێ ئیش بەسەر دەبەن ، یا ئەوانەن کە لەسەر بەرو بوومی زەوی‌و زارەکەیان دەژین بەبێ ئەوەی کشت‌وکاڵ یا هیچ کارێکی تریان کردبێتە پیشەی خۆیان . ئەم بابەتە کەسانەش بۆ هەر کۆمارو هەر شارێك دەبنە بەڵا . خۆ رەنگە خراپتر لەمان ئەوانەبن کە جگە لە زەویوزارەکانیان ، خاوەنی قەڵاو دەست‌وپێوەندیشن‌و بە ئارەزووی خۆیان هەڵیاندە سوورێنن . بۆ نموونە لە مەملەکەتی ناپۆلیداو هەروەها لە مەملەکەتی پاپایەتی‌و رۆماناو لۆمباردیادا ، خەڵکێکی زۆر هەن لەم دوو دەستەیەن‌و گومانیشی تێدا نی‌یە کە ئەمەیە بۆتە هۆی پەیدانەبوونی هیچ کۆمارێك یا ژیانێکی سیاسی لەو ناوچانەدا . چونکە ئەوانەی لە بارودۆخێکی وەهادا لە دایك دەبن ، بە توندی دوژمنایەتی‌ی هەر شێوەیەکی فەرمانڕەوایی شارستانی‌یانەی سەربەست دەکەن‌و هیچ هەوڵدانێك بۆ دامەزراندنی رژێمی کۆماری لەو ناوچانەدا کە لەسەر ئەم شێوەیە رێکخراون ، سەرکەوتنی بۆ بەدی‌نایەت . خۆ ئەگەر یەکێکیش هات‌و ویستی سەرلەنوێ رێکی بخاتەوە ، ئەوا تاقە رێگا لە بەردەمیدا ئەوەیەکە رژێمی پادشایەتی‌ی تێدا دابمەزرێنێ ، لەبەر ئەوەی کە وەختێ ناوەرۆك بەم جۆرە گەندەڵ دەبێ ، قانوون لە وزەیدا نابێ بیپارێزی‌و

بیهێڵێتەوە ، بەڵکوو پێویستە لەپاڵ قانووندا هێزێکی باڵای وەك ئەوەی ئاسایی بۆ پادشایان دەلوێ هەبێ کە خاوەنی دەسەڵاتێکی بێ سنوورو جەربەزە بێ و ئەو توانایەی بۆ بسازێنێ کە لە وزەیدا هەبێ بەر لە هەر سەرکێشی کردن و هەڵچوونێکی هەڵقولاو لە زیادەخوازی یەوەو هەرکاروکردارێکی گەندەلانەی دەسەلاتداران بگرێ» .

مەکیاڤیللی بە توندی دژی ئاموژگاری یەکانی کلێسەی کاسۆلیکیش راوەستاو بە بێ بایەخی دەدانە قەلەم و وەهای بۆ دەچوو بەر لە داهێنانی چالاکانەی مرۆڤ دەگرن کە ئەم رایە بە ئەمانەتەوە گیانی سەردەمەکەو ئەو ئەرکانەی دەنواند کە لە ئەستۆیدا بوون و کە لە هێلە سەرەکی یەکانیدا لە گەڵ بیروڕای گەورەترین رووناکبیرانی ئەوسای ئەورووپادا ، لە گەلیاندا ئەوانەیان کە لە خەلکە هەرە بەتەنگەوەهاتووەکانی مەسیحی یەت و یەکێتی ی کلێسە بوون وەك ئارازمسی رۆتردامی و تۆماس مۆر ، یەکیان دەگرتەوە ، بگرە لە گەڵ سەرکردەکانی بزوتنەوەی ئایینسازییشدا (الاصلاح الديني) کە پێش مردنی مەکیاڤیللی بە تەنیا نزیکەی دەسالێك بە توندی لە ئەلمانیای دراوسێدا تەقی یەوە ، هەر یەکیان دەگرتەوە . بەلام نواندکەی مەکیاڤیللی لەم بارەیەوە توندوتیژترو کاریگەرتر بوو وەك لەوان . جا ئاخۆ هیچ وتەیەك لەوە کاریگەرترو هیچ نائومێدی یەك لەوە بێ بن تره کە نیکۆلۆ بە گالتەجاری یەکی تێکەڵ لە ئازارێکی قووڵەوە وتویەتی :

«یەکەم شت کە دەبێ ئێمەی ئیتالیایی لە عۆیەیدا خۆمان بە قەرزاری کلێسەو کاربەدەستانی بزانین ، ئەوەیە کە بووینە کافرو لەرێ لادەر» (دەمەتەقێ – کتێبی یەکەم – ١٢)، ئەمەش هەر هەمان قسەی مارتن لۆسەری سەرکردەی بزوتنەوەی ئایینسازی یە کە بەردەوام دەیوتەوە .

مەکیاڤیللی یەك کە یەکێتی ی ئیتالیای لە سەروو هەموو شتێکەوە دادەنا ، نەیدەتوانی رای ئاشکرای خۆی دەربارەی هەڵوێستی گوێخەفاندنی کلێسە لەم رووەوە ، دەرنەبڕێ . سا با بە وریایی یەوە گوێ بۆ ئەو قسانەی رایەڵ بکەین کە سەبارەت بەم باسە دەیانکا :

«ئێمە لە شتێکی گەورەتریشدا قەرزاری کلێسەو کاربەدەستانی کلێسەین و

رەنگیشە هۆی دووەمی ئەو وێرانکاری‌یە بێ کە تووشی هاتووین ، ئەویش ئەوەیە کە هەر کلێسەیە ئیتالیای بەش‌بەش کردوەو تا ئێستاش پارێزگاری لەو بەش‌بەش‌بوونە دەکا . ئەوە راستە کە دەبێ بوترێ هیچ ولاتێك هەست بە نیعمەتی یەکێتی‌و بە بەختیاری ناکا ئەگەر سەراپای لەژێر دەسەلاتی یەك حوکمی جەمهووری یا یەك میردا نەبێ ، وەك لە فەرەنساو ئیسپانیادا هەیە . بەلام گومان لەوەدا نی‌یە کە هۆی نەبوونی ئەو وەزعە ، واتە یەك‌جەمهووری‌یەت یا یەك میرایەتی بۆ گشت ئیتالیا ، بێ چەندوچۆن‌و بێ سێ‌ودوولێکردن دەگەرێتەوە بۆ کلێسە . چونکە هەرچەندە مەلبەندی کلێسە لەئیتالیادایەو دەسەلاتە دنیایی‌یەکەشی هەر لەوێدایە ، بەلام ئەو دەسەلات‌و ئەو چاکەیەی قەت رۆژێك لە رۆژان نەبوونەتە خاوەنی هێزێکی وەها ئەو توانایەی بۆ بسازێنێ کە حوکمرانە جەربەزە ئیتالیایی‌یەکانی، سەرشۆری حوکمرانی‌ی خۆی پێ‌بکاو خۆی بەسەر هەموویانەوە بکاتە تاقەمیر ، هەروەکوو لەولای تریشەوە قەت رۆژێك لە رۆژان ، نەگەیشتۆتە ئەو رادەی لاوازی‌یەی ترسی لەدەس‌چوونی دەسەلاتی خۆی بەسەر کاروباری دنیاییدا لێ‌بنیشێو ناچار بێ‌کە بۆ پارێزگاری‌کردن لەو دەسەلاتەی خۆی ، دژی ئەو دەولەتە ئیتالیایی‌یەی زیاد لە رادەی خواست‌وحەزی ئەو بەهێز بووە ، پەنا بەرێتە بەر دەولەتێکی بێگانە . بەم پێ‌یە کلێسە بۆتە هۆی ئەوەی‌ئیتالیا نەکەوێتە ژێر حوکمرانی‌ی یەك تاکە سەرو بەسەر ژمارەیەك میرو سەرداری ئەوتۆدا دابەش بێ‌کە پەرت‌پەرت بوون‌و لاوازی‌ی بکەن بە نەسیب‌و وای لێبێ نەك تەنیا بۆ وەحشی‌یە هێزدارەکان(39) ببێتە نێچیر ، بەلکوو بۆ هەر یەکێ بیەوێ پەلاماری بدا . ئێمەی ئیتالیایی پێویستە کە بۆ ئەم وەزعە ناهەموارەی تێ‌یکەوتووین ، سوپاسی تەنیا کلێسە بکەین نەك هیچ لایەکی‌تر»(دەمەتەقێ – کتێبی یەکەم – 12) .

کەوابێ هۆی سەرەکی‌ی دوژمنایەتی‌کردنی مەکیاڤیللی لەگەل کلێسەی کاسۆلیکیدا لەوەدابوو کە کلێسە بووبووە کۆسپێك لەرێگای بەدی‌هاتنی خەونە گەورەکەیداو بینینی نیشتمانەکەی بە یەکگرتوویی‌و سەربەرزی‌و سەرفرازی . بەم جۆرە پاپاکان ، بەپێ‌ی شیکردنەوە دروستەکەی ئەو ، لە لایەکەوە لەوە لاوازتر بوون بتوانن یەکێتی‌ی ئیتالیا بەدی‌بێنن‌و لە لایەکی تریشەوە حەزیان نەدەکرد یەکێکی‌تر ئەو کارە مەیسەر بکا . جا

بۆ ئەوەی لە رادەی قووڵی ی ئەم شیکردنەوەیەی مەکیاڤیللی تێبگەین، پێویستە هەڵوێستی کڵێسە بەرامبەر بە مەسەلەی یەکگرتنی ئیتالیا بە درێژایی چوار سەدەی دوای ئەو بۆمبایە بێنینەوە یاد کە مەکیاڤیللی زۆر بەجەسارەتەوەو روو بەروو تەقاندنی‌یەوە بێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر خەیاڵ و ئەوەدنیا وەك دانتی کردی ، یا لە زمانی پێشینانەوە بیروراکانی خۆی بنوێنێ وەك پترارك پەنای بردە بەر . پاپایەتی بەهەر شێوەیەك بۆی دەلوا، لەسەر بەربەرەکانی کردنی یەکگرتنی ئیتالیا بەردەوام بوو . وەختێکیش خەونە هەرە گەورەکەی ئیتالیایی‌یەکان لە ١٨٧٠ دا هاتەدی ، پاپا ملی بۆ دان‌نان بە حکوومەتی ئیتالیای یەکگرتوودا نەداو بە توندی دژی ئەوە راوەستا رۆما بچێتە پاڵی و خۆی بە «حەپسی ڤاتیکان» دایە قەڵەم . ئینجا کار هەروەها رۆیشت تا لەساڵی ١٩٢٩ دا مۆسۆلینی و پاپا بەپێی پەیمانێکی تایبەتی رێککەوتن کە یەکەمیان سەربەخۆیی ڤاتیکان بسەلمێنێ و دووەمیش دان بە ئیتالیای یەکگرتوودا بنێ .

ئەوەش دەهێنێ لێرەدا ئیشارەتی پێ بدرێ کە مەکیاڤیللی بە بیرە تیژەکەی و لە نزیکەوە بە چەوت وچەوێڵی‌یەکانی کڵێسەو ئەو ئاژاوەو سەر لێ شێواوی‌یەی دەزانی کە کارگێڕانی تووشی هاتبوون . چونکە ئەو لە رۆژانی جەمهووری‌یەتدا دوو جار وەك نێراوێکی دیپلۆماسی چوو بوو بۆ رۆماو لە نێوانیانەوە شارەزای ژیانی ئەکلیرۆسەکان و ئەو بەرتیل و بەرتیلکاری‌یە بوو بوو کە لە ناویاندا بڵاو بوو بووە وەو بەوە زیاتر لە گەندەڵی ی دەستەودایەرەی کڵێسەو دوورکەوتنەوەی تەواوی لەگیانی رەسەنی ئایینی مەسیحی‌یەت دڵنیا بووبوو .

کاردانەوەی پاپایەتی بەرامبەر بەم هەڵوێستەی مەکیاڤیللی ، لەیەك کاتدا هەم توندو تیژو هەم دڵرەقانە بوو . بۆ نموونە لەساڵی ١٥٥٧ دا ، جزویتە سەرگەرمەکانی کڵێسەی کاسۆلیکی گشت کتێبەکانی مەکیاڤیللی‌یان سووتاندو لەگەڵیدا دادگای پشکنین (محاکم التفتیش) بریاری قەدەغەکردنی خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی‌داو هەموویانی خستە لیستەی کتێبی قەدەغەکراوەوەو ئەنجومەنی ترانتی کڵێسەیش ئەوەی سەلماند .ئینجا لە ساڵی ١٥٥٩ دا کڵێسە بریارێکی دەرکرد کە نموونەیەکی (effigie)جەستەی مەکیاڤیللی بە ئاشکرا بسووتێنرێ ، لە کاتێکدا پێش ئەوە بە نزیکەی تەنیا چارەکە

سەدەیەك ، رۆما خۆی کتێبەکانی بۆ چاپدەکردن‌و شانۆگەری‌یە کۆمیدی‌یەکانیشی بە ئامادەبوونی پاپا خۆی پێشکەش دەکران[٤٠] . هەروەکوو مەکیاڤیللی کتێبە بەپرشتەکەی «مێژووی فلۆرنسا» کە لە هەشت بەرگدایەو لە راستیدا تەرخانە بۆ سەرجەم مێژووی سیاسی‌ی ئیتالیاو بە حوکمی قووڵبوونەوەی لە هەڵسەنگاندنی رووداوە مێژوویی‌یەکان‌و شێوە درامی‌یەکەی لە نووسینیانداو پتەوی‌ی زمانەکەی «بە یەکێك لە دەسکەوتە هەرە گەورەکانی کۆڵینەوە لە مێژووی نوێ دەژمێردرێ»[٤١] و تا ئێستاش لەو بایەخە نەکەوتووە ، لەسەر داخوازی‌ی پاپا کلیمەنتی حەوتەم نووسیوێتی‌و بە دەستی خۆی پێشکەش بەوی کردوە . **دوای ئەوە شالاوێکی پروپاگەندەی نەخشەبۆکێشراو دژی مەکیاڤیللی دەستی پێکرد کە نووسەرو مێژوونووسە جزویتە کەللەرەقەکان ریزی پێشەوەیان تێداگرت . ئەوانە لایەنە بەهێزەکانی نووسین‌و بیرورا و هەڵوێستەکانی مەکیاڤیللی‌یان خستە لاوەو تەنیا هەندێك لە بیرورا و کردارەکانی بە شێوەیەکی رووتەنی دەکردە دەسکەلاو بەوە وێنەیەکی ساختەی ئەوتۆیان بۆ دەبەخشاند کە چەندیشە تەقەلایان دەدا هونەرکاری‌ی تێدا بکەن ، بەلام هێشتا هەر لەگەڵ واقیعی حاڵی ئەو پیاوەدا نەدەگونجا . بۆ نموونە ئەوەیان لێدەکردە عەیبە کە کتێبی «میر»ی پێشکەش بە جۆلیانۆ (دوایی لۆرینزۆ) میدیتچی کردبوو ، ئینجا وایان دادەنا گوایە ئەوە هەوڵدانێك بووە بۆ چاوەشەکردنی بنەماڵەی میدیتچی دوای گەرانەوەیان بۆ سەر دەزگای حوکمرانی**[٤٢] . هەروەکوو هەندێ لە نووسەرانی ئەم سەردەمەش ئەو مەسەلەیە لە هەمان روانگەی جزویتەکانەوە هەڵدەسەنگێنن[٤٣] . لە راستیدا نکوولی لەوە ناکرێ کە مەکیاڤیللی حەزی دەکرد بێتەوە سەرشانۆو لە ئیشێکی ئەوتۆ دەگەرا کەمێ لەباری ئەو چەڵەمە دارایی‌یەی تووشی هاتبوو سووك بکاو ئەمەش کردەوەیەك نی‌یە بەهیچ کلۆجێك لی‌ی بگیرێ ، چونکە هەر لە بنەرەتەوە غەدرە نیکۆلۆی ناو کۆمەڵگایەك کە مرۆڤی هەم گورگ‌و هەم رێوی دەوری گەورەیان تێدادەگێرا و پایەوپلەو ساماندداری لای هەموان بە سەرداروڕەشۆکی‌یانەوە مانایەکی تەلیسمای‌یان دەبەخشی ، لە خواست‌و پێداویستی‌یەکانی وەك هەر مرۆڤێکی تر ، دابڕ بکرێ . بەلام مەسەلەکە لەم لایەنە رووتەی مرۆڤایەتیش دەچێتە دەرەوە ، چونکە لۆرینزۆ میدیتچی

که له ئاستیاندا وەك هەر مرۆڤێکیتر هێندەی سیفەت و تواناو بەهرە تێدابوو که له وزەیاندا هەبێ بیکەنە پیاوێکی هەڵکەوتوو . ئەو لەو بابەته کەسانە بوو که دەیتوانی بڕیاری بڕای بڕ بداو پەیڕەوی ئەو جۆرە سیاسەته بکا که له «میر» دا باس کراوەو لێدەوەشایەوە ئیتالیا ڕزگار بکاو یەکگرتنی بۆ بەدیبێنێ[٤٤] . ئەمەش بۆ مەکیاڤیللی سەروزیاد بوو که ئەوی وەك میرێکی نموونەیی بێته پێش چاو .

لەگەڵ ئەوەشدا دوو شتیتر دەمێننەوەو دەشێ تیشکێکی ڕوونا کتر بخەنه سەر ئەم باسه .. مەکیاڤیللی یەك که به هۆی ئەو پێشکەش کردنەی کتێبەکەیەوە «میر» به مەرایی کردن گوناهبار کرا ، بەبێ چەندوچۆن ئەوەی ڕەتکردەوە که خزمەتی «بێگانه وەحشی یەکان» بکا ، له کاتێکدا کەسانیتر کرنووشیان بۆ دەبردن . بەڵام با ماوە به کابرا خۆی بدەین لەم ڕووەوە که گەردەلوولێکی هەوشاری دروستکراوی دەربارە هەڵکرا ، بۆمان بدوێ . ئەو بەوپەڕی ساکاری یەوە دەڵێ :

«من تەنیا هێندەی بتوانم سوودبەخش بم قەت هیچ کارێك و هیچ فەرمانێکی جەمهووری یەت ڕەتناکەمەوە ،من ئەمه پیشەمەو ئەگەر بەکردارنەیکەم بەو تار خۆێندنەوە دەیکەمو ئەگەر بەمیشیان بۆم نەکرێ به پرۆژەکانم دەیکەم.....»[٤٥] .

کەواتێ نیکۆلۆ ئامادە بوو به دڵسۆزی یەوە خزمەتی وڵاتەکەی بکا . لەبەر ئەوە تەنانەت له تەنگەتاوترین ساتانیشدا هەر سەری خۆی بەرز ڕادەگرت و حەزی له ئیشکردنێك نەدەکرد «سوود بەخشینی تێدا» نەبێ . بۆیه ئەم «مەرایی کەرە» ، تەنانەت دوای دە ساڵ دوورخستنەوەش به هۆی بێزاربوونی یەوە له هەڵوێستەکانی پاپایەتی ، پلەی سکرتارێتێکی سوودبەخشی یەکێك له کاردینالەکانی ڕۆمای ڕەتکردەوە .

لێرەدا پرسیارێکی پڕ مەغزا خۆی بەسەر مێژوونووسدا دەسەپێنێ : ئایا بۆ مەکیاڤیللی یەکی خاوەن توانا ئەگەر بەڕاستی بیویستایه مەرایی بکا،باشتر وەها نەبوو خۆی لەو کەسانه نزیك بکاتەوە که چارەنووسی نەك یەك ئیتالیایی کی وەك ئەو ، بەڵکوو هی گشت ئیتالیایان له چنگدا بوو، مەبەستم له داگیرکەرە بێگانەکان و دەمڕاستەکانی ڕۆمایه که ئەو بەبێ پێچ و پەنا و سەوداو مامەڵەکردن هێرشی دەبردنه سەر؟. لێرەدا دەبێ ئەوەش سەرنجمان ڕابکێشێ که

گرتنی ئەم هەڵوێستە لە لایەن رووناکبیرە ئیتالیایی‌یەکانەوەو لەو بارودۆخە زۆر سەخت‌و ستەمەدا دەگمەن نەبووە . بۆ نموونە هاوچاخی مەکیاڤیللی‌و تاجی سەری ئیتالیاو مرۆڤایەتی لیۆناردۆ داڤینشی (١٤٥٢-١٥١٩) لە کۆتایی ژیانیدا ناچاربوو پەنا بەرێتە بەر پادشای فەرەنسا فرانسوای یەکەم‌و دوا پێنج ساڵی تەمەنی لەگەڵداو لە کۆشکێکی نزیك کۆشکەکەی ئەودا بەسەر بەرێ ، بێ‌ئەوەی ئەمە بە ژیان‌و مێژووی ئەو بلیمەتەوە ببێتە تەنانەت سووکە لەکەیەکیش .

هەر وەها رووناکبیری سۆشیالیستی ئایدیایی ئیتالیایی کامبانیللا (١٥٦٨-١٦٣٩) کە بۆ ماوەی (٣٣) ساڵ بەبێ ملکەچ‌کردن خۆی لە ژێر لێدان‌و ئازاردان‌و بەندکرندا لە لایەن دادگاکانی پشکنینەوە راگرت لە ئەنجامدا پەنای بردە بەر ریشیلۆی فەرەنسایی‌و خۆی خستە ژێر باڵی ئەوەوە . کەوابێ هیچ گومانی تێدا نی‌یە کە مەکیاڤیللی ، ئەگەر بیویستایە دەیتوانی وەك ئەوان کردار بکاو ئەوەی بۆ ئەوان لوا بۆ ئەمیش بلوێ‌و بەلام نەیکرد . بەڵێ ئەم «مەرایی‌کەرە» بەوپەری نەفس بەرزی‌یەوە ئیشکردنی لە دەرباری فەرەنسادا رەتکردەوە . با جارێکی تریش گوێ لە خۆی بگرین‌و بزانین بە شێوە گاڵتەجاری‌یەکەی خۆی ، لە بارەی ئەم باسەوە چی دەڵێ :

«من مردنم لە برساندا لە فلۆرنسادا بەلاوە پەسندترە وەك لە ئینتەلاکردن لە فۆنتینبلۆدا» (٤٦) (٤٧)

یەکەمینی نووسەرەکان‌و بە شێوەیەکی تایبەتی جزویتەکانیان رەخنەیان لەسەر ئەوە لە مەکیاڤیللی دەگرت گوایە لە کتێبەکەیدا «میر»، سیزار بۆرجیای بە نموونەیەك هەڵبژاردوە کە بهێنێ شوێن‌پێ‌ی هەڵبگیرێ. لێرەشدا هەڵبژاردنەکەی مەکیاڤیللی لە خۆیەوە نەهاتبوو ، چونکە سیزار بۆرجیا کوری پاپا ئەلیکسباندەری شەشەمی نەوەی بنەماڵەی بۆرجیای ناسراو(٤٨) بوو کە مەکیاڤیللی سێ جار بە ئەرکی دیپلۆماسی‌یانە چووبووە لای‌و لە نزیکەوە ناسیبووی‌و لە راپۆرتەکانیدا بە توندی رەخنەی لە کردارو رەفتارەکانی گرتبوو ، بگرە بە دوژمنێکی سەرسەختی فلۆرنسای دانابوو(٤٩) . بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان سەرنجدانێکی وردی سیاسەتەکەیەوە بە درێژایی چەندین

مانگ کەوتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو ڕێوشوێنانەی ئەم پیاوە بەکاریان دێنێ ، لە توانایاندا هەیە ئیتالیا لە گرفتەکانی ڕزگاربکەن‌و بەوە زیاتر لەهەر سیاسی‌یەکی‌تر کە دیبووی یا شتی دەربارە خوێندبووەوە کاری تێکرد(٥٠) . بەهەرحاڵ گرنگ بەلای مەکیاڤیللی‌یەوە ئەوەبوو کە سیزار بۆرجیا بە هەموو شێوەیەك‌و بە ئیلحاحەوە تەقەلای دەدا حکوومەتێکی یەکگرتووی بەهێزی ناوەندی بۆ حوکمرانی‌کردنی ناوچەیەکی فراوانی ناوەڕاستی ئیتالیا دابمەزرێنێ‌و ببێتە هەنگاوێکیش بۆ یەکخستنی گشت وڵاتەکە . هەروەها مەکیاڤیللی سەبارەت بەهەڵوێستی سیزار بەرامبەر بە لەشکری سەربازی بەکرێگیراوو تەقەلادانی بۆ بەسەربازکردنی کوڕوکاڵانی ئیتالیا خۆیان‌و وازهێنانی لە لەقەبی کاردینال کە لەقەبێکی باڵای ئاینی بوو لە پێناوی بەدی‌هێنانی ئامانجە سیاسی‌یەکانیدا ، گەلێ پێخۆشحاڵ بوو . ئینجا لێرەدا جێی خۆیەتی بوترێ لیۆناردۆ داڤینشی یەکێك بوو لەوانەی بە دڵسۆزی‌یەوە هاریکاری‌ی لەگەڵ ئەو سیزار بۆرجیایەدا کرد کە مەکیاڤیللی لەسەرەتادا بە دوودڵی‌یەوە پەیوەندی‌ی لەگەڵدا بەست . بەم جۆرە بەبێ گوێدانە ڕادەی سەرکەوتنی مەکیاڤیللی لە هەڵبژاردنی نموونەی قارەمانەکەیدا، لەم کۆرەدا دەبێ یەك ڕاستی تۆمار بکرێ ، ئەویش ئەوەیە کە سیزار دوای نزیکەی شەش ساڵ بەسەر مردنیداو کۆتایی‌هاتنی دەوری بنەماڵەکەی لەسەر شانۆی سیاسی‌ی ئیتالیا ، ئیجا ناوی چووە ناو کتێبی «میر»ەوە کە ئەوە شێوەیەکی مەوزووعی‌یانەی ئاشکرا بە هەڵبژاردنەکەی دەدا .

هێجگار سەیریش ئەوەیە کە ڕەخنەگرانی مەکیاڤیللی ، تەنیا هەڵەوچەوتی‌یەکانی سیزار بۆرجیا بگرن‌و بیانکەنە بنێشتەخۆشەی ژێر زمان‌و ببرای‌ببر خەونە باڵاکەی (خەونی مەکیاڤیللی) سەبارەت بە هەڵکەوتنی بلیمەتێکی ئیتالیایی بخەنە پشت‌گوێ کە وڵاتەکەی لە پەرت‌پەرت‌بوون‌و داگیرکاری ڕزگار بکاو «ڕژێمێکی نوێی ئەوتۆ کە سەربەرزی بۆ خۆی‌وخێروخۆشی بۆگەل بەدی‌بێنێ» دابمەزرێنێ . ئەو ئیتالیایەی وەك نیکۆلۆ بە دڵسوزی‌یەوە بۆی دەچوو «هەناسەی لەبەر براوە» وچاوی بریوەتە «ئەو مرۆڤەی دەتوانێ زامەکانی تیمار بکاو کۆتایی بە وێرانکاری‌و ڕاووڕووت لە لۆمبارد یاداو چاوچنۆکی‌و زەوتکاری لە مەملەکەتی ناپۆلی‌و تۆسکانیادا بهێنێ‌و ئەو پەڵەو بلقانەی کە

لە دەمێکەوە لە جەستەیدا کێم و زوونیان هێناوەتەوە ، بتەقێنێ و چاکیان بکاتەوە . ئەوەتا ئیتالیا رۆژانە لە خودا دەپاڕێتەوە کەسێکی وەهای بۆ بڕەخسێنێ کە لەم ستەمکاری‌یە وەحشی‌یانەیەو چەموشی‌یە کوێرانەیە رزگاری بکا .«ئەو ئامادەی دواکەوتنی هەر ئالایەکەو بوی بە پەرۆشە ، بە مەرجێك یەکێك هەبێ هەڵی بگرێ و بەرزی بکاتەوە». ئینجا ئەگەر ئیتالیا بوی لوا «ئەم میرە ئازادو رزگارکەرە» بدۆزێتەوە ستەمە بتوانرێ وەسفی «ئەو خۆشەویستی‌یە بکرێ کە لە لایەن ئەو هەرێمانەوەی لە ژێر زەبرو زەنگی شالاوی داگیرکەراندا تووشی چەندین بەلای ناگەهان هاتوون دەیدرێتێ ، یا ئەو تینوێتی‌یەی بۆ تۆڵەسەندنەوەو ئەو باوەرە نەگۆڕو پڕ لە دڵسۆزی‌یە بێ‌چەندوچۆن‌و ئەو فرمێسکی سوپاس‌و ستایشەی دەیانبینێ . هەرچی دەرگا هەن لە روویدا دەخرێنە سەر پشت‌و سەرجەمی گەل بەدەم تاعەتکردن‌و مل بۆ کەچکردنی رێزلێنانەوە پێشوازی‌ی لێدەکەن ، هەروەکوو کەسێك نابینێ حەسوودی پێ‌بەرێ‌و هیچ ئیتالیایی‌یەکیش لە چوونە ژێر ئالاکەیەوە دواناکەوێ . ئەم ژێردەستی‌یەی وەحشی‌یەکان لووتی هەموو مرۆڤێك دەچووزێنێتەوە»(میر– بەشی بیست‌و شەشەم) .

رەخنەگرانی مەکیاڤیللی بەهەموو ئەو شتانەوە نەوەستان ، بەڵکوو تەقەلایان‌دا هەڵوێستی بەرامبەر بە ئایینیش بشێوێنن‌و لەو رێگایەوە توانی‌یان هەست‌و سۆزی ناسکی خەڵکە ساکارەکە بە شێوەیەکی تایبەتی بە توندی بیزوێنن ، ئەویش بە نیشاندانی لە شێوەی کافرێکی لە دین‌وەرگەراودا . لە کاتێکدا «تاوانی» نیکۆلۆ لەم رووەوە ، لەوە بەولاوە نەبوو کە دەیویست مەسەلە رۆمانی‌یەکان ، ناوەرۆکێکی سیاسی‌یان هەبێ‌و «بۆ بنیادنانی ژیانی گەل»و خزمەتکردنی دەوڵەت تەرخان بکرێن [51] . هەروەها ئەو وەهای دەبینی کە چاککردنی باری دەوڵەت بە گۆڕینی دڵ‌و دەروونی خەڵکەکە بەدی‌نایەت ، بەڵکوو بە گۆڕینی دام‌ودەزگاکان بەدی‌دێ . بۆیە دەبینین ئەو نەك تەنیا لە مەسەلەی ئایین دەدوێ ، بەڵکوو باسی گشت پەیوەندی‌یەکانی نێوان خەڵکی دەکا وەك خۆشەویستی‌و رق‌وکینەو هونەرو هەموو دیاردەکانی ژیان خۆی ، بەپێی ئەو دەورەی لە کۆمەڵدا دەیگێرێ .

راستە کە نیکۆلۆ ئەرکە ئایینی‌یەکانی خۆی بەجێ نەدەهێنان، بەڵام کافر نەبوو ،

بەڵکوو—وەك هەندێ سەرچاوە دەیسەلمێنن—«بەپێی نەریتە ئایینیە ناچارکاری‌یەکان» دەژیا [٥٢]. پڕ بە دڵیش ڕێزی لە دامەزرێنەرانی ئایینەکان دەناو وای بۆ دەچوو کە ئەوان دەبێ زیاتر لە دامەزرێنەرانی دەوڵەتان جێگەی دەست بۆ بەسنگەوە گرتن [٥٣] بن.

جزویتەکانو کەسانی تریش، هەروەها هەڵوێستی مەکیاڤیللی‌یان سەبارەت بە چاکەکاری‌و دڵڕەقی بە شێوەیەکی دوورلەهەر بەهایەکی مەوزووعی‌یانە دەشێواند. ئەوان وەك لەوەبەر وتمان، خۆیانیان لە گشت ئەومەرجانە گێل دەکرد کە مەکیاڤیللی لە هەموو کتێبەکانیدا پێی لەسەر دادەگرتن‌و چاویان لەو قسە ئاشکراو ڕوونەی ناو«دەممەبەقی»کەی دەنووقاند کە دەڵی: سەرکەوتنی ڕۆمەکانو گەشەسەندنیان تا ڕادەیەکی زۆر ئەنجامی خۆ بەستنەوەیان بووە بە چاکەکاری‌یەوە [٥٤]. ئەوانە لە هەڵسەنگاندنی ئەم لایەنەی بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللیدا، بە ئەنقەست ئەوەیان فەرامۆش کردوە کە ئەو لە کرداورەفتاری خەڵکە ئاسایی‌یەکەی نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکوو باسی لە ئەرکەکانی سەر شانی ئەو حوکمڕانانە بووە کە هەڵسووڕاندنی کاروبارێکی گەورەو گرانو ئاڵۆزیان دەکەوێتە ئەستۆ کە یەکەمین پێداویستیش لەم ڕووەوە، تێگەیشتنی شتە بە باری ڕاستەقینەی خۆیداو کەلاخستنی هەستو سۆز لە پێناوی جێ‌بەجێ‌کردنیدا بە باشترین شێوە. هەروەها نیکۆلۆ ئەم واقیعەی بە شێوەیەکی کاریگەرو ڕوون لێکداوەتەوە، چونکە ئەوانەی ناتوانن لە کاتی پێویستیداو لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا لە نەریت لابدەن «چاکتر وایە چ کارێکیان حەز لێ‌یە بیکەن تەنیا سیاسەت نەبێ»، لەبەر ئەوەی سیاسەت بە لایەوە «جۆرێکی ئەوتۆیە لە چالاکی‌یەکانی مرۆڤ کە ملکەچی هیچ مەرجو هاندەرێکی گیانی یا خاوەن سیمایەکی ئەدەبی نی‌یە»و بەوە لە گشت چالاکی‌یەکانی تری مرۆڤ جیادەبێتەوە [٥٥]. جا بەم جۆرە مەکیاڤیللی دەبێتە یەکەمین کەسێك کە تاریفێکی نوێی بۆ مەفهوومی دەوڵەت دارشتبێ.

لەپاڵ ئەو پێوانانەدا کە جارەها لامان‌دایە سەریان، مەکیاڤیللی بالاترینی ئەو چاکەکاری‌یانەشی لەخۆگرتوون کە لە کۆڕی پەیوەندی‌یە سروشتی‌یەکانی نێوان

خەڵکیدا هەن . بۆ نموونە لە میردا وتوویە «بێگومان ئیمە هەق ئەوەمان نی‌یە سیفەتی پاکی‌و چاکەکاری بدەینە پاڵ ئەو کەسەی هاوولاتی‌یەکانی خۆی دەکوژێ‌و ناپاکی لە برادەرو دۆستەکانی دەکاو پشت دەکاتە پەیمانەکانی‌و بەزەیی‌و دینداری دەخاتەلاوە . رەنگە مرۆڤ بتوانێ لە رێگەی ئەم کردارانەوە بە میرایەتی بگا ، بەلاَم ناتوانێ بگاتە سەربەرزی —میر— بەشی هەشتەم» . هەروەها «ئەو دۆستایەتی‌یەی لەسەر بناغەی کرینو فرۆشتن بنیادنرابێ دۆستایەتی‌یەکی ساختەیەو ئەگەرچی بە پارەو پوول دەکردرێ بەلاَم جێگەی باوەرو موتمانە نابێ‌و لەو بابەتەیە کە هەر هێندەی پێویستیت پی‌ی هەبوو وەك نەبووبێ وەهایە —میر— بەشی حەڤدەیەم» .

بەلاَم میر لەسەری پێویستە وەك وتم «ئەگەر بۆی لوا با پشت نەکاتە خێرخوایی ، بە مەرجێك کە ئەگەر تەنگەتاوو ناچارکرا ، کۆ لە شەرخوایی نەکاتەوە» . لەگشت حاڵەتێکیشدا بۆ چوونی مەکیاڤیللی لە هەڵسەنگاندنەکانیدا ، هەر وەك هەڵسەنگاندێکی رووت دەمێنێتەوە . چونکە دەشێ «ئەوەی وەك چاکەکاری دێتە پێش چاو» لە هەموو وەختێکدا چاکەکاری نەبێ ، لەبەر ئەوەی «دەگونجێ ماڵوێرانی‌ی لێ‌بوەشێتەوە» ، یا ئەوەی لەباری سەرنجێکی ئاساییەوە وەك خراپەکاری دێتە پێش چاو ، لەباری سەرنجێکی سیاسی‌یانەوە وەها نەبێ ، بەتایبەتی ئەگەر بووە هۆی «زامن‌کردنی ئەمن‌و ئاسایش‌و سەرکەوتن» . بۆیە «ئەو میرەی بۆ فێربوونی چۆنێتی کردارو کردەوەی ئاژەڵ خۆی بەناچار دەبینێ ، پێویستە لە یەك کاتدا لاسایی رێوی‌و شێریش بکاتەوە ، چونکە نەشێر دەتوانێ خۆی لە تەڵە بپارێزێ‌و نە رێوی‌یش دەتوانێ لە رووی گورگاندا پارێزگاری لە خۆی بکا . لەبەر ئەوە ناچار دەبێ ببێتە رێوی تا تەڵە بناسێتەوەو ببێتە شێر تا گورگ بتۆقێنێ —میر— بەشی هەژدەیەم» .

لە هەموو ئەوەی باسمان‌کرد ، رای مەکیاڤیللیمان بە ئاشکراو بە روونی بۆ دەردەکەوێ کە : مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە جیهانی سیاسەت بەدووربگرێ‌و ئەوسا بە پی‌ی پێوانە بالاَکانی رەوشت‌و رەفتارو بەبێ‌ئەوەی‌بە موو لی‌یان لابدا هەڵبسوورێ‌و بگرە لەسەری پێویست دەبێ وەها بکا . بەلاَم ئەگەر چووە گێژاوی سیاسەتەوە ، ئەوا دەبێ لە ژێر رۆشنایی یاساکانیدا هەڵبسوورێ . ئەگەرچی مەکیاڤیللی تەنانەت

لێرەشدا ، ئەوەی لە میرە نوێیەکەی خۆی نەخواستوە شتێك بکا کە جارەهای جار رووی نەدابێ . ئەو «حوکمڕانەکانی ئەوروپای بەدرەفتار» نەکردوە وەك دەوترێ ، بەڵکوو «زۆر ئاسایی کردارو رەفتارەکانیانی وەك بەتەبیعەت هەن لێکداونەتەوە»(٥٦) .
یا بە واتایەکی وردتر ئەو سەیری مرۆڤی ، حاکم بێ یا مەحکوم ، وەها نەکردوە کە دەبێ هەبێ ، بەڵکوو وەهای تێروانیوە کە هەیە . بۆ نموونە لە «میر»دا کە زیاتر لە هەر کتێبێکی تری تاوانبار دەکرێ ، هەمان وێنەی تەڵخی باری کۆمەڵایەتی دەبینرێ کە سەدان فەیلەسووف‌و رووناکبیری لەوەبەرو لەوەپاشی مەکیاڤیللی ئیشارەتیان پێداوە .
هەروەکوو ئەو سەردەمەی نیکۆلۆ تیایدا دەژیا ، سەردەمی فرت‌و فێڵ‌و پیلانگێڕان‌و ئیرهابێکی ئەوتۆ بوو کە گشت کووچەو کەل‌و قوژبنێکی ئەوروپای دینی‌و دنیایی‌و بگرە رۆژهەلاتی ئیمەشی گرتبووەوە . پێش پەیدابوونی مەکیاڤیللی بە چەند سەدەیەك پادشای ئەڵمانیایی ئۆتۆی یەکەم (٩١٢-٩٧٣) لە هەڵس‌و کەوتیدا لەگەڵ سەردارو تیرەکان‌و لەگەڵ ئایینداً لەناومەملەکەتەکەی‌خۆی‌و ئەو ناوچانەشدا کە داگیری دەکردن ، هەموو ئەم ئامۆژگاری‌یانەی مەکیاڤیللی‌ی پەیرەو دەکردن . خۆ ئەگەر سیزار بۆرجیای قارەمانەکەی مەکیاڤیللی ، سێ جار خوشکەکەی خۆی بۆ ئامانجی سیاسی‌ی رووت بەشوو دابێ ، ئەوا ئۆتۆش پێش ئەو بە پێنج سەد ساڵ ، تەنیا بۆ ئەوەی نازناوی پادشای ئیتالیا وەربگرێ ، بێوەژنەکەی ئەو پادشایەی لە خۆی مارە کردوە ، هەروەکوو -بە بیانووی گەڕاندنەوەی پاپاوە بۆ سەر تەختەکەی دوای دەرکردنی لە لایەن خەڵکی رۆماوە - شالاوێکی بردە سەر شارەکەو پاپا دەرکراوەکەی گەڕاندەوە شوێنی خۆی کە ئیتر لەو ساتەوە کردی‌یە داشێکی دامە بە دەست خۆیەوەو بە پێی ئامانجە سیاسی‌یەکانی،چۆنی دەویست وەهای هەڵدەسووڕاند . لەوانە پاپا لە ساڵی ٩٦٢دا تاجی ئیمپراتۆرێتی بە ئۆتۆ بەخشی کە بووە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیمپراتۆرێتی پیرۆزی رۆمانیا . یا سیاسەتی پادشاکەی‌تری ئەڵمانیا ئیمپراتۆری‌ئیمپراتۆرێتی پیرۆزی رۆمانیا فردریك باربارۆسا (١١٢٥-١١٩٠) لە هەندێ دریژکاریدا نەبێ ، دەنا هیچ جیاوازی‌یەکی لەگەڵ ئەوەی پێشوویدا نەبوو . یا پادشای فەرەنسایی شارلی گەورە (شارلمان-٧٤٢-٨١٤)، مەسیحی‌یەتی هەر بەو شێوەیە کردە هۆیەك بۆ چەسپاندنی

مملەکەتەکەی کە مەکیافیللی دوای نزیکەی حەوت سەد ساڵ بە نموونەیەکی باڵای دایە قەڵەم.

بەڵام لەسەردەمی مەکیاڤیللیدا کە «هێزو تەڵەکەبازی بوو بوونە کلیلی سەرکەوتن»و ناوی نرابوو «سەردەمی فرت‌و فێڵ‌و سەرکێشی»[٥٧]. دەرەبەگەکانی ئەڵەمانیا هێشتا «میر» یان نەخوێندبووەوە، وەختێ لە ژێر پەردەی ئایینڈا بزووتنەوە مەزنەکەی جوتیارانیان (١٥٢٤–١٥٢٥) نوقمی دەریایەکی خوێن کردو نزیکەی سەد هەزار کەسیان کوشت کە تاوانی گەورەیان جەسارەتی داواکردنی تۆزێ سووککردنی باری کلۆڵی‌و کەساسی‌یان بوو. هەروەکوو گەلێ لە پاپاکان لەسەردەمی ئەوو پێش ئەوو دوای ئەودا لە تەڵەکەبازی‌و دڵڕەقی بەولاوە شێوەیەکی تریان بۆ مامەڵەکردن لە لا نەبوو. دەتوانرێ دەیەها نموونەی مەکیاڤیللیستی‌یانەی تر لە مێژووی بەر لە مەکیاڤیللی‌دا بهێنرێنەوە. بگرە دەزگا جزویتی‌یە[٥٨] سەرگەرمەکە بۆ کاسۆلیکی‌یەت کە بەشێکی گەورەی گوناهی زڕاندنی ناوو ناوبانگی مەکیاڤیللی‌ی دەکەوێتە ئەستۆ، خۆی پتر لەهەر لایەنێکی‌تر بە مەکیاڤیللی‌یەت تاوانبارە، چونکە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی‌یەوە لە ساڵی ١٥٣٤ دا دروشمی «ئامانج بوار بە رێ‌وشوێن دەدا لەهەر چەشنێك بن»ی گرتبووە خۆی.

لە رۆژهەڵاتیشدا زۆربەی سوڵتانەکانی عوسمانی‌یەکان، بێ‌ئەوەی ناوی مەکیاڤیللی یا ناوبانگی «میر» یان بیستبێ، ئامۆژگاری‌یەکانی ئەویان بە جۆرێکی شێواو پەیڕەو دەکرد. بۆ نموونە سەلیمی یەکەم بە یاریدەی ئینکشاری‌یەکان، لەساڵی ١٥١٢ دا بایەزیدی دووەمی باوکی لەسەر تەخت لاداو وەك کوڕێکی «وەجاخ روونکەرەوە»، ئەو داخوازی‌یەی باوکی بجێ‌بەجێ کرد ماوەی بدا بچێ لەو شارە دابنیشێ کە تیایدا لە دایك بوو بوو، بگرە هێندە بۆی «بەوەفا» بوو کە تا ئاستی شوورەی پایتەختی مەملەکەتەکەشی، بەرێی بکاو ئیتر تەنیا دوای رۆژێك یا دوو رۆژ بمرێ. سەلیم بەوەشەوە نەوەستا بەڵکوو بە بەهانەی زامن‌کردنی ئاسایشی مەملەکەتەکەی مبە رەچەڵەکی هەموو برا گەورەکانی‌و منداڵەکانیاندا چووە خوارەوە هەروەکوو بە یەك جەزرەبە چل هەزاری لە شیعەکانی ئەنازۆڵ قەلاچۆکرد، دوای ئەوەی فەتوایەکی بە

شێخی ئیسلام بۆ سەلماندنی ئەو کارە نەگریسەی دەرکرد . بۆیە سەلیم بە هەقیانەت لەقەبی یاوز واتە سامناك یا تۆقێنەری وەرگرت . هەروەها دەسیسەو پیلان لە لایەن دەستەو دایەرەی ژنانەوە کارێکی وەهای کرد سەلیمی دووەمی مەیخۆری بەدمەستو ناشیاوترینی کورانی سلیمانی قانوونی ، ببێتە میراتگری تەختی پادشایەتی ی ئەو باوکەی بە جەدارەتەوە لەقەبی قانوونی ی لە رۆژهەلاتداو مەزنی لە رۆژئاوادا لیٚنرا بوو . خۆ مرادی سێیەم سفتاحی سەردەمی خۆی بە کوشتنی هەر پێنج براکەی لە ساڵی ١٥٧٤ دا دەس پێکردو کورەکەیشی محمدی سێیەم «لێهاتوویی یەکی» گەورەتر لەوی نواند ، وەختێك هەر لە رۆژی مردنی باوکیدا لە ساڵی ١٥٩٦. دا ، فەرمانیدا هەر نۆزدە براکەی بخنکێنرێنو لەیەك کاتیشدا لەتەك باوکیدا لە مزگەوتی ئایاسۆفیادا ناشتنیو کۆری تازێشی بۆ سازدان کە بە دەمییەوە نیشانەی دلگوشراویو خەفەتباری بۆ ئەو «قوربانی یە» گەورەیەی لە پێناوی «سەربلندی»ی ئیمپراتۆرێتە نەمرەکەدا دابووی بەرۆکی روخساری بەر نەدەدا .

جا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە کە ئایا لە گشت نووسینەکانی مەکیاڤیللیدا هیچ شتێکی وەهایان تێدایە بەهانەی رەوا بۆ ئەم جۆرە کردەوانە بهێنێتەوە کە کەسانی تر هەولیان داوە بەهانە ئەگەر بۆ هەمووشیان نەبێ بۆ زۆربەیان بهێننەوە ؟ .

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بێنین ، پێویستە ئیشارەت بە راستی یەکی گرنگی تر بدەین کە پەیوەندیی پێوە هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە لەسەردەمی مەکیاڤیللیدا ولاتە ئەوروپایی یەکان یەکیان دەگرتو بە رێگای یەکگرتندا گیروگرفتەکانی خۆیانیان دەبراندەوە . لە کاتێکدا گیروگرفتەکانی ئیتالیا تا دەهات دەئالۆزاو پەرتپەرت بوونەکەی قوولتر دەبووەوەو ئەمە مەسەلەی یەکگرتنە نەتەوایەتی یەکەی ئێدە کردە تارمایی یەکی ئەوتۆ کە لە ئاسۆی دووریشدا بەدی نەکرێ . جا هەر توندوتیژی ی ئەو گیروگرفتارانە بوو کە دەبووە مایەی توندو تیژی ی شێوەی چارەسەرکردنو دەربرین لە لای کەسێکی وەك مەکیاڤیللی کە وەنەبێ تاقە رووناکبیرێکی ئیتالیاییش بووبێ لەم رووەوە لە هاو وێنە ئەوروپایی یەکانی جیاواز بووبێ . بۆ نموونە بۆ چوونە سۆشیالیستی یە ئایدیایی یەکانی کامبانیللا ، زۆر لە بۆ چوونەکانی پێشەنگی ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزمی

ئایدیایی تۆماس مۆری ئینگلیزی شۆڕشگێڕانەتر بوو . هەروەکوو هەڵوێستی زاناو فەیلەسووفی ئیتالیایی جوردانۆ برۆنۆ لە بەردەم دادگاکانی پشکنیندا ، هێندە ئازایانە بوو کە وێنەی لە لای هیچ کام لە زانا ئەوروپاییەکانی سەردەمی ڕاپەڕینی وەك کۆبەرنیکۆس وکەسانی تر نەبوو . ئەو دوای هەشت ساڵ ئازاردانی دڕندانەی بەردەوام ، لە ڕووی دادگادا ئەم قسە نەمرەی کرد : «وادیارە ئێوە بە ترسێکی گەورەترەوە لەوەی لای من دروست دەبێ ، بڕیارەکەتان دەردەکەن !» .

لەگشت ئەوەی باسمان کرد بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە کڵێسە دڵڕەقانە دژ بە مەکیاڤیللی و بیروباوەڕەکانی ڕادەوەستا . چونکە ئەو جەزرەبە یەك لە دوای یەکانەی لەو سەردەمەدا بەر کڵێسە دەکەوتن ، شێوەیەکی پڕ مەترسی تریان لە لای کۆنخوازەکان دەدا بە بیروڕا واقیعیی یەلەڕووەکانی مەکیاڤیللی لە چاو بیروڕای تردا ، بۆیە تەقەلایەکی زۆریان بۆ شێواندنیان دەدا . ئەوان لەپاڵ قەدەغەکردنی کتێبەکانی و سووتاندنی نموونەی جەستەیدا ، هەندێ لە کارگێڕە ئایینی یەکانیش چەندین کتێبیان بۆ هێرش بردنە سەر مەکیاڤیللی داناو تەرخان بوون بۆ زڕاندنی ناوو شێواندنی بیرو باوەڕەکانی .

سەیریش ئەوەیە حوماسەتی پرۆتستانتەکان بۆ دوژمنایەتی کردنی نیکۆلۆ هیچی لە کاسۆلیکەکان کەمتر نەبوو کە بە «جزویتێکی قیناع پۆش» (٥٩) یان دەدایە قەڵەم ، ئەمە لەگەڵ چاوپۆشی کردن لە یەکگرتنەوەی تەواویاندا لەو ڕەخنانەی ئاراستەی پاپایەتی یان دەکردن . ئەم هەڵوێستەی پرۆتستانتەکان ئەنجامی چەند ڕەفتارێك بوو کە لە لایەن هەندێ حوکمڕانی مەکیاڤیللیستەوە دژیان دەکران ، وەك لە دواییدا ڕوونی دەکەینەوە . جا ئەو کتێبە گەورەیەی کە گانتیێ ی سەرگەرمی کالڤنیزم لە ساڵی ١٥٧٦ دا بە زمانی فەرەنسی بە ناوی «دژی مەکیاڤیللی» (٦٠) یەوە دایناوە ، سەرلیستەی ئەوکتێبانەن کە تا ڕادەیەکی زۆر هەر لە وەختێکی زووەوە لە وڵاتە ئەوروپایی یەکاندا کاریان کردە سەر ناوو ناوبانگی مەکیاڤیللی (٦١) . ئیتر هەر لەو وەختەشەوە زاراوەی مەکیاڤیللیزم بۆ یەکەمجار سەری هەڵداو بە فراوانی و بە خێرایی لەگەڵی مەیدانی ئایدۆلۆژی و سیاسی ی جۆراوجۆرداو لەگەڵیاندا شانۆگەری یە ئەوروپایی یەکانیش ، دەس کرا بە بەکارهێنانی .

٣- شانۆی ئینگلیزی :

شانۆی ئینگلیزی لەسەردەمی ئەلیزابیسدا دەورێکی گەورەی لە زڕاندنی ناوی مەکیاڤیللیدا گێڕا . کۆمەڵگای ئینگلیزی یەکەمباری سەرنجی دەربارەی مەکیاڤیللیو کتێبەکانی لە نێوان ئەو نووسینە دژکارانەوە لا دروست بوو کە بە شێوەیەکی تایبەتی گەمارۆی بیروراکانی دووتوێی «میر» یان دەدا . بۆ نموونە کتێبەکەی گانتیێ لەساڵی ١٥٧٧ داکراوە بە ئینگلیزی ، لە کاتێکدا «دەمەتەقێ» لەساڵی ١٦٣٦و «میر» لەساڵی ١٦٤٠دا کراون بە ئینگلیزی[٦٢] . لەبەر ئەوە ئاسایی بوو کە رایەکی ناواقیعی دەربارەی نیکۆلۆو بیروباوەرە سیاسی‌یەکانی لە نێو رۆشنبیراندا باوبێ‌و ئینجا لە شانۆی ئینگلیزیدا بە زوونی رەنگ بداتەوەو لەسەردەمی ئەلیزابیسی یەکەمدا بگاتە پۆپەی ، وەك ئەوەی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی‌ی ئەو پلەیەدا،کە ئێستاش بە فراوانی بە چەندین زمان بلاٌودەبنەوە ، ٣٩٥ جار بە ناشایستەیی ئیشارەت بە مەکیاڤیللی‌و بیروراکانی دراوە[٦٣] . لەوانە شاعیرو شانۆگەری نووسی ناسراو کریستۆفەر مارلۆ (١٥٦٤-١٥٩٣)کە باری سەرنجی سەبارەت بە کڵێسەو هەڵسەنگاندنی ژیان‌و ئەندێشەو ئازار بە دەس چاودێرکاری‌یەوە لەگەڵ مەکیاڤیللیدا چۆن‌یەك بوو ، لە شانۆگەری‌یەکەیدا «جوولەکەی ماڵتە» ، وێنەیەکی شێواوی سەبارەت بە نیکۆلۆ پێشکەش‌کردوە ، بەبێ ئەوەی راستەوخۆ ئاگاداری بیروباوەرەکانی بووبێ ، چونکە «میر» دوای مردنی ئەو بە نزیکەی نیو سەدە ئینجا کراوە بە ئینگلیزی . هەروەکوو شانۆگەری‌نووسی گەورەی هاوچاخی مارلۆ ، شکسپیریش (١٥٦٤-١٦١٦) هەروەهای کردوەو لە شانۆگەری‌ی «ژنانی ویندسوور»دا زاراوەی مەکیاڤیلیزمی بەکارهێناوە ، لە کاتێکدا کە جووت‌بوونێکی تەواو لە نێوان بیرو باوەڕی شکسپیرو مەکیاڤیللیدا هەیە ، بەتایبەتی لە رووی هەڵسەنگاندنی حوکمی (مطلق)ەوەو بگرە باری سەرنجیشیان بەرامبەر بە مرۆڤ .

گومانی تێدا نی‌یە کە رای ناشایستەی ئینگلیزەکان بەرامبەر بە مەکیاڤیللی جێ‌پەنجەیەکی ئاشکرای بە رووخساری ئەو بیرورایەوە جێ‌هێشت کە سەبارەت بەو بووە باو ، بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا کە پەیوەندی‌ی راستەوخۆیان لەگەڵ

ڕۆشنبیری ی ئینگلیزیدا پەیدا کردو بە زۆری لەڕێگەی ئەوەوە ئاشنای ڕاپەڕین بوون، هەروەکوو پتر لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزی یەوە شارەزایی یان دەربارەی مێژووی حوکمڕانە مەکیاڤیللیستە ئەوروپایی یەکان پەیدا کرد .

٤- مەکیاڤیللیستەکان :

حوکمڕانە مەکیاڤیللیستەکان دەورێکی ئەوتۆیان لە زڕاندنی ناوی نیکۆلۆدا گێڕاوە کە لە خراپیدا هیچی لە دەوری جزویتەکان کەمتر نەبووە . چونکە ئەوانە ئەو بابەتەیان لە بیروراکانی مەکیاڤیللی هەڵدەبژارد کە بۆیان دەگونجاو ئیتر بەزۆری ئەو مەرجانەیان پشتگوێ دەخستن کە بۆ کردارو ڕەفتاری حوکمڕانانی دانابوون . بۆ نموونە ژنە پادشای فەرەنسایی و بە نەژاد ئیتالیایی کاترین میدیتچی، «میر»ی بە کتێبی پیرۆزی خۆی (٦٤) دادەنا ، بەبێ ئەوەی وەك لە هەڵس وکەوتی خودی خۆی و سیاسەتە گشتی یەکەیدا دەردەکەوێ، بیروباوەڕەکانی بگرێتە خۆی .. بەڵام دڵەمەستی یەکەی بەرامبەر مەکیاڤیللی و هاندانی بۆ بڵاوکردنەوەی «میر» بەس بوون بۆ لە قەڵەمدانی «لە قەڵەمدانی مەکیاڤیللی» کە بەر پرسیارە لەو کارە نەگریسەی کاترین کردی ، وەختێك لە ساڵی ١٥٧٢دا بە شێوەیەکی نامەردانە ، لەشەوێکدا کە پرۆتسبتانتە فەرەنسایی یەکان بە بۆنەیەکی ئایینی یەوە لە (سان برسلۆمیۆ)دا ئاهەنگیان دەگێڕا ، قەسابخانەیەکی بۆ نانەوە کە ئەوە بووە هۆی هەڵڕشتنی لێشاوی ڕق وکینە لە لایەن پروتستانتەکانەوە بەسەر مەکیاڤیللیدا . ئینجا ئەوە بوو دوای ئەو کارەساتە بە تەنیا پێنج ساڵ، گانتێ کتێبەکەی خۆی «دژی مەکیاڤیللی»ی دەرکردو تیایدا نەك تەنیا تاوانی قەسابخانەکەی خستە ئەستۆی ئەو ، بەڵکوو بەرامبەر بە هەموو خراپەکاری یەکانی پادشاکانی فەرەنسا، هنری ی دووەم و شارلی نۆیەم و هنری ی سێیەم بەرپرسیاری کرد (٦٥) . هەروەکوو ڕەنگە مەکیاڤیللی تاقە قوربانی ی دەستی کاسۆلیکی یەتیش نەبێ کە پرۆتستانتەکان نەك هەر پارێزگاری یان لێ نەکرد ، بەڵکوو زۆر بە ئاسانی بەوەش گوناهباریان کرد کە «مامۆستای پادشا کاسۆلیکەکانە» (٦٦).

یا پادشای بروسیایی فردریکی گەورەی بەناوبانگترین مەکیاڤیللیست ، بە حوماسەتێکی ساختەوە دژایەتی ی مەکیاڤیللی ی دەکرد . پێش ئەوەی بێتە سەر

حوکم ، لەو نامانەدا کە بۆ ڤۆلتێری رووناکبیری فەرەنسایی دەناردن و لەسەر دەستووری پادشاو میرەکانی ئەوروپا کە تەقەلایاندەدا خۆیان لە بەرگێگی گونجاو لەگەڵ نەریت و بەهای سەردەمی رووناکبیریدا بنوێنن ، هێرشی دەبردە سەر مەکیاڤیللی . لەو ساڵەشدا کە چووە سەر تەختی پادشائەتی ، کتێبێکی بە ناوی «دژی مەکیاڤیللی» یەوە(٦٧) دەرکرد کە تیایدا نیکۆلۆی بە «پارێزگاریکەر لە تاوان»و بە یەکێك لە «ناگەهانییەکانی شەیتان»ی(٦٨) ناو برد . هەروەها فردریك لە هەمان کتێبدا نووسیویە کە مەکیاڤیللی ئامانجی لە بیرو راکانی دامەزراندنی «حکوومەتێکی زۆرداری غەدداری چاوچنۆك»و هەڵگیرساندنی «جەنگی ناعادیلانە» بووە . جا ئەگەر چی مەکیاڤیللی لە هیچ یەکێك لە کتێبەکانیدا بانگی بۆ ئەم جۆرە شتانە رانەهێشتوە ، بەلام فردریك خۆی لە ماوەی چل و شەش ساڵ حوکمرانی کردنیدا زۆر لەوە زیاتری کردووەو وەك یەکێك لە مێژوو نووسان وتویێتی ، هەر ئەم جۆرە شتانەی بوون «کە لە دواییدا فریدریکی گەورەیان کردە پیاوێکی ناودار»(٦٩). دەبێ ئەوەش بڵێین کە فردریك لە زۆر رووەوە لە سیزار بۆرجیاو بەتایبەتی لە پاپا ئەلکساندەری شەشەمی باوکی دەچوو . ئەو زۆرداریەکەی لە حوکمرانیکردندا گەیشتە رادەیەك ماوەی نەدا هیچ وەزیرێکی هەبێ بۆ ئەوەی –وەك لافی لێدەدا– مووچەکانیان بەسەر خەزینەوە نەبنە بار ، کەچی خۆی بەبێ حساب پارەی بۆ دروستکردنی کۆشك و تەلار بۆ خۆیو دەست و پێوەندەکەی سەرف دەکرد . یا لە کاتێکدا کە ناتوانرێ نە لە دوو توێی «میر»و نە لە هیچ کتێبێکی تری نیکۆلۆدا تەنیا یەك جار ستایشکردنی حوکمی تاکەکەسی ببینرێتەوە ، کەچی لای فردریك ئەمە گەیشتە رادەیەك کە بە تەنیا خۆی سەرپەرشتیی سەرجەم کاروبارەکانی دەوڵەتی دەکردو مەیتەرەکەشی بە خوێندنەوەی ئەو نامەو نوسراوانەی بۆی دەهاتن کە لە کاتی بەرەبەیاندا دەیخوێندنەوە ، یاریدەی دەداو لە سەعات حەوتدا ئەوەی بەرای خۆی بە پێویستی بزانیایە کە پادشا دەبێ بیانبینێ ، بۆی دەکردنە پریاسکەیەکی گەورەو دەیخستنە بەردەمی . یا هەرچەندە مەکیاڤیللی داوای بایەخدانی بە سوپای نیشتمانی دەکرد ، بەلام قەت ئامۆژگاریی ئەوەی نەکردوە کە میرە نموونەییەکەی ٨٠٪ داهاتی دەوڵەت بۆ کاروباری جەنگ و

بەرگری تەرخان بکا وەك فردریکی گەورە دەیکرد . لە راستیدا رەوانترین وتە دەربارەی کتێبەکەی فردریك ئەوەکەی ڤۆلتێرە کە وتوویە :

«ئەگەر مەکیاڤیللی شاگردەمیرێکی(٧٠) هەبووایە ئەو ئامۆژگاری‌یەی دەدایە کە یەکەم ئەرك‌و پێویست بێ بەجێ‌ی‌بێنێ ، دەبێ دانانی کتێبێك بێ دژی مەکیاڤیللی»(٧١) .

جا بەراستی فردریك ناوبانگی خۆی بەم کتێبە دەس پێکردو رەنگیشە بەوە بووبێتە دوا کەسێك کە «مێژوو ماوەی دابێ وێنەی راستگۆیی بشێوێنێ»و(٧٢) بەو نەگریسی‌یەش . بەڵام ئەوە ئەوراستی‌یە ناشارێتەوە کە فردریك یەکێك بووە لەوانەی لە چەسپاندنی نەریتێکی ناواقعیدا بەرامبەر بە مێژوونووسی گەورەی سەردەمی راپەڕین بەشدار بووە .

٥- لاسایی کردنەوە :

ئەو هێرشە فراوانەی لە سەدەی شازدەیەمدا کرایە سەر مەکیاڤیللی ، بووە هۆی دروستبوونی باری سەرنجێکی ناشایستە دەربارەی‌و بە شێوەیەکی نامەوزووعی‌یانە ، ئەم نەوە بەو نەوەیەی رادەگەیاند . زۆربەی ئەوانەی زاراوەی مەکیاڤیللیزم بەکاردەهێنن کتێبەکانی نیکۆلۆیان نەخوێندۆتەوە ، یا لە چاکترین حاڵەتدا تەنیا بە خوێندنەوەیەکی رووکەشی‌ی «میر» داکەوتوون کە نەك بچووکترینی کتێبەکانێتی ، بەڵکوو نیسبەتێکی زۆر کەمی نووسینەکانی پێکدەهێنێ ، ئەمە جگە لەوەی کە تەنانەت «میر» خۆیشی «وەك زانیاری نەك وەك پروپاگندە»(٧٣) پێویستی‌ی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی کۆششکارانە هەیەو بگرە هەندێ لە مێژوو نووسان دەڵێن کە «میر» دەبێ لە جارێك زیاتر بخوێنرێتەوە ، «یەکەم جار رووکەشی کە دەبێتە هۆی-بوغزاندنی-نووسەرەکەی‌و دووەمجار بەوردی کە نیازو مەبەستی راستەقینەی روون دەکاتەوە»(٧٤).

لاسایی‌کردنەوەی کوێرانەو پشت‌گوێ خستنی تەواوی کتێبەکانی مەکیاڤیللی ، بوونە هۆی ئەوەی خەڵکەکە نەتوانن خۆبەخۆی خۆیان ئاشنای ئەو بیروڕایانە بن کە نیکۆلۆ بە دڵسۆزی‌یەوە بانگی بۆ رادەهێشتن . هەر مرۆڤێك ئەگەر هات‌و بەبێ بوونی

فیکرەیەکی حازر بەدەستی پێشکرد لە لای . دەستی کردە خوێندنەوەی «میر»و بەتایبەتی «دەمەتەقێ» . ئەوا بەئاسانی دەرك بەوە دەکا کە مەکیاڤیللی جەمهووریەت خواز بووە پتر لەوەی لایەنگری حوکمێکی زۆردارانەی تاکەکەسی بووبێ . ئەو هەر لەسەرپشتی بێشکەوە بە ئاووهەوایەك پەروەردە بووەو نەش‌ونمای کردوە کە بیروباوەری جەمهووری‌یەت خوازانەی تێدا باو بووە . چ لە شەقامەکانی شارەکەی فلۆرنسادا بووبێ‌و چ لە ناو چواردیواری ماڵەوەیدا کە باوکی‌و باپیری لە هەرە سوارچاکانی جەمهووری‌یەت خوازان بوون . هەروەها ئەو بە دڵسۆزی‌یەکی بێ‌پایانەوەو بە باوەڕێکی هۆشیارانەوە . خزمەتی رژێمی‌جەمهووری‌ی لە فلۆرنسادا کردوەو لە هەڵسەنگاندندا بە «حکوومەتی گەل»ی[٧٥] ناو بردوە . تاقیکردنەوەکانی مێژووی دێرینیش وایان فێر کردوە کە بەهێزی‌و مەزنی‌ی رۆما زیاتر لەهەر شتێکی‌تر لە رژێمە جەمهووری‌یەکەیدا بووە . چونکە لە ژێر سێبەریدا ، لیهاتوویی نەك میراتگری ، ساغی دەکردەوە کە دەبێ کێ هەقی چوونە سەر دەزگای حوکمڕانی‌کردنی هەبێ . لەبەر ئەوە مەکیاڤیللی بە ئاواتی ژیاندنەوەی ئەو رژێمەوە بوو کە بە «بە روونی» لە «میر»و بەتایبەتی لە «دەمەتەقی»دا دەردەکەوی‌و تەنانەت رۆسۆ «میر» بە کتێبی جەمهووری‌یەت خوازان دادەنێ[٧٦] . مەکیاڤیللی سەرکەوتنی رژێمی جەمهووری‌ی بە رادەی هۆشیاری‌ی خەڵکەکەو لەخۆگرتنی رەوشت‌و رەفتاری چاکەکارانەوە بەستۆتەوە . بەڵام لە حاڵەتی گەندەڵی‌و بەرەڵلاییدا وەك لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەورووپاو لە سەروویانەوە ئیتالیادا رووی دابوو ، مەکیاڤیللی وای دەبینی دەبێ حوکمێکی دکتاتۆرانەی ئەوتۆیان تێدا بەزرێنرێ کە بتوانێ ببڕای‌ببڕ کۆتایی بە گشت شێوەکانی ئەو ئاژاوەگەری‌یە بهێنێ کە وێرانکاری بەگەل‌و نیشتمان دەبەخشن . ئەو لەم رایەشیدا لە زۆربەی ناودارەکانی تری سەردەمی راپەڕین جیا نەبۆتەوەو لە (منطق)ی مێژوو دەرنەچووە کە لەو پلەیەیدا ، سەرهەڵدانی چەندین رژێمی حوکمڕانی‌کردنی (مطلق)ی ئەوتۆی سەپاند کە لە پاشاندا گۆڕانو بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگایانی ئەورووپایان کەوتنە ئەستۆ. سەرهەڵنەدانی ئەو جۆرە رژێمە لە ئیتالیادا ، بە گرنگترین هۆی دواکەوتن‌و پەرت‌پەرت بوون‌و بێ‌هێزی‌یەکەی لە رووی‌ئەو جۆرە دەوڵەتە ئەورووپایی‌یانەدا دادەنرێ کە سەرکەوتووانە

رژێمی (مطلق)یان تێدا دامەزێنرابوون .

جا فاشیو نازی‌یەکان دواکەسانێك بوون کە تەقەلایان‌دا بیروباوەڕە، جەمهووری‌یەت‌خوازەکەی مەکیاڤیللی پشت‌گوێ بخەن‌و خۆیانی لیّ‌لابدەن .

٦- فاشی‌یەت‌و نازی‌یەت :

فاشی‌یەکانی ئیتالیاو نازی‌یەکانی ئەڵەمانیاش لە بۆچوونی تەنگەبەری خۆیانەوە بایەخیان بە مەکیاڤیللی‌داو لەبەر ئەو رۆشنایی‌و بۆچوونەدا هەوڵیان‌دا بیروباوەڕەکانی سەرلەنوێ لە چوارچێوەیەکی تەسکی رووتدا لە قالب بدەنەوە ، ئەمە لە کاتێکدا کە شکاندنی ئەو تەوقەی ئاڵێنرابووە نیکۆلۆ کۆششێکی زۆرو تێپەڕبوونی رۆژگارێکی دوورودرێژی پێویست کردبوو . ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی ئەڵەمانیاو ئیتالیا چەندین کتێبی نوێ‌یان دەربارەی مەکیاڤیللی دانا کە بە شێوەیەکی نارەوا پێ‌یان لەسەر بیرورا کانی سەبارەت بە حوکمی (مطلق) دادەگرت‌و گشت ئەو لایەنانەیان پشت‌گوێ دەخست کە پەیوەندی‌یان بە بارودۆخی کات‌و شوێنەوە هەبووە . بۆ نموونە مۆسۆلینی وای‌داناوە گوایە مەزەبی مەکیاڤیللی سەبارەت بە حوکمی زۆردارانە «ئەمرۆش‌و دوای چوار سەدە هێشتا هەر زیندووە». (٧٧) ستایش‌کردنی مەکیاڤیللی لە لایەن نازی‌و فاشی‌یەکانەوە گەیشتبووە رادەیەك کە هێتلەر کتێبی «میر»ی لەسەر مێزەکەی لەبەر دەستیدا دانابوو ، دەشوترێ هەموو شەوێك پێش نوستن سەرلەنوێ بەشێکی لێدەخوێندەوە. بەڵام مۆسۆلینی لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی «میر» نووسی‌و دوکتۆرای پێ‌وەرگرت . ئەو «میر»ی بە «هاوەڵی هەمیشەیی حوکمران دادەنا» .

لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ نووسەری گەلەکەیان دەرکیان بەوەکرد کە ئەو لەخۆگرتنە نامەوزووعی‌یەی بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللی لەلایەن نازی‌یەکانو فاشی‌یەکانەوە ، بە بارێکی ناشایستەدا کار دەکاتە ناووناوبانگی مەکیاڤیللی ، بۆیە لە رووی ئەم هەلوێستەدا راوەستان‌و لە سالانی سی‌یەکاندا کەوتنە روونکردنەوەی ئەو لایەنە گەشانەی بیرورا کانی مەکیاڤیللی کە هیچ شتێك لەگەڵ هەلوێستەکانی هێتلەرو موسۆلینیدا کۆی نەدەکردنەوە .

کەم و کووڕی یەکان

گومانی تێدا نی یە ئەو هۆیانەی پیشانماندان ، بۆ زڕاندنی ناووناوبانگی هەر رووناکبیرێك لە جیهانداو شێواندنی بیروڕاکانی سەروزیاد بوون . هەروەکوو دەبێ بوترێ کە ئەوانەی تەنەلای زەفەربردنیان بە مەکیاڤیللی داوە ، دەستیان نەخستۆتە سەر کەم وکووڕی یە راستەقینەکانو لایەنە لاوازەکانی بیروباوەڕەکانی . ئەو پیاوە ، وەك هەریەکێك لە ناودارانی سەردەمی راپەڕین و وەك یەکێك لە نەوەی سەردەمی خۆی ، وەنەبێ لە هەموو ئەو کاروبارانەدا کە لێیان دوواوە راستی ی پێکابێ ، بەتایبەتی ئەوێك کە لە دەس بۆبردنی چەند باسێکی ئەوتۆدا پێشەنگ بووە کە لە باسە هەرە ئاڵۆزەکان بوون .

مەکیاڤیللی لە بیروڕاکانیدا ئایدۆلۆژیای بورجوازی یەتی گەشەسەندووی زیادەخوازی دەنواند . ئەو لە نووسینەکانیدا ستایشی بازرگانو پیشەدارە دەس ڕۆیشتووەکانی شارنشینەکانی ئیتالیای دەکردو ناوی بەگەل دەبردن (Popolo)و داوای لە میرەکەی دەکرد بایەخیان پێبداو باروودۆخێکی وەهایان بۆ برەخسێنێ کە ببێتە هۆی پەرەپێدانی سوودو مەسلەحەت و خۆشحالی یان . بەلام بۆرجوازی یەتی ئیتالیایی هەر دوای لە دایك بوونە پێش وەختەکەی بەخێرایی لە نەش و نماکردن کەوت و لە پێش سەردەمی مەکیاڤیللی و لە رۆژانی ئەودا ، تووشی تەنگ وچەڵەمەیەکی کاریگەر بوو . لەبەر ئەوە هەر بە لاوازی مایەوەو بۆی نەلوا ببێتە ئەو هێزە بەکارەی بتوانێ ئەو ئەرکە گەورانە بەجێ بێنێ کە لە باروودۆخی سەختی ئیتالیادا دەکەوتنە ئەستۆی . بۆیە کارێکی ئاسایی بوو ئەوە لە هەندێ بیروڕای سەرگەرمانەی مەکیاڤیللیدا بۆ رژێمی پادشایەتی ی (مطلق) رەنگبداتەوە کە لە راستیدا جۆرە سات وسەودایەکی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای دەرەبەگایەتیدا دەگەیاند ، چونکە ئەم رژێمە ئەگەرچی دژی بەرەڵلایی دەرەبەگایەتی دەوەستا ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر شێوەیەکی بالاتری لە رژێمی سیاسی ی دەرەبەگایەتی پێکدەهێنا ، هەروەکوو ئەو جۆرە حوکمڕانی کردنە هێشتا لە سەردەمی مەکیاڤیللیدا ، لایەنە چاکەکانی خۆی لە دەس

نەدابوون . بۆیە ئەو دووفاقیو ئەم‌بەرو ئەوبەرکردنەی مەکیاڤیللی لە نێوان رژێمی کۆماریو پادشایەتی ی (مطلق)دا ، لەبەر رۆشنایی ئەوەدا نەبێ کە باسمان‌کرد ناتوانرێ لێکبدرێتەوە . ئینجا هەر ئەم باری‌سەرنجەیە کە دوژمنایەتی کردنمان بەرامبەر بە دیموکراتی‌یەت‌و سل‌کردنەوەیمان لە جەماوەر بۆ لێکدەداتەوە کە بە رای ئەو «بە ئاسانی جڵەو بۆ سەرکێشی شل دەکا»و ناویانی بە «بۆرەپیاو» یا بە «رەشۆکی-plobs» دەبرد . بگرە ئەو لە نێوان هەڵسەنگاندنی هەندێ لەو راپەرینە جەماوەری‌یانەوەی لە ئیتالیادا روویان‌داوە، هەڵوێستێکی دوژمنانەی (ئاشکرای) بەرامبەر دەربڕیونو لە ئاکامیدا وا کەوتۆتەوە کە مەکیاڤیللی لە گشت کتێبەکانیدا رووی قسە بکاتە میرەکانو دەسەڵاتدارانو برادەرە روونا کبیرەکانیو بۆ ئەوان بنووسێ نەك بۆ جەماوەر .[٧٨]

لێرەدا پێویستە ئیشارەت بە دوو راستی بدەین . یەکەمیان ئەوەیە : «ئەو گەلەی مەکیاڤیللی بە جۆش‌وخرۆشەوە پارێزگاری ی لێدەکرد ، لەو وەختەدا بریتی بوو لە سێ هەزارو دوو سەد کەس لە ناو نەوەد هەزار کەسدا کە ژمارەی خەڵکی فلۆرنسایان پێکدەهێنا» .[٧٩]

دووەمیشیان ئەوەیە کە مەکیاڤیللی خۆی لەرووی کۆمەلایەتی‌یەوە یەکێك نەبوو لەوان ، بەلام دەیزانی چ دەورێکی گەورە لە گۆڕینی کۆمەڵدا دەگێرن ، ئەمە جگە لەوەی ئەو پەیوەندی‌یەی لەگەڵ سۆدیرینی‌دا هەیبوو کە یەکێك بوو لە دەستەی بورجوازی‌یەتی گەشەسەندووی فلۆرنسا ، کاری خۆی دەکردە سەر ئەو هەڵوێستەی بەرامبەریان .

هەروەها مەکیاڤیللی سەبارەت بە نیازخراپی‌ی ئادەمیزاد رایەکی هێجگار بەرچاوتاریکانەی هەبوو . لای ئەو خۆپەرستی بە باری چاكو خراپداو لە هەموو شوێنو کاتێکدا بێ ، هەڵسو کەوتی مرۆڤ هەڵدەسوورێنێ . ئەو ئەگەرچی دانی بەوەدا دەنا کە گۆڕینی رژێم بۆی هەیە کاربکاتە سەر باری سایکۆلۆژی‌ی مرۆڤ ، بەلام ئەوە بە رای ئەو لە ئەنجامی ئەو یاسا نوێیانەدا پێکدێ کە ئامانجی رادەدانان بێ بۆ زیادەخوازی لە لای خەڵکەکە .

مەکیاڤیللی لە کۆری لێکۆڵینەوەی مێژوویدا گەلێ هەنگاوی گرنگی نا ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی بۆچوونێکی مێژوویی سەراپایی نەبوو . بۆیە بۆ نموونە لە وزەیدا

نەبوو لە گۆرانی مێژوویی لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر تیٚبگاو بەلای ئەوەوە ئەو رابوردووەی راستی‌یەکانی لە دووتویٚی کتێبەکانی مێژوو دەردەکێشان ، تا رادەیەکی زۆر لەو حازرە دەچوو کە تیایدا دەژیاو دەیناسی . ئیتر لێرەوە مەکیاڤیللی ئەو رایەی لا پەیدا بوو گوایە مێژوو جۆرە زنجیرەیەك تاقیکردنەوەی ئەوتۆیە کە دەشیٚ لە تێگەیشتنی تەبیعەتی ئادەمیزاددا بە شێوەیەکی چاکتر یاریدەی مرۆڤی دانا بدا وەك لەوەی تەنیا پشت بە تاقیکردنەوەو یادگارەکانی شەخسی خۆی ببەستیٚ .

بەهەر حالٚ ئەم لایەنە کوورانەی بیروباوەری مەکیاڤیللی وەك رووناکبیرێکی گەورە ، لە بایەخی کەم ناکەنەوە ،بەتایبەتی ئەگەر لە چوارچێوەی کات‌و شوێن‌و هۆیە راستەقینەکانیاندا ، نەك رووکەشی‌یەکانیان ، بە شێوەیەکی دروست هەلٚسەنگێنرێن . بۆ نموونە ئەگەرچی هەلٚوێستە بەرچاو تاریکی‌یەکەی بەرامبەر سایکۆلۆژیای مرۆڤ هیچ بیانوویەکی بۆ نابینرێتەوە ، بەلاٚم لەگەلٚ ئەوەشدا ئەو راستی‌یە ناسرێتەوە کە ئامانجی مەکیاڤیللی خولٚقاندنی هاوولاٚتی‌یەکی ئیتالیایی نویٚی نزیك لە کاملی‌یەوە بوو. هەروەکوو ئەگەرچی هەلٚوێستی بەرامبەر بە جەماوەر (سلبی) بوو . بە تایبەتی لە «میر»دا ، بەلاٚم لە «دەمەتەقیٚ»دا گەلیٚ بیروڕای گرنگ‌و نویٚی لە چاو ئەو سەردەمەدا دەربارەیان پێشکەش کردوە . بە رای ئەو «خەلٚکە رەشۆکی‌یەکەو میرەکان تەواو چون یەکن ، خۆ ئەگەر لە سەرمان پێویست بیٚ لایەکیان زیاتر لەوی‌تریان پەسند بکەین ئەوا گومانی تێدا نی‌یە کە تای خەلٚکە رەشۆکی‌یەکە زالٚ دەبیٚ . بەلاٚم ئەمە بەندی رادەی زۆرو کەمی‌ی رێزگرتنیان لەو یاسایانە دەبیٚ کە هەردوو لالە سایەیدا دەژین». هەروەها لە وتەکانی : «گومانی تێدا نی‌یە کە بەهانەیەکی بەهێز هەیەو خەلٚکی وا لێدەکا دەنگی گەل بە دەنگی خودا بشوبهێنن ، چونکە رای گشتی لە بەلٚگەو ئیشارەت نیشاندانەدا هێجگار وردکارە ، بۆیە لەوە دەچیٚ هێزێکی نادیار پێشەکی گەل لە هەر خێرو شەرێك ئاگادار بکا کە لە داهاتوودا تووشیان دیٚ». هەروەها یەکێکی تر لە وتەکانی : «زۆر رووداو ئەوەشیان دەرخستوە کە خەلٚکە رەشۆکی‌یەکە لە مەسەلەی هەلٚبژاردنی کاربەدەستان‌و ناسینیاندا لە میر چاکترن ، چونکە بە هیچ کلۆجیٚ ناتوانریٚ گەل بەوە قایل بکریٚ کەسێك بۆ ئەم جۆرە پایەو پلانە

هەڵبژێردرێ کە بە داوێن پیسی و ڕەوشت و ڕەفتاری گەندەڵ ناسرابێ ، لە کاتێکدا میر ڕەنگە قایل بێ و بگرە زۆر جار بەم جۆرە دامەزراندنە قایل دەبێ»(دەمەتەقێ–کتێبی یەکەم–٥٨).

لە هەموو حاڵێکدا پێویستە ئیشارەت بەوە بدەین کە لە حوکمدان بەسەر کەم و کوورییەکانی مەکیاڤیللیدا ، وەك ڕۆتینبۆرگ بە هەقیانەت سەرنجی داوەتێ ، نابێ «لە کەشکەڵانی سەدەی بیستەمەوە» بڕوانرێتە بیروباوەڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی «بەڵکوو دەبێ لە ناو شوورەی قەڵاکانی دەرەبەگەکانی سەدەی شازدەیەمەوە بێ ».[٨٠] چونکە مەکیاڤیللی سەرتاپای لە قوڕی سەردەمی خۆی دروست کراوە و زانیارییە سیاسییەکەشی ، فەلسەفەی ڕۆژگاری خۆی دەنوێنێ کە تەقەلای دامەزراندنی پادشایەتییەکی نیشتمانیی (مطلق)ی دەدا».[٨١]

دواجار ئەو کەم و کوورییانەی مەکیاڤیللی و هی تریش ، لە ڕاستیدا سووکە کەم و کوورین ،، یا چاکتر وایە بڵێین لە پاڵ ئەو هەموو لایەنە چاکانەی بۆ چوونە فیکرییە قووڵەکانیدا ، ئاسایین .

چەند بۆچوونێکی ئایدۆلۆژیایی تر

تا ئیستا باسی زۆر لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بیروڕاکانی مەکیاڤیللیمان کرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ مەسەلەی گرنگی تر ماون کە بۆ ئەوەی وێنەی نیکۆلۆ وەك ڕووناکبیرێکی لێهاتوو لە زەینی خوێنەرو خاوەن مەبەستدا ناتەواو نەبێ ، دەهێنێ بە نیشاندانێکی خێرا پێش چاویان بخەین . لێرەدا چاکتر وایە بە شێوەیەکی تایبەتی ئەو دەورەی دووپات بکەینەوە کە لە پێشخستنی زانیاریی مێژوودا گێڕاویێتی .

مێژوو سەرلیستەی ئەو زانیارییە مرۆڤایەتییانەیە کە بیروباوەڕی سەردەمی ڕاپەڕین کاری تێکردن . چونکە بایەخدان بە ژیاندنەوەی کەلەپووری کۆن خۆی لە خۆیدا بریتی بوو لە ئاراستەکردنی ڕۆشنایی بۆ سەر چەندین لاپەڕەی نەزانراو لە مێژووی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریی ئەورووپا لە سەردەمی

رۆمانەکان و گریکەکاندا . هەروەکوو دەس کرا بە بایەخدان بە شوێنەوارە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتیش . بۆیە **سەرهەڵدانی** «Epigraphy–لێکۆڵینەوەی نەخش و نیگارو هەڵکۆڵراوە کۆنەکان» وەك شێوازێکی گرنگ لە شێوازەکانی مێژووی کۆن ، ڕاستەو خۆ بە سەردەمی ڕاپەڕینەوە دەبەسترێتەوە .بەڵام کار تەنیا بەم لایەنە گرنگانەوە نەوەستا ، بەڵکوو جۆرە گۆڕانێکیش بەسەر شێوەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و بەسەر باری سەرنجی مێژوونووساندا سەبارەت بە ڕووداوو شوێنی تاکە کەس تیایدا ، داهات . بۆ نموونە سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی سەرچاوەو لێکۆڵینەوە مێژوویی یە نوسراوەکان پەیدابوو ، بە جۆرێکی کۆششکارانە لە پەردەلادانی سەر ڕووی ئەو لاوازی یە زۆرانەدا کە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە مێژوویی یەکان لە سەردەمەکانی پێشتردا تووشی بووبوون و لە سەلماندنی چەندین ڕاستیی مێژوویی گرنگی ئەوتۆدا کە لە لای خۆیانەوە بوونە هۆی ڕیسواکردنی فیکری دەرەبەگایەتی–کڵێسەیی ، بەشداری ی کرد . هەروەها لە سەردەمی ڕاپەڕیندا بۆ یەکەمجار مێژوو بەسەر کۆن و ناوەندو نوێدا دابەش کراو هەر لەو سەردەمەشدا گەلێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە بابەتێکی تازە پەیدابوون کە بە بارێکی ڕێك و پێکی یەکگرتوودا بایەخیان بە کارەساتەکانی نیشتمان دەداو بە جۆرێکی گونجاو لەگەڵ هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانیدا کە لەسەر هەڵداندا بوون ، کارە پڕ لە شانازی یەکانی ڕابوردوویان دەهێنایەوە یاد . بۆ نموونە گویکاردینی (١٤٨٣–١٥٤٠) یەکەم مێژوونووس بوو لە چوارچێوەیەکی پتەودا لە مێژووی ئیتالیای کۆڵی یەوە ، بە پێچەوانەی مێژوونووسانی پێشترەوە کە وەها ڕاهاتبوون بە جیاجیا لە حکوومەت و ناوچە جۆراوجۆرەکانی بکۆڵنەوە . ئینجا هەر بە هاندانی هەستی نەتەوایەتی ، مێژوونووسە تازەکان کەوتنە گەڕان بە دوای چارەسەردا بە کردار بۆ گیروگرفتە سیاسی یەکانی کۆمەڵگاکانیان و تەقەلادانی زانینی هۆیە ڕاستەقینەکانی ڕووداوە مێژوویی یەکان . بەم پێ یە ئەوان کاریگەری ی «هێزە میتافیزیکی یە» کانیان لە خولقاندن و بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کارەسات ڕەتکردەوەو دەستیان کردە کۆڵینەوە لە دەوری تاکە کەسی هوشیار (سەرکردەو کەسانی مێژوویی بەناوبانگ) لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا . بەڵام تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە مێژوونووسانی سەردەمی

ڕاپەڕین توانییان لەم ڕادەی لێکدانەوە براگماتییانەیەی مێژوو تێپەڕ بکەن ، **چونکە** پوختەی کاری زۆربەیان بریتی بوو لە گەڕان بە دوای **ئەو هۆیە (منطق) یانەدا کە** سەرکردە سیاسییەکان هەڵدەسووڕێنن .

مەکیاڤیللی لەم کۆرەشدا قووڵبوونەوەیەکی زیاتری لە کەسانیتر سەلماندو بیروراکانی دەورێکی گرنگیان لە پێشخستنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و تیۆرییەکانیدا گێڕا . چونکە ئەو لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە سنووری لێکدانەوەی براگماتییانەی مێژوو چوو بەودیوداو بە سەرنجێکی واقعییانەی هەڵقولاو لە تاقیکردنەوەو شیکردنەوەوە . نەك لە لاهووت و تیۆریی مافی خواوەندییەوە لە حوکمرانیکردندا . ڕوانییە دەوڵەت و یاساکانی و باوەڕیشی بە حەتمییەتی ڕووداوە مێژووییەکان و بە پەیوەندی لە نێوانیاندا هێنا ، بەبێ گوێدانە ئیرادەی ئەوانەی تیایاندا بەشدار دەبن . هەروەکوو گەیشتە ئەو ڕایەی کە بەیەکدادانی سیاسی بزوێنەری بنچینەیی مێژووەو بەیەکدادانەکەش بە زۆری-وەك لە کتێبەکانیدا باسی کردوە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی وەردەگرێ ، لەبەر ئەو ناکۆکییە بنجداکوتاوەی لە نێوان سوودو مەسڵەحەتی گەل و چینە موڵکدارەکاندا هەیە . بۆ نموونە لە کتێبە گەورەکەیدا «مێژووی فلۆرنسا» بە درێژایی کاروانی مێژووی ئیتالیا شوێنپێی خەباتی نێوان جەماوەرو ئەرستۆکراتییەکان هەڵدەگرێ . لێرەوە ، واتە لە نێوان گەڕانییەوە بە دوای هۆیە بزوێنەرەکانی ڕووداوە مێژووییەکانداو بەبێ گوێدانە ئیرادەی ڕووتی کەسان ، مەکیاڤیللی لە مێژوونووسەکانی سەردەمی ڕاپەڕینی تێپەڕاندو پێشیان کەوت . خۆ ئەگەر زانیمان کە مەکیاڤیللی وەك سیاسییەك دەربارەی مێژووی نووسیوە نەك وەك مێژوو نووسێك ، ئەوا ئەم کارەی بایەخێکی گەورەتر وەردەگرێ ، چونکە ئەو وەهای لە مێژوو دەخواست خزمەتی سیاسەت وەك زانیارییەك بکا ، بۆیە ئەو بەو بارەدا بایەخی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان داوە کە دەرس و بیرو باوەڕی لێ هەڵهێنجێ . (٨٢)

مەکیاڤیللی گەلێ بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەنرخیتری لە بارەی یاساو دیموکراتییەت و لە بارەی سیاسییەکانەوە چ لە سەرکەوتن و چ لە ژێرکەوتنداو دەوری بەخت لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی کارەسات و کەسان و هی تری لەم بابەتە هەن .

ئەو لە هەموو لێکۆڵینەوەکانیدا هەولدەدا بە دیوی ئەودیوی نهێنی‌یەکان‌و شتە نەبینراوەکاندا شۆڕ ببێتەوەو لە زۆربەی جاریشدا دەگاتە بنەوەیان‌و شتی نوێ‌و چاك لەگەڵ خۆیدا دێنێتەوە . جا داخۆ هیچ دەربڕینێك لەوە قووڵترو وردترو واقیعی‌تر هەیە وەختێ لە «هونەری جەنگ»دا لە سەرکەوتن‌و ژێرکەوتن دەدوێ‌و دەڵێ : «سەرکەوتن شوێنەراری ژێرکەوتووترین کردار دەسڕێتەوە ، لە کاتێکدا ژێرکەوتن رێك‌وپێکترین نەخشەو پلان لە بار دەبا».

بەم جۆرە نیکۆلۆ لە زۆر شتدا لە کەسانی‌تر جودا بوو . هەروەکوو دوا شاکرداری ئەو تاقیکردنەوە گەورەیە بوو لە ژیانیدا کە سەرکەوتووانە بردی‌یە سەرو بووە بەڵگەیەکی لەرووخەری رەسەن بۆ هەڵسەنگاندنی کە زۆر بە داخەوە لە لایەن مێژوونووسانەوە هەقی خۆی نەدراوەتێ . (٨٣)

تاقیکردنەوەکە

مەکیاڤیللی وەختێ ولاتەکەی تووشی پەلاماردانێکی نوێی بێگانە بوو ، تەمەنی لە پەنجاو پێنج تێپەڕی کردبوو . لە بیستەکانی سەدەی شازدەیەمدا جەنگەکانی ئیتالیا (١٤٩٤-١٥٥٩) کە لە نێوان ئیسپانیاو ئیتالیادا دەکران ، بە سەرهەڵدانی پادشای زیادەخوازی ئیسپانیایی شارلی یەکەم کە چاوی بڕی‌بووە دامەزراندنی ئیمپراتورێتێکی مەسیحی‌یانەی یەکگرتوو ، چوونە پلەیەکی سەختەوەو پاپاو فلۆرنسایی‌یەکان ناچاربوون بۆ بەرگرتن لەو مەترسی‌یەی بەر دەرگای پێ‌گرتبوون ، دەس بخەنە ناو دەستی فەرەنسایی‌یەکانەوە . بەلام فەرەنسایی‌یەکان لەو شەرە یەکلایی‌کەرەوەیەدا کە لە شوباتی ١٥٢٥دا روویدا ، لە بەردەم لەشکری ئیسپانیادا خۆیان رانەگرت‌و فرانسۆی یەکەمی پادشای فەرەنسا لە لایەن هێزەکانی ئیسپانیاوە بەدیل گیراو بەوە دەرگای خاکی ئیتالیا لە بەردەم ئەو هێزانەدا کەوتە سەرپشت . جا ئالەم وەختە ناسکەدا ژمارەیەکی کەم لە دڵسۆزترین نیشتمانپەروەرانی ئیتالیا ، رێگای بەرگری‌کردنیان بۆ پارێزگاری‌کردن لە کەرامەتی ولاتەکەیان هەڵبژارد کە مەکیاڤیللی یەکێك بوو لە هەرە دیارترینی ئەو قارەمانانە .

گشت هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی مەکیاڤیللی لەو رۆژە سەختانەدا. شایەتی بۆ دەدەن کە چ نیشتمانپەروەرێکی راستگۆو ئازایەکی دەگمەن بووە. چونکە لە کاتێکدا کە دوودڵی زەفەری بە دەروونی زۆربە دەبردو لە گەڵیاندا پاپا خۆیشی. مەکیاڤیللی بەردەوام کڵپەیەك بوو لە جۆش‌وخرۆش‌و پێ‌ی لەسەر پێویستی‌ی بەرگری‌کردن دادەگرت‌و پاپا کلیمەنتی حەوتەمی هاندەدا کە ئەرکی پر لە شەرافتمەندی‌ی خۆی بەجێ‌بێنێ. هەروەکوو کەوتە هات‌و چۆکردن لەم لا بۆ ئەو لاو لەم شوێن بۆ ئەو شوێن‌و نووسینی نامەی یەك بە دوای یەکداو پەیوەندی‌کردن بە کاربەدەستانەوەو هەوڵدانی قایل‌کردنیان بە بێ بێزاربوون یا بێ ئەوەی نەخۆشی‌یەکەی رێگەی پێ بگرێ. بەڵێ..وەك خۆی وتوویە. هەموو شتێکی فەرامۆش کردوەو تەنیا بیری لە یەك شت کردۆتەوە: «رزگار کردنی وڵات‌و زامنکردنی سەربەستی‌یەکەی». [٨٤] هەر لەو رۆژانەشدا دوو پرۆژەی خستە بەردەم پاپا. یەکەمیان دەربارەی قەڵابەندکردنی فلۆرنساو دووەمیشیان دامەزراندنی سوپایەکی میللی لە تۆسکانیاو ناوچەکانی سەر بەپاپادا.

چەندە مەترسی‌یەکە زیاتر نزیك ببووایەتەوە چالاکی‌و بێ‌ئارامی لای نیکۆلۆ پتر پەرەی دەسەند. کەوتە بەسەرکردنەوەی دۆست‌و برادەرانی‌و پرس‌و راکردن بە رووناکبیران. هەروەکوو بەوپەری چالاکی‌یەوەو بەبێ ئەوەی بە هۆی هەڵوێستی بەزیوانەی زماندرێژەکانی پێشووەوە ساردوسری رووی تێ‌بکا. بەشداری‌ی بەهێزکردنی قایمکاری‌ی فلۆرنسای دەکرد. ئەو رۆژانە لە کاتێکدا زۆربەی ئەو کەسانە بۆ خۆدەربازکردن مەسەلەکەیان بە وەزعی فەرەنساوە دەبەستەوە. مەکیاڤیللی زۆر لەروو رای خۆی دەربڕیو وتی: «من باوەڕم وایە ئەرکی سەرشانمانە کە بەبێ چاوەڕوانکردنی بڕیاری فەرەنساو بەبێ هیچ دواکەوتنێك ئێمە خۆمان پڕچەك بکەین». [٨٥]

نیکۆلۆ بە هەموو ئەو شتانەوە نەوەستا. بەڵکوو پرۆگرامێکی گونجاوی لەگەڵ پێداویستی‌یەکانی ئەو وەختەدا دانا «کە دەبوو بڕیاری ئازایانەی نائاسایی‌و سەبری تێدا بدرێ». [٨٦] لێرەدا بە دڵسۆزی‌یەوەو بەبێ هیچ مەرایی کردنێك بە دوای ئەو «میرە

نویٚیە»دا کەوتە گەران کە ئەو ئەرکە گرنگ‌و پیرۆزو سەختە بگرێتە ئەستۆو «هەم بۆ دۆست‌و هەم بۆ دوژمنانی دەربخا کە ئیتالیا بۆ پارێزگاری‌کردن لە سەربڵندی‌ی خۆی لەوپەری ئامادەبووندایە . تەنانەت پاپا خۆی دانی بە ئازایەتی نەخشەکەی مەکیاڤیللیدا ناو کەچی دوودڵی‌یەکەی‌و چەند هۆیەکی‌تر ، نەیانهێشت بریاری ببرای‌ببر بدا .

لەگەڵ ئەوەشدا گشت ئەمانە ورەیان بە رۆڵەی بەوەفای ئیتالیا بەرنەدا ، نیشتمان لەمەترسیدایەو «ئەو لەسەری پێویستە تەواوی خودی خۆی پی‌ببەخشێ» ، بەڵام گەلحۆیی حوکمرانەکان‌و رارایی‌و کورت‌بینی‌یان بووە هۆی نەچوونە بەر مەیدان . بۆ وێنە لە کاتێکدا ئیسپانیای دوژمن لەولاوە هەلی لە دەس خۆی نەدەداو بە خاکی ئیتالیادا بەرەو پێش ملی دەناو پێشەنگەکانی لە فلۆرنسا نزیك دەبوونەوە ، ترس‌وسام زەفەری بە دڵی نیکۆلۆی ئازا نەدەبرد ، بەڵکوو دەستی‌کردە دانانی نەخشەیەکی ئازایانەی نویٚ کە بریتی بوو لە هێرش‌بردنێکی خێرا بۆ سەر ناپولی‌و بەدیل‌گرتنی جێگری پادشای ئیسپانیا لە شارەکەداو چەککردنی دەست‌وپێوەندو لایەنگرانی‌و ئینجا لەوێوە تەنگ پێهە ئیسپانیایی‌یەکان هەڵبچنرێ . بەڵام پاپا ئەم پرۆژەیەشی رەتکردەوەو ئەوەبوو لە دواییدا زۆر کەوت لەسەری ، چونکە بۆمبیۆ کالۆنای دوژمنی بە یاریدەی سەربازە ئیسپانیایی‌یەکان کە ڤاتیکانیان تالان کرد ، چووە ناو رۆماوەو کلیمەنتی حەوتەمیش زۆر بە زەحمەت توانی خۆی دەرباز بکا . ئیتر ئەوە دوا هەنگاوی رێگاخۆشکردنی بوو بۆ ژێرکەوتنە کوشندەکەی سالی دوایی‌تر .

مەکیاڤیللی بەوەش هەر کۆڵی نەدا ، لە کاتێکدا کەسانی تر پاشەکشەیان لێدەکردو خۆیانیان لە بازاری کۆیلەفرۆشیدا بە نرخێکی هەرزان هەراج دەکرد ، ئەو رابوردووی پر لە جەخارو پیرێتی‌و نەخۆشی‌و خاووخێزانی فەرامۆش کردن‌و بە جۆش‌وخرۆشی لاوی‌یەوە لە نێوان فلۆرنساو کۆری شەردا کەوتە هاتن‌و چوون‌و پەیوەندی بەم‌و بەوەوە دەکردو هانی دەدان‌و نامە لە دوای نامەی بۆ برادەرانی‌و خاوەن بیرورا دەنووسی‌و لە هەموو ئەو کردارانەشیدا سوور بوو لەسەر وتەکەی خۆی : نیشتمان لە مەترسیدایەو دەبێ تەواوی خودی خۆی پی‌ببەخشێ—خەباتکردن تا دواهەناسەو قەت کۆڵنەدان ! . «گەردەلوولەکە سەرکێشانە هەڵی‌کردوە ، بەڵام کەشتی‌یەکە دەبێ زەریا

بداته پێش». نیکۆلۆ ، لە وەختێکدا کە لەشکری دوژمن نزیك دەبووەوەو هەر نزیك دەبووەوە ، بەم شێوە دڵگیرە واقیعی حاڵی دەنواندو هەڵوێستی خۆی دەردەبڕی.(٨٧)

خۆ ئەگەر هیچ دەرفەتێکیش لە بەردەم ئیتالیایی‌یەکاندا نەما ، ئەوا لەسەریان پێویستە وەك پێ‌ی لەسەر دادەگرت– بەسەر بەرزی‌یەوە روو لە ئاشتی بکەن ، نەك بە خۆبەدەستەوەدانێکی زەلیلانەوە . ئینجا لێرەشدا هەمدیسان دەبێ میرێکی نوێ لە کایەدا بێ‌ کە بزانێ‌ چۆن شەڕ یا ئاشتی هەڵدەبژێرێ‌ . لەمەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێ‌ کە مەکیاڤیللی وەك روونا کبیرێکی رەسەن تیوری‌و کردارپیکردنی پێکەوە بەند کردوون . چونکە گشت کردارو رەفتارەکانی رۆژانی ئەو تاقیکردنەوە سەختەی ، لەگەڵ گرنگترینی ئەو بیرورایانەیدا دەگونجێن کە لە دوابەشی «میر»دا وتراون‌و بەگەرمی هانی «ئازادکردنی ئیتالیا لە وەحشی‌یەکان» دەدەن‌و هیوایەکی دڵسۆزانە دەخوازن کە «خودا یەکێك بۆ رزگارکردنی تەرخان بکا»(میر– بەشی بیست‌و شەشەم).

مەکیاڤیللی ئابەم جۆرە بوو ، هەروەکوو تا دواییش هەر بەم جۆرە مایەوە . لە رۆژانێکدا کە هاوتا کانی شەوانیان لەسەر مێزی خواردنەوە بەسەر دەبردو «بینا کاری»و «رووخاندنیان» لە هەوادا دەسازاندو پیشەیان گومان کردن بوو لە هەڵوێستی دڵسۆزترین‌و بەشەرەفترین کەسێك لە ریزی خەڵکەکەدا ، مەکیاڤیللی رووبەرووی مەرگ دەوەستایەوەو لە پێناوی ئیتالیادا بیروهۆشی خۆی ئاگر دەداو جەستەی خۆی دەپرووکاند . چونکە لەو خۆشەویستی‌یەیدا بەرامبەری دڵسۆز بوو . بۆیە هەر لەو ساتانەدا بەهرەی بلیمەتی‌یەکەی ، ئەو وتە بەناوبانگەی لێوەشایەوە کە دەڵێ‌ :

خۆشەویستیم بۆ گیانی خۆم لە خوار خۆشەویستیمەوەیە بۆ نیشتمانەکەم».(٨٨)

چالاکی‌و کۆششی ئەو «پێغەمبەرە بێ‌دەسەڵاتە»و(٨٩) ئەوانەی لە دڵسۆزیدا هاوشانی بوون ، بەفیرۆ چوو . رۆما خۆی بەدەستەوەداو نیکۆلۆش دوای ئەوەی بە دڵسۆزی‌یەوە ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ‌ هێنا ، هیچ چارێکی نەماگەرانەوە نەبێ بۆ گوندەکەی . تا دوا رۆژانی تەمەنی تێدا بەسەر بەرێ‌و(٩٠) لەو هەڵوێستە نەگۆڕو ئاشکراو دوورەی لە مەرایی‌کردن‌و لاف‌لێدان‌و بەو چالاکی‌یە لە رادە بەدەرەی لە سەخترین‌و ستەمترین وەزعدا ، جارێکی‌تر بیسەلمێنێ‌ کە نیکۆلۆ دی بێرناردۆ مەکیاڤیللی کێ‌یەو

کیّ نی یه .

بەلاّم ئەی ئاخۆ هەڵوێستی ئەو حەسوودیپیّبەرە بێبایەخانەی مەکیاڤیللی کە لە بەرزاییەوە دەیانڕوانییە ومزغەکە بۆ ئەوەی لە ساتی خۆیدا بدەنە پاڵ لایەنی سەرکەوتوو لەم ڕووەوە چۆن بوو ؟! . ئەوانە سەبارەت بە هەڵوێستەکانی ئەم نیشتمانپەروەرە ڕەسەنە ، بە گیانێکی هەلپەرستانەی نامەردانەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی گومانێکی نابەجیّو هەوڵیان دەدا لەو وەزیفەیە دوور بخرێتەوە کە پێش کارەساتەکانی دوایین بە دەستەوە بوو بیدرێتیّ .

هەروەها پرسیارێکی تریش بە ئیلحاحەوە خۆی دەسەپێنیّو دەڵیّ : ئەگەر ئەمە ڕەوتی مەکیاڤیللی و بلیمەتی یەکەی بووبیّ ، چۆن دەشیّ ئەقڵمان بیگریّ کە گوایە جەنابی مەوزوعییەت خوازەکان لە خواپیاوان ، تیّی نەگەیشتوونو وەك پێویستە بۆیان هەڵنەسەنگێنراوە ؟. بەلاّم ئاخۆ مەسەلە وەها بووە ؟! .

بالاّترین هەڵسەنگاندن

یەکێك لە یاسا هەرە گەشەکانی ژیان ئەوەیە کە ناتوانریّ ڕاستی بۆ هەتایە حەشار بدریّو کاریش لەگەلّ مەکیاڤیللیدا هەر وەها کەوتەوە . هەموو ئەو کۆششو تەقەلادانی شێواندنەی کران ، هەر لە سەرەتاوە لەوە دەستەوەستانتر بوون کە بتوانن ڕووی ڕاستەقینەی ئەم ڕووناکبیرە لەو فەیلەسووفو زاناو خەڵکە مەوزوعییەتخوازە حەشار بدەن کە نووسینەکانی ئەویان خوێندبووەوە . لە ڕاستیشدا کەم ڕووی داوە ڕووناکبیرێکی گەورە ناوی مەکیاڤیللیی بردبیّو مەدحوستایشی نەکردبیّ . بۆ نموونە فەیلەسووفو زاناو کارگێڕی ناسراوی دەوڵەت فرانسیس بیکۆنی ئینگلیزی (١٥٦١–١٦٢٦)، بە وردی کتێبەکانی مەکیاڤیللیی خوێندوونەتەوەو لە ڕێبازە (أستقرائی) یەکەیدا ، کەوتۆتە ژێر کاری ئەو بیروڕایانەوەی تیایاندا پێشچاوی کەوتوونو بە تەواوی لە بابەتێکی نویّ بوون .[٩١] هەروەکوو بیکۆن یەکەم کەس بووە دەرکی بەوە کردوە کە مەکیاڤیللی بە جۆرێك لە کەسان دواوە وەك لە واقیعدا هەن نەك وەك لە خەیاڵدا هەنو لەم بارەیەوە نووسیویە دەڵیّ .

«ئیمه دەبێ سوپاسی مەکیاڤیللی و گشت نووسەرانی وەك ئەو بکەین کە راست و رەوان و بەبێ دروستکاری، وێنەی کردارو رەفتاری خەڵکەکەیان بە باری ئاساییدا نواندوە نەك بەو بارەدا کە دەبێ[92] هەبێ».

هەروەها لە گەرمەی شالاوی بەرپەرچدانەوەی مەکیاڤیللیدا،[93] ژمارەیەك لە نووسەران لە بیروباوەڕەکانی دواون و زۆر بە ڕێزلێنانەوە هەڵیانسەنگاندوون. بۆ نموونە لیپسمۆس لە کتێبەکەیدا «کتێبە سیاسییەکان» کە لەساڵی ١٥٩٠دا بلاوی کردۆتەوە، بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللی ی دەربارەی ئایین و سیاسەت و دەوڵەت نیشانداون. لەساڵی (١٦١٣) شدا ك. شۆپێ لە بیروراکانی مەکیاڤیللی سەبارەت بە پێویستی ی جیاکردنەوەی کاروباری سیاسەت لە چاکەکاری دواوە. دوای ئەویش بە بیست ساڵ جبرائیل نۆدێ باسی ڕێبازی سیاسی ی مەکیاڤیللی کردوەو روونی کردۆتەوە کە ئەو بە دوای میرێکی شەرانیدا نەگەراوە، بەڵکوو وێڵی دوای حوکمرانێکی سەرکەوتووی لە بابەتێکی نوی ی ئەوتۆ بووە کە نیشتمان پێویستی پی ی بووە.[94]

هەروەها دیکارتی فەیلەسووف و زانای ناسراوی ماتماتیك (١٥٩٦–١٦٥٠) یەکێکە لە یەکەمینی ئەو روونا کبیرانەی مەکیاڤیللی کاری تێکروون و ئەو رایەشی سەبارەت بە کردارە عادیلانەکانی حوکمران لە رژێمێکی (مطلق)ی کراوەدا دایرشتوە، بە تەئسیری بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللی بووە. ئەم پێش فەیلەسووفی ئینگلیزی تۆماس هۆبس (١٥٨٨–١٦٧٩) بە ماوەیەکی زۆر، گەیشتە دەسنیشانکردنی دەوری خۆپەرستی و زیادەخوازی ی تاکە کەسی و حەزکردنی و پارێزگاری کردن لە خودی خۆی لە مەسەلەی دامەزراندنی هەر حکوومەتێکداو[95] ئەوە جێ پەنجەی بە رووی فیکری ئەو فەیلەسووفە ئینگلیزییەوە دیارو ئاشکرایە. جۆن لووکیش (١٦٣٢–١٧٠٤) فەیلەسووفێکی ئینگلیزی ی ترەو هەندێ لە بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللی کاریان تی کردوە. خۆ ئەگەر هەڵوێستی ئەدەبی ئینگلیزی بەرامبەر بە نیکۆلۆ زراندنی ناوی بە فراوانی لە ئینگلتەرەدا بێنینەوە یاد، تێدەگەین کە هەڵسەنگاندنەکانی ئەو فەیلەسووفانەی بە سەرنجی وردو تیژیان، پەنجەیان ناوەتە سەر

گیانی نووسینەکانی مەکیاڤیللیو گشت ئەو ئامانجە دوورانەی تیایاندا وترابوون ، چ بایەخێکی گەورەیان هەبووە .

هەروەها دیارترینی فەیلەسووفو رووناکبیرانی سەردەمی راپەرینو بزووتنی گیانی نەتەوەیی ئەوروپایی ستایشیان کردوە ، لەوانە نووسەرو مێژوونووسو فەیلەسووفی فەرەنسایی ڤۆلتێر (١٦٩٤–١٧٧٨)و ئەنسکلۆپیدیاییی نأسراو دیدرۆ (١٧١٣–١٧٨٤)و فەیلەسووفو نووسەرو مۆسیقازانی فەرەنسایی جان جاك رۆسۆ (١٧١٢–١٧٧٨)و شاعیرو رووناکبیرو پێشەنگی نەتەوەخوازی لە ئەڵمانیادا گۆتە «١٧٤٩–١٨٢٠»، هەروەکوو هیگلیش شایەتیی بۆ بلیمەتیی ئەو داوە . جا یەکەمیان کە دەیزانی چۆن دڵی پادشایان رازی دەکا ، [٩٦] فردریکی گەورەی بۆ دانانی کتێبەکەی دەربارەی مەکیاڤیللی هاندا ، دوای ئەوەی لەو نامە تایبەتییانەدا کە بۆی دەناردن ستایشی دەکرد ، چونکە دەیزانی کە کتێبێك لەو بابەتە چ ناوبانگێك بۆ هاورێ پادشا ئەڵمانیاییەکەی پەیدا دەکا . بەلام رۆسۆ بە قووڵی مەکیاڤیللیی هەڵسەنگاندووەو لە بەناوبانگترینی کتێبەکانیدا «پەیمانی کۆمەڵکاری»«العقد الاجتماعي» (جزمی سێیەم–بەشی شەشەم) وتوویە :

مەکیاڤیللی‌وای‌نیشانەدەداکە گوایە دەرسی پادشایان دادەدا ، لە کاتێکدا گەلێ دەرسی بەهاداری پێشکەش بە گەلان دەکرد . «میر» کتێبی جەمهووریەت خوازانەو ئەوەیشی بۆ قارەمانە چارەگرانەکەی هەڵبژاردوە ، بە ئاشکرا نیازی شاراوەی نووسەرەکەی نیشاندەدا . هەر وەها قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی لە لایەن دەرباری رۆماوە مەغزای خۆی دەبەخشێ ، چونکە دانەر بەبێ پێچو پەنا وەسفی ئەو دەربارە دەکا»

هەردوو دامەزرێنەری سۆشیالیزمیی زانستانە کارل مارکسو فردریك ئینگلس ، لە جارێك زیاتر بە جوانی بیروباوەری مەکیاڤیللییان هەڵسەنگاندووە . مارکس بە وردی کتێبەکانی خوێندوونەتەوەو بەتایبەتی «دەمەتەقێ» کە زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە سەردارانی فلۆرنساو ڤینیسیا [٩٧] لێوەرگرتوە . لە نامەیەکیشیدا بۆ ئینگلس «میر»ی بە «کتێبێکی نایاب» ناوبردوە ، چونکە دانەرەکەی یەکێك بووە

لەوانەی «لە چاوی مرۆڤەوە روانیویانەتە دەوڵەت‌و یاساکانی‌یان لە ئەقڵ‌و تاقیکردنەوەوە ئەنجام داوە نەك لە لاهووتەوە». (٩٨)

ئینگلسیش لەقەبی «فیلەتەنەکانی راپەڕین»ی بە چوار لە دیارترین‌و مەزنترین ناوَدارانی سەردەمی راپەڕین بەخشیوە کە بریتین لە وێنەکێشی ئیتالیایی نەمر لیۆناردۆ داڤینشی‌و چاکەخوازی ئایینی گەورە مارتن لۆسەرو مەزنترین وێنەکێشی ئەو سەردەمەی ئەڵەمانیا ئۆلبرێشت دوورەر (Durer)و لەگەڵیاندا مەکیاڤیللیش ، چونکە راپەڕین هەم پێویستی بە–فیلەتەن–بوو ، هەم فیلەتەنیشی دەخوڵقاند». هەروەکوو کتێبی «هونەری جەنگ»ی زۆر لاپەسەند بووە کە ناوی بە «مارسیلیزی سەدەی شازدەیەم دەبرد» ، لەبەر ئەوەی مەکیاڤیللی بەلای ئەوەوە «یەکەم نووسەری جەنگ ئامێزی سەردەمی نوێ‌یە کە شیاوی ناوبردن بێ». (١٠٠)

لەم سەردەمەشماندا (١٠١) دەیەهاو بگرە سەدەها لە رووناکبیرو مێژوونووسە رۆژئاوایی‌یەکان بە چاوی رێزەوە روانیویانەتە بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللی‌و چەندین توێژینەوەو نامەی زانستانەیان بۆ لێکۆڵینەوەیان تەرخان کردوون کە دوای کورتە دووانێك لەو سیاسی‌یانەی نووسینەکانی مەکیاڤیللی کاری تێکردوون ، لەگەڵ هەندێ باس‌وخوازی تریشدا دەگەڕێینەوە سەر درێژەی هەندێکیان .

حوکمڕانان‌و مەکیاڤیللی

ژمارەیەکی زۆر لە حوکمڕانانی ئەوروپاو غەیری ئەوروپا کەوتوونەتە ژێر تەئسیری بیروڕاکانی مەکیاڤیللی‌یەوە ، بەتایبەتی ئەوەکانی دوو توێی «میر» . ئەم ژێرتەئسیرکەوتنەشیان لە بارودۆخێکی جۆراوجۆرو لە روانگەو بۆچوونێکی جیاجیاوە بووە.بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا زۆربەی ئەم حوکمڕانانە ئەو بابەتەیان لە بیروڕاکانی مەکیاڤیللی هەڵبژاردوە کە بۆیان لەبار بووە ، دەنا زۆر ئاسایی ئەو هەموو مەرج‌و پێوانە زۆرەیان دەخستە پشت‌گوێ کە نیکۆلۆ بە حوماسەتەوەو بە ئیمانێکی بڕاوبڕەوە پێ‌ی لەسەردادەگرتن کە لە راستیدا ئائەمەیانە مەکیاڤیللیزم .

لە یەکەمینی ئەو حوکمڕانە ئەوروپایی‌یانەی مەکیاڤیللی کاری تێکردن ،پادشای ئیسپانیا شارلی یەکەم (١٥٠٨–١٥٥٨) بوو کە یەکەم حوکمڕانی ئەوروپایی بوو

دەربارەی دەوترا «رۆژ لە مەملەکەتەکانی ئاوا نابێ» . ئەو ئەگەرچی سەرگەرمی کڵێسەی کاسۆلیکیو پارێزگاریلێکردنی بوو ، بەلاّم خۆیو وەزیرەکانیشی هانی بلاوکردنەوەی «میر»یان لە ئیسپانیادا دەدا . هەروەها تۆماس کرۆمۆێل (١٤٨٥–١٥٤٠) کە لە سەردەمی هینریی هەشتەمدا سیاسی‌یەکی ئینگلیزیی گەورە بوو ، زۆر ئاشنای بیروباوەڕەکانی دووتوێی «میر» بوو ، بۆیە دانەیەکی دەسنووسی لێ دەسگیر خستو بەوە یاریدەی پادشاکەی خۆیدا حوکمێکی (مطلق)ی ئەوتۆ دابمەزرێنێ کە خۆی لە دواییدا بووە یەکێك لە قوربانی‌یەکانی . هەروەکوو لە کاتی کوشتنی هەر دوو پادشای فەرەنسا هینریی سێیەمو هینریی چوارەمدا ، ئەو کتێبەیان لە گیرفاندا بینرا . ئەلیزابیسی یەکەمیش (١٥٥٨–١٦٠٣) کە لە سەردەمی بنەماڵەی تیۆدۆردا یەکێك بوو لە مەزنترین حوکمڕانەکانی ئینگلتەرەو گەلێ سەرکەوتنی بەرچاویشی لە ناوەوەو دەرەوەیدا بەدی هێناو دەیویست لە پەیوەندی‌یەکانیدا هەردەم لەنگەرگیربێ ، لە ژێر تەئسیری ئەوکتێبەدا بوو . بەلاّم خۆ یەکە وەزیری فەرەنسایی ریشیلیۆ کە بە سەرکەو تووترین سیاسیی نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەیەم لە ئەورووپادا دادەنرێ ، مەکیاڤیللیی هێجگار بەدڵ بووەو لە وەسێتە سیاسی‌یەکەیدا دانی بەوەدا ناوە کە پشتی بە بیروراکانی مەکیاڤیللی بەستوە . هەروەها ناپلیۆن پۆناپارت ئاشنایەتیی لەگەڵ کتێبی «میر»و «دەمەتەقێ»دا هەبووەو سەرلیستەی ئەو پەسندترین هەزار کتێبە بوون کە هەڵیبژاردوون بیانکاتە کتێبخانەیەکی گەرۆك بۆ خۆیو گەلێ پەراوێزی لەسەر «میر» هەنو وایش زەن دەکرێ کە وەریگێڕابێتە سەر زمانەکەی خۆی . هەروەکوو هۆگریی ناپلیۆنی سێیەم بۆ بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللی هیچی لەوەی پێش خۆی کەمتر نەبووە . لە باسەکانی لەوەبەریشماندا ئیشارەتمان بە ژمارەیەکیتر لەو حوکمڕانانەدا کە مەکیاڤیللی کاری تێکردبوونو هەوڵیان دابوو ئامۆژگاری‌یەکانی لە خاکێکی غەیری خاکی ئیتالیای سەدەی شازدەیەمدا بەجێ بێنن ، لەوانە هێتلەر کە خۆی لە کتێبەکەیدا «تێکۆشانم»(١٠٢) دانی پێداناوە

هەرچەندە لە ناو نووسەراندا هەن دیگۆلی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا

وادەدەنێ‌فەهم کە چاکترین نموونەی میرە نوێ‌یەکە بووبێ، (١٠٣) بەلام لە راستید بارودۆخ هەر چۆنێك بێ، زەحمەتە حوکمڕانێکی هاوچاخمان بتوانێ پڕبەپڕ خۆی بخاتە قاڵبی ئەو شەخسی‌یەتەوە کە مەکیاڤیللی ویستوێتی. لێرەدا جێی خۆیەتی سەرنج بۆ ئەو فیکرە گرنگە رابکێشین کە شۆڕشگێڕی ئیتالیایی گرامشی لەم رووەوە دەری بڕیوە. بە رای ئەو تاکە کەس لە جیهانی ئیستاماندا لە وزەیدا نی‌یە ببێتە «میر»ەکەی مەکیاڤیللی، بۆیە ئەوەی دەتوانێ بێ‌و بەڵکوو پێویستە ببێتە ئەو میرە نوێ‌یە، حیزبێکی سیاسیی شۆڕشگێڕە. (١٠٤) هەروەکوو ئەو رێو شوێنانەی سانتیاگۆ کاریللۆی سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانیا لە کتێبەکەیدا «ئەوروکۆمۆنیزم» داوای پەیڕەوکردنیان دەکا، لەوە بەولاوە نی‌یە کە بابەتێکی نوێ‌یە لەو رایەی گرامشی بۆی چوو بوو. کاریللۆ لەم بارەیەوە دەڵێ: «...رەنگە هاوڕێیان هەبن وەها بیربکەنەوە، ئەم بابەتە رێبازەی کە جۆرە مەکیاڤیللیزمی‌یەکە، بۆی هەبێ رێگەمان بدا لە ساتێك لە ساتاندا هەرچیمان دەوێ دەسگیرمان بێ‌و ئەوانە ئەم هەڵوێستەش تەواو بە ئاسایی دادەنێن». (١٠٥)

گشت ئەوەی باسمانکرد. بەبێ پێچ‌وپەنا ئەو شوێنە بڵندەمان نیشاندەدەن کە مەکیاڤیللی لەوەبەرو تا ئێستاش لە کۆڕی ئایدۆلۆژیای سیاسیی جیهانی‌و بەرەوپێشەوە چوونیدا داگیری کردوە. لەبەر ئەوە ئاسایی‌یە کە نیکۆلۆ چەندە رۆژگاریش بەسەر چووبێ. لە دڵی خەڵکی‌و بەتایبەتی ئیتالیایی‌یەکاندا، شوێنی رێزلێنراوی شیاوی خۆی داگیر کردبێ.

پاشگەز بوونەوە

لەوەبەر لەچەند شوێنێکدا دەرمانخست کە چۆن هێزە کۆنویستەکان نەیانتوانی رووی راستەقینەی مەکیاڤیللی لە پێشدا لەبەر چاوی مرۆڤە دانسقەکان‌و دواییش خەڵکەکە بە گشتی‌ون بکەن. ئەوەبوو ئەوروپایی‌یەکان کەوتنە تێگەیشتنی ئەو ئامانجە پڕکنەی کە مەکیاڤیللی لە نێوانی بیرو باوەڕوبەهاکانی‌یەوە پێشکەشی دەکردن‌و بە دوایدا باری سەرنجیان دەربارەی گۆڕدرا. بۆیە سەرەڕای ئەو شێواندنە بەردەوامەش،

کارێکی زۆر زەحمەت نەبوو دەرك بەوە بکرێ کە مەکیاڤیللی نەك تەنیا لە ئیتالیا ، بەڵکوو لە سنووری گشت کیشوەری ئەوروپادا سەردەستەی بانگ‌راهێڵەران و رابەرانی یەکگرتنی نەتەوایەتی بووە . بۆ نموونە کافووری سەرکردەی یەکگرتنی ئیتالیا خۆی ، لە ژێر تەئسیری بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللیدا بووە . ئیتالیایی‌یەکان قەت ئەم راستی‌یەیان لە یاد نەچووەو لە زمانی یەکێك لە شاعیرەکانیانەوە بەم شێوەیە نوێنراوە :

«من
ئیتالیایەکی مەزنی یەکگرتووم و
نیکۆلۆ مەکیاڤیللی
ئەوەی فێرکردووم» (١٠٦)

لە خۆراییش نی‌یە خانووەکەی لە گوندەکەیدا کە نزیکی فلۆرنسایە کراوە بە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی ، جگە لەوەی ئیتالیایی‌یەکان وەك جەژنێکی نەتەوایەتی ئاهەنگیان بە بۆنەی تێپەڕبوونی چوار سەد ساڵەوە بەسەر لە دایك بوونیدا بۆ گێڕاو لەو رۆژەدا نزرگەیەکی قەشەنگیان لە شوێنی ناشتنی نیکۆلۆدا بیناکردو راست لە ژێر ناوەکەیدا ، ئەو وتە پڕ مەغزایەیان بە هەڵکۆڵین نووسی کە دەبێتە پاداشتی گشت ئەو ناهەمواری‌یەی لە ژیانیداو لە پاش مردنیشی تووشی هات و کە دەڵێ :

«مەدح و ستایش هەرگیز لە وزەیدا نی‌یە ئەم ناوە بە هەقی خۆی بگەیەنێ» .

ئەوسا کڵێسەش ناچار بوو لە ئەنجامدا بچێتە ژێر بارو لە ساڵی ١٨٩٠دا ناوی کتێبەکانی مەکیاڤیللی ی لە لیستەی کتێبە قەدەغەکراوەکان دەرکێشا . ئەمەش بریتی بوو لە تەنیا پاشگەزبوونەوەیەکی ئاسایی لە رووی واقیعێکی سەلماودا .

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، هێشتا لە رۆژهەڵاتی ئێمەدا هەر وێنە شێوێنراوەکەی مەکیاڤیللی و تێکەڵکردنە کلاسیکی‌یەکە لە نێوان ئەم و ئەو مەکیاڤیللیزمی‌یەدا لە زەینی خەڵکەکەدا زاڵە کە رۆژهەڵاتی‌یەکان پتر لە هەر خەڵکێکی ترو تەنانەت پێش ئەوەشی نیکۆلۆ چاو بە ژیاندا هەڵبێنێ بە چەندین سەدە ، بە ڕێ‌وشوێنەکانی موبتەلا بوو بوون . بەهەرحاڵ باسی مەکیاڤیللی و رۆژهەڵات باسێکە کە هێشتا دەستی نەدراوەتێ ، ئەگەرچی لەبەر گەلێ هۆ هەقی بایەخ‌پێدان و لێکۆڵینەوەی هەیە .

مەکیاڤیللی و رۆژهەلاَت

مەکیاڤیللی لەکتێبەکانیدا زۆر بە دەگمەن باسی رۆژهەلاَت و رۆژهەلاَتی یەکانی کردووە ئەویش لە سنووری تەنیا هەندێ زانیاری کەمدایە دەربارەی حکوومەتە رۆژهەلاَتی یە کۆنەکانو زۆر لەوە دەچێ لە سەرچاوەکانی کالاناباسیسی وەرگرتبێ کە ئەویش لە ژێر تەئسیری زەینەفۆنی هاورێیدا بووە . هەر وەکوو ئیشارەتێکی بە سوپای عوسمانی یەکان داوەو ستایشی کردوە ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی سوپایەك بووە لەو رۆژگارەدا ئەنجامی گیانی تاعەتکردنو ئازایەتی تیایداو بە هۆی ئەو سەرکەوتنە خێرایانەوەی لە ناوچەکانی بولْقانی سەر بە ئەورووپاو شوێنی تریشدا بەدی ی هێنابوون ، لە ناو ئەوروپایی یەکاندا ناوو ناوبانگێکی بالاَی پەیدا کردبوو .

بەلاَم دەبێ لە سووچێکی ترەوە بروانرێتە مەکیاڤیللی و پەیوەندی یەکەی لەگەلْ رۆژهەلاَتدا ، چونکە کاریگەری ی رۆژهەلاَت لە راپەرین (Renaissance)وەك بەیەكگەیشتنی دووری یانێکی شارستانی ، مەسەلەیەکەو لە رووی زانستی یەوە سەلمێنراوە . گومانیش لەوەدا نی یە کە مەکیاڤیللی وەك رۆلەیەکی سەردەمەکەی خۆی و وەك یەکێك لە ناودارانی سەردەمی لوتکەی راپەرین ، بە شێوەیەکی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ کەوتۆتە ژێر تەئسیری بیروباوەری رۆژهەلاَتی یەوە . لەم رووەوە گەورەترین دوو رابەری سەردەمی راپەرین کە دانتی و پەترارکن پێش ئەو کەوتوون ، یەکەمیان لە چیرۆکە شیعری یە ناودارەکەیدا «کۆمیدیای خواوەندی» کەوتۆتە ژێر کاری «نامەی پاکانەخوازی ی» ئەبوو عەلاَی میعەری یەوە ، دووەمیشیان لە چیرۆکەکەیدا «دیکامیرۆن» لە ژێر کاری «هەزارو یەك شەوە»دا بووە . هەر لێرەشدا دەمەوێ ئەو رایە دەرببرم کە دوور نی یە مەکیاڤیللی یش کەوتبێتە ژێر کاری «کەلیلەو دیمنە»وە ، یا بە لایەنی کەمەوە خوێندبێتی یەوەو ئەمەش تەنیا رایەکەو هەقی لێکۆلْینەوەو تێوردبوونەوەی هەیە ، چونکە زۆر بەلْگە هەن مرۆڤ بنکولْکەر بۆ ئەم جۆرە باوەرە هاندەدەن .

پێش هەموو شتێك «کەلیلەو دیمنە» لە سالْی ۱۰۸۱دا لە سریانی یەوە کراوە بە یۆنانی و لەسەدەی سیازدەیەمدا لە عەرەبی یەوە کراوە بە ئیسپانی و لەسەدەی چواردەیەمیشدا بە لاتینی . بە دوایدا ئیتر بە نزیکەی هەموو ولاَتانی ئەوروپادا بلاَو

بووەوەو تا رادەیەك جیّ‌پەنجەی خۆی بەسەر داهێنانی ئەدەبی‌ی گەلیّ میللەتدا جیّ‌هێشت . جا زۆر دوورە رۆشنبیرێکی وەك مەکیاڤیللی کە بە قۆستنەوە کتێبی دەقۆستنەوەو وەختێکی زۆریشی بە دەستەوە بووە ، «کەلیلەو دیمنە»ی نەخوێندبێتەوە ، بەتایبەتی کە مارسیلیۆ ڤیرجیلیۆی هاوری‌ی دڵسۆزی یەکێك بووە لە نووسەرە ناسراوەکانو پێش ئەوەی مەکیاڤیللی دەس‌بداتە دانانی کتێبی سیاسی‌و ئەدەبی . ئەو بووبووە مامۆستای وتنەوەی ئەدەب . ئەمە جگە لەوەی کە مەکیاڤیللی بەلای خۆدوور خستنەوە لە گیانی دکتاتۆرانەی رۆژهەلاتی یانەدا[١٠٧] لایدەداو ئەمەش هەر هەمان ئەو شتەیە کە پەندەکانی «کەلیلەو دیمنە» بۆی دەچوون .

هەروەها ئەگەر هەندیّ بەراوردکاری لە نێوان بیروراکانی مەکیاڤیللی‌و ناوەرۆکی چیرۆکەکانی «کەلیلەو دیمنە»دا بکەین ، لە زۆر شتیدا یەکگرتنەوەیان لەگەلّ یەکتردا تێدا بەدی دەکەین کە رەنگە ئەنجامی کارتێکردن بیّ یا تەنیا لە خۆیەوە رووی دابیّ ، بەلام لە هەموو حالێکدا سەرنج رادەکێشیّ . بو نموونە دووان لە چوار ئامانجەکەی «کەلیلەو دیمنە» .[١٠٨] بە پیی دەسنیشانکردنی (أبن المقفع) ، ئاراستەی پادشایانە بۆ ئەوەی «لە گەشتەکەیدا بە ناو دیمەنەکاندا زیاتر بەتەنگەوەبیّ»(ل ٩٥). لە قسەکانی‌تری أبن المقفع پێش ئەوەی بچێتە ناو جەرگەی چیرۆکەکانەوە دەلّیّ «ئەوەی ئەم سیفەتانەی تێدا بیّ کاری مەیسەر نابیّ ، لەوانە : تەوەزەلی لە کارکردندا ، یا فرسەت لە دەس‌دان . یا باوەرکردن بە هەر هەوالّ راگەیەندەرێك»و پیاوی ژێر «لە راستگۆیی بەولاوە . نابیّ قسە لە هیچ کەس وەربگریّ ، ئەگەرچی کەسەکە راستگۆش بیّ . هەروەکوو دەبیّ لە هەڵەکردندا بە قیردا نەچی‌و کۆلّ لە تی‌وردبوونەوە نەداو پێویستە ئەگەر مەسەلەیەکی لیّ‌ئالۆزا ، خۆی لە هیچ لایەنێکی نەداو پێش دلنیابوون لە دروستی‌یەکەی هەنگاوی تێدا نەنیّ . پیاوی ژیر دەبیّ خاوەنی قسەی خۆی بیّ‌و بزانیّ کە جەزا قەزایە»(ل ٩٢)و کیسرا ئەنەوشیروانیش هەولی‌داوە کتێبی حەکیمەکانی هندستان دەسگیر بخاو «بیداتە پالّ خۆی‌و لە سەرکردایەتی‌کردنیدا یاریدەی لیّ‌بخوازی‌و کار بە راوتەدبیرە جوانەکانی بکا» لەبەر «ئەو شتانەی تیایدانو پادشایان لە بەرێوەبردنی رەعیەتەکانیانو ژیاندنیانو دادکاری لە نیوانیاندا پێویستیان

پیٚیان دەبێ»(ل ٩٨) . ئەوەی ئەو کتێبە دەخوێنێتەوە «چاکەی پادشایانو تاعەتکردنیان» پێدەزانیٚو «دەیانخاتە سەروو گشت کاروکردارێکی ترەوە . ئینجا با ئەوەش بزانیٚ ، پیاوی بە شەرەف ئەوکەسەیە کەلای پادشایان شەرافەتمەند دەبیٚو لە دەوڵەتەکانیاندا پایەی بڵند دەکەنەوە»(ل ١٠٧) . هەروەك شێرەکە بە دیمنە دەڵێ کە «رەعیەتی پادشاو ئەوانەی لە حزوریدان ، دەبیٚ چ پیاوەتیو زانیارییەك پێدەزانن بۆی باس بکەنو چ ئامۆژگارییەکیان لە لا هەیە بیدەنیٚ . چونکە پادشا نایانناسیٚو بەو پێوانەیە نەبیٚ ناتوانیٚ هەریەکەیان لە پایەوپلەی خۆیدا دابنیٚ»(ل ١٣٦) هەروەها پیٚیدەڵیٚ : «ژمارەزۆریی دەستوپێوەند ، ئەگەر ئامۆژگارییەکەرو خاوەن تاقیکردنەوە نەبن ، بۆ کارهەڵسووراندن زەرەربەخش دەبن ، چونکە ئیش بە زۆریی ژمارە مەیسەر نابیٚ ، بەڵکوو بە دەستوپێوەندی دڵسۆزو چاکەکار دەبێ»(ل ١٣٧) . هەروەها لە قسەکانی دیمنە بۆ شێرە پادشا : «مشك لە ناو ماڵدا دراوسیٚیەکی بندەست بوو ، بەلاّم کە بووە زیانبەخش بووە دوژمنو دەربەدەر کرا . یا باز کێوییەکی ئاوارە بوو ، کەچی کە بووە سوودبەخش گیرایە خۆو ماڵیکراو رێزی لیٚنرا»(ل ١٣٧) .

چیرۆکەکانی «کەلیلەو دیمنە» زۆر جارو لە زۆر شێوەی خواستراودا ، باسی تەبیعەتی خەڵكو دەوری قەزاو قەدەریان کردوە . بۆ نموونە شێرە شاباوەر بە قسەکانی دیمنە دێنیٚو ئەو ئەنجامەی لیٚدەس دەکەویٚ کە خەڵکەکە دوو بابەتن «یەکەمیان تەبیعەتێکی دڕی هەیەو وەك ئەو مارەیە کە ئەگەر یەکێك پیٚی پێدا ناو پێوەی نەدا ، بە زەرەربەخشی نازانیٚو دەچیٚ جارێکی تر پیٚی پێدا دەنێتەوە . ئەوی تریان تەبیعەتی نەرمو ئاسانەو وەك ئەو پوازی (سەندل)یە کە ئەگەر زۆر دەستی لیٚخرا گەرم دادێتو ئازاربەخش دەبیٚ»(ل ١٣٨) . هەروەها لە قسەکانی دیمنە بۆ شێرەکە : «مرۆڤی شەرانی لە شەرخواهی رزگاری نابیٚ ، ئەگەر لاوازییش رووی تێکرد ئێڵیتری تێدا دەدۆزێتەوە»(ل ١٥٦) . «پادشایان دانبەخۆداگرن ، سزا دەرنابرن بۆ ئەو کەسە نەبیٚ کە تاوانی ئاشکرایە»(ل ١٥٦-١٥٧) . «شەرخواهان لە هەموو شوێنێکدا لە خێرخواهان زۆرترن . بەلاّم ئەگەر دژی راوەستانو بە کۆمەڵ نیشتنە گیانی ئەوانەیە

بیفەوتێنن . دەنا ئەگەر وەها نەبێ ئەوا دەبێتە ئەو پلاری قەدەرەی رەتکردنەوەی بۆ نابێ»(ل ١٦١) . هەروەها لە زمانی گایەکەوە وتراوە : «باشترین سوڵتان ئەوەیە لە هەڵۆیەك بچێ کە بەلاك دەورە درابێ ، نەك لە لاکێك بچێ کە بە هەڵۆ دەوری تەنرابێ»(ل ١٦٦) .

هەندێ جاریش پیاو هەست بە لەیەکچوونێکی تەواو لە بیروراو بگرە لە نزیکیی دەربڕینیش لەگەڵ یەکتردا لە نێوان «میر»و «کەلیلەو دیمنە»دا دەکا . بۆ نموونە لە زمانی «کەلیلە»ەوە وتراوە کە «پیاوی بێدەسەلات بە لەسەرخۆیی و مرت وفێل زەفەریان پێدەباو بە فروفێڵ سواری کۆڵی فیل دەبێو مار لە کون دەردێنێو یاریی پێدەکاو شێر لە ناو تابووت دەنێو ئاو بەو شوێنەدا دەبا کە مەبەستێتیو بەر لە زەرەری ئاگرو رەشەباو رۆژ دەگرێو هێزدار دەخاتە کار»(ل ١٧٢) . «سوڵتان ئەگەر پیاوچاك بێو وەزیرەکانی پیاوخراپ بن ، خێرو بەرەکەتی بەسەر خەڵکیدا کەم دەبێتەوەو لێیان دەچێتە قاتیو کەس ناوێرێ توخنی بکەوێ . کەوابێ دەسترەنگینیی پادشایان لە خێرو بەرەکەتەکەیاندایە کە دەبێ هەر لە بڕەودا بێ»(ل ١٧٣-١٧٤). هەروەها لە قسەکانی دیمنە بۆ شێرەکە : «...ئەی پادشا رەحم بەو کەسە مەکە کە ترست لێی هەیە . چونکە پادشای بە زەبروزەند رەنگە یەکێك ببوغزێنێو دەستی لە کار بکێشێتەوە . بەڵام دوایی بە ناچاری لەبەر کۆشش و چاکەی بە سەریەوە ، لە خۆی نزیك دەکاتەوەو وەك چۆن یەکێك دەرمانێکی تاڵی دەرخوارد دەدرێ ، بە تەمای سوودلێبینین دەیخاتەوە گەر . یا رەنگە یەکێکی خۆش بویو لە خۆی نزیك بخاتەوەو بەڵام لە ترسی زەرەرو زیانی ، وەك ئەو کەسەی لێدێ مارێك بە پەنجەیەوە دەداو لە ترسی بڵاوبوونەوەی ژەهرەکەی بە هەموو لەشیداو مراندنی ، پەنجەی خۆی دەقرتێنێ»(ل ١٨٠) . «هۆی راستورەوانیی کار لەوەدایە پادشا ئاگاداری ئەو دۆستانە بێ کە دەیەوێ یاریدەیان لێوەربگرێو بزانێ هەر یەکەیان چ جۆرە راوتەدبیرێکی لە لایەو چ نەنگییەکی تێدایە ، ئینجا دوای ئەوە پێویستە پادشا کارگەرانی بەسەربکاتەوەو لە کاروباریان بپرسێتەوە ، بۆ ئەوەی چاکەی هیچ چاکەکارێك و خراپەی هیچ خراپەکارێکی لا شاراوە نەبێ ئەوسا دەبێ چاکەکار بەبێ

ئەجردانەوە نەهێڵێتەوەو ماوەش نەدا خراپەکارو تەوەزەل لەسەر خراپەکاریو تەوەزەلی بەردەوام بن . چونکە ئەگەر ئەوەی لەدەس‌داو جڵەوی بۆ شل کرد ، چاکەکاریش جڵەو شلیو دەکاو خراپەکار جەسارەت دەنوێنێ کە ئیتر ئیشەکە گەندەڵ دەبێو کار لە کار دەترازێ»(٣٤٨) .

ئینجا لە قسەکانی فەیلەسووف بۆ پادشا : «ئەی پادشام ، ئەو کاروبارانەی کە مرۆڤ لە ناو گشت ئاژەڵاندا تیایاندا تایبەتی‌یە ، من بە چواریان دەبینم کە بریتین لە پوختەی هەرچی هەیە لە جیهاندا ، ئەوانیش ئەمانەن : حیکمەتو داوێن‌پاکیو ئەقڵو داد . چونکە زانستیو وردبینی لە بەشی حیکمەتن . بە حیلمیو سەبرو لەسەرخۆییو سەنگینی لە بەشی ئەقڵن . حەیاو سەخاوەتو مەستووریو سەربەرزی لە بەشی داوێن‌پاکین . راستگۆییو چاودێریو خێرکردنو رەفتارساغی لە بەشی دادن . ئەمانە جوانکاری‌یەکانن‌و پیچەوانەکانیشیان خراپەکارین . سائیتر هەر کاتێك ئەمانە لە یەکێکدا کۆبوونەوە ، کەم‌وکووری لە نیعمەتیدا نایگەیەنێتە بەدبەختی لەم دنیایدا یا شکستی لەو دنیایدا ، یا داخ بۆ نەمانەوەی لە ژیاندا ناخوا ، یا بەشی لە ماڵ‌وموڵکدا هەرچەندێك بێ پێی خەفەتبار نابێو لە گێچەڵ سەرسام نابێ . بەم جۆرە حیکمەت سامانێکە کە بە لێ‌خەرج‌کردنی لە بن نایەتو ئازووقەیەکە کە هەژاری لە بەریدا خۆی راناگرێو بەرگێکە کە قەت کۆن نابێو لەزەتێکە کە برانەوەی بۆ نی‌یە»(ل –٧٦) .

وەختێکیش ئەم چەند دێرەی خوارەوە دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت وەك بەیدەبای فەیلەسووف لە زمانی مەکیاڤیللی‌یەوە لە پێشکەش‌کردنەکەی «میر»یدا میدیتچی بدوێنێ وەهایە کە دەڵێ : «ئەی پادشام ، من دەڵێم تۆ لە مەڵبەندی بابو باپیرانتدایت لە پادشایانو کەڵە پیاوان کە پێش تۆ شاریان بنیاد ناوەو زەمین ملی بۆ داونو قەڵایان دروست کردوەو سەرکردەی لەشکر بوونو جباخانەیان ناوەتە سەریەكو رۆژگاریان درێژەی کێشاوەو چەکیان پەرەی سەندوەو سەردەم لە دوای سەردەم بە شادیو خۆشی ژیاونو ئەوە بەری جوانکاریی لێ‌نەگرتوونو لە سوپاسو ستایش داینەبریون»(٧٧–٧٨) .

دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەیەكچوونی هەندێ لەو شتانەی چیرۆکەکانی «کەلیلەو دیمنە» لەگەڵ نووسینەکانی مەکیاڤیللیدا ، لەولای ترەوە وا ناگەیەنێ کە جیاوازی لە نێوانیاندا نی‌یە . بۆ نموونە مەکیاڤیللی لە ٥٠٪ی بۆ دەوری قەدەرو بەخت لە هەڵسووڕاندنی کاررووباردا داناوە ، لە کاتێکدا لە «کەلیلەو دیمنە»دا لە زمانی ئەم فەیلەسووفەوە کە رووی دەمی لە پادشایە وتراوە :«با ئەو کەسانەی کاروبار هەڵدەسوڕێنن‌و جێبەجێیان دەکەن بزانن کە شت هەمووی بە قەزاو قەدەرە»(٣٥٠)و «کۆشش‌و جوانی ئەقڵ‌و هەر خێرو شەرێك کە مرۆڤ تووشی دێ بە قەزاو قەدەرە»(٣٤٨) . ئینجا لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە مەکیاڤیللی لە ژێر تەئسیری ئەرستۆشدا بووە ، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا لە زۆر شتدا جیاواز بووە ، یا بەلایەنی کەمەوە لە شێوەی نیشاندانی ئەو باسەنەدا کە لێیان دەدوا ، بەتایبەتی لە پشت بەستنی بەردەوامیدا بە نموونەی مێژوویی .

بەهەر حاڵ ئێمە کە دەڵێین دەشێ مەکیاڤیللی کەوتبێتە ژێر تەئسیری پەندەکانی «کەلیلەو دیمنە»وە یا خوێندبێتی‌یەوە ، ئەوەش بە دوور نازانین کە ئەو یەکگرتنەوەیەی هەندێکیان لەگەڵ بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللیدا لە تەنیا ریکەوتەوە بێ ، یا ڕەتکار (رد الفعل)یکی لەیەكچووی بارو دۆخێکی لەیەكچوو بێ . ئەوی راستی بێ هەندێ لەیەكچوون لە نێوان هەڵسەنگاندنەکانی مەکیاڤیللی‌و ابن خلدونیشدا هەیە ، بەڵام بەبێ ئەوەی بەڵگەی سەلمێنراو هەبن دەری بخەن کە یەکەمیان پێشەکی‌یەکەی دووەمیانی خوێندبێتەوە .(١٠٩) أبن خلدونیش لە لای خۆیەوە نیشانی داوە کە فەرمانڕەوای نموونەیی دەبێ، جوێندبێ، بەڵام بەبێ پێداگرتن لەسەر ئەرکە رۆحانی‌یەکانی‌و تەنیا وەسفکردنی بە «پادشایەکی بیرڕۆشن‌و بەسۆزو بەهێزو بەڵام رێ‌و شوێنی «سەرکوتاندنەوەی» ناشەرعی رەتدەکاتەوەو بایەخ بە خۆشگوزەرانی‌و ئاسوودەگی‌ی گەلەکەی دەدا» .(١١٠) واتە ئەویش ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی جێگیرو بەهێزو رێك‌و پێك بووە ، دەوڵەتێك کە پادشا تیایدا بتوانێ جڵەوی کاروبار لە رووی جۆرەهای تەماعکاراندا بگرێتە دەست . هەروەکوو ئەو لە گەرانیدا بە دوای راستیدا ، تەنیا رووداوە مادی‌یەکانی گرتوەو شی‌ی کردوونەتەوەو لەو یاسایانە گەڕاوە

که بەرەوگۆڕانیان دەبەن . بە رای هیلموت ریتەر ئەوەی ابن خلدون بە دەمارگیری ناوی دەبا ، هەر ئەوەیە کە مەکیاڤیللی ناوی چاکەکاری لێناوە .[111]

لێرەدا وا چاکە ئیشارەتێك بەوە بدەین ، ابن خلدونێك کە لە بیروڕاکانیدا لەگەڵ ئایینیدا دژ یەك نەبوون ، کەچی بە کافرو زەندیق تاوانبار کرا . هەروەکوو زۆر لە مێژوونووسانیش ، لە بەرزایی سەدەی نۆزدەیەمو بیستەمەوە روانی‌یانە بیروباوەڕەکانی‌و بە شێوەیەکی تایبەتی «وردکردنەوەی هۆیەکانی سەرهەڵدانی ئەم کارە مێژوویی‌یە بێهاوتایەیان (پێشەکی‌یەکە — ع.م.) لە سەدەی چواردەیەمدا[112] خستە پشتگوێ‌و ئەمەش هەمان کارەساتەکەی مەکیاڤیللی‌یە وەك لەوەبەر رووتمان کردەوە» .

حوکمڕانە رۆژهەڵاتی‌یەکان تا رادەیەك لە وەختێکی زووەوە بایەخیان بە بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللی داوە . وا زەن دەکرێ کە کتێبی «میر» بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ سوڵتانی عوسمانی مورادی چوارەم کە لە خۆرزگارکردندا لە دوژمنانی‌و سەپاندنی هەیبەتی حوکمڕانی‌یەکەی بەسەر خەڵکیدا ، رێ‌و شوێنی مەکیاڤیللی‌یانەی بەکار دەهێنا . بەڵام بە جۆرێکی زۆر دوور لەو بەهایانەی کە مێژوونووسی گەورەی سەردەمی راپەڕین مەبەستی بوون ، وەرگێڕدراوە . ژمارەی ئەوانەی بە فەرمانی راستەوخۆی ئەو کوژراون بەسەد هەزار کەس دانراوە . لە گەڵیاندا سیان لە براکانی خۆی‌و یەکێك لە مامەکانی . لە ساڵی ١٦٣٧ یشدا ، لە کاتێکدا کە تاعوون رۆژانە نزیکەی ٥٠٠ کەسی لە خەڵکی ئەستامبووڵی پایتەختی قەلاچۆ دەکرد ، ئەو شەوانێکی پڕ لە کەیف‌و رابواردنی لەگەڵ ژنە دۆستەکانیدا بەسەر دەبردو بە تەوسەوە دەیوت : «خودا وا ئەم هاوینە شەرخواهان سزا دەداو رەنگە لە زستاندا نۆرە بێتە سەر شەرافەتمەندان» .[112]

هەروەها بایەخدانی محمد علی‌ی گەورە بە «میر» هیچی لە بایەخ پێدانی حوکمڕانە ئەوروپایی‌یەکانی پێش خۆی‌و سەردەمی خۆی کەمتر نەبووە . ئەوەش بۆ حوکمڕانێکی سەرکەوتووی وەك محمد علی کە مارکس دەربارەی میسر لە سەردەمی ئەودا وتوویە «لە هەموو ئیمپراتورێتی عوسمانیدا تاقە بەشێتی توانای ژیانی هەبێ» . شتێکی سەیر

نەبووە . ئەو ئەگەرچی لە تەمەنێکی دزەنگیشدا فێری خوێندەواری بوو بوو ، بەڵام بایەخی بەهەر شتێك دەدا کە پەیوەندیی بە سیستمەکانی حوکمرانییەوە هەبێ و هەر ئەمەش بوو بووە هۆی یەکێك لە نهێنییەکانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی .

محمد علی دوای ئەوەی لە ڕێگەی یەکێ لە دیپلۆماسییە بێگانەکانەوە بایەخی «میر»ی پێزانی ، [113] لە ساڵی ١٨٢٤—١٨٢٥ دا[114] روفائیل أنطوان زاخووری قەشەی راسپارد بۆی وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی ، چونکە وەك خۆی وتوویە «زۆر بە پەرۆشەوە بووە بزانێ ئەم کتێبە چی تێدایە» . سەیریش ئەوەیە کە محمد علی دوای خوێندنەوەی «میر» ، لە بەیەکگەیشتنێکیدا لەگەڵ دیپلۆماسییەکی ئیتالیایی بەم شێوەیەی هەڵسەنگاندوە :

«ئێوە لە ئیتالیادا ژاوەژاوێکی گەورە دەربارەی نووسەری ناسراوتان مەکیاڤیللی دەنێنەوە ، من فەرمانی وەرگێڕانی کتێبەکەمدا تا بزانم چیی تێدایە،بەڵام ئاشکرای دەکەم ئەو پیاوە زۆر لەوە کەمترە کە من ئەنجامی ئەو ناوبانگەی هەیەتی لێم چاوەڕوان دەکرد . هەروەکوو من پێتی رادەگەیەنم کە کتێبێکی تر هەیە عەرەبییەو سەرسامو سەرمەستی کردووم ، ئەویش پێشەکییەکەی أبن خلدونە . ئەم نووسەرە لە بیرکردنەوەدا لە مەکیاڤیللی سەربەسترەو بگزە باوەڕم وایە کتێبەکەی ئەو زۆر سوودبەخشترە . ئینجا کە بلاوکردنەوەی کتێبەکەی مەکیاڤیللی لە هەندێ لەوڵاتانی ئەوروپادا قەدەغە بێ ، خۆ دەبوو قەدەغەکردنی کتێبەکەی أبن خلدون کونبڕترو توندوتیژتر بێ» .

گومانی تێدا نییە ئەوەی کاری کردۆتە رای محمد علی لاوازیی وەرگێڕانەکەی «میر»و نارەوانیی شێوەکەی بووە کە وای لێکردوە تێگەیشتنی زەحمەت بێ و بۆ بلاوکردنەوە دەس نەدا . [115] لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وەرگێڕانە بایەخی مێژوویی خۆی هەیە ، چونکە یەکەم وەرگێڕانی «میر»ە بۆ عەرەبیی و ئینجا بە دوایدا پارێزەری میسری محمد لطفي جمعه لە ساڵی ١٩١١دا جارێکی تر لە ئیتالیاییەوە کردوێتی بە عەرەبیی و لە ساڵی ١٩١٢دا بە ناوی «کتێبی میر کە مێژووی میرایەتییە رۆژئاواییەکانە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا» [116] بلاوی کردۆتەوە . وەرگێر کتێبەکەی بە پێشەکییەکی فراوانی خۆی

دەس پێکردوە کە لە (٥٠) لاپەڕەدایەو[١١٧] بە شێوەیەکی ڕەوان‌و مەوزووعی یانە . گەلێ لایەنی جۆراوجۆری ژیان‌و نووسینەکانی مەکیاڤیللی نیشاندەدا . سەرمەستی ی وەرگێڕ سەبارەت بە مەکیاڤیللی گەیشتۆتە ڕادەیەك کە بە تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە چووە بۆ ئیتالیاو سەری لە گوندەکەی‌و خانووەکەی داوەو لە پاریسیش یەکێك لە نەوەکانی ئەوی دیوە . لە پێشەکی یەکەیدا بە شێوەیەکی ئەدەبی یانە ئەوە دەردەبڕێ‌و لەو قسانەی تیایدا کردوونی دەڵێ :

«کە کتێبی (میر)م خوێندەوە هۆگری بووم‌و وام لێهات لەگەڵ چوارینەکانی خەیامدا لەگەڵ خۆمدا هەڵی بگرم . وەختێ خەفەت دامدەگرێ‌و دڵم تەنگ دەبێ . خەیام دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بەو مەیە پیرۆزەی مەست بم . بەڵام «میر» بۆ ئەوە دەخوێنمەوە کە لە مەیی خەیاڵ دەرباز بم‌و بگەڕێمەوە کۆڕی ئەو ڕاستی‌یە ئازار بەخشانەی کە لەشکرەکانی هێزو حەزوو ئارەزوو تیایدا بە شمشێری کارەسات‌و ڕمی بەسەرهات پێکدا هەڵدەگژێن» . [١١٨]

ئینجا ئەگەر ئەوە بگرینە بەرچاو کە یەکەم خوێندنەوەی «میر» لە لایەن وەرگێڕەکەیەوە «لە بەر قورسی‌ی زانینی ماناو مەغزای کتێبەکە» تووشی «سەرسورمانی» کردووەو ناچار بووە «چەندین جار پێدابچێتەوە» تا «لە کۆتایی کاردا بە تەنیا تێگەیشتن‌و دەرك کردن بە ناوەرۆکەکەی» [١١٩] وازی هێناوە ، لە هۆی ئەو هەندە کەلێنە تێدەگەین کە لە وەرگێڕانەکەدا هەن‌و .کە لەگەڵ ئەوەشدا شێوەیەکی ڕەوان‌و ماناروونی‌ی تێدایەو ئەوە وادەکا تێگەیشتنی ناوەرۆکە سەرەکی‌یەکەی میر بەبێ گرێ‌وگۆڵ لە تواناد هەبێ .

بەڵام وەك دەردەکەوێ ، ئەم وەرگێڕانەو پێشەکی‌یەکەی خاوەنەکەی دەورێکی ئەوتۆیان لە پێکهێنانی باری سەرنجێکی دروستدا دەربارەی مەکیاڤیللی‌و بیرو باوەڕەکانی لە لای خوێنەری عەرەب‌و ڕۆژهەڵاتی بەگشتی نەگێڕاوە . ئەمە لە کاتێکدا هەموو نیشانەیەك وادەگەیەنێ کە پێگەیشتنی ئەو جۆرە باری سەرنجە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم ، [١٢١] واتە بۆ سەردەمێك کە هیچ ڕووناکبیرو مێژوو نووسێکی ڕۆژئاوایی نەمابوو ، چەندە لایەنداریش بووبێ ، کتێبەکانی بە باری باشەدا

هەڵنەسەنگاندبێ ، لەوانە مێژوو نووسی سەر بە جەزویتەکانو عەمیدی پێشووی کۆلیجی کامبیۆن لە زانکۆی ئۆکسفۆرد (لیسلیۆ کەر) . لە راستیدا کەم مێژوو نووسی ناسراوی هاوچاخ هەن بە بڵندی مەکیاڤیللی یان هەڵنەسەنگاندبێ .

بیرورای هاوچاخ

لەوەبەر باسی بیرورای ژمارەیەکی زۆر لەو فەیلەسووفو روونا کبیرانەمان کرد کە لە واقیعی حاڵی بیروباوەرەکانی مەکیاڤیللی ، تێگەیشتبوونو بە رەزامەندی‌یەوە هەڵیانسەنگاندوون . بەڵام ئاسایی بوو کار تەنیا بەوانەوە نەوەستێ ، بەڵکوو لە سەردەمی ئێستاشماندا چەندین روونا کبیرو نووسەری سەر بەگەلێ قوتابخانەی ئایدۆلۆژیایی جیاجیا ، لە هەمان باس دواونو هەر کە باسی سەردەمی راپەرینو پێشکەوتنی زانستی‌ی سیاسەت یا لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌یان کردبێ ، مەکیاڤیللی‌یان وەك مێژوو نووسو زانایەکی سیاسی بە دیار خستوە ، لە ناویاندا ژمارەیەکی زۆر لەو مێژوو نووسە رۆژئاوایی‌یە ناسراوانەی کە لە رۆژهەڵاتدا ناوو ناوبانگێکی بەرزیان هەیەو کتێبەکانیان وەرگێردراونەتە سەر زمانەکانی ، بەڵام بەبێ ئەوەیشی کاریان کردبێتە سەر ئەو بیروزایەی لە ریزی کوروکاڵانیدا دەربارەی مەکیاڤیللی باو بووە . ئینجا ئێمە لێرەدا بۆ کۆتایی‌پی‌هێنانی لێکۆڵینەوەکەمان دەربارەی مێژوو نووسی گەورەی سەردەمی راپەرین ، تەنیا چەند نموونەیەکی کەم لە بیروراکانی نووسەرە بێگانەکان نیشان دەدەین .

لە (ئەنسکلۆپیدیای بەریتانیایی)دا دەربارەی مەکیاڤیللی وتراوە :

«نووسەرو کارگێری ئیتالیایی دەوڵەت نیکۆلۆ مەکیاڤیللی ، روونا کبیرێکی نیشتمانپەروەری بلیمەت بوو . تێگەیشتنی ژیرانەی لە سیاسەتی هاوچاخی خۆیو دەرك کردنی قووڵی بە تەبیعەتی ئادەمیزاد ، چاکترین بەرهەمیان لی‌وەشاوەتەوە کە زۆر جار بە هەڵە بە کاری گەندەڵ یا گاڵتەجاری دراونەتە قەڵەم . ئەو پیاوێکی سەرراستو هاووڵاتی‌یەکی چاكو باوکێکی دڵسۆز بووە . هەروەکوو نووسەرێکی گەورەش بووە ، چونکە روونا کبیرێکی مەزن بووە» . (١٢٢)

«ئەنسکلوپیدیای ئەمەریکایی»ش مەکیاڤیللی بە رەمزی گواستنەوە لە سەردەمی

ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمی نوێ دەداتە قەڵەمو «دروستی‌ی بیروباوەڕە سیاسی‌یەکەی» بەو خزمەتانەوە دەبەستێتەوە کە پێشکەشی ڕژێمی جەمهووری‌ی فلۆرنسای کردووەو بە بارێکی بالاَدا قسە لەڕووپی‌یەکەی هەڵدەسەنگێنێ . هەروەکوو دەیسەلمێنێ کە «مەکیاڤیللی نەی‌وتوە هیچ ڕەوشت‌و بەهایەك لە سیاسەتدا نی‌یە ، بەڵکوو وتوێتی کە سیاسەت ڕەشت‌و بەهای تایبەتی‌ی خۆی هەیەو ئەم جۆرە باوەڕەش عادیلانە دێتە پێش‌چاوو بگرە بۆ سەردەمێك کە بەدی‌هێنانی یەکێتی‌ی نەتەوایەتی‌و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی‌ی تیادا وەك ئامانجێکی بالاَی ئەوتۆ کە هەموو شتێکی‌تر لە ئاستیدا لاوەکی بێ ، بە پێشبینی‌یەك دەدرێتە قەڵەم» .[١٢٣]

لە باری سەرنجی «ئەنسکلۆپیدیای فەلسەفی»ی سۆڤیاتی‌یشەوە ، مەکیاڤیللی بە یەکێك لە دیارترینی ئەو ڕووناکبیرە ئیتالیایی‌یانە دادەنرێ کە هەوڵی‌داوە «دوور لە لاهووت ، یاساکانی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگا دەسنیشان بکاو تیۆرێکی ڕیالیستانەی دروست ڕوانیوێتی‌یە دەوڵەت‌و حوکمرانان‌و لە باوەڕێکی دڵسۆزانەوە نووسینی لە پێناوی یەکگرتنی ئیتالیادا نووسیوە» .[١٢٤] هەروەها هەمان شت لە «ئەنسکلۆپیدیای مێژوویی»ی سۆڤیاتیداو[١٢٥] لە چاپی دووەم‌و سی‌یەمی «ئەنسکلۆپیدیای گورەی سۆڤیاتی»دا[١٢٦] وتراوەتەوە . لە جزمی چوارەمی «مێژووی جیهان» یشدا نوسراوە : «ئەنجامە کوشندەکانی بەش‌بەش‌بوونی ئیتالیا ئارادەیەکی ئەوتۆ ئاشکراو لەڕوو بوون کە هەندێ لە نوێنەرە زیاتر پێشکەوتنخوازەکانی بورجوازی‌یەت لە سەدەی شازدەیەمدا کەوتنە داواکردنی یەکگرتنی ئیتالیاو یەکەمینیشیان ڕووناکبیری سیاسی‌و مێژوو نووسی ناسراو نیکۆلۆ مەکیاڤیللی بوو» .[١٢٧] هەروەکوو مێژوونووسی ئەمەریکایی کارلتۆن هیس بە هەمان جۆر مەکیاڤیللی هەڵسەنگاندوە .[١٢٨]

ئەمڕۆش دەمارگرژترین کەسانێك بۆ جزویتەکان‌و کزترینیان لە سۆزداریدا بەرامبەر بە مەکیاڤیللی ،[١٢٩] دان بەوەدا دەنێ کە ئەو «ڕێگایەکی نوێ‌ی بۆ لێکۆلینەوەو ....شێوازیکی تازەی بۆ قسەکردن لە سیاسەت دیوەتەوە ، ئەمە جگە لە تیوری‌یە سیاسی‌یە نوێ‌یەکانی» ، هەروەکوو «بەوپەڕی وردی‌و بیرتیژی‌یەوە ، ئەو پاڵپێوەنەرو هۆیانەی دەسنیشان کردوون کە هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی دێننە کایەوە» .

لەبەر ئەوە «بە یەکێك لە کارامەترینی ئەو.نووسەرە دیارانە دادەنرێ کە کاریان کردۆتە سەر کاروباری سیاسی لە جیهاندا»و وادەکا «بیروراکانی سەبارەت بە گیروگرفتە سیاسی‌یەکان جێگەی لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونێکی قووڵ بن» .(۱۳۰) یا هەن لە هەمان باری سەرنجەوە بە «باوکی زانستی‌یە سیاسی‌یەکانی»(۱۳۱) داوەنێن ، یا بە «پێغەمبەرێکی دەوڵەتی نوێی نەتەوایەتی‌ی»(۱۳۲) دەزانن .

هەروەها مێژوو نووسی ئەمەریکایی رۆبەرت بالمەر لە دووان لە کتێبەکانیدا ، دەیسەلمێنێ کە مەکیاڤیللی «لە ناو نووسەرانی سەردەمی راپەڕین لە ئیتالیادا بە دیارترینیان» دەژمێردرێ‌و «میر»«مەزنترین میراتی نەمری» ئەو سەردەمەیەو مەکیاڤیللی «خەوی بەو رۆژەوە دەدی کە خەڵکی فلۆرنساو بگرە گشت ئیتالیایی‌یەکان بە نواندنی مەردایەتی لە کۆرە سیاسی‌یەکانیاندا وەك رۆمانی‌یە دێرینەکان کردار بکەن‌و لە ریزی لەشکرەکانی شارەکاندا بە هاندانی ئامانجە نیشتمانی‌یەکان بجەنگن‌و سەری خۆیان لەبەردەم ئەوروپادا بەرز بکەنەوە»(۱۳۳)

لە ناو مێژوو نووسە ئیتالیایی‌یە هاوچاخەکانیشدا هەن مەکیاڤیللی بە شۆرشگێرو(۱۳٤) «پێغەمبەرێکی بێ دەسەلات»(۱۳۵) دەدەنە قەڵەم. ئەمرۆ لە ناو مێژوو نووساندا بە دەگمەن هەن دان بەوەدا نەنێن کە مەکیاڤیللی «هاووڵاتی‌یەکی چاك‌و هاورێیەکی گیانی‌بەگیانی‌و باوکێکی بەتەنگەوەهاتووی نیشتمانپەروەروبگرە نموونەیی»(۱۳٦) بووە .

دەتوانرێ دەیەها نموونەی تری لەم بابەتە بهێنرێتەوە . بەلام ئێمە تەنیا ئەم وێنە پڕ مانایەیان لێدەخەینە پێشچاو کە أ . ڤ . جیفیلیکۆف لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی مەکیاڤیللی پێشکەشی کردوەو وتوویە :

«ئیتالیا نەیتوانی یەك بگرێ . بوچی؟ . ئەمە بوو ئەو پرسیارەی نیکۆلۆ ئاراستەی خۆی دەکرد . ئێمە وەرامەکەی دەزانین (وەرامی مەکیاڤیللی – ك.م) : یەکەم لەبەر نەبوونی یەکێتی‌ی سیاسی لە ئیتالیادا . دووەم لەبەر ئەوەی لە ئیتالیادا سوپایەکی نیشتمانی چ لە کورو کاڵانی خۆی یا لە سەربازی بەکرێگیراو نەبوو . کەوابێ چار چی بوو؟ . یەکگرتن‌و دامەزراندنی سوپا . بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەمەش دەبوو شێوازەکانی

کارکردن روون بکرێنەوە . مەکیاڤیللی بە پێی بۆچوونی خۆی لەم بارەیەوە ، ئەنجامی بەوە شکاندەوە کە بنچینەکانی زانستی سیاسەتی دارشت ، کوت ومت وەك کۆلۆمبس کە وەختێ کەوتە گەڕان بە دوای ڕێگایەکدا بۆ هیندستان ، ئەمەریکای دۆزی یەوە» . (١٣٧)

گشت ئەوەی باس کرا ئەوپەری هەق بە مەکیاڤیللی دەدا داوا لە ڕۆژهەلاتی یەکان بکا کە خۆی لە واقیعدا چۆن بووە وەهای ببینن و بیروباوەڕەکانیشی چۆنن وەهایان هەلبسەنگێنن . بەلێ :

«مەدح وستایش هەرگیز لە وزەیدا نی یە ئەم ناوە بە هەق خۆی بگەیەنێ» .

O

پەراوێزەکان

(١) : مەکیاڤیللی لە تەمەنی دوانزە سالاندا بووە کە یەکەم کتێبی دەربارەی مێژوو خوێندۆتەوە .

(2) : R . Ridolfi the life of Niccolo Machiauelli, translated from the Etalian by G. Grays on, chicago, 1963, P. 3.

(٣) : ا.ك. جیفیلیکۆف ، نیکۆلۆ مەکیاڤیللی (١٤٦٩-١٥٢٧) ، موسکۆ-لینینگراد ، بە زمانی ڕووسی ، ل ٢٤ .

(4) R. Ridolfi, Op. Cit., pp. 9-12; F. Chabod, Machiavelli and the Renissance, translated from the Italian by D. Moore, Cambridge, 1960, pp. 7-9;

(5) R. Ridolfi, Op. Cit., p.4.

(6) F. Chabod, Op. Çit., p. 126.

(٧) أ.ك. جيفيليكۆف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤

(٨) : هەمان سەرچاوە–ل ٣٢ .

(٩) : ف. رۆتينبۆرگ ، (فيلەتەنەكانی سەردەمی راپەڕين) ، بە زمانی رووسی ، لينينگراد ، ١٩٧٦ ، ل ١٢٠ و ١٢١ .

(١٠) : سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٠

(١١) : بڕوانە كتێبی :

H. Butterfield, the Statecraft of Machiavelli, London, 1960, p. 125.

(١٢) : لە شوێنێكی‌تری ئەم لێكۆڵینەوەیەوا ، دەگەڕێینەوە سەر كتێبە گەورەكەی مەكیاڤیللی (دەمەتەقێ)

(١٣): پیشەسازی‌ی قوماش لەو رۆژگارەدا ، نەك تەنیا لە ئیتالیادا ، بەڵكوو لە گشت ئەورووپادا لە پیشە بە قازانجەكان بوو .

(١٤) : ئەوە لە نامەیەكیدا وتراوە كە بۆ فیتۆری‌ی هاوڕێ‌ی ناردوە . (بگەڕێرەوە سەر :

.(F. Chabod, Op. Cit., pp. 131-132).

(١٥) : أ.ك. جيفيليكۆف–سەرچاوەی پێشوو–ل ١٩ .

(16) F. Chabod, Op. Cit., pp. 4,126,134-135.

(17) R. Ridolfi, Op. Cit., pp. 145, 156.

(18) F, Chabod, Op. Cit,. p. 132.

(19) Ibid, p. 129.

(٢٠) : نیکۆلا ئەلکسییف ، نیکۆلۆ مەکیافیللی ، بە زمانی بولگاری ، سۆفیا ، ١٩٠٨ ، ل ٢٧-٢٨ .

هەروەها ف . رۆتینبۆرگ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٢-١٢٣ . هەروەها ل.م باتکین ، (مرۆڤپەروەرە ئیتالیایی یەکان) ، شێوەی ژیان ، شێوەی بیرکردنەوە ، بە زمانی رووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٥٨-٥٩ . هەروەها :

"The Prince", London, 1968, pp. 18-19 (the Introduction by G. Bull).

(٢١) : تیتۆس لیڤی (٥٩ پ.ز-١٧ د.ز) ، مێژوو نووسێکی ناسراوی رۆمەکانە . ٤٥ ساڵی بە دانانی کتێبە گەورەکەیەوە (مێژووی رۆما لە دامەزراندنی شارەکەوە) بەسەر بردوەو بریتی بووە لە ١٤٢ بەرگ و تەنیا ٣٥ بەرگی ماونەتەوە . یەکەمین دە کتێبیان کە مەکیافیللی بۆ نووسینی کتێبی (دەمەتەقێ) کردوێتی یە سەرچاوەیەکی سەرەکی ، باسی ئەو کارەسات و رووداوانە دەکەن کە هەتا ساڵی ٢٩٣ی پێش زایین روویان داوە .

(٢٢) : مەکیافیللی ئەوەی لە پێشەکی ی کتێبی (دەمەتەقێ)دا وتوە .

(23) F. Chabod, Op. Cit., p. 24.

(24) F. Gilbert, Machiavelli and Guiccardini.
Politics and history in sixteenth century.
Florence, Princeton, 1965, p. 199.

(25) R. Ridolfi, Op. Cit, pp. 165-175.

(26) "The Prince", p. 15 (the Introduction).

(27) R. Ridolfi, Op. Cit., pp. 249-250.

(٢٨) : پشتمان بە وەرگێرانە عەرەبی و رووسی و ئینگلیزی یەکەی بەستوە .

(٢٩) : بگەڕێرەوە لای : ئەلین فیدرین-مەکیافیللی-وەرگێرانی أمیرة الزین-بیروت-ساڵی نی یە-ل ٣٢-٣٣ .

(30) R. Palmer and J. Colton, A history of the
Modern World third edition, NewYork,
1965, p. 55.

(٣١) : مەکیاڤیللی ئەم قسە بەناوبانگەی بە بۆنەی هێرشی فەرەنسایی یەکانەوە بۆ سەر ئیتالیا لە ساڵی ١٤٩٩دا و بەرەو پێش چوونی خێرایانەیان وتووە «بگەڕێرەوە سەر-مێژووی ئیتالیا- بە زمانی

رووسی ، جزمی یەکەم ؛ لە ژێر چاودێری ئاکادیمیست .س.د. سکازکینەدا ، موسکۆ ، ۱۹۷۰ ، ل ٤٥٥».

(۳۲) : بەزۆری پشتم بە وەرگێرانە عەرەبی‌یەکەی ئەم کتێبە بەستوە «بگەڕێرەوە سەر—دەمەتەقێی مەکاڤیللی—وەرگێرانی خیری حماد ، بیروت ، ۱۹٦۲».

(۳۳) : ئەوە تاقە کتێبێکە کە لە ژیانی خۆیدا لە ساڵی ۱٥۲۱ دا بلاوکراوەتەوە .

(34) R. Palmer and J. Colton, Op. Cit., p. 55.

(35) J. Plamenatz, Man and Society. A critical examanation of some important Social and Politicce theories, from Machiavelli to Marx, Vol. 1, tenth impression, London, 1977, pp. 1,7.

(۳٦) : لە کۆتایی سەردەمی ناوەراستدا باری ئابووری‌ی ئیتالیا خێراتر لە ولاتەکانی‌تری ئەورووپا رووی لە پێشکەوتن‌کرد ، ئەویش لە سایەی بازرگانی‌یە گەشەسەندووەکەیەوە لەگەڵ رۆژهەلاتداو پێشکەوتنی بەرهەمی پیشەیی تیایدا بەرادەیەك کە ئیتالیا بەر لەهەر شوێنێکی‌تری جیهان ، یەکەمین نیشانەی پەیوەندی‌و بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانەو دەستەو تاقم‌و چینە کۆمەلایەتی‌یە نوێیەکانی بە خۆیەوە دی .

(37) H. Butterfield, Op. Cit., pp. 114- 115.

(۳۸) : بۆ درێژەی باس بگەڕێرەوە لای : و.ل. فاینشتین ، مێژوو ناسی‌ی ئەورووپایی رۆژئاوا لە سەردەمی ناوەراستدا ، بە زمانی رووسی ، مۆسکۆ—لینینگراد ، ۱۹٦٤ ، ل ۲۸٦ .

(۳۹) : ئیتالیایی‌یەکان گەلانی‌تری ئەورووپایان بە وەحشی (کێوی) ناو دەبرد ، بەو مانایەی کە لە چاو خۆیاندا دواکەوتوون .

(40) W. Lewis, The Lion and the Fox. The role of the hero in the Plays of Shakespeare, London, 1966, p. 69;

(٤۱) : د.ل. فاینشتین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ۲۷۹

(42) H. Butterfield, Op. Cit., p. 97.

(٤۳) : بۆ نموونە بگەڕێرەوە سەر : ئەلین فیدین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ۳۲ .

(44) "The Prince", p.20 (the Introduction).

(٤٥) : له ف. رۆتینبۆرگ . سەرچاوەی پێشوو . ل ١٢٢ موە وەرگیراوە

(٤٦) : شارێکی فەرەنسایە دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی پاریسەوەو بارەگای دەرباری پادشا بووە .

(٤٧) : له (ف. رۆتینبۆرگ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٢)موە وەرگیراوە .

(٤٨) : بۆرجیا بنەماڵەیەکی سەرداری ناسراوە کە بە نەژاد ئەرگۆنیی ئیسپانیایی‌بەو لە سەدەی پانزەیەمدا رووی کردۆتە ئیتالیا . ئەم بنەماڵەیە لە سایەی ئەلفۆنسۆ بۆرجیاوە کە لەساڵی ١٤٥٥ دا بووە بە پاپا بەدیارکەوتوە . هەروەها ئەلیکساندەری شەشەمیش یەکێك بوو لە خزمانیو لە ساڵانی (١٤٩٠-١٥٠٣)دا بوو بە پاپا .

(49) H. Butterfield, Op. Cit., pp. 131-132; "The Prince", pp. 22-23 "the Introduction).

(٥٠) : «مێژووی ئیتالیا»(سەرچاوەی پێشوو) ، ل ٣٣٥-٣٣٦ .

(51) F. Chabod, Op. Cit., pp. 94-95; R. Ridolfi, Op. Cit., p.9.

(٥٢) : ئەلین فیدرین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٢

(53) J. Plamenatz, Op. Cit., p. 33.
R. Rodilfo, Op. Cit., pp. 53-64; J Plamenatz, Op. Cit., p. 14.

(٥٤) : ئەم رایە بایەخێکی گەورەی هەیە ، چونکە مەکیاڤیللی‌یەکان دەبوو شوێن پێ‌یان هەڵبگرن .

(55) F. Chabod, Op. Cit., pp. 140, 142; F. Gilbert, Op. Cit., pp. 176-177.

(56) J. Plamenatz, Op. Cit., p. 42.

(57) S. H. Sabine, A history of Political theory, New York, 1950, pp. 337, 338.

(٥٨)«برایێتی یەسووعی‌یەت» یا «قەشە یەسووعی‌یەکان»

(59) R. Weiss, The spread of Italan Humanlsm, London, 1964, p. 84.

(٦٠) : ناونیشانی تەواوی کتێبەکە ئەمەیە :

"Discours sur les Moyens de bien gouverner et maintenir en bonne paix un Royaume ou autre Principaute-Contre Nicholas Machiavel", Florentin, 1576.

(٦١) : بگەڕێرەوە لای :

W. Lewis, Op. Cit., pp. 64, 71-72.

(62) Ibid, p. 71.

(63) Ibid, p. 66.

(64) Ibid, p. 69.

(65) Ibid, p. 72.

(66) "The Prince", p.9 (the Introduction).

(67) "Anti-Machiavel".

(٦٨) : لە (و. د. فاینشتین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦٨)ەوە وەرگیراوە .

(69) W. Lewis, Op. Cit., P. 102.

(٧٠) : مەبەست لەوەیە کە ئەگەر میرێك هەبووایە خۆی بە قوتابیی مەکیافیللی بزانیایە ، فەرمانی پێدەدا کە لە دانانی کتێبێکدا دژی مەکیافیللی لاسایی فردریکی گەورە بکاتەوە .

(71) W. Lewis, Op. Cit., pp. 102-103.

(72) Ibid, p. 105.

(73) "Renaissance and Reformation 1300-1648", Edited by G.R. Elton, Second edition, New York, P. 109.

(٧٤) : بگەڕێرەوە لای : ئەلێن فیلدرین ، سەرچوەی پێشوو ، ل ١٢–١٣ .

(75) A. Ridolfi, Op. Cit., p.9.

(٧٦) : بگەڕێرەوە لای : ئەلین فیدین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢–١٣ .

(٧٧) : مەکیافیللی ، میر ، ل ٦ «پێشەکی» .

(78) "The Civilization of the Renaissance in

Italy", An Essay by J. Burckhardt, New-York and Toronto, p. 93.

(٧٩) : أ. ك. جیفیلیکۆف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٧ .

(٨٠) : ف. رۆتینبۆرگ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٢-١١٣

(٨١) : ئەنتۆنیۆ گرامشی ، میری نوێ ، مەسەلەکانی زانستی سیاسەت لە مارکسیەتدا وەرگێڕانی زاهی شرقانو قیس الشامی ، بیروت ، ١٩٧٠ ، ل ٣٥ .

(82) R. Ridolfi, Op. Cit., pp. 196-197.

(٨٣) لەناو ئەو چەندین سەرچاوەیەدا کە بۆ ئامادە کردنی ئەم لێکۆلینەوەیە گەڕاومەتەوە سەریان تەنیا جیفیلیکۆف بایەخی تەواوی بەم باسە گرنگە داوە .

(٨٤) : أ.ك. جیفیلیکۆف ، سەرچاوەی پێشوو . ل ١٠٣ .

(٨٥) : لە هەمان سەرچاوە وەرگیراوە ، ل ١٠٦ .

(٨٦) : هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٧ .

(٨٧) : وتەکە لە هەمان سەرچاوە وەرگیراوە ، ل ١١١ .

(٨٨) : زۆربەی مێژوونووسان بە شێوەیەکی رووتوقووت ئیشارەتیان بەم وتەیە داوە ، واتە بەبێ نیشاندانی ئەو بارودۆخەی تیایدا وتراوە کە ئەوە بایەخێکی تایبەتی دەداتێ. بۆ نموونە بگەرێرەوە سەر :

.(R. Ridolfi, Op. Cit., p. 241; F. Chabod, op. Cit., p. 142.

(٨٩) : مەکیافیللی زاراوەی «پێغەمبەری بێ چەك»ی لە کاتی قسەکردنیدا لە بارەی رەبەنی فلۆرنسایی شۆڕشگێری هاوچاخی خۆیەوە (سافۆنارۆلا) بەکارهێناوە.لەم رووەوە سەلماندویێتی کە سەرکەوتن تەنیا بەشی پێغەمبەرە چەکدارەکان بووەو دەبێ . «میر-بەشی شەشەم» .

(٩٠) : بەهۆی نەخۆشیەکەوە لە گەدەیدا مردوە کە رەنگە ئارام لە بەربڕان کارێکی گەورەی نێکردبێ .

(٩١) : گەلێ لە مێژوونووسان مەکیافیللی نەك فرانسیس بیکۆن ، بە داهێنەری رێبازی لێگەڕان (أستقرائی) دادەنێن .

(٩٢) : لە ف.ی. رۆتینبۆرگەوە وەرگیراوە ، سەرچاوی پێشوو ، ل ١١١ .

(٩٣) : سەرەڕای ئەو شالاوەش سیاسی یەکان بە فراوانی لەسەر خوێندنەوەی «میر» بەردەوام بوون . (بگەڕێرەوە سەر :

C. Hayes, Modern Europe to 1870, New York, 1959, p. 26).

(٩٤) : ف. ی. رۆتینبۆرگ . سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٤ .

(٩٥) : بگەڕێرەوە سەر «ئەنسیکلۆپیدیای فەلسەفی» بەزمانی رووسی ، جزمی سێیەم ، مۆسکۆ ١٩٦٤ ، ل ٢٨٠ .

(٩٦) : ڤۆلتێر پەیوەندی یەکی پتەوی لەگەڵ ژمارەیەك لەو پادشا ئەوروپایی یانەدا هەبوو کە خۆیان بە پشتگیری کەری بزوتنەوەی رۆشنکاری (تنویر) نیشاندەدا ، لەوانە فردریکی گەورەو قەیسەری رووسیا کاترینی دووەم .

(٩٧) : بگەڕێرەوە لای أ.ك. جیفیلیکۆف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٠ .

(٩٨) : ك. مارکس و ف. ئینگلس ، بەرهەمەکانیان بە زمانی رووسی ، چاپی دووەم ، جزمی یەکەم . ل ١١١ .

(٩٩) : ف. ی. رۆتینبۆرگ ئەو وتەیەی ئینگلسی بۆ ناونیشانی کتێبەکەی دەربارەی سەردەمی راپەڕین هەڵبژاردوە (بگەڕێرەوە سەر پەراوێزی ژمارە ٤) .

(١٠٠) : ك. مارکس و ف. ئینگلس ، بەرهەمەکان ، جزمی ٢٠ ، ل ٣٤٦ .

(١٠١) : دوای گەڕانمان بە ناو هەر پەنجاو پێنج بەرگەکەی دواچاپی بەرهەمەکانی لینیندا ، هیچ ئیشارەتدانێکمان بە مەکیاڤیللی تێدا نەدین .

(١٠٢) : بگەڕێرەوە سەر : «دەمەتەقێ» ، پێشەکی ، ل ١٥–١٧ ، ف.ی. رۆتینبۆرگ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٤ .

H. Butterfield, Op. Cit., pp. 81-83.,;J. Plamenatz, Op. Cit., p. 42; J.R. Strayer and others, The Mainstream of Civilization, New York, 1974, p. 408.

(١٠٣) : نووسەریش هەن کە ناپلیون بۆناپارت بە «نوێنەرێکی راست و دروست»ی مەکیاڤیللیزم دادەنێن . بۆ نموونە بگەڕێرەوە سەر :

(103) "The Prince", p. 22 (The Introduction).

H. Butterfield, Op. Cit., p. 102)

(١٠٤) : بگەڕێرەوە لای ئەنتۆنیۆ گرامش، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٣و شوێنی تریش .

(١٠٥) : سانتیاگۆ کاریللۆ، ئەورۆ کۆمۆنیزمو دەوڵەت ، وەرگێرانی د. سعاد محمد خضر ، بەغدا ، ١٩٧٨ ل ١٤ .

(١٠٦) : لە أ.ك. جیفیلیکۆفەوە وەرگێراوە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠١

(107) "The Prince", p. 21 (The Introduction).

(١٠٨) : پشتیان بەو چاپە بەستوە کە شێخ ئەلیاس خلیل زخریا ، بیروت ١٩٦٣ ، ساغی کردۆتەوەو پەراوێزی لێداوە .

(١٠٩) برادەر دوکتۆر ناجی حسن دەیەوێ بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەم باسە بدوێ .

(١١٠) بگەڕێرەوە سەر : ئیف لاگۆست ، أبن خلدونی ناودار ، وەگێرانی میشال سلیمان ، بیروت ، ن ی یە ، ل ١٥٦ .

(١١٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٩ .

(112A) Creasy, History of the Ottoman Turks Beirut, 1961, pp. 252-253.

(١١٣) قسەی یەکێکە لەو وەگێڕە سوریاییانەی لای فەرەنسایی یەکان لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر میسر لەگەڵ محمد علی ی گەورەدا لە سەردەمی خۆیدا ئیشی کردوە .

(١١٤) بۆ درێژەی باس بگەڕێرەوە سەر : دوکتۆر جمال الدین الشیال ، مێژووی وەرگێڕانو بزوتنەوەی رۆشنبیری لە سەردەمی محمد علیدا ، قاهرە ، ١٩٥١ ، ل ٧٨-٨٢ ، ١٦٦-١٦٧ ، ٢١٦ .

(١١٥) دەربارەی لاوازی ی وەرگێرانەکە بگەڕێرەوە سەر ئەو بەراوردەی دوکتۆر جمال الدین الشیال لە ل ٢١٦ ی کتێبەکەیدا کردویتی . دەبێ ئەوەش بڵێین کە دەسنووسی ئەم وەرگێڕانە هێشتا ماوەو لە (دار الکتب)ی میسریدایە .

(١١٦) «کتێبی میر کە بریتی یە لە مێژووی میرایەتی یە رۆژئاوایی یەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا» ، دانانی نیکۆلا مەکیافیللی ، وەرگێرانی پارێزەر محمد لطفی جمعە ، قاهرە ١٩١٢ .

(١١٧) دەقی «میر» لە وەرگێرانە عەرەبی یە دووەمەکەیدا لە ١٤٨ لاپەرە دایە .

(١١٨) هەمان سەچاوە ، ل ٣٥ . (١١٩) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٣ .

(١٢٠) لە ساڵی ١٩٦٠دا وەرگێرانێکی نوێ ی میر لە لایەن خیری حمادەوە بڵاوکرایەوە کە هەتا ئێستا چەند چاپێکی لێدەرچووەو لە پاڵ دەقی «میر» خۆیدا ، وتەیەکی مۆسۆلینی و پێشەکی یەکی فراوانی کریستیان گاوس و بە دوادا چوونێکی فاروق سعدی، وەك پاشکۆیەك لە دوادوایی کتێبەکەدا لە گەڵدان .

(١٢١) پاریزەر محمد لطفی جمعە وەك لە پێشەكی‌یەكەیدا بۆ «میر»و لە شێوەی وەرگێڕانەكەیدا دەردەكەوێ ، خاوەنی رۆشنبیری‌یەكی بالاّ بووە ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا لە رێگەی یەكێ لە ئەوروپایی‌یەكانەوە نەبێ كە مەدح‌وستایشی زۆری‌و نموونە هێنانەوەی بەردەوامی لەسەر مەكیاڤیللی سەرنجی راكێشاوەو ئەوە وای‌لێكردوە بە دوای «میر»دا بگەڕێ‌و وەری‌بگێڕێ ، دەنا چی‌تری دەربارەی مەكیاڤیللی نەبیستوە .

(122) "Encyclopedia Brittannica", Vol. XI,vChicago-London, 1974, pp. 227,230.

(123) "Encyclopedia Americana", Vol. 18,vNew York, 1976, pp. 52-53.

(١٢٤) «ئەنسكلۆپیدیای فەلسەفی»، بە زمانی رووسی ، جزمی سێ‌یەم ، مۆسكۆ ، ١٩٦٤ ، ل ٢٨٠-٢٨١ .

(١٢٥) «ئەنسكلۆپیدیای مێژووی سۆڤیاتی»، بە زمانی رووسی ، جزمی هەشتەم ، ١٩٦٥ ، ل ٩٣٣-٩٣٤ .

(١٢٦) «ئەنسكلۆپیدیای گەورەی سۆڤیاتی»، بە زمانی رووسی ، چاپی دووەم ، جزمی ٢٥ ، مۆسكۆ ١٩٦٤ ، ل ١٠٦-١٠٧ ، هەروەها چاپی سێ‌یەم ، جزمی ١٥ ، مۆسكۆ ، ١٩٧٤ ، ل ٢٤ (٧٠٩-٧١١) .

(١٢٧) «مێژووی جیهان»، بە زمانی رووسی ، جزمی چوارەم ، مۆسكۆ ، ١٩٥٨ ، ل ١١٥ .

(128) C. J. Hayes, Op. Cit., pp. 18, 115.

(١٢٩) مەبەستمان ، ئیسلی ۆكەری عەمیدی پێشووی كۆلیجی كامبیۆنە .

(١٣٠) بگەڕێرەوە سەر ل ١٩ ، ٢٢ی پێشەكی‌یەكەی لیسلی ۆكەر لە «دەمەتەقێ»دا .

(131) "Action and Conviction in Early Modern Europe", editors J.K. Rabb and J.E. Seigel, Princeton, New Jersey, 1969, p. 26.

سیفەتی دامەزرێنەری زانستی سیاسەت بە لایەنی كەمەوە لە نیو سەدە لەمەوبەرەوە ، لە پالّ ناوی مەكیاڤیللیدایە .

(132) F. Gilbert, Op. Cit., pp. 183, 199.

(133) R. Palmer and J. Colton, Op. Cit., pp. 43.

(١٣٤) بگەڕێنەوە سەر . ف . ی . رۆتینبۆرگ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٧-١٠٨ .

(135) R. Ridolfi, Op. Cit., pp. 251-254.

(136) R. Weiss, The Spread of Italian Humani- sm, London, 1964, p. 83.

(١٣٧) آ . ف . جیفیلیكۆف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩١ .

لە نیکۆلۆ مەکیاڤیللی یەوە
بۆ لیۆرانسۆی مەزنی کوڕی
بیارۆ دی میدیتچی (١)

خەڵکی پیشەیان وەهایە کاتێ دەیانەوێ خۆیان لە میرێك نزیك بکەنەوە ، بەهەلا دەدەن جۆرە دیاری یەکی پێش کەش بکەن کە بە باوەڕی خۆیان گرانبەها بێ ، یا لەو بابەتە شتانە بێ کە دەزانن میر هۆگریانە . بەم شێوەیە دیاری بە زۆری لە بابەتی ئەسپ و چەك و جل و بەرگی رازاوە بە زێڕو گەوهەرو زۆر کەل و پەلی جوانی تر کە شیاوی شان و شکۆی میران بن ، بە سەریاندا دادەبارێن . سا منیش لەبەر ئەوەی حەز دەکەم سووکە بەڵگەیەك بۆ نیشانەی دڵسوزی ی خۆم بەرامبەر بە جەنابی پایەبەرزتان پێشکەش بکەم ، لە ناو ئەو شتانەدا کە هەمن ، هیچی وەهام نەدی یەوە مایەی شانازی پێوەکردنم بێ و لای خۆم جیگەی ڕێزلێنانێکی زۆر بێ ، ئەو زانستی یەم نەبێ کە دەربارەی کردارو رەفتارە پیرۆزەکانی گەورەپیاوان هەمەو لە ئەنجامی تاقی کردنەوەیەکی دوورو درێژی خۆمەوەو شارەزایم لە کارەسات و بەسەر هاتەکانی ئەم سەردەمەی ئێستامان و وردکردنەوەی ڕووداوەکانی رابرووەدا ، دەستم کەوتوە .

ئینجا دوای خۆماندووکردنێکی زۆر بە وردبوونەوەو کۆڵینەوەوە لە کردارو رەفتارەکانی ئەو پیاوە مەزنانە . گەیشتمە چەند ئەنجامێك کە ئەوەتا لە چوارچێوەی بەرگێکی بچووکدا . پێشکەش بە پایەبەرزتانی دەکەم . من هەرچەندە وایدادەنێمئەم

کارە شیاوی ئەوە نی‌یە پایەبەرزتان لێمی وەربگرن ، بەڵام باوەڕم بە مرۆڤپەروەریتان دەمخاتە سەر ئەو رایەی کە هەست‌و سۆزتان بۆ وەرگرتنی کتێبەکەم دەبزوێ ، چونکە بڕواتان هەیە کە من لەوە زیاترم لە وزەدا نی‌یە دیاری‌یەکتان لەمە بایەخدارتر پێشکەش بکەم کە دەزانم یاریدەتان دەدا لە ماوەیەکی کورتدا لە هەموو ئەو کاروبارانە حاڵی ببن کە من فێریان بووم‌و ساڵانێکی زۆری پڕ لە تەریکی‌و مەترسیم بۆ فێربوونیان بەسەر بردوون . هەوڵیشم نەداوە کتێبەکەم بە رستەی درێژدرێژ ، یا بە نەقش‌ونیگاری وشەی پفدارو ، یا پلپلەو زلزلەی رەنگینی دروستکراوی ئەوتۆ برازێنمەوە کە گەلێ لە نووسەران بۆ تاس‌و لووسدانی بەرهەمەکانیان پەنایان دەبەنە بەر . چونکە من تەنیا هێندەم ناووناوبانگ بۆ کتێبەکەم دەوێ کە لە سایەی بایەخداری‌و سەنگینی‌ی باسەکەیەوە بۆی ساز بێ . من دڵنیام هیچ لەخۆبایی‌بوونێك لەوەدا نی‌یە کە مرۆڤێکی تەریکی سەرکز بێتە بنشەوەو خۆی لە هەوڵدانی باسکردنی حکوومەتەکانی میران هەڵبقورتێنی‌و رێنمایی‌یان بکا ، چونکە وێنەگرانی دیمەنەکانی سرووشت ناو دۆڵ‌و نشێوەکان دەکەنە مەڵبەند ، هەتا لەوێوە وێنەی قەڵاو چیاکان رەسم بکەن ، هەروەکوو دەچنە سەر گردو هەڵەتەکان هەتا بەسەر دەشت‌و نشێواندا بڕوانن‌و دیمەنی راستەقینەیانیان دەسگیر بێ . بەم پێ‌یە تۆش دەبێ میرێك بیت تا بتوانیت بە وردی شارەزای دڵ‌ودەروونی گەل ببیت ، هەروەکوو پێویستە یەکێك بیت لە کوروکاڵانی گەل تا بتوانیت تەبیعەتی میران بناسیت .

جا ئاخۆ بەم حسابە ، بۆم هەیە تکا لە پایەبەرزتان بکەم ئەم دیاری‌یە بچووکەم ، بە هەمان گیانی پێشکەش کردنەکەیەوە لێ‌وەربگرن؟ خۆ ئەگەر لوتفتان نواندو پەیڕەوی ناوەرۆکی ئەم کتێبەتان کرد ، ئەوا دوایی پێدەزانن چ حەزێکی بەتەوژم لە دڵدایە بتانبینمەوە گەیشتبن بەو مەزنی‌یەی کە بەهرەو خۆشبەختی‌ی خودی خۆتان بۆی لە سەرپێن .

ئەگەر پایەبەرزتان مەرحەمەت بفەرموون‌و لەو کەشکەلانی فەلەکەتانەوە سەیری ئەم پەنای سەرکزی‌یە بکەن کە تیایدا داسەکناوم ، ئەوا پێدەزانن چ ئازارێکی گەورەو گران کە بەدبەختی‌یە نەگریسەکەم تووشی کردووم ، لە ناهەق دەچێژم .

١

شێوەکانی حکوومەت و جۆری دامەزراندنیان

گشت ئەو حکوومەت و مەملەکەتانەی لە رابوردوودا فەرمانڕەوایی نەژادی ئادەمیزادیان کردووەو ئاێستاش دەیکەن ، لە دوو شێوە بەدەر نین : یا شێوەی جەمهووری یەتە ، یاخود شێوەی پادشایەتی یە . پادشایەتیش یا میراتگری دەبێ کە بەدرێژایی سالانێکی دوورودرێژ ، حوکم کردن لە ناو کەسانی یەك بنەماڵەدا ئەمدەست و ئەو دەستی پێدەکرێ ، یاخود تازە دروست دەبێ و دێتە کایەوە . ئەم پادشایەتی یە تازە دروستبووەش ، یا لە هەموو شتێکیدا نوێ دەبێ وەك حاڵەتی (میلان) کە فرانسیسکۆ سفورزا[٢] خۆی تێدا کرد بە پادشا ، یاخود پاشکۆیەکی نوێ دەبێ و دەدرێتە پاڵ مەملەکەتی میرێکی میراتگر ، واتە میرەکە دەیداتە پاڵ مەملەکەتەکەی خۆی وەك حاڵەتی مەملەکەتی (ناپۆلی)[٣] کە پادشای ئیسپانیا حوکمی دەکا . ئینجا ئەم جۆرە دراوەپاڵەش ، یا ئەوەتا بەم شێوە حوکمە راهاتوو بووە لەبەر ئەوەی ژێردەستەی میرێکی تر بووە ، یاخود دەوڵەتێکی سەربەست بووەوبەلام لە رێگەی هێزی سوپایی تایبەتی میرەکەوە ، یا هێزی کەسانی ترەوە ، یا لە رێگەی خۆشبەختی و تواناو دەسەلاتێکی تایبەتی یەوە دراوەتە پاڵ مەملەکەتی ئەم میرە .

٩

پادشایەتی ی میراتگری

لەم بەشەدا باسی جەمهوریەت ناکەم ، چونکە لە شوێنێکی تردا بە دوورودرێژی لێیدەدوێم ، (٤) بەڵکوو باسی پادشایەتی دەکەمو لەو ڕێوشوێنانە دەدوێم کە شێوە جۆراوجۆرەکانی پادشایەتی ی پێ بەڕێوە دەبرێن و دەپارێزرێن . جا بەرادەی یەکەم ، ئەرکی پاراستنی پادشایەتی ی میراتگری کە خەڵکی تیایدا بە بنەماڵە فەرمانڕەوا کە ڕاهاتوون ، ئاسانترە وەك لە ئەرکی پاراستنی پادشایەتی یەکی نوێ ، چونکە لەویاندا تەنیا ئەوە بەسە کە پیاو دەسدرێژی نەکاتە سەر ئەو پاشماوە میراتییانەی خەڵکی ئاشنایان بوون و بشتوانێ لەگەڵ هەر دۆخێکی چاوەڕواننەکراودا خۆی بگونجێنێ . میر ئەگەر کوششبکارو کارامە بێ ، هەمیشە دەتوانێ لەم ڕێگایەوە پایەوپلەی خۆی بپارێزێ ، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێ کە مەگەر هێزێکی بێئامانی زۆر کاریگەر بێتە کایەوەو لەو پایەوپلەیەی دەرپەڕێنێ . تەنانەت ئەگەر دەریشپەڕێنرا ، هێشتا هەر دەتوانێ کە هەر هێندەی میرە تازەکە سووکە پڕیشکێکی بەختڕەشی گرتی یەوە ، ئەم پایەوپلەی پێشووی خۆی وەربگرێتەوە .

نموونەش بۆ ئەمەی وتمان ئیتالیایە کە دۆق فیزار توانی لە ساڵی ١٤٨٤دا لە رووی هێرشی‌و پەلاماری ڤینیسیایی‌یەکانو[٥] لە ساڵی ١٥١٠دا لە رووی هێرش‌و پەلاماری پاپا یۆلیۆسدا خۆی رابگرێ ، ئەویش لە سایەی یەك شتەوە بوو کە تەمەن‌درێژی‌ی بنەماڵەکەی بوو لە فەرمانڕەوایی‌کردنی شارەکەدا . جا لەبەر ئەوەی کارێکی ئاسایی‌یە کە هیچ دووبەرەکی‌یەك بە حوکمی پێویستی‌و ناچاری ، نەتوانێ قەوارەی میرێکی خاوەن هەق شەرعی بشڵەقێنێ ، هەروەها ئەوەش کارێکی ئاسایی‌یە کە گەل ئەو میرەی‌زۆر خۆش بوێ . چونکە ئەگەر ئەو خراپەکاری‌یانەی لێ‌یدەوەشێنەوە لە رادەبەدەر نەبن‌و خەڵکەکە ناچاری بوغزاندنی نەکەن ، ئەوا بە لایانەوە ئاسایی دەبێ کە بە پەرۆشەوە هۆگری ببن‌و بەدرێژایی ساڵانی حوکمرانی‌یەکەی بەزم‌ورەزمی تازەبازی‌و نوی‌کردنەوە فەرامۆش بکەن ، چونکە هەر ئاڵ‌وگۆڕێك لە رژێمی حوکمدا هەردەم رێگا بۆ ئاڵ‌و گۆڕێکی‌تر خۆش دەکا .

٣

پادشایەتی تێکەڵاو

کۆسپ و تەگەرە هەمیشە یەخەی پادشایەتی ی نوێ دەگرن. چونکە دەوڵەت ئەگەر لەو بابەتە نەبێ کە تازە دروست بووبێ، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەندامەتی یەوە بێ لەم دەوڵەتێکی تێکەڵاودا، ئەوا بەرادەی یەکەم ئاژاوەی لە ئەنجامی ئەو کۆسپ و تەگەرە ئاسایی یانەوە تێدا سەرهەڵدەدا کە لە هەموو مەملەکەتە تازەکاندە روودەدەن، لەبەر ئەوەی کە خەڵکی لە حەزوئارەزووی خۆیانەوە بە هیوای چاککردنی باری ژیانیان، روو لە گۆڕینی حوکمڕانەکانیان دەکەن. ئینجا ئەم باوەڕە هانیاندەدا بۆ شۆڕش بەرپاکردن دژی ئەو حوکمڕانانەی خەڵەتاندبوویانن، بەتایبەتی ئەگەر بە تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتبوو کە باری ژیانیان لە خراپەوە بۆ خراپتر چووە. ئەمەش ئەنجامێکی دروستی هۆیەکی بەڵگەنەویستی ترە کە بریتی یەلەو ئەشکەنجەو ئازارە بێ پەروایەی سەربازەکانی حوکمڕانە نوێیەکە بە خەڵکی ئەو مەملەکەتەی دەنۆشن کە میرەکە خستوێتی یە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە، یا بریتی یە لەو زەرەروزیانو دەسدرێژی کردنە لە ژمارەنەهاتووانەی لە داگیرکاریەکەی دەوەشێنەوە.

بەم شێوەیە تۆ هەردەم دوژمندار دەبیت‌و دوژمنانیشت لەوانە دەبن کە لە ئەنجامی داگیرکردنی ولاتەکەیاندا زەرەرمەند بوون . وەکی تر ناشتوانیت دۆستایەتیت لەگەل ئەوانەدا بپارێزیت کە بۆ دەسگیرخستنی ئەم مەملەکەتازەیە یارێدەیان دابوویت ، چونکە لە تواناتدا نابی هەموو هیواو ئاواتەکانیان بەجی بێنیت . هەروەکوو ئەوەشت لە وزەدا نابی کە بە توندوتیژی‌و بە سەختی رووبەروویان ببیتەوە ، لەبەر ئەوەی وا هەست دەکەیت کە قەرزێکیان بەسەرتەوە هەیە . لەبەر هەموو ئەم هۆیانە ، تۆ لەشکرەکانت چەندە بەهێزیش بن ، هێشتا هەر پێویستی‌ی هەرە زۆرت بە سۆزو خۆشەویستی‌ی خەلکەکە دەبی تا بتوانیت ولاتەکەیان داگیر بکەیت . ئینجا رەنگە ئەم قسانەم ئەو هۆیانە روون بکەنەوە کە بوونە مایەی دەرپەراندنی پادشای فەرەنسا لویسی دوانزەیەم[٦] لە (میلان)و هەر دوای داگیرکردنیشی لە سایەی لەشکرە بەهێزەکانی‌یەوە بە ماوەیەکی کەم .

لە کاتێکدا ئەو هێزەی دەری‌پەراند ، بریتی‌بوو لە تەنیا لەشکرە پچووکەکەی لۆدفیکۆ[٧] کە هەر لە سەرەتاوە دیاربوو ئەو ئامانجەی پێ بەدی‌دەهێنرێ ، چونکە ئەو خەلکەی لە سەرەتادا بە رەزامەندی‌ی خۆیان‌و بە خۆشنوودی‌یەوە دەرگای شارەکەیانیان بۆ پادشای فەرەنسا خستە سەرپشت ، هەرزوو هەستیان‌کرد کە ئەو هیواو ئاواتانەی بە تەمایان بوون ، وەك بلقێکیسەر ئاو بوون‌و هیچ کام لەو سوودو مەسلەحەتانەیان دەسگیر نەبوو کە چاوەروانی بوون . بەم جۆرە نەیانتوانی لە ژێر باری فەرمانرەوایی میرە تازەکەیاندا بمێننەوە ، لەبەر ئەوەی لی‌ی بەگومان بوون .

بەلام هەقە ئەوەش بوترێ کە ئەو حوکمرانەی مەملەکەتێکی لی‌هەلگەراوە داگیر دەکاتەوە ، ئەمجارەیان بە ئاسانی لە دەستی نادا . چونکە ئەنجامی وریابوونەوەی بە دوای شۆرشەکەدا ، وای لێدی لە رووی پارێزگاری کردنەوە لە پایەوپلەی خۆی ، کەمتر توندوتیژی لە سزادانی تاوان‌باران‌و گرتنی گومان‌لێکراواندا بنوێنی‌و کەمتر هەولی خۆبەهێزکردن لە ئاستی لایەنە لاوازەکانی خۆیدا بدا . جا هەرچەندە تەنیا سەرهەلدانی یەکێکی وەك دۆق لۆدفیکۆ لەسەر سنووری میلانەوە کارێکی وای کرد فەرەنسا لە جاری یەکەمیدا دەسەلاتی بەسەر شارەکەدا لە کیس بچی ، بەلام لە جاری دووەمدا

ئەو دەسەڵاتو سەروەری‌یەی بەسەر شارەکەدا وەختێك لە دەس چوو کە هەموو جهانی لێ ڕاست بووەوەو لەشکرەکانی شکێنران و ناچار کران ئیتالیا جێ بهێڵن ، ئەمیش لە سایەی ئەو هۆیانەوە بوو کە لەوەبەر لێیان دووام . بەڵام بە هەرحاڵ ، لە هەردوو جاردا دۆڕاندی .

من ئەوەبوو هۆیە گشتی‌یەکانی دۆڕاندنەکەی جاری یەکەمیانم باس کردن و ئینجا ئێستا دێمە سەر شی‌کردنەوەی هۆیەکان لە جاری دووەمداو ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێ و شوێنانەی کە فەرەنسا دەیتوانی پەیڕەویان بکا تا نەیەڵێ ئەوە ڕوو بدا ، یا ئەو ڕێ‌وشوێنانەی کە هەر حوکمڕانێکی تری وەك پادشای فەرەنسا ، ئەگەر لە وەزعی ئەمدابووایە ، دەبوو پەنایان بەرێتەبەرو کەچی نەیکرد . جا سەرەتا دەبێ ئاگادار بین کە ئەو دەوڵەتانەی بە چوونەپاڵ دەوڵەتێکی تر کە لەوەبەر هەبووە یەکدەگرن و کە ڕەنگە هەردوو لا لە یەك نەتەوە بن و بەیەك زمان بدوێن یاخود وەهاش نەبن ، پاراستنی چوونەپاڵەکەی تێدا زۆر ئاسان دەبێ ، بە تایبەتی ئەگەر دەوڵەتە دراوەپاڵەکە بە سەربەستی ڕانەهاتبێ . بەڵام لێرەدا بۆ بەدووگرتنی وەزعەکە لە مەترسی ، پێویستە ئەو بنەماڵەیەی لەوەبەر حوکمڕانی‌ی دەوڵەتەکەی کردوە لە ڕەگ‌وریشەوە بن‌بڕ بکرێ و ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە تا بڵێی ئاسانە ، چونکە بارودۆخە باوەکەی ڕابوردوو تێکناچێ و ناشڵەقێ و خەڵکەکەش لە سایەی هەر حوکمڕانێکی تازەیاندا کە دێت ، حەز بە هێمنی و ئاسوودەگی دەکەن . نموونەش بۆ ئەمە بەروونی لە بۆرگندیاو بریتانی و گاسکۆنیاو نۆرماندیادا دەردەکەوێ کە لە دمێکەوە لەگەڵ فەرەنسادا یەکیان گرتوە . ئەم وڵاتانە ئەگەرچی هەندێ جیاوازی‌یان لەرووی زمانەوە لە نێوانیدا هەیە ، بەڵام نەریت‌وخووی خەڵکەکە لە هەموویاندا تا ڕادەیەکی زۆر وەك یەکەو دەتوانن شان‌بەشانی یەکەوە بڕۆن و زۆر بە ڕێك‌وپێکی و برایانە پێکەوە بژین . بۆیە هەر کەس کە دەیەوێ دەست بەسەر ئەم جۆرە مەملەکەتانەدا بگرێ و مەبەستی بێ لە دەستیان نەدا ، دەبێ هەمیشە دوو شتی زۆر بایەخداری لە پێش‌چاو بن . یەکەمیان قەلاچۆکردنی بنەماڵە حوکمڕانەکەی پێشووەو دووەمیشیان گۆڕینێکی بنەڕەتی نەخاتە ناو جۆری یاساو باج‌سەندنی مەملەکەتە دراوەپاڵەکەوە . بەم شێوەیە هەردوو

ولاَت دەتوانن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا یەكبگرنو یەك دەوڵەت پێك بهێنن.

یەکەمیان قەلاچۆکردنی بنەرەتی نەخاتە ناو جۆری یاساو باجسەندنی مەملەکەتە دراوەپاڵەکەوە. بەم شێوەیە هەردوو ولاَت دەتوانن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا یەكبگرنو یەك دەوڵەت پێك بهێنن.

بەلاَم پیاو کە ناوچەیەکی جیاواز لە زمانی خەڵکەکەی‌و لە جۆری یاساو نەریت‌وخوویاندا دەخاتە سەر مەملەکەتەکەی خۆی، ئەو کۆسپ‌و تەگەرانەی تووشی دێن گەلێ گەورەو سەخت دەبن‌و تەخت‌کرنیان بە نیازی پاراستنی مەملەکەتە تازەکە. خۆشبەختی‌و کۆشش‌و تەقەلایەکی بێ‌وچان‌و بەردەوامی دەوێ. رەنگیشە باشترین رێ‌وشوێن‌و چاکترینیان لە ئاسوودەبەخشیدا،، ئەوە بێ کە حوکمرانە نوێیەکە بارەگای خۆی بگوێزێتەوە بۆ مەملەکەتە تازەکە، چونکە ئەم بڕیارە مەملەکەتەکەی سەلامەت‌ترو تەمەن‌درێژتر دەکا، وەك چۆن تورکەکان لە ولاَتی یۆناندا کردیان. ئەوان ئەگەرچی بۆ هێشتنەوەی یۆنان لە ژێر چنگیاندا پەنایان بردە بەر گەلێ رێ‌وشوێنی‌تر. بەلاَم لە راستیدا ئەگەر تورکەکان خۆیان نەچوونایەتە ناو ولاَتی یۆنانەوەو تیایدا نیشتەجێ نەبوونایە، ئەو کارەیان بۆ ساز نەدەبوو، لەبەر ئەوەی کە بوونی داگیرکەر خۆی لە ناوچەکەدا یاریدەی دەدا هەست بەهەر ئاژاوەیەك لە ساتی روودانیدا بکاو یەکسەر چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. لە کاتێکدا ئەگەر لێی دوور بوو.. دوای ماوەیەك ئینجا دەیبیسێ کە ئەو وەختە چارەسەرکردنی زەحمەت دەبێ زیاد لەمە. ئەوسا ناوچە داگیرکراوەکەش نابێتە مەیدانی رمبازێنی حەزو ئارەزووی کاربەدەستانی حوکمرانە داگیرکەرەکەو رەعیەتەکەش لە رێگەی پەیوەندیکردنی راستەوخۆوە بە حوکمرانەکە خۆیەوە، دەتوانن ئەو دادپەروەرییە دەسگیر بخەن کە بە ئاواتییەوە دەبن. ئینجا لەبەر ئەوەی رەعیەت هەمیشە حەز دەکەن ملکەچی‌ی خۆیان بۆ حوکمرانەکەیان دەربخەن، ئەمە هانیان دەدا بۆ خۆشویستنی، یا ئەگەر خۆشیشیان نەوێ هەر هیچ نەبێ لێی دەسلەمێنەوە. هەروەها ئەگەر دەوڵەتێکی بێگانە نیازی پەلاماردانی ئەو خاکە داگیرکراوەی هەبێ، ئەوا بوونی میرەکە تیایدا وای لێدەکا لە هەنگاوبۆنانیدا سڵ بکاتەوە، چونکە دەزانێ کە دەرپەڕاندنی ئەو میرە لە

بارەگاکەی چەندە زەحمەت و بەئەرك دەبێ . بەڵام گومانی تێدا نی یە کە باشترین چارەسەر ، دروست کردنی مرۆمۆڵگە لە شوێنێك یا دوو شوێنی ستراتیژیداو هەندێ لە خەڵکی وڵاتەداگیرکارەکەی تێدا نیشتەجێ بکرێ . چونکە یا دەبێ ئەم پلانە جێبەجێ بکرێ ، یاخود دەبێ هێزێکی گەورەی سەربازی لە وڵاتە داگیرکراوەکەدا بهێڵرێتەوە . ئەم مرۆمۆڵگانە ئەرکێکی کەم دەخەنە ئەستۆی میر . ئەو کە هەندێك لە رەعیەتەکەی خۆی بۆ ئەو شوێنانە دەنێرێ ، لە سەرەتادا هێندەی دەکەوێتە سەر کە مەسرەفێکی زۆر کەمیان بکێشێ و هەر ئەوەندەبێ پێی بژین . بەم کردەوەیەشی خراپەی تەنیا بۆ ئەو کەسانە دەبێ کە زەوی و خانووبەرەیان بۆ نیشتەجێ کردنی خەڵکە تازەکە لێداگیردەکرێ . ئەوانەش ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکە پێکدەهێنن کە دوای لە دەس چوونی زەوی یەکانیان لات و هەژار دەکەون و دەربەدەری ئەملاوئەولا دەبن و لە توانایاندا نابێ زیان بە میر بگەیەنن . لە کاتێکدا خەڵکەکەی تر کە هیچ خراپەیەکیان لەگەڵدا نەکراوە ، بۆ دڵراگرتنی حوکمرانەکەو لە ترسی ئەوەی بە دەردی زەوی لێداگیرکراوەکانیان نەبا ، بە ئاسانی هێمنی و ئاسایشی خۆیان دەپارێزن . بە کورتی ئەم مرۆمۆڵگانە هیچی ئەوتۆ لەسەر میر ناکەون و دانیشتووانیشی لایەنگیرو دڵسوزی دەبن و کەمتر لەو خەڵکەی وڵاتەکە بۆی زەرەربەخش دەبن کە هەژارو دەربەدەر بوون و ئەوانیش وەك وتمان دەسەلاتی زیان گەیاندنیان بە میر نابێ . ئینجا پێویستە لەوەش بەئاگا بین کە ئێمە دەبێ لەگەڵ خەڵکدا یا بە بەزەیی بین یا قەلاچۆیان بکەین ، چونکە ئەوانە لە توانایاندا هەیە تۆڵەی خراپەکاری ی بچووك بکەنەوە ، بەڵام لە ئاستی تۆڵەسەندنەوە لە خراپەکاری ی گەورەو کاریگەردا دەستەوستانن . لەبەر ئەوە ئەگەر ویستمان دەست لە مرۆڤێك بوەشێنین دەبێ هێندە کاریگەر بێ کە بە دوایدا تووشی ترس لە تۆڵەسەندنەوەی نەبین .

وەکی تر هێشتنەوەی هێزی سەربازی لە بری مرۆمۆڵگە مەسرەفێك دەخاتە ئەستۆی میر کە گشت دەسکەوتی دەوڵەتەکە بەرگەی ناگرێ و لە ئەنجامدا موڵکە تازەکە زیانی پێ دەبەخشێ نەك قازانج . ئەمە جگە لە دڵشکاندنی سەرجەمی خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکە کە دەبینن لەشکرێك لە خاکەکەیاندا خۆی داکوتاوە . ئەم جۆرە

هەستکردنەش بە دڵشکاوی هەموو خەڵکەکە دەکا بە دوژمنێکی ئەوتۆ کە دەتوانن زەرەر ببەخشن . چونکە ئەوان ئەگەرچی ژێرکەوتوون ، بەلاّم هێشتا لەسەر ماڵو موڵكو لە خاکی خۆیاندان . بەم جۆرە هێزی سەربازیِ بەهەر حاڵێك بێ بی‌کەڵکە ، لە کاتێکدا مرۆمۆڵگ گەلێ بەکەڵکە . هەروەها فەرمانڕەوای هەر ناوچەیەکی بێگانەی داگیرکراو . وەك باسم کرد ، دەبێ خۆی بکاتە پێشەواو پارێزەری دراوسێ لاوازەکانی و هەوڵیش بدا بەهێزەکانیان لاواز بکاو پاراستنیانی لە شالاّوی حوکمڕانێکی بێگانەی بەهێزو دەسەلاّتی) وەك خۆی لا مەبەست بێ . ئینجا ئەوسا دەبینێ لە لایەن ئەو دراوسێیانەوە کە بە هۆی زیادەخوازی یا ترسەوە لەگەڵ یەکتردا ناکۆکن ، هەمیشە داوای دەستێوەردانی کاروبارییانی لێدەکرێ . ئەمە کتومت لە ئیتۆلی‌یەکانی

روودا کاتێ رۆمانەکانیان بۆ ولاّتی یۆنان بانگ کردو ئیتر ئەمانیش سەیریان کرد هەر ناوچەیەو لەسەر خواستی خەڵکەکەی دەچنە ناوی‌یەوە . چونکە ئەوە بنەمایەکی گشتی‌یە کە وەختێ بێگانەیەکی بەهێز دەچێتە ناو میرایەتی‌یەکەوە ، کەسانی لاواز لە دانیشتووانی یەکسەر دەبنە پشتیوانی . هاندەریشیان بۆ ئەمە حەسوودی‌بردنیانە بەوانەی لەوەبەر کاروبارییانیان گرتبووە چنگ . بەم شێوەیە حوکمڕانە تازەکە لە راکێشانی وردە پیاوماقوولانو دەسڕۆیشتوواندا بە لای خۆیدا ، زەحمەتی‌یەکی ئەوتۆ نابینێ . چونکە بە تەواوی حەزو ئارەزووی خۆیانەوە پشتگیری‌ی ئەو دەوڵەتەی دەکەن کە بنیادی ناوە . بەلاّم بەهەرحاڵ دەبێ وریابێو نەیەڵێ بگەنە رادەی بەهێزیو دەسەلاّتداری‌یەکی زۆرو ئیتر لە رێگەی هێزەکانی خۆیو پشتگیریکردنی ئەو پیاو ماقوولانەوە ، بە ئاسانی دەتوانێ خاوەنهێزەکان لە میرایەتی‌یە نوێیەکەیدا لەناو بەرێو لە هەڵسووراندنی کاروباری میراتی‌یەکەیدا خۆی ببێتە تاقە حوکمڕان . ئینجا ئەو میرەی لە فەرمانڕەوایی‌کردندا ئەم رێگەیە ناگرێتەبەر کە باسم کردو لێی لادەدا ، ئەوا هەرچی‌یەکی دەسگیر بووبێ لە دەستی دەداو بگرە لە ماوەی فەرمانڕەوایی‌کردنە کورتەکەشیدا ، تووشی گێچەڵو کۆسپو کەندێکی لەژمارەنەهاتوو دەبێ .

رۆمانەکان لە هەموو ئەو ناوچانەدا کە داگیریان دەکردن هەمیشە لەسەر ئەم سیاسەتە دەڕۆیشتن. مرۆمۆڵگیان تێدا دروست دەکردن و خەڵکەکەی خۆیانیان لە ناودا نیشتەجێ دەکرد. وردە پیاوماقولانیان لە خشتە دەبردو ماوەی بەهێزبوونیشیان نەدەدان، یا ئەوانەی بەهێز بوونایە لە دەسەڵاتیان دەخستن. هەروەکوو نەیاندەهێشت هیچ حوکمڕانێکی بێگانەی‌تر جێ‌پێی لە وڵاتی ئەوانەدا بکاتەوە. حاڵەتی وڵاتی یۆنان لەم ڕووەوە نموونەیەکی دەگمەنەو من بۆتانی دەخەمەڕوو. ئەوەبوو ڕۆمانەکان بە سەرێك ئاخی‌یەکان‌و ئیتۆلی‌یەکانیان[٨] کردە دۆستی خۆیان‌و مەملەکەتی مەکدۆنیایان[٩] لەناوبردو ئەنتاکی‌یەکانیان دەربەڕاند، بە سەرێکیشی ماوەیان نەدا ئاخی‌و ئیتۆلی‌یە دۆستەکانیان ناوچەکانی خۆیان بەرفراوان بکەن‌و پەل بۆ دوورتر بهاون. هەروەکوو گوێیان نەدایە ئەو تەماعەی کە (فیلیپ)[١٠] بە نیازی دۆستایەتی بەستن لە گەڵیاندا دەیخستە بەریان، لەوەختێکدا نەبێ کە سەرکزو لاوازیان کرد. هەروەها ماوەیان بە ئەنتیۆخۆسیش[١١] نەدا دەست بەسەر هیچ بەشێکی یۆناندا بگرێ، ئەگەرچی بەهێزیش بوو.

ئەوەی ڕۆمانەکان لەم حاڵەتانەدا کردیان، دەبێ گشت ئەو میرە زیرانەش بەبێ لێ‌لادان بیکەن کە بایەخ نەك تەنیا بە کاروباری حاڵی‌حازریان دەدەن، بەڵکوو بیریان بۆ ئەو ناکۆکی‌یانەش دەچێ کە چاوەڕوانی ڕوودانیان لە دوارۆژدا دەکرێ، هەتا خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو خۆلادان لە مەترسیان ئامادەبکەن، چونکە چاوەڕوانکردنی ڕوودانیان وا لە مرۆڤ دەکا بتوانێ بە ئاسانی چارەسەریان بکا. بەڵام ئەگەر گوێ نەداتێ تا ڕوودەدەن، چارەسەر کردنەکە بێ‌سوود دەبێ، لەبەر ئەوەی دەبینێ نەخۆشی‌یەکە ئەو وەختە بنجی داکوتاوە. ئەمە تەواو لەگەڵ نەخۆشی‌ی سنگدا دەگونجێ کە دوکتۆرەکان دەربارەی دەڵێن :— لە سەرەتایدا دەسنیشانکردنی زەحمەتەو چارەسەرکردنی ئاسانە، بەڵام ئەگەر ماوەیەکی بە سەردا تێپەڕی‌و خراپە پشت گوێ، ئەوا دەسنیشانکردنی ئاسان دەبێ‌و چارەسەرکردنی زەحمەت. جا لە کاروباری دەوڵەتیشدا کت‌ومت وەها دەکەوێتەوە. چونکە پێزانینی خراپەکاری پێش ڕوودانی،

که ئەمە بۆ مرۆڤی ژیر کارێکی زەحمەت نی‌یە ، ری‌ی بۆ خۆش دەکا بە ئاسانی چارەسەری بکا . لە کاتێکدا ئەگەر کەم‌ئەقڵی بووە هۆی مانەوەو بەردەوام بوونی تا وای لێ بێ هەموو کەس بتوانێ دەسنیشانی بکا ، ئەوا چارەبۆدۆزینەوەی لە توانادا نابێ . بۆ نموونە رۆمانەکان بەر لە ماوەیەکی زۆر هەستیان بە رووداوی هەر ئاژاوەو سەرپێچی کردنێك دەکردو بەو پی‌یە چارەسەریان بۆ دەدۆزی‌یەوە . پیشەشیان وەها بوو کە نەیەڵن پەرە بسێنێ نەوەکوو ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەر . لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دەیانزانی کە خۆبەدوورگرتن تا سەر لە شەر کارێکی بێ‌هوودەیەو تەنیا دەتوانرێ دوا بخرێ کە دواخستنەکەش بە زۆری سوودی لایەکەی‌تری تێدا دەبێ . بۆیە بریاریان‌دا لەگەڵ فیلیپو ئەنتیۆخۆسدا لە یۆناندا بجەنگن ، تا نەیەڵن شەرەکە بکەوێتە ناو ئیتالیاوە . ئەمە لە کاتێکدا رۆمانەکان ئەو وەختە دەیانتوانی خۆیان لە هەردوو جەنگەکە بەدوور بگرن . بەلأم نەیان‌کردو گوێشیان نەدایە سوودبینین لە دواخستنیان کە ئەوە لە رۆژگاری ئێستادا بۆتە پەندێك‌و بەسەر زمانی هەر یەکێك لە پیاوە زۆر ئاقڵەکانمانەوەیەو دەڵێن دەبێ چێژی دواخستن لە دەس نەدەین ، بەڵکوو وایان بە باش زانی کارەکە بدەنە دەست لایەنی چاکەو راستگۆیی هەستونەستی خۆیان ، چونکە رۆژگار هەموو شتێکی لێدەوەشێتەوە ، دەشێ بەویەری کەم‌تەرخەمی‌یەوە یا خێر بدا بە دەستەوە یا شەر .

ئێستا با بگەرێینەوە سەر فەرەنساو بزانین ئایا ئەویش کاروباری وەها مەیسەر کرد؟. من باسی شارل(١٢) ناکەم ، بەڵکو لە لویس دەدوێم کە کردارەکانی فەرەنسامان بە شێوەیەکی باشتر نیشاندەدەن‌و دەسگرتنی بەسەر ئیتالیادا ماوەیەکی درێژتری خایاند . لەم پێداچوونەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتە بێگانەکەی ژێردەستەی لە چنگیدا ، تەواو بە پێچەوانەی قسەکانی منەوە هەڵسوراوە . ئەوەبوو ڤینیسیایی‌یەکان پادشا لویسیان بۆ ئیتالیا بانگ کرد تا لە رێگەی ئەوەوە دەسگیرخستنی نیوەی لۆمباردیا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن . من لەسەر چوونەکەی‌و لەسەر ئەو دەورەی هیچ لۆمەی ناکەم ، چونکە ئەوێك کەزۆر ئارەزووی چوونەناو ئیتالیاوەی دەکرد ، تەنانەت بێ‌ئەوەی هیچ دۆستێکیشی لە وڵاتەکەدا

هەبێ ، وەختێ سەیری‌کرد وا لە ئەنجامی کردەوەو هەڵس‌و کەوتەکانی شارلی پادشاکەی پێش خۆیەوە هەموو دەرگاکانی لە روودا داخراون ، ناچار بوو دەست بخاتە ناو هەر دەستێکی دۆستایەتی‌خوازەوە کە بۆی درێژ بکرێ . دەشگونجا ، ئەگەر لە کردارەکانی تریدا ئەو هەڵانەی نەکردایە کە کردنی ، نەخشەو پلانەکانی تری بە خێرایی سەرکەوتن بەدی بێنن .

پادشا کە لۆمباردیای سەندەوە ، هەرزوو ئەو ناوو ناوبانگەشی وەرگرتەوە کە شارل لە دەستی دابوو . ئینجا بە دوایدا جەنەوا چووە ژێر رکێفی‌یەوەو فلۆرەنسایی‌یەکان [١٣] بوونە دۆستی‌و مارکیزی مانتواو [١٤] دۆقەکانی فیراراو [١٥] بەنتیڤۆگلی‌و [١٦] خانمی فۆرلی‌و [١٧] گەورە پیاوانی فاینزاو [١٨] پیزارۆو [١٩] ریمینی‌و کامێرینیۆو بیومبینۆو خەڵکی لۆکاو پیزاو [٢٠] سی‌یەنا [٢١] هەموو کەوتنە هەڵپەی دڵڕاگرتن‌و دۆستایەتی‌بەستن لە گەڵیدا . گومانیشی تیدا نی‌یە ڤینیسیایی‌یەکان دەرکیان بە ئەنجامی سەرکێشی کردنی خۆیان کردو زانی‌یان چۆن تەقەلادانیان بۆ دەسگیرخستنی چەند شارێکی لۆمباردیا ، بووە هۆی دەسگرتنی پادشا بەسەر دوو لە سێ بەشی ئیتالیادا .

هەروەها پادشا زەحمەتێکی ئەوتۆی لە پاراستنی ناوو ناوبانگ‌و مەملەکەتەکانیدا لە ئیتالیادا تووش نەدەهات ، ئەگەر پەیڕەوی ئەو ئامۆژگاریانەی بکردایە کە لەوەبەر باسم کردن‌و بە پەرۆشەوەو بە باوەڕێکی پتەوەوە ، باڵی بەسەر ئەو هەموو دۆستانەیدا بکێشایە کە بە ژمارە زۆرو بە شان‌و شکۆ پەتیارە بوون‌و هەمیشە لە ژێر باری ترسیشدا بوون ، یا لە کڵێسە یاخود لە ڤینیسیا کە ئەمە وای لێدەکردن لە دەوری ئەو گردببنەوەو ئەم گردبوونەوەیەش لە دەوری لە رووی ئەو کەسانەدا کە هیشتا خاوەن شان‌وشکۆو هێز بوون دڵنیایی بۆ دە ڕەخساند . بەڵام ئەو لە باتی ئەوەی وەها کردار بکا ، هات هەر هێندەی پی‌ی نایە ناو میلانەوە ، بە یاریدەی پاپا ئەلکساندەر [٢٢] بۆ داگیرکردنی رۆمانا پێچەوانە جووڵایەوەو بە هۆی ناهوشیاریەوە ، دەرکی پی‌ نەکرد کە ئەو بەم کردەوەیەی دەس‌بەرداری ئەو دۆستانەی دەبێ کە پەنایان بردبووە بەری‌و داوایان لی‌کردبوو بیانپارێزی‌و لە ئەنجامیشدا خۆی بێ هێز دەکاو تین‌وتوانا بە کڵێسە

دەبەخشیٚ . لەبەر ئەوەی کەدەسەلاٚتێکی (دنیایی)ی دەخستە پالٚ دەسەلاٚتە (ئاینی)یەکەی کە ئەمە هێزێکی هێجگار گەورەو گرانی دەدایە . ئیتر کە ئەم یەکەمین هەلٚەیەی لیوەشایەوە ، ناچاربوو بە دوایدا گەلیٚ هەلٚەی تریش بکا چونکە هەولٚدانی بۆ بەرگرتن لە تەماعکاری‌ی ئەلکساندەرو ریٚپی‌ٚنەدانی ببێتەوە حوکمرانی تۆسکانیا ، ناچاری کرد بگەڕێتەوە بۆ ئیتالیا . بگرە ئەو بە پەرەپێدانی هێزی کلێسەوبە لەدەسدانی دۆستەکانیشی‌یەوە نەوەستا ، بەلٚکو پەلی تەماعی بۆ مەملەکەتی ناپۆلیش هاویشت‌و لەگەلٚ پادشای ئسپانیادا لە نێوان خۆیاندا بەشیان کرد . بەم جۆرە دوای ئەوەی تاکە سەروەری ئیتالیا بوو ، هات یەکێکی لەگەلٚ خۆیدا کردە هابەش کە دەشیا هەر زیادە خوازێك لەوانەی لە حوکمرانی‌یەکەی لالووت بوون . بۆ داواکردنی هەقی خۆی پەنای بەرێتە بەر . هەروەها لە جیاتی ئەوەی ئەو پادشایە لەسەر تەختی حوکمرانی لە مەملەکەتەکەدا بهێلٚیتەوە کەسەر بە خۆی بوو . کەچی ئەوی لاداو یەکێکی وەها لە جیٚ دانا کە دەیتوانی لە ولاٚتەکە دەری‌پەڕێنیٚ .

حەزکردن بە مولٚکداری غەریزەیەکی سروشتی‌و کارێکی ئاسایی‌یە. جا وەختێك دەسەلاٚتداران لەم حەزەدا سەرکەوتن بەدەس دێنن ، هەمیشە ستایش دەکرێن‌و قەت تانووتیان لیٚ نادریٚ . بەلاٚم ئەگەر تووشی ژێرکەوتن هاتن‌و سەرەرای ژێرکەوتنەکەش هەر تەقەلایان‌دا بەهەر نرخێك بیٚ حەزەکەبەدی بێنن ئەوا گوناهێکی ئەوتۆ دەکەن کە دەهێنیٚ لە عۆیەیدا توندوتیژترین لۆمەیان ئاڕاستە بکریٚ . لەبەر ئەوە ، ئەگەر فەرەنسا لە توانایدا هەبووایە بەتەنیا هێزی خۆی ناپۆلی داگیر بکا ، دەبوو بیکا . بەلاٚم کە نەیدەتوانی ، ئەوا کارێکی هەلٚە بوو لەگەلٚ ئسپانیادا بەهاوبەشی بیکا . ئێمە ئەگەرچی دەتوانین هۆ بۆ بەشکردنی لۆمباردیا لەگەلٚ ڤینیسیایی‌یەکاندا بدۆزینەوە ، لەبەر ئەوەی بەشکردنەکە بووە بەهانەیەك بۆ پادشای فەرەنسا تا لەو ڕێگەیەوە پیٚ بنێتە ناو ئیتالیاوە . بەلاٚم هیچ هۆیەکمان بۆ ئەم بەشکردنە نوی‌ٚیە بۆ نادۆزرێتەوە کە جێگەی لۆمەکردنە . چونکە هیچ پێویستی‌یەك نەی سەپاندو بە کارێکی بەجی‌ٚی نەدایە قەلٚەم .

کەوابوو لویس ئەم پێنج هەڵەیەی کرد : دەوڵەتە بچووکەکانی پلیشاندەوە ، هێزو دەسەلاّتی یەك تاکە حوکمرانی لە ئیتالیادا بەرفراوانکرد ، بێگانەی هینایە ناو ولاّتەکەوە ، هەوڵی نەدا لە ولاّتەکەدا نیشتەجێ بێ ، هەروەك هیچ مرۆمۆڵگ‌و خەڵکێکی خۆیشی تێدا دانەنا . بەلاّم لەگەڵ ئەم هەلاّنەشدا هێشتا هەر دەیتوانی ، ئەگەر بژیایەو هەڵەی شەشەمی لێنەوەشایەتەوە کە داگیرکردنی دەوڵەتی ڤینیسیایی یەکان بوو . خۆی لە زەرەرو زیانیان بپارێزێ ، بەڵێ . ئەو ئەگەر کڵێسەی بەهێز نەکردایەو ئیسپانیایی یەکانی نەهێنایەتە ناو ئیتالیاوە ، ئەم هەنگاوەی بۆ سەر پێشۆرکردنی ڤینیسیایی یەکان‌و زەلیل‌کردنیان کارێکی پێویست‌و رەوا دەبوو . بەلاّم دوای کردەوەکانی پێشووی ، دەبوو بە هیچ کلۆجێ بریار لەسەر تێکشاندنی ڤینیسیانەدا . چونکە ئەگەر ڤینیسیایی یەکان لەسەر هێزداری‌یەکەیان بمانایەتەوە ، نەیاندەهێشت کەسانی تر بەهیچ جۆرێ خۆیان لە قەرەی لۆمباردیا بدەن . یەکەم لەبەر ئەوەی رازی نەدەبوون هیچ هەنگاوێك بنرێ کە مسۆگەرکردنی ناوچەکەی بۆ خۆیان تێدا نەبێ ، دووەم چونکە کەسانی تریش ئارەزووی ئەوەیان نەدەکرد ناوچەکە لە چنگ فەرەنسا رزگار بکەن‌و بیدەن بە ڤینیسیا ، هەردوولاشیان پێکەوە نەدەکرد .

خۆ ئەگەر مرۆڤێك هەبێ‌و سووربێ لەسەر ئەوەی بڵێ گوایە پادشا لویس دەستی لە رۆمانا بۆ ئەلکساندەرو لەناپۆلی بۆ ئیسپانیا بەردا تا خۆی لە شەر بەدوور بگرێ ، من لە وەرامیدا ئەو هۆیانە دووپات دەکەمەوە کە لەوەبەر باسم کردن‌و دەڵێم : پیاو دەبێ بۆ خۆبەدوورگرتن لە شەر ، ماوەی رووداوی ئاشووب‌و سەرپێچی کردن نەدا ، چونکە ماوەپێدانی لە شەر بەدووری ناگرێ ، بەڵکوو شەرەکە بۆ سوودو بەرژەوەندی دوژمنەکانی دوا دەخا . هەروەها ئەگەر کەسانێکی تر هەبن بڵێن گوایە پادشا بەڵێنی ئەو پرۆژەیەی بۆیە بە پاپادا ، تا بۆی ببێتە پاداشتێك بەرامبەر بە رزگارکردنی لە پەیوەندیی ژن‌و مێردایەتی یەکەی‌و [٢٣] بەرامبەر بە بەخشینی پلەی کاردینالێتی بە رۆهان . من بەو قسانەم وەرامیان دەدەمەوە کە لە دواییدا لە باسی بەڵێنەکانی میرو چۆنێتی کارپێکردنیاندا دەیانکەم . بەم جۆرە پادشا لویس لەبەر ئەوەی هیچ یەکێك لەو مەرجانەی رەچاو نەکرد کە میرەکانی تر لە کاتی داگیرکردنی ناوچەیەکداو بۆ

هێستنەوەی لە ژێر دەستیاندا دەیانکرد ، لۆمبارْدیای لە دەس خۆی‌دا . ئەمەش وەنەبێ مووجیزەیەك بووبێ‌و رووی دابێ . بەڵکوو کارێکی ئاسایی‌و لە جێ‌ی خۆیدا بوو . ئینجا دوایی کە ڤالنتینۆی کوڕی پاپا ئەلکساندەر کە بە قەیسەری بۆرجیا[٢٤] ناو دەبرێ ، رۆمانای داگیرکرد . من لەگەڵ کاردینال رۆهاندا لە شاری نانت لەم باسە دووام . کاردینال پی‌ێ‌بوتم کە ئیتالیایی‌یەکان هیچ لە کاروباری سیاسەت تی‌ێناگەن . ئەگەر تی‌ێبگەیشتنایە قەت ماوەیان بە کڵێسە نەدەدا بگاتە ئەم رادەی مەزنی‌یەی . چونکە تاقیکردنەوە نیشانیداوین کە مەزنی‌ی کڵێسەو بەهێزی‌ی ئیسپانیا لە ئیتالیادا ، دروستکراوی دەستی فەرەنسا بوون‌و ئەنجامە کەشی بە ماڵوێرانی‌ی فەرەنسا خۆی شکاوەتەوە . لەمەوە بنەمایەکی گشتی‌ی ئەوتۆمان دەسگیر دەبێ کە بە دەگمەن هەڵەی تێدەکەوێ . بنەماکە دەڵێ :

ئەو کەسەی هەوڵی بەهێزکردنی خەڵکی دەدا ، حوکمی ماڵوێرانی‌و خاپووبوون بەسەر خۆیدا دەدا ، چونکە ئەو هێزە لە یەکێك لە دوو رێگەوە پەیدا دەبێ ، یا تەڵەکەبازی یاخود هێزی سەربازی کە هەردووکیان لای ئەو کەسەی دەگاتە پلەی بەهێزی‌و دەسەلاتداری ، جێگەی گومان‌لێکردن دەبن .

٤

ئەوهۆیانەی نەیانهێشت مەملەکەتەکەی دارا دوای مردنی ئەسکەندەر کە داگیری کرد دژی میراتگرەکانی شۆرش بکا

ئەگەر بە چاوی بایەخ پێدانەوە بروانینە ئەو زەحمەتی یەی دەوڵەتێك لە پاراستنی دەسەلاتیدا بەسەر دەوڵەتێکی تردا کە تازە داگیری دەکا تووشی دێ ، پیاو لە ئاستی ئەسکەندەری گەورەدا [٢٥] سەری سور دمێنێ کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا بووە سەروەری هەموو ئاسیاو هەر هێندەشی گشت ئەم ناوچە بەرفراوانەی داگیرکرد ، کۆچی دوایی کردو ئەم مردنەشی وای دەخستە زەینەوە کە گوایە هەموو ئەو ناوچانە هەرخێرا ، بە رووی حوکمڕانە نوێیەکانیاندا دەتەقنەوە . کەچی میراتگرەکانی دەسەلاتی خۆیانیان بە سەریاندا پاراستو هیچ زەحمەتی یەکی ئەوتۆیان تووش نەهات ، تەنیا ئەوە نەبێ کە بە هۆی تەماعکاری ی خودی خۆیانەوە لە بەینیاندا رووی دا .

بۆ وەرامدانەوەی ئەم سەرسوڕمانەش دەڵێم : مێژوو دوو جۆرە مەملەکەتی بە خۆیەوە دیوە کە بە دوو شێوەی جیاواز فەرمانڕوایی دەکرێن . یا میرێکو مووچەخۆرانی حوکمی دەکەن کە ئەم مووچەخۆرانە بە فەرمایشتو پیاوەتی میرەکە خۆی دادەمەزرێنرێن و لە هەڵسوڕاندنی کاروباری مەملەکەتەکەدا یاریدەی دەدەن .

یاخود میرێك‌و چەند سەر دارێك (بارۆن) حوکمی دەکەن کە لە سایەی نەژادرەسەنی‌یانەوە ـ نەك بە فەرمایشتی میر ـ دەبنە خاوەنی ئەو پایەوپلەیەی هەیانە .

جا هەر یەکێ لەو بارۆنانە خاوەنی ناوچەیەکی تایبەتی خۆی دەبێ کە حوکمی دەکاو خەڵکێکیشی لە ژێر سایەدا دەبن کە بەسەروەری خۆیانی دەزانن‌و لە ئەنجامدا پابەندیان دەبن . میر لەودەوڵەتانەدا کە خۆی‌و مووچەخۆرەکانی حوکمی دەکەن ، دەسەلاتێکی گەورەو فراوانتری لە چنگدا دەبێ ، چونکە لە دەوڵەتەکەدا لەو بەولاوە کەسێکی‌تر خاوەنی پلەوپایەی بەرز نابێ . خۆ ئەگەر تاعەتکردنی کەسانێکی‌تری تیادا سەپێنرابێ ، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە وەزیرو مووچەخۆری ئەون نەك لەبەر شەخسی خۆیان ، بگرە خەڵکەکە هیچ سۆزێکیان بەرامبەر ئەوان لە دڵدا نابێ .

رەنگە نموونەی هەردوو ئەم جۆرە حکومەتە لە سەردەمی ئێستاماندا ، حکومەتی تورکەکان و مەملەکەتی فەرەنسا بێ . سەڵتەنەتی تورکیا ئێستا یەك حوکمڕان حوکمی دەکاو ئیتر ئەوەکانی‌تر هەموو خزمەتکەرو مووچەخۆری ئەون . مەملەکەتەکەش کراوە بە چەند سنجقێك‌و حوکمڕانەکە مووچەخۆری جۆر بەجۆری کارگێڕیان بۆ دەنێرێ کە هەر وەختێ ئارەزووی لێ بێ دەستیان لە کار دەکێشێتەوەو هەر کاتێ ویستی دەیانگۆڕێ . بەلام پادشای فەرەنسا بە ژمارەیەکی زۆری سەرداران دەوری تەنراوە کە رەعیەتەکانیان بە سەرەوەری خۆیانیان دەزانن‌و خۆشیاندەوێن ، هەروەکوو خاوەنی ماف‌و دەستە بەرەیەکی ئەوتۆی خۆیانن کە پادشا لە وزەیدا نی‌یە لێیانی بێبەری بکاو ئەگەر کردیشی ، خۆی تووشی مەترسی دەکا . ئینجا ئەگەر لە وەزعی ئەم دوو دەوڵەتە بکۆڵینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە داگیرکردنی مەملەکەتی تورکەکان زۆر زەحمەتە ، هەرچەندە ئەگەر دەوڵەتێك بۆی لوا داگیری بکا ، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ لە ژێر دەستی خۆیدا بیهێڵێتەوە . یا رەنگە داگیرکردنی مەملەکەتی فەرەنسا لە زۆر لایەنەوە ئاسان بێ ، بەلام هێشتنەوەی لە ژێر چنگدا کارێکی سەخت‌و زەحمەت دەبێ .

هۆی زەحمەتی‌ی داگیرکردنی مەملەکەتی تورکیا لەوەدایە کە داگیرکەر ناتوانێ بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەم جۆرە کارە پەنا بەرێتە بەر میرەکانی مەملەکەتەکە ، هەروەکو بۆی

ئالوێ بە هیوای ئەوە بێ کاری هاتو نەهاتەکەی لە رێگەی شۆرشێکەوە بۆ ببرێتە سەر کە کەسانێکی نزیك لە شەخسی حوکمڕانەکەوە بەرپای بکەن . ئەوەش هەر لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێشتر لەم بەشەدا لێیاندوام . چونکە ئەوانە کە هەموو کۆیلەن و بە شەخسی حوکمڕانەکەوە بەندن ، زەحمەتە بە بەرتیل پێدان لە خشتە ببرێن ، بگرە ئەگەر کراش لەوە دەستەوستان‌تر دەبن بتوانن گەلەکەیان بەشداری شۆرشەکەیان بکەن و هویەکانیشیم لەوەبەر باسکردن . بۆیە ئەو کەسەی پەلاماری سوڵتانی تورکیا دەدا . لەبەر ئەوەی رووبەرووی لەشکرێکی یەکگرتوو دەوەستێتەوە ، دەبێ پشت بە هێزی خۆی ببەستێ نەك بە ئاشووب و ئاژاوە لە ریزی دوژمندا . بەلام ئەگەر توانی بە سەریدا زاڵ بێ و لە مەیدانی جەنگدا شکاندنێکی ئەوتۆ بیشکێنێ کەئیتر توانای سەرلەنوێ لەشکرکردنەوەی نەمێنێ ، ئەوسا هیچی ئەوتۆ لە بەردەم داگیرکەردا نامێنێ لێی بترسێ . تەنیا ئەندامانی بنەماڵەی میرە تورکەکە نەبێ کە ئەگەر هات و قەلاچۆی کردن و رەچەڵەکی بڕینەوە ، ئیتر بڕای بڕ هیچ شتێك نامێنێ ترسی لێ پەیدا بکا . چونکە ئەوانیتر لە لای گەل خاوەنی هیچ جێ‌وڕێیەك نین . بگرە لەبەر ئەوەی داگیرکەرەکە تەنانەت پێش سەرکەوتنیشی هیچ هیوایەکی پێیان نەبووە ، بۆی هەیە دوای سەرکەوتنی هەر ترسیشی لێیان نەبێ .

کەچی حاڵ لەگەڵ ئەو مەملەکەتانەدا کە لە بابەتی فەرەنسان بە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە . لێرەدا داگیرکەر دەتوانێ لە رێگەی لەخشتەبردنی یەکێك لە بارۆنەکانی ناو مەملەکەتەکەوە بە ئاسانی داگیری بکا ، بەتایبەتی کە هەردەم ژمارەیەك لە نارازی و رق هەڵگرتووان و ئاڵ‌وگۆڕخوازان هەر لە کایەدا دەبن . ئەمانە لەبەر ئەو هۆیانەی روونم کردنەوە ، دەتوانن رێگات لەبەردەمدا بۆ خۆش بکەن و گەیشتنت بە سەرکەوتن ئاسان بکەن . بەلام ئەگەر دوایی ویستت ئەوەی بۆتە موڵکت لە ژێر دەستی خۆتیدا بهێڵیتەوە ، کەندو کوسپێکی لە ژمارەنەهاتووتت دێنەرێ و هەر ئەو کەسانەش دەیانخەنە سەر رێگات کە لەوەبەر یاریدەیان داویت ، یا تۆ ئازارت پێگەیاندوون . ئەوانە وەنەبێ تەنیا لە ئەندامە ئازاردراوەکانی بنەماڵەی میرەکە بن . بەڵکوو لەو سەردارنەش دەبن کە بەردەوام ئامادەن بۆ سەرکردایەتی کردنی هەر شۆرشێکی نوێ .

ئیتر تۆش که نەدەتوانیت رازی‌یان بکەیت‌و نه له بنەرەتەوه له ناویان بەریت ، هەر هێندەی ئەوان هەلێکی لەباریان بۆ هاته کایەوه دەوڵەتەکەت له دەس دەچێ .
ئیستا ئەگەر له چۆنێتی حکوومەتەکەی دارا (٢٦) بکۆڵیتەوه ، دەبینیت که له بابەتی رژێمی حوکمی ئێستای تورکەکان بووه . بۆیه ئەسکەندەر ناچار بوو یەکەمجار پەلاماری ولاتەکه بداو تەنانەت پێش بەدی هێنانی سەرکەوتنیش حکوومەتەکەی له ناوبەرێ . ئینجا که دارا مرد ، دەوڵەته داگیرکراوەکه ئەنجامی ئەو هۆیانەی لەوەبەر باسم کردن ، بەبێ ئاژاوه له ژێر چنگی ئەسکەندەردا مایەوه . یا ئەگەر میراتگرەکانی ناکۆکی‌یان نەکەوتایەته بەینەوه ، دەیانتوانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ به هێمنی‌و ئاشتی‌یەوه حوکمی ولاتەکه بکەن ، چونکه ئەو شەرو ئاژاوەیەی تیایدا بەرپابوو دەسکردی خۆیان بوو . بەلام زۆر زەحمەته بتوانرێ هەر بەم شێوەیه دەست بەسەر ولاتێکی وەك فەرەنسادا بگیرێ ، بۆیه بووه هۆی بەرپابوونی زنجیرەیەك شۆرش له فەرەنساو ئیسپانیاو یۆناندا دژی رۆمانەکان ، لەبەر ئەوەی لەم ولاتانەدا چەندین میرایەتی هەبوون که مانەوەی یادگارو بیرەوەری‌یەکانیان ئەو داگیرکاری‌یەی رۆمەکانی شلۆق دەکردو دەیخسته بەر مەترسی‌ی هەرەس هێنانەوه . بەلام وەختێ رۆمانەکان توانی‌یان ئەو یادگارو بیرەوەری‌یانه بن‌بڕ بکەن‌و به تەواوی بیانسڕنەوه ، له سایەی تەمەن‌درێژی‌ی ئیمپراتۆریتی‌یەکەیانەوه ، بوونه سەروەرێکی ئەوتۆ که کەسێك نەتوانێ شان له شانیان بدا . بگره که ناکۆکی له نێوان رۆمانەکان خۆشیاندا رووی دەدا ، هەریەکەیان دەیتوانی پشت به لایەنگیری‌کردنی ئەو بەشەی میرایەتی‌یەکه ببەستێ که دەسەلاتی خۆی تێدا چەسپاندبوو ، چونکه دوای قەلاچۆکردنی بنەماڵەکانی پادشاکانی لەوەبەر ، رۆمانەکان بوونه تاقه حوکمرانێك که دانیان پێدا بنرێ . ئینجا ئەگەر به باشی لەم کاروبارانه ورد ببینەوه ، بەبێ سەرسورمان بۆمان دەردەکەوێ که چۆن ئەسکەندەر به ئاسانی توانی ئاسیا له ژێر دەستی خۆیدا بهێلێتەوەو بۆچی ئەوانی‌تری وەك پیرۆس‌و (٢٧) کەسانی‌تر له پاراستنی دەسەلاتی خۆیاندا بەسەر ولاته داگیرکراوەکاندا تووشی زەحمەتی بوون . ئەم جیاوازیەش لەوەوه نەهاتبوو ، که داگیرکارەکه لێهاتوو بووه یا لێهاتوو نەبووه . بەلکوو ئەنجامی جیاوازی‌ی وەزعی ولاته داگیرکراوەکان خۆیان بووه .

٥

فەرمانڕەوایی کردنی ئەو شارو مەملەکەتانەی کە لە پێش داگیرکردنیاندا لە ژێر سایەی یاسای تایبەتی خۆیاندا ژیاون .

ئەگەر ئەو دەوڵەتەی داگیردەکرێ ، لە ژێر سایەی یاسای تایبەتی خۆیدا بە سەربەستی ڕاهاتبێ ، ئەوا سێ ڕێگە بۆ هێشتنەوەی لە ژێر چنگدا هەن . یەکەمیان ڕووتکردنەوەیەتی لە هەمووشتێك . دووەمیان نیشتەجێبوونی میرە داگیرکارەکەیە تیایدا . سێهەمیشیان وازهێنانە لە خەڵکەکەی کە لە ژێر سایەی یاسای تایبەتی خۆیاندا بژین و تەنیا باجیان لێبسێنرێ و حکومەتێکی وەهایشی تیادا دابنرێ کە پشت بە کەمایەتی یەکی سەر بە میر ببەستێ . ئەم جۆرە حکوومەتەی میر خۆی دروستی دەکا ، دەزانێ مانەوەی بەندی ڕاگرتنی دۆستایەتی میرو خۆخستنە بن باڵێتی . بۆیە ئەوپەڕی هەوڵدەدا ئەو دوو شتە لە دەست نەدا . هەروەها ئەو شارەی بە سەربەستی ڕاهاتبێ ، بۆ کوڕوکاڵان و هاووڵاتیانی خۆی نەبێ ، بە ئاسانی مل ناداو ڕێگای ڕاستیش بۆ هێشتنەوەی لە ژێر چنگدا هەر ئەمەیە .

با لەم ڕووەوە ئەوە بکەین بە نموونە کە لە سپارتایی یەکان و ڕۆمانیەکانی ڕوودا . سپارتا (٢٨) لە ڕێگەی دروستکردنی دوو حکوومەتەوە لە کەمایەتی یەکان دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەسیناو (٢٩) تیبەدا (٣٠) پاراست ، کەچی لە ئەنجامدا دەسەڵاتەکەی لە

دەس چوو . بەلاّم رۆمانەکان بۆ پاراستنی دەسەلاّتی خۆیان بەسەر کاپواو[31] کرتاجەو[32] نۆمانتیادا ، ئەم شارانەیان ویرانو خاپوور کردو دەسەلاّتەکەیان لە دەس نەچوو . کەچی وەختیّ ویستیان بە هەمان شیوەی سپارتایی‌یەکان ، دەسەلاّتیان بە سەر یۆناندا بپاریزنو وازیان لە شارەکانی هینا بە سەربەستی لە ژیر سایەی یاساکانی خۆیاندا بژین ، سەرنەکەوتن . لەبەر ئەوە ناچاربوون بۆ ئیدامەپیدانی دەسەلاّتیان بە سەریاندا ، هەندیك لە شارەکانی ئەو ولاّتە کاول بکەن . چونکە لەم حالّەتەدا هیچ ریگایەکی مسۆگەر بۆ هیشتنەوەی ئەو دەسەلاّتە لەبەردەمدا نی‌یە ، تەنیا رووتکردنەوەی ولاّتەکە نەبیّ لە هەموو شتیكو هەر کەسیکیش دەست بەسەر شاریکی سەربەستدا بگریّو خاپووری نەکا ، خۆی دوایی لەسەر دەستی ئەو شارەدا تووشی خاپوور بوون دەبیّ ، لەبەر ئەوەی هەردەم بە ناوی سەربەستی‌یەوەو بە ناوی نەریتە کۆنەکانیانەوە کە چەند رۆژگاریان بە سەردا تیّپەریّ ، لە بیر ناچنەوەو سوودو بەرژەوەندی نویّ نابنە مایەی پشت‌گویّ‌خستنیان، هۆی هاندان بۆ یاخی‌بوون هەر دەبیننەوە . واتە هەر حوکمرانیکی نویّ ، چەندە بکاو بکۆشیّ . تا خەلکەکە تەفروتوونا نەکاو پەرتو بلاّویان نەکاتەوە ، ناتوانیّ ناوی شارەکەیانو نەریتەکانیان لە بیر بەریتەوە ، بەلکوو ئەو نەریتانەیان هەمیشە لە یاد دەمینیّو هەر هیندەی دەرفەتیك هەلّبکەویّ دەیانهیننەوە کایەوە ، وەك چۆن شاری پیزا دوای سالاّنیکی دوورودریژی داگیرکردنی لە لایەن فلۆرنسایی‌یەکانەوە کردی . بەلاّم ئەگەر ئەو شارو ناوچانە لە ژیر سایەی حوکمرانیك یا میریکدا بە ژیانی سەرشۆری راهاتبووبنو داگیرکارەکە بنەمالّەی میرەکەی پیشووی لە ناوبردبیّ ، ئەوا خەلکەکەیان کە فیری تاعەتکردننو میرەکەی لەوەبەریان لە دەس چووە ، لە هەلّبژاردنی میریکی نویدا لە ناو خۆیانداو بۆ خۆیان دەستەوستان دەبن ، جگە لەوەی کە ناشزانن چۆن لە ژیر ئالاّی سەربەستیدا بژین . لەبەر ئەوە لە یاخی‌بووندا تەمبەلّ دەبنو میرە داگیرکارەکە زۆر بە ئاسانی دەتوانیّ بە لای خۆیدا رایانبکیشیّو جیّ پیّی خۆی لە ناوچەکەیاندا قایم بکا . وەکی‌تر رژیمی جەمهووری گەلیّ گورجو گولّو زۆر رقاوی دەبیّو بە توندی مەیلی تۆلّەسەندنەوە دەکاو خەلکەکەیشی ناتوانن بیرەوەری‌ی سەربەستی‌یە پیرۆزەکەی لەوەبەری خۆیان لە یاد بکەن . لەبەر ئەوە مسۆگەرترین ریگا بۆ دابین‌کردنی ، یا تەواو خاپوورکردنیتی ، یاخود نیشتەجیّ‌بوون تیایدا .

٦

ئەو مەملەکەتانەی تازە بە هێزی چەکی تایبەتی و بە لێهاتنەوە داگیرکراون

پێویستە کەس لەوە سەرسام نەبێ کە من سەبارەت بە پەیوەندی مەملەکەتە تازەکان بە میرو دەوڵەتەوە، ئیشارەتم بە چەند نموونەیەکی گەلێ مەزن دا ، چونکە خەڵکی هەمیشە ئەو رێگایە دەگرنەبەر کە لەوەبەر کەسانی تر پیا یدا رۆیشتوون و لە کرادریشیاندا لاسایی کەسانی پێش خۆیان دەکەنەوە . ئینجا لەبەر ئەوەی هیچ مرۆڤێك ناتوانێ بە تەواوی شوێن پێی ئەوانی پێش خۆی هەڵبگرێ و بە جوانی و رێك و پێکی لاسایی یان بکاتەوە ، دەبێ ئەم مرۆڤە کەم توانایە هەردەم ئەو رێگایە بگرێتەبەر کە گەورەپیاوان پێشتر هەنگاویان بە سەردا ناوە و تەنیا لاسایی هەرە سەرکەوتووەکانیشیان بکاتەوە . سا ئەگەر لە وزەیدا نەبوو بگاتە رادەی مەزنی یەکەی ئەوان . ئەوا هەر هیچ نەبێ دەتوانێ هەندێ لە رەنگ و رووی ئەوان بگرێ و بەم کردارەشی لەو تیرهاوێژە وردبینە دەچێ کە کاتێ دەیەوێ نیشانێکی مەودا دوورتر لە

ڕادەی ئاسایی بپێکێ‌و بەمەودا دووری‌یەکە ئاشنایە ، نیشان زۆر بەرزتر لەو شوێنە دەگرێتەوە کە مەبەستێتی . نەك لەبەر ئەوەی حەز دەکا تیرەکەی بگاتە ئەو بەرزایی‌یە ، بەڵکوو بەو هیوایەی بۆ پێکانی نیشانەکە یاریدەی بدا . بەم پێ‌یە من دەڵێم : ئاسانی‌و زەحمەتی‌ی دەسگرتن بەسەر مەملەکەتێکی تازەدا کە دەکەوێتە ژێر دەستی میرێکی نوێوە ، بەندی بەهێزی‌و لاوازی‌ی تواناو دەسەلاتی میرەکەیە . جا کە بەرزبوونەوەی هەر کەسێکی ئاسایی بۆ پلەی میرایەتی ، وای لێ چاوەڕوان دەکرێ ، یا گەلێ لێهاتوو بێ یاخود خۆشبەخت بێ ، ناچار وەها دێتە پێش چاو کە هەر یەکێ لەم دوو سیفەتە لە هەندێ لەو گیروگرفتە زۆرانەدا کە ڕوودەدەن ببێتە هۆی سووككردنی باری شانی . لەگەڵ ئەمەشدا ئەوانەی زۆر پشتیان بە خۆشبەختی نەبەستوە ، زیاتر لە کەسانی‌تر توانای خۆیان لە پاراستنی مەملەکەتەکانیاندا سەلماندوە . ڕەنگیشە نیشتەجێ‌بوونی میر خۆی لە مەملەکەتە تازەکەیدا ، لەبەر نەبوونی کەسێکی وەها کە جێگەی بگرێتەوە ، گیروگرفتەکانی ئاسان کردبێ . بەلام ئەگەر بچمە سەر باسی ئەو زاتانەی بە **بەهرەوەریی‌و بە لێهاتوویی خۆیان نەك بە پشتبەستن بە خۆشبەختی بوونەتە میر ،** بەش بە حاڵی خۆم مووساو[٣٣] کۆرش‌و[٣٤] ڕۆمۆلۆس‌و[٣٥] سیزیۆس‌و[٣٦] کەسانی وەك ئەوان بە مەزنترینیان دادەنێم . جا هەرچەندە دەبێ خۆمان لە باسکردنی مووسا بەدوور بگرین ، چونکە ئەو تەنیا جێ‌بەجێ‌کارێکی فەرمانی خودا بووە ، لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە پیرۆزی‌ی ئەو پایەیەی کردیانە شیاوی قسەکردن لەگەڵ خودادا ، دەبێ جێگەی ڕێزلێنان‌و مەدح‌و ستایش‌کردن بێ . بەلام کۆرش‌و هاوتاکانی کە چەندین مەملەکەتیان دامەزراندو ئەوانیش جێگەی ڕێزلێنان‌و ستایش‌کردنن ، ئەگەر لە کردارە تایبەتی‌یەکان‌و ڕێ‌وشوێنەکانیان بکۆڵینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە لەوەکانی مووسا زۆر جیاواز نین ، ئەگەرچی ئەم پشتی بە سەروەرێکی مەزن بەستبوو کە خودایە . بەلێ ، ئەگەر لە ژیانو لە کارە بەناوبانگەکانیان وردببینەوە ، دەبینین هەموو قەرزاری ئەو فرسەتانەن کە بارودۆخێکی ئەوتۆی بۆ دەرەخساندن ، کام شێوە بەچاك دەزانن وەهایان هەڵسووڕێنن .

چونکە ئەگەر ئەو فرسەتانەیان بۆ هەڵنەکەوتایە ، بەهرەوەری‌یەکەیان بە فیڕۆ دەچوو ، هەروەکوو ئەگەر بەهرەوەر نەبوونایە فرسەتەکان بەبێ لە چنگ‌گرتن‌و سوود

لیٚبینین تێدەپەڕین .

بەم شێوەیە مووسا دەبوو ببینیٚ کە چۆن گەلی ئیسرائیل لە میسردا بوونەتە کۆیلەو میسری‌یەکان دەیانچەوسێننەوە ، تا ئارەزووی رزگاربوونیان لە کۆیلەیەتی لا پەیدا بیٚو بۆ ئەم مەبەستە دوای بکەون . هەروەها پێویست بوو رۆمۆلۆس نەتوانیٚ لە (ئەلپا)دا بمێنێتەوەو لە کاتی لە دایك‌بوونیدا چوار دیوارێك نەیگرتبێتە خۆی ، تا بتوانیٚ ببێتە پادشای رۆماو (۳)بنیادنەری میللەتێك تیایدا . یا پێویست بوو کۆرش سەرنج بداتە فارسەکان‌و ببینیٚ کە چەندە لە ئیمپراتۆریێتی‌ی میدی‌یەکان (۳) داخ‌لەدڵن‌و ئەمانیش ببینیٚ چۆن بەسەربردنی ژیان بە ئاشتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خاووخلیچکی کردوون . یا سیزیۆس بۆی نەدەکرا تواناو لێهاتوویی خۆی بخاتە روو ، ئەگەر خەڵکی ئەسینای بە پەرت‌و بڵاوی‌و دژبەیەکتر نەدیایە . بەم جۆرە فرسەتەکان بۆ ئەوانە بوون بە مایەی بەخت‌و ئینجا لە سایەی بەهرەوەری‌ی باڵای خۆیانەوە ، توانی‌یان سوودیان لیٚبینن‌و لە ئەنجامیاندا سەربەرزی‌یان بە وڵاتەکانیان پیٚبەخشن‌و تالعیانی نەش‌ونما پیٚبکەن‌و پتر سەریانی پیٚ بەرز بکەنەوە .

ئەو بابەتە کەسانەی لە رێگەی بەهرەو توانای قاڵبووی خۆیانەوە دەگەنە پلەی میرایەتی ، بە زەحمەتێکی زۆر مەملەکەتەکانیان دەسگیر دەبیٚ ، بەڵام لە هەمان کاتدا بە ئاسانی دەتوانن جڵەوگیری‌یان بکەن . هەندیٚ لەو زەحمەتی‌یەشی لە پلەی دامەزراندندا تووشی دەبن ، ئەنجامی ئەو یاساو سیستمە نویٚیانەیە کە دەبیٚ بۆ جیٚپیٚ قایم‌کردنی خۆیان‌و چەسپاندنی بیانهێننە کایەوە . ئێمە دەبیٚ لەوە بەئاگابین کە زەحمەت‌ترین شت لە جیٚبەجیٚ‌کردنداو زۆرترینی لە تووش‌هاتنی ژێرکەوتنداو سەخت‌ترینی لە دەس بۆبردنیدا ، دامەزراندنی رژێمێکی نویٚیە بۆ هەڵسووراندنی کاروبار . چاکەخواز هەمیشە دوژمنی لە ریزی کەسانێکەوە بۆ پەیدا دەبن کە سوودیان لە رژێمە کۆنەکە بینیبیٚ . هەروەکوو دۆستی بوودەڵە لەوانەدا دەبینێتەوە کە رژێمە نویٚیەکە قازانجیان پێدەگەیەنیٚ . ئەم بوودەڵەیی‌یەشیان تا رادەیەك لە ئەنجامی هەست‌کردنیاندا دەبیٚ بە ترس‌و سام لەو دوژمنانەیان کە یاسا پارێزگاری‌یان لێدەکا ، یا تارادەیەك لە ئەنجامی ئەو سیفەتی

گومانکردنەدا دەبێ لە هەرشتێکی نوێ کە لە نەژادی ئادەمیزاددا هەیە ، چونکە مرۆڤ باوەڕ بە شتی نوێ ناکا تا بە شێوەیەکی زانسنی‌یانەی ڕاستو دروست تاقی‌ی نەکاتەوە . کەوابێ وەزعەکە بەم جۆرە دێتە پێش‌چاو ؛ کە چاکەخوازێکی نوێ پەیدا دەبێ ، دوژمنەکانی بە حوماسەتی هاوولاتی‌یەکەوە هێرشی دەبەنە سەر ، بەلام دۆستەکانی بە ساردوسڕیو بێورەیی‌یەوە پارێزگاری‌ی لێدەکەنو ئیتر ئەو لەم بەینەدا دەکەوێتە بەر مەترسی‌یەکی گەورەوە . ئینجا ئەگەر ویستمان بە وردی لەم مەسەلەیە بکۆلینەوە ، پێویستە سەرنج بدەینو بزانین ئایا نوێخوازەکان سەربەخۆن یاخود پشتیان بە خەلکی‌تر بەستوە . ئەمەش وا دەگەیەنێ کە ئایا ئەوانە بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی نەخشەکانیان ، بە ناچاری هاواریان بردۆتە بەر خەلکی‌تر ، یاخود لە باریاندا هەبووە بە زەبری هێز ئیرادەی خۆیان بسەپێنن . چاکەخوازان لە حالەتی یەکەمدا سەرکەوتن بەدی‌ناهێنن‌و هیچیان دەسگیر نابێ . بەلام ئەگەر پشتیان بە هێزو دەسەلاتی خۆیان بەستو توانی‌یان بەکاری بهێنن ، بە دەگمەن ڕووذەدا ژێر بکەون . بەم جۆرە.ڕۆژگار سەلمادوێتی کە پێ‌غەمبەرە چەکدارەکان توانیویانە ولاتان داگیر بکەنو سەر بکەون ، بەلام پێ‌غەمبەرە بێ‌چەکەکان بە پێچەوانەوە . سەرباری ئەوەی وتمان دەبێ بزانین گەلان تەبیعەتیان جیاجیایە . ڕەنگە قایل کردنیان بەم مەسەلە یا بەویان ئاسان بێ ، بەلام ڕاگیرکردنیان لەسەر ئەو قایل‌بوونە زۆر زەحمەتە . بو یە سەپاندنی مەسەلەکە بە سەریاندا دەبێتە ناچاری‌و تەنانەت ئەگەر هەولیاندا لە قایل‌بوونەکەیان پاشگەز ببنەوە ، دەبێ بە زۆر بخرێنەوە ژێر باری . ئەگەر مووساو کۆرش‌و سیزیۆس‌و ڕۆمۆلۆس چەکدار نەبوونایە ، نەیاندەتوانی بۆ ئەو ماوە دوورودرێژە ، خەلکی ناچاری ڕێزلێنانی یاساکانیان بکەن . وەکی‌تر لە سەردەمی ئێستاماندا دیمان کە جیرۆلامۆ ساڤۆنارۆلا(٩٨) وەختێ گەلەگەی کەوتنە لێ‌هەلگەڕانەوەی ، لە یاسا تازەکانیدا ژێرکەوت ، چونکە ڕێ‌و شوێنیکی وەهای بە دەستەوە نەبوو ئەو کەسانەی لە پال خۆیدا پێ بهێلێتەوە کە بە خێرایی باوەڕیان پێ‌هێنا ، یا لێ‌هەلگەڕاوەکانی بۆ باوەڕ پێ‌هێنانەوەی پێ ناچار بکا . بەم پێ‌یە ئەو بابەتە کەسانە زەحمەتی‌یەکی زۆریان دێتەڕێ ، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی زۆر مەترسی دەبنەوەو دەبێ لە ڕێگەی

بەهرەداری‌و بەتواناییو لێهاتوویی خۆیانەوە بە سەریاندا زاڵ بن . ئینجا ئەگەر ئەو زاڵبوونەیان بەسەر کۆسپ‌و تەگەرەکاندا بۆ رەخساو دوای لەناوبردنی هەموو دوژمنەکانیان ، خەڵکی کەوتنە رێزلێنان‌و دەس بەسنگەوە بۆگرتنیان ، ئەوسا ئیتر هەردەم خاوەنی هێزو دەسەلات دەبن‌و دەستی جەزرەبەلێدان نایانگاتی‌و بەختیارو سەربەرز دەژین .

هەر وەها دەمەوێ نموونەیەکی کەمێ پایە نزمتر بخەمە پاڵ ئەو نموونە پایەبڵندانە ، چونکە بۆ بەراوردکردن لە گەڵیاندا دەگونجێ‌و دەشێ وەك نموونەیەك بۆ گشت حاڵەتەکان بەکار بهێنرێ ، ئەویش باسی هێیرۆی سیراکۆزەیی‌یە کە لە ریزی جەماوەری گەڵەوە بەرز بووەوەو گەیشتە پلەی میرایەتی‌ی سیراکۆزەو[40] بەخت یاریدەی‌دا ئەو هەلەی پێ‌ببەخشێ کە سیراکۆزەیی‌یە چەوساوەکان بیکەنە پێشەوای خۆیان ، دەنا ئیتر ئەو بە لێهاتوویی خۆی بە پلەی میرایەتی گەیشت ، تەنانەت داوێن‌پاکی‌و چاکەخوازی‌یەکەی لە ژیانی تایبەتی‌ی خۆیدا ، وای‌کرد کە هەندە کەسێك دەربارەی وتبێتیان : کابرا بۆ حوکمرانی کردن لە هیچی کەم نی‌یە تەنیا بوونی مەملەکەتێك نەبێ کە حوکمی بکا . هێیرۆ یەکێك بوو لەوانەی سوپا کۆنە ئیختیاری‌یەکەی تێك‌و پێك‌داو سوپایەکی‌تری دامەزراندو دۆستایەتی‌یە کۆنەکانی وازلێ‌هێنان‌و دۆستایەتی‌ی تازەی لە جێ بەستن‌و بەم جۆرە لە سایەی سوپاکەی‌و ئەو دۆستانەوە کە خۆی هەڵیبژاردن ، توانی لەسەر بناغەیەکی ساغڵەم مەملەکەتێك دابمەزرێنی‌و ئیدامەی پێ‌بداو لەم ئیدامەپێدانەشیدا ، تووشی ئەو ئەرك‌و زەحمەتی‌یە نەبێ کە لە دامەزراندنیدا تووشی بوو بوو .

٧

ئەو مەملەکەتانەی کە بە یارمەتی ئەم و ئەو یابە یارمەتی بەخت داگیرکراون

رنگە ئەوانەی لە ریزی گەلەوە سەرهەلدەدەن‌و لە رێگەی خۆشبەختی‌یەوە بەرز دەبنەوەو دەگەنە پلەی میرایەتی ، لەم‌بەرزبوونەوەیەدا تووشی زەحمەتی‌یەکی زۆر نەیەن . بەلاّم لە پاراستنی پایەوپلەکەدا زەحمەتی‌یەکی گەورەیان بە کوڵکەوە دەبێ . ئەوانە لە کاتی سەرکەوتندا رووبەرووی کۆسپ‌و تەگەرەیەکی ئەوتۆ نابنەوە ، چونکە بە سەریاندا بازد دەدەن . بەلاّم کە جێ‌پێیان قایم بوو ، ئیتر هەر خێرا سەریەشەیان بۆ پەیدا دەبێ . ئەم حاڵەتە ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەوڵەت بە سەروەت‌و سامان دەکرن ، یا لە رێگەی پێ‌بەخشینەوە لە لایەن ئەم‌وئەوەوە دەسگیریان دەبێ ، وەك چۆن لە یۆنان‌و شارەکانی ئەیۆن‌و[٤١] هەلیسپۆنتدا[٤٢] روویداو ئەوەبوو دارا بۆ پارێزگاری لێکردنی ناوچەکان بە ناوی ئەوەوەو بۆ پاراستنی سەربەرزی‌و سەلامەتی‌ی خۆی ، چەند میرێکی تیادا خولّقاندن . هەروەکوو ئەو ئیمپراتۆرانەش دەگرێتەوە کە لە رێگەی بەرتیل پێدانی سوپاوە ، لە ریزی گەلەوە سەریان هەڵداوەو بەرز بوونەتەوە .

ئەم جۆرە میرە بە تەواوی پشت بە نیازپاکی ی ئەو کەسانە دەبەستێ کە شانوشکۆی بەرز دەکەنەوەو ئینجا بە خۆشبەختی ی خۆی کە ئەم دوو شتە بەردەوام بوون و ئۆقرەگرتنیان بۆ نی یە . ئەم جۆرە کەسانە نازانن چۆن پارێزگاری لە پایەوپلەی خۆیان بکەن و لە ،وەزعێکیشدا نابن بتوانن نەخشەیەك بۆ پارێزگاری لێکردنەکە دابنێن و جێ بەجێ ی بکەن . ئەو مرۆڤەی هەموو ژیانی خۆی وەك کەسێکی ئاسایی بەسەردەبا ، ئەگەر بلیمەتێکی گەورە نەبێ ، ناتوانێ شارەزای چۆنێتی فەرمانڕوایی کردن بێ ، جگە لەوەی کە لە وەزشیدا نابێ وەزعی خۆی رابگرێ ، چونکە نابێتە خاوەنی هێزێکی بەتەنگەوەهاتووی دڵسۆز . بۆیە ئەو دەوڵەتانەی بەخێرایی بنیاد دەترێن ، وەك هەموو ئەو کاروبارانەی بە سەرەتایەکی خێراو گەشەسەندنێکی بە پەلە دەس پێدەکەن ، لە باریاندا نابێ رەگ‌وریشەیەکی قووڵ بۆ خۆیان دابکوتن و بە فراوانی پەل‌وپۆ بهاون . لەبەر ئەوە هەر هێندەی رەشەبایەك هەڵیکرد ، ئیتر دەکەونە بەر مەترسی ی هەرەس‌هێنانەوە ، مەگەر ئەو کەسەی لەم رێگایەوە دەبێتە میر وەك وتم بلیمەتێکی مەزن بێ کە ئەمە یاریدەی دەدا بە خێرایی و لە ساتی خۆیدا ، بە فریای پاراستنی ئەو پاروەوە بکەوێ کە بەخت هاویشتبوویە کۆشی یەوەو ئینجا لا لە دارشتنی ئەو بنچینانە بکاتەوە کە کەسانی تر پێش گەیشتن بە پلەی میرایەتی ، ئاسایی بیری لێدەکەنەوە .

من لێرەدا لە ناو ئەو رووداوانەدا کە لە یادمن ، دوو نموونە بۆ هەردوو رێگای گەیشتن بە پلەی میرایەتی ، واتە لێهاتوویی و خۆشبەختی دەهێنمەوە . ئەو دووانەش فرانسیسکۆ سفۆرزاو قەیسەر بۆرجیان . فرانسیسکۆ بە رێگای ئاشتیداو بە هۆی لێهاتوویی و مەزنی ی خۆیەوە توانی لە پلەی هاوولاتی یەکی ئاسایی یەوە بگاتە پلەی میرایەتی ی میلانۆ دوای تەخت کردنی هەزارەها کۆسپ و تەگەرە ، ئینجا بۆی کرا بە ئاسانی دەسکەوتەکەی خۆی بپارێزێ . بەڵام لەولای ترەوە قەیسەر بۆرجیا کە بە دۆق فالنتین ناسرابوو ، لە رێگەی دەست‌رۆیشتوویی باوکی یەوە توانی دەوڵەتێك بەدەسگیربخا ، کەچی هەر هێندەی ئەو دەست‌رۆیشتوویی یە نەما ، ئەمیش دەوڵەتەکەی لە دەس چوو ، ئەگەرچی هەر چی یەك پێویست بوو کە پیاوێکی

بەتوانای وردبین بۆ جێ پێ قایم کردنی خۆی لە دەوڵەتێکدا کە بە لەشکرو دۆستایەتی ی کەسانی تر دامەزرابێ بیکا ، کردی . من لەوەبەر وتم : ئەوەی پێشەکی بنچینە بۆ خۆی دانەنێ ، رەنگە بۆی بلوێ بە هۆی بەهرەو توانای لە رادەبەدەری خۆیەوە لە دواییدا دایبنێ ، هەرچەندە ئەمە سەریەشەی بۆ ئەندازیارەکەو مەترسیی بۆ بیناکەش تێدایە . ئینجا ئەگەر پیاو بێت و لە کردارەکانی دۆق و رێبازەکەی وردببێتەوە ، دەبینێ کە ئەو بنچینانەی بۆ قایم کردنی دەسەڵاتە داهاتووەکەی خۆی دایناون ، زۆر کۆڵ و پتەو بوون و باوەڕیشم وایە کە باسکردنیان بێهوودە نییە ، چونکە من وای دەبینم کە کارو کرداری هیچ تازەمیرێك لەوەکانی ئەو باشتر نابێ . بەڵام بەدی نەهێنانی سەرکەوتن تیایاندا هەرگیز بە هۆی هەڵەی خۆیەوە نەبوو ، بەڵکوو لە ئەنجامی ئەوپەڕی بەدبەختی و خراپ بۆهاتنەوە بوو .

هەروەها پاپا ئەلیکساندەری شەشەم بۆ گەورەو گران کردنی شان و شکۆی کورە دۆقی خۆی ، ناچار بوو روو بەرووی گەلێ زەحمەتی ، لە پاشەڕۆژیدا ببێتەوە . باوکە سەیری کرد هیچ رێگایەك بۆ گەیاندنی کورەکەی بەپلەی حوکمرانی کردن لە کایەدا نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە میرایەتی بخاتە ژێر چنگی کڵێسەوە . ئەمە لە کاتێکدا کە دەشیزانی دۆقی میلان و ڤینیسیاییەکان ماوە نادەن هەوڵدانی ئەم بۆ زەوت کردنی چەند شارێکی پاپایەتی سەر بگرێ ، چونکە ڤینیسیا پارێزگاری لێکردنی فایینزاو ریمینیی گرتبووە ئەستۆی خۆی . هەروەها پاپا سەیری کرد هێزە سوپاییەکانی ناو ئیتالیا ، بەتایبەتی ئەوانەی دەگونجا ئامانجەکانی ئەم بەدی بێنن ، لە ژێر دەسەڵاتی ئەو کەسانەدان کە لەفراوان بوونی هێزی پاپا دەترسن . لەبەر ئەوە نەدەکرا پشتیان پێ ببەستێ ، چونکە سەراپایان لە ژێر سەرکردایەتی بنەماڵەی ئۆرسینی و کۆلۆنادا[٤٣] بوون . بۆیە وەزعەکە وای پێویست دەکرد ئاشووبێکی وەها بخرێتەوە کە ئەو بارودۆخە سەرانسەر هەڵگێڕێتەوەو کەمێکیش ئاژاوە لە ناو دەوڵەتەکانی ناو ئیتالیادا بنێتەوە ، تا ئەو بتوانێ هەندێکیان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە . ئەویشی ویستی ئاسان بوو ، ڤینیسیاییەکانی بۆ رەخسا کە چەند هۆیەکی تر وای لێکردبوون فەرەنساییەکان بۆ ئیتالیا بانگ بکەن و ئیتر پاپاش لە لای خۆیەوە ، نەك هەر دژی

بانگ‌کردنەکە نەوەستا ، بەڵکوو بەرزگارکردنی پادشا لویس لە پەیوەندیی ژن‌و مێردایەتی‌یەکەی ڕێگایشی بۆ خۆش کرد . بەم شێوەیە پادشای فەرەنسا بە یاریدەی ڤینیسیایی‌یەکان‌و بڕیار لەسەردانی ئەلیکساندەر هاتە ئیتالیاوە . ئیتر هەر هێندەی ئەو پێی نایە ناو میلانەوە ، پاپا بووە خاوەنی ئەو هێزە سوپایی‌یەی کە بۆ جێبەجێ‌کردنی پرۆژەکەی خۆی لە رۆمانادا پێویستی پێی هەبوو ، ئەمەش کارێك بوو کە بەپێی ناوو ناوبانگەکەی پادشای فەرەنسا ، بۆی نەدەلوا بەدی بێنێ . ئینجا کە دۆق (٤٤)بوە خاوەنی رۆماناو بەسەر کۆلۆناشدا سەرکەوت ، دوو شت ڕێگەی پێگرت . یەکەمیان گومان‌کردنی لە دڵسۆزیی هێزەکانی خۆی . دووەمیان گومان کردنی لە نیازو مەبەستی فەرەنسا . واتە دۆق لە لایەکەوە دەترسا هێزەکانی ئۆرسینی کە پشتی پێ بەستبوون لێی هەڵگەڕێنەوەو تەنیا بەوەشەوە نەوەستن کە نەیەڵن مەملەکەتەکەی لەوە زیاتر بەرفراوان بکا ، بەڵکوو هەرچی‌یەکیشی کردبوو لێی زەوت بکەن . لەولای ترەوە دەترسا کە پادشای فەرەنساش هەمان هەڵوێستی هەبێ . ئینجا ئەوەبوو سەبارەت بە ئۆرسینی گومانەکەی لا بووە یەقین ، چونکە هەرهێندەی فاینبزای داگیرکردو کەوتە پەلاماردانی پۆلۆنا ، سەرنجی‌دا هێزەکانی ئۆرسینی لە هێرش‌بردندا دوودڵن . سەبارەت بە پادشاش هەروەها کەوتەوەو سەیری کرد نایەڵێ پرۆژەی هێرش‌بردنەکەی بۆ سەر تۆسکانیا جێبەجێ بکا ، بەتایبەتی دوای ئەوەی دۆقی‌یەتی ئۆربینۆی هێنابووە ژێر بار . ئەوسا دۆق بڕیاری‌دا ئیتر پشت بە لەشکری کەسانی ترو خۆشبەختی‌یان نەبەستێ . یەکەم کارێکیش کە کردی ، لاوازکردنی حیزبی ئۆرسینی‌و کۆلۆنا بوو لە رۆمادا ، بە راکێشانی لایەنگرەکانیان بە لای خۆیدا کە زۆربەیان لە پیاوماقوولان بوون ، ئەویش لە ڕێگەی بەخشش‌و دیاری‌پێدانێکی زۆرو دامەزراندنیانەوە بە سەرکردەو کارگێڕی وەها کە لەگەڵ پایەوپلەیاندا بگونجێ . بەوە لە ماوەی چەند مانگێکدا توانی پەیوەندیی دڵسۆزی‌یان بۆ حیزبە کۆنەکانیان بپچڕێنێ‌و وایان لێ بکا بایەخ تەنیا بەو بدەن . بە دوایدا توانی بنەماڵەی کۆلۆنا لەناوبەرێ‌و کەوتە چاوەڕوانکردنی هەلێکی لەبار بۆ لەناوبردنی سەرکردەکانی ئۆرسینیش . ئیتر کە هەلکەوت کۆی لێ‌نەکردەوەو لە دەس خۆی نەدا ، ئەویش بەوەی کە وەختێ

ئۆرسینی‌یەکان سەیریان کرد مەزنی‌ی دۆق‌و بەهێزی‌ی کڵێسە مانای ماڵوێرانی‌ی ئەوان دەگەیەنێ ، هەڵسان ئەنجومەنێکی راوێژکارانیان لە ئۆربینۆ لە ناوچەی بیرۆجینۆدا بەست‌و شۆڕشیان لە ئۆربینۆدا بەرپاکردو ناوچەی رۆمانا ئاژاوەی تێکەوت‌و دۆق کەوتە بەر مەترسی‌یەکی بێ‌سنوورەوە ، بەڵام ئەم بە یاریدەی فەڕەنسایی‌یەکان بەسەر هەمووواندا زاڵ‌بوو . ئینجا کە بە تەواوی جڵەوی کەوتەوە دەست ، بڕیاری‌دا باوەڕ نەبە فەرەنسایی‌یەکان‌و نەبە هیچ هێزێکی بێگانەی‌تر نەکا ، تا پشت بە سوێندخواری لە گەڵیاندا نەبەستێ ، بەڵکوو پەنا بەرێتە بەر فروفێڵ . بۆیە دۆق زۆر هوشیارانە راستی‌ی ئامانجەکانی خۆی خەشارداو تەنانەت ئۆرسینی‌یەکان خێرا کەوتنە هەوڵدانی ئاشت‌بوونەوە لە گەڵیداو سینیۆر پاولۆیان بۆ ئەم مەبەستە کردە نوێنەری خۆیان کە دۆق لە رێگەی زمان‌شیرینی‌و دیاری‌پێ‌بەخشینی‌یەوە لە جل‌و بەرگی رازاوەو پارەو ئەسپ . توانی ترس‌و گومانی لە دڵ دەربکاو لە ئەنجامدا ئۆرسینی‌یەکان ، ساکارانە قایل بوون بگەڕێنەوە بۆ سینیگاگلیا(٥٤)وە دەستیدا بوونە نیچیرێکی دەستەمۆ . ئینجا دۆق کە دوای لەناوبردنی ئەو سەرکردانەو راکێشانی لایەنگرەکانیان بۆ ریزی دۆستانی خۆی‌و هەروەها دەسگرتنی بەسەر هەموو ناوچەکانی رۆماناو میرایەتی‌ی ئۆربینۆداو دوای مسۆگەرکردنی خۆشەویستی‌و دڵسۆزی‌ی خەڵکەکەش . بەتایبەتی کە هەستیان کرد حوکمرانی‌یەکەی سوودیان پێ‌دەبەخشێ . ئیتر کەوتە دانانی بناغەیەکی ساغڵەم بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی .

جا لەبەر ئەوەی ئەم لایەنە . دەهێنێ لە لایەن کەسانی‌ترەوە سەرنجی بدرێتی‌و لاسایی بکرێتەوە . وا من لە باسکردنی غافڵ نابم . ئەوەبوو وەختێ رۆمانای داگیرکرد . ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی چەند حوکمرانێکی لاوازی ئەوتۆدا بوو کە تەنیا بە تەنگ رووتاندنەوەی خەڵکەکەوە بوون نەك فەرمانڕەوایی‌یان بکەن . یا هۆی دووبەرەکی‌یان لە نێواندا بخولقێنن نەك یەکیان پێ‌بگرن . بەم جۆرە ناوچەکە کەوتبووە ژێر چەپۆکی راووڕووت‌کردن‌و کاری چەتەگەری‌و پەلاماردان‌و هەموو شێوەکانی ئاژاوەو ئاشووبەوە . لەبەر ئەوە بڕیاری‌دا خێرخوای ئەوتۆ لە ناوچەکەدا دابمەزرێنێ کە خەڵکەکە بخاتە ژێر باڵی هێمنی‌و تاعەتکردن‌و ملدان بۆ حوکمرانی کردنی ئەو . بۆ ئەم

مەبەستەش ریمیرۆ دی ئۆرکۆی کردە نوێنەری خۆی کە بە دڵرەق و لێهاتوو ناسرابوو ، ئەوپەڕی دەسەڵاتیشی دایە ، جا ئەم کابرایە لە ماوەیەکی کورتدا توانی سەرکەوتنێکی گەورە لە چەسپاندنی ئاسایش لە ناوچەکەداو لە یەکێتیگرتنیدا وەدەس بێنێ کە ئەمە وای لە دۆق کرد دادگایەکی (مدنی)ی بۆ دادپەروەری لە مەڵبەندی ناوچەکەدا دامەزراندو حاکمێکی بە توانای کردە سەرۆکیو بریاریدا هەر شارەو پارێزەرێکی تێدا بۆ خۆی دابنێ . ئینجا لەبەر ئەوەشی کە دەیزانی توندوتیژیو ستەمکاری یەکەی لەوبەر دەبێ هەستی رقو کینەی لە بیروهۆشی جەماوەری گەلدا خولقاندبێ ، بۆ سرینەوەی بەسەرهاتەکان لە مێشکیانداو بە مەبەستی راکێشانیان بە تەواوی بە لای خۆیدا ، بریاریدا وەهایان بۆ دەربخا کە هەرچی کارێکی نەگریسانە لە رابوردووەدا کراوە ، هیچی بە فەرمانی ئەم نەبووە ، بەڵکوو دروستکراوی دەستی وەزیرەکەی بووەو هەرهێندەشی هەلی بۆ هەڵکەوت ، فەرمانیدا جەستەی بکەن بە دوو کەرتەوەو لە مەیدانی گشتی ی شاری سیزاینادا هەڵیواسنو لەوحێکی تەختەو خەنجەرێکی خوێناویش لە تەنیشتی یەوە دابنێن . درندەیەتی ی ئەم کردەوەیە هەستێکی تێکەڵ لە رەزامەندیو سەرسورمانی لای گەل وروژاند . بەڵام با بگەرێینەوە سەر باسەکەی خۆمان .

ئینجا ئیتر دۆق کە هەستی بە دەسەڵاتداری ی خۆی کردو کەوتە پێکەوەنانی سوپایەکی تایبەتیو ئەو هێزانەی دەوروپشتی خۆی تێکشکاندن کە لە وزەیاندا هەبوو جەزرەبەی لیبدەنو دواجار خەمی ئەو مەترسی یانەی نەما کە لە کایەدا بوون ، سەیری کرد ئەگەر بیەوێ لەسەر داگیرکاری بەردەوام بێ ، دەبێ کارێکی وەها بکا کە لە لایەن فەرنساوە رێزی لیبنرێ ، چونکە دەرکی کرد کە پادشای فەرەنسا دوای هەستکردنی بەو هەڵەیەی خۆی کە کردبووی ، ئیتر هیچ یاریدەیەکی نادا . بەم جۆرە بە سەرێکێ کەوتە گەران بە دوای هاوپەیمانی نوێداو بە سەرێکیش تەقەلادانی خۆنزیککردنەوە لە فەرەنسایی یەکان بە بۆنەی ئەو هێرشەوەی پادشاکەیان بۆ پەلاماردانی مەملەکەتی ناپۆلی ، بە نیازی یاریدەدانیان دژی ئیسپانیایی یەکان کە شاری جا یتیایان ئابلۆوقە دابوو ئامادەی کردبوو . مەبەستیشی دڵنیابوون بوو لێیان کە ئەگەر

بهاتایەو ئەلیکساندەری باوکی لە ژیاندا بمایە ، دەیتوانی ئەم ئاواتە بەدی بێنێ .

ئەمە ئەو کارو کردارانە بوون کە دۆق بۆ روو بەروو بوونەوەیان‌وەختی خۆی کردنی . بەلام سەبارەت بە دوارۆژی ، لەوە دەسڵەمی‌یەوە کە سەرۆکی نوێی نیمچە دەوڵەتەکانی کڵێسە یەکێك لە دۆستەکانی خۆی نەبێ‌و تەقەلا بدا ئەو ناوچانەی لێ‌بسێنێتەوە کە ئەلیکساندەر پێی بەخشی بوون .

بۆ لەروودا وەستانی ئەم ترسە بڕیاری‌دا چوار رێگا بگرێتە بەر : یەکەمیان لەناوبردنی هەموو ئەو کەسانەی سەر بەو بنەماڵە حوکمڕانانە بوون کە مەملەکەتەکانیانی لێ زەوت کردبوون ، تا ماوە نەدا پاپا تازە فرسەتی پشت‌پێ‌بەستنیانی چنگ بکەوێ . رێگای دووەم مسۆگەرکردنی دۆستایەتی‌ی سەردارانی رۆما بوو تا بە هۆی ئەوانەوە بەری سەرکێشی‌کردن لە پاپا بگرێ . رێگای سێ‌یەم بریتی بوو لە بەکارهێنانی ئەوپەری تین‌و توانای بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا . بەلام چوارەمیان بریتی بوو لە سازدانی گەورەترین هێز کە لە تواناداا بێ لە پێش مردنی پاپای باوکی‌دا پێکی بێنێ ، تا بتوانێ بە تەنیا خۆی لە رووی یەکەمین هێرشدا کە دەکرێتە سەری خۆی رابگرێ . جا ئەوەبوو وەختێ ئەلیکساندەر مرد ئەو لە چوار ئامانجەکە سیانیانی بەدی هێنابوون‌و چوارەمیشیان بە رێوە بوو بەدی بهێنرێ . واتە توانی بووی ژمارەیەکی زۆر لە میرە لە میرایەتی‌خراوەکان بکوژێ یا فرسەتی گرتنیانی بۆ هەڵکەوتبوو کە لە ژمارەیەکی کەم بەولاوە کەسیان رزگاریان نەبوو بوو . هەوەکو توانی‌بووی سەردارانی رۆما بداتە پاڵ خۆی‌و دەسەلاتی تەواوی خۆیشی بەسەر کۆمەڵگادا بچەسپێنێ . لە کاتێکدا بۆ مەملەکەتەکان کارێکی وەهای کردبوو کە ببێتە سەروەری گشت تۆسکانیاو پیرۆجیاو[٤٦] بیۆمبینۆ بکاتە موڵکی خۆی‌و باڵیش بەسەر پیزادا بکێشێ . ئینجا کە دڵنیا بوو ئیتر هیچ شتێك لە کایەدا نەماوە ترسی لە فەرەنسایی‌یەکان پێ‌پەیدا بکا ، چونکە ئیسپانیایی‌یەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ لە ناپۆلی دەریانپەڕاندبوون کە ناچار بن ئەوانیش هەوڵ بدەن دۆستایەتی‌ی ئەم مسۆگەر بکەن‌و دڵی رابگرن ، بە تەواوی دەستی بەسەر پیزادا گرت‌و بە دوایدا هەرخێرا لۆکاو سی‌یەناش ، بە هۆی رق‌و کینەیانەوە بەرامبەر بە ڤینیسیایی‌یەکان لە لایەکەوەو لەبەر ترس‌و سامیان لەم لە لایەکی ترەوە ، سەریان بۆ

شۆڕ کرد ، جگە لەوەی کە ڤینیسیایی‌یەکان خۆشیان لەو وەختەدا داهات‌و بەروبوومیان لە کزیدا بوو . جا ئەگەر هەر لەو ساڵەدا کە ئەلیکساندەری تێدا مرد ، لە مەملەکەتە تازەکانیشدا بە چەشنی کۆنەکانی سەرکەوتنی بەدی بهێنایە ، ئەوا بەبێ هیچ پشت‌بەستنێك بە دەسەڵات‌و بە خۆشبەختی‌ی کەسانی‌ترو تەنیا لە سایەی هێزو بازووی خۆیەوە ، هێندەی تواناو دەسەڵات‌و ناوبانگ دەردەکرد کە بۆ ئیدامەپێدانی ئەو سەروەری‌یەی بەس بن . بەڵام ئەلیکساندەر مردو مردنەکەشی لەوەختێکدا بوو کە تەنیا پێنج ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی‌بوو کە قەیسەر بۆرجیا یەکەمجار شمشێری تیدا بەلادا کردبوو . ئەوسا دۆق سەیری کرد کە ئەگەرچی ڕۆمانا بە تەواوەتی ملی بۆ داوە ، بەڵام نەخشەکانی تری لە هەوادا لە نێوان دوو دوژمنە لەشکری بەهێزدا ، بە هەڵواسراوی ماونەتەوەو خۆیشی بە دەست چەند نەخۆشی‌یەکی کوشندەوە دەناڵێنێ . بەڵام ئازایەتی‌و بەتوانایی‌یەکەی دۆق لەرادەبەدەر بوون‌و لە پەیداکردنی دۆست‌و لە فەوتاندنی دوژمنیشدا دەستێکی باڵای هەبوو . هەروەکوو لە دانانی نەخشەو ڕێ‌وشوێن‌و لە چەسپاندنیاندا لە ماوەیەکی کورتدا ، زۆر شارەزا بوو . لەبەر ئەوە ئەگەر دوو لەشکرە دوژمنەکە دەوریان نەتەنیایەو خۆیشی لە ڕووی تەندروستی‌یەوە وەزعی باش بووایە ، دەیتوانی بەسەر هەر کۆسپ‌و تەگەرەیەکدا زاڵ بێ . جا ئێمە ئەگەر ئەو ڕاستی‌یەمان لە پێش‌چاو گرت کە دەڵێ :

لە کاتێکد کە ئەو لە ڕۆمادا لە سەرەمەرگدا بوو ، ڕۆمانا بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك بە هێمنی لە چاوەڕوانکردنیدا مایەوە ، یا وەختێك باگلیۆنی‌و(47) ڤیتیللی‌و ئۆرسینی بە هێزەکانیانەوە چوونە ناو ڕۆماوەو کەسێکیان نەدی پشتگیری‌ی ئەمان بکاو دژ بەو ببزوێ ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بنچینانەی دایمەزراندبوون چەندە کۆك‌و پتەو بوون . تەنانەت ئەو دەیتوانی نەهێڵێ هیچ کەسێك بۆ پاپایەتی هەڵبژێردرێ کە خۆی نەیەوێ ، ئەمە ئەگەر لە کاتی مردنی ئەلیکساندەردا سیحەتی باش بووایە ، هەرچی‌یەکی حەز پێ‌بکردایە بۆی بەدی دەهات‌و بەرگەی هەموو چورتمێکیشی دەگرت . دۆق لەو ڕۆژەدا کە یۆلیۆسی دووەمی تێدا هەڵبژێردرا بە پاپا ، بۆی باسکردم کە ئەو بیری لە هەموو ئەو شتانە کردبۆوە کە ڕەنگ‌بوو لە وەختی مردنی باوکیدا

رووبدەن‌و چارەسەریشی بۆ هەموویان دانابوو تەنیا یەك شت نەبێ کە قەت بە بیریدا رانەبوردبوو ، ئەویش نزیك‌بوونەوەی خۆی بووە لە مردن‌و لە هەمان رۆژی مردنی باوکیدا . [٤٨]

ئینجا من کە بە هەموو ئەم کردارانەی دۆقدا دەچمەوە هیچی وەهایان تێدا نابینم بهێنێ لە سەری لۆمە بکرێ ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ، من خۆم بە ناچار دەبینم دۆق بە نموونەیەکی ئەوتۆ دابنێم کە دەبێ هەموو ئەوانەی لە رێگەی چەك‌و خۆشبەختی‌ی کەسانی‌ترەوە دەگەنە پۆپەی دەسەڵاتداریتی ، وەك رووی‌دا ، شوێن‌پێ‌ی هەڵبگرن ، چونکە ئەوێك کە بە ئازایەتی‌و زیادەخوازی‌یەکی زۆر ناسرابوو ، لە توانایدا نەبوو لەوە زیاتر بکا کەکردی‌و نەخشەو پلانەکانیشی بە هۆی مردنی باوکی‌و بەخۆشکەوتنی خۆیەوە نەبووایە ، شکستی‌یان نەدەهێنا . هەموو ئەو کەسانەی وای دەبینن کە دەبێ لە رێگەی قایمکردنی جێ‌پێ‌ی خۆیانەوە لە رووی دوژمناندا پارێزگاری لە میرایەتی‌یە تازەکەیان بکەن‌و دۆستیان هەبن‌و داگیرکاری بە زەبری هێز یا بە خەڵەتاندن‌و فرت‌و فێڵ بەدی‌بێنن‌و هەم خۆشەویستی‌و هەم ترس‌و سام بەسەر رەعیەتەکەیاندا بسەپێنن‌و رێزلێگرتن‌و تاعەتکردن بەسەر سەربازانیانداو پلیشاندنەوەی هەر یەکێك کە رەنگێ بێ سەریەشەیان بۆ پەیدا بکاو داهێنانی نەریتی تازە لە بری هی کۆن‌و پەنابردنە بەر دڵرەقی‌و بە رەحمی پێکەوەو جوامێری‌و ناجوامێری لە یەك کاتداو بڵاوەپێکردنی هێزی سەربازانی ئیختیاری‌ی کۆن‌و پێکهێنانی هێزێکی نوێ‌و پاراستنی دۆستایەتی لەگەڵ پادشاو میراندا بە شێوەیەك ناچاریان بکا بە سەرێك بۆی سوودبەخش بن‌و بە سەرێکیش سڵ لە جەزرەبەی دەستی بکەنەوە ، هەموو ئەوانە دەبێ کردارەکانی ئەم پیاوە بە پەسەندترین نموونە بۆ پەیرەوکردن دابنێن . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانین کە گوناهی هەرە گەورەی ئەم پیاوە ، رەنگە لە لایەنگیری‌کردنەکەیدا بێ بۆهەڵبژاردنی یۆلیۆسی دووەم بە پاپا . چونکە وەك لەوەبەر وتم ئەو ئەگەرچی نەیدەتوانی قسەی خۆی لە هەڵبژاردنی پاپایەکدا کە خۆی ببەوێ زاڵ بکا ، بەڵام دەیتوانی بە هیچ کلوجێ ماوە نەدا کەسێك بۆ پاپایەتی هەڵبژێردرێ کە یەکێك بێ لەو کاردینالانەی ئەم لەوەبەر ئازاری دابن‌و زەرەری پێ‌گەیاندبن ، یا

یەکێك بێ لەوانەی کە لە حاڵەتی بوونیدا بە پاپا . ئەم ناچار بێ لێی بترسێ . چونکە مرۆڤ یا بە هۆی رق‌و کینەوە یاخود لە ئەنجامی ترسدا خراپەکاری دەکا . ئەو کاردینالانەی ئەم ئازاری دابوون ، ژمارەیەکی زۆر بوون‌و گرنگترینیان سان پیترۆ ئادڤینکۆلاو کۆلۆناو[49] سان جیۆرجیۆو ئەسکانیۆ[50] بوون .

جگە لەمانە ئیتر هەر کامێك لە کاردینالەکانی تر بۆ سەرتەختی پاپایەتی هەڵبژێردرایە . ئەو پاپا تازەیە لەم دەترسا ، تەنیا رۆهانی فەرەنسایی‌و کاردینالە ئیسپانیایی‌یەکان نەبن کە یەکەمیان بە هۆی ئەو پەیوەندی‌ی خزمایەتی‌یەوەی لەگەڵ پادشای فەرەنسادا هەیبوو ، خاوەنی دەسەلاتێکی گەورە بوو ، ئەوانی‌تریش پابەندی ئەو ئەرك‌و پەیوەندی‌یانە دەبوون کە بە دۆقەوە دەیبەستنەوە . بۆیە دۆق لەبەر ئەم هۆیانە دەبوو یەکێك لە کاردینالە ئیسپانیایی‌یەکان بۆ پاپایەتی هەڵبژێرێ ، یا ئەگەر ئەوەشی پێ‌نەدەکرا دەبوو بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی کاردینال رۆهان بدا نەك سان پیترۆ ئادڤینکۆلا[51] ئینجا گومان لەوەدا نی‌یە ئەو کەسەی وای بۆ دەچێ کە گوایە گەورەپیاوان وەختێ سوودو بەرژەوەندێکی تازەیان دەسگیر دەبێ کۆنە ئازارو گێچەڵ‌پێکردنی لەوەبەریان لە بیر دەچێتەوە ، دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورەوە . دۆقیش لەم رووەوە هەڵەی کردو هەڵەکەیشی بۆی بووە هۆی تێکشکانێکی ئەوتۆ کە هەڵسانەوەی بۆ نەبوو .

٨

ئەوانەی لە رێگەی چەپەڵکاری یەوە دەگەنە میرایەتی

لەبەر ئەوەی دوو رێگای تریش هەن بۆ گەیشتن بە میرایەتی کە بە هیچ جۆرێ پەیوەندی‌یان بە بەختو لێهاتوویی‌یەوە نی‌یە ، پێویستە هەر وا ئاسایی بە سەریاندا رانەبوورین ، هەرچەندە ئەگەر باسمان لە شێوەی کۆماری بووایە ، دەتوانرا فراوانتر لی‌یان بدوێین. یەکەمی ئەو دوو رێگەیەش بریتی‌یە لەوەی مرۆڤێك بە هۆی بەکارهێنانی رێو شوێنی چەپەڵو نەگریسەوە بگاتە پلەی میرایەتی . بەڵام دووەمیان بریتی‌یە لەوەی یەکێ لە ریزی جەماوەری گەلەوەو بە هۆی پشت‌گرتنی‌یەوە لە لایەن هاوولاتی‌یەکانی‌یەوە بەرزبکرێتەوەو بخرێتە سەر تەختی میرایەتی‌ی ولاتەکەی . جا من لە باسکرنی رێگای یەکەمدا دوو نموونە دێنمەوە ، یەکەمیان کۆنو ئەوتریان هاوچاخ ، بەڵام بەبێ ئەوەی لە لایەنی چاکەو خراپەی ئەم رێگایە بدوێم ، چونکە وایتێدەگەم دوو نموونەکە بۆ قایل‌کردنی ئەو کەسە بەسن کە خۆی بۆ لاسایی‌کردنەوەیان بە ناچار دەبینێ .

ئاگاتۆکلیسی[٥٣] کە چووە سەر تەختو بووە پادشای سیراکۆزە ، لە پەراگەندەترینو نزمترین چین بوو لە ولاتەکەیدا . باوکی لە پیشەسازی‌ی گۆزەو دیزە دروستکردندا ئیشی دەکرد . لە کۆڕی جۆرە ژیانێکدا پەروەردە بووبوو کە لە هەموو

پلەکانیدا پڕی لە شەڕخواهی و بەدکاری بوو . بەڵام لە پاڵیدا چ بە ئەقڵ و چ بە لەش گورج وگۆڵ بوو . بۆیە کاتێ چووە ریزی سەربازانی ئیختیاری‌یەوە ، توانی پلە بە دوای پلەدا سەربکەوێ و لە ئەنجامدا بگاتە پایەی گەورەی قازی‌یان (بریتۆر) لە سیراکۆزەدا . ئەوسا بڕیاری‌دا ببێتە میرو لە ڕێگەی ستەمکاری‌یەوەو بەبێ پەنابردنەبەر یاریدەوەرگرتن لە کەسانی‌تر ، پارێزگاری لەو مافەی خۆی بکا کە دەستوور پێ‌یبەخشی بوو . ئەم نیازەی خۆی لای هامیلکاری (٥٤) کرتاجەیی درکاند کە ئەو وەختە لە سکلیادا دەجەنگاو سەرلەشکر بوو . جا بەیانی‌یەکیان بە بیانووی ڕاوێژکردنەوە سەبارەت بە هەندێ باس‌وخوازی زۆر بایەخدار کە پەیوەندی‌یان بە جەمهووریەتەوە هەیە ، پیاوماقوولانی سیراکۆزەو ئەنجومەنی پیرانی شارەکەی بانگ کردە لای خۆی .

ئیتر هەر هێندەی ئیشارەتێکی‌دا ، سەربازەکانی دەستیان کردە سەربڕینی ئەندامانی ئەنجومەن و پیاوماقوولانی شارو دوای دڵنیابوونی لە کوشتنیان ، بەبێ ئەوەی هیچ ترسێکی لە ناکۆکی‌ی ناوخۆ هەبێ ، شارەکەی داگیرکردو کەوتە حوکم‌کردنی . بە دوایدا ، هەرچەندە کرتاجەیی‌یەکان دوو جار شکاندیان و شارەکەیان لێ ئابڵووقەدا ، بەڵام لە ئەنجامدا توانی بیپارێزێ ، ئەوسا بەشێك لە هێزەکانی بۆ بەردەوامبوونی پارێزگاری لێکردنی تێدا جێ‌هێشت و بە بەشەکانی‌تر پەلاماری کەناری ئەفریقای‌دا . هەروەکوو لە ماوەیەکی کورتدا توانی سیراکۆزە ئازاد بکاو لە ئابلووقەدان ڕزگاری بێ‌و کرتاجەیی‌یەکانیشی ناچار کرد داوای بەستنی پەیمانی ئاشتی‌ی لێ‌بکەن‌و واز لە دورگەی سکلیا بێنن بۆ ئاگاتۆکلیس‌و قایل بن کە تەنیا ئەفریقایان لە ژێر چنگدابێ ، ئەمە بێگومان دوای ئەوەی چەند جەزرەبەیەکی توندوتیژی لێدان . ئینجا هەر کەسێ بیەوێ لە سیفەت‌و کردارەکانی ئەم پیاوە بکۆڵێتەوە ، بۆی دەردەکەوێ کە هیچی وەهایان تێدا نی‌یە بدرێتە پاڵ بەخت ، چونکە وەك وتم ئەو لە گەیشتنی‌دا بە میرایەتی منەتباری هیچ کەسێك نەبووە . بەڵکوو لە ڕێگەی بەرزبوونەوەیەوە لە ڕیزی هێزی سەربازانی ئیختیاری‌یەوەو خۆخستەبەر مەترسی‌ی هەزارەها چەڵەمەو کۆسپ‌و تەگەرەوە پێ‌یگەیشت . ئەوساش ئیتر بە جۆرە ڕێ‌وشوێنێك پاراستی کە هەرگیز خاڵی نەبوو لە

ئەرك‌و ئازارچەشتن‌و مەترسی‌و لە ئازایەتیش . بێگومان ئێمە هەقی ئەوەمان نی‌یە سیفەتی پاکی‌و چاکەکاری بدەینە پاڵ ئەو کەسەی هاوولاتی‌یەکانی خۆی دەکوژی‌و ناپاکی لە برادەرو دۆستەکانی دەکاو پشت دەکاتە پەیمانەکانی‌و بەزەیی‌و دینداری دەخاتە لاوە . رەنگە مرۆڤ بتوانێ لە رێگەی ئەم کردارانەوە بە میرایەتی بگا . بەڵام ناتوانێ بگاتە سەربەرزی . ئەگەر بێت‌و ئێمە لایەنە چاکەکانی ئاگاتۆکلیس وەربگرین کە لە رووبەروو بوونەوەی مەترسی‌و زاڵبوون بە سەریداو لە پتەوی‌و بەهێزی‌ی ورەیدا لە رووی کۆسپ‌و تەگەرەو تەختکردنیاندا خۆیان دەنوێنن ، ئەوا دەبینین هیچ هۆیەك نی‌یە وامان لێ‌بکا پایەوپلەیەکی نزمتری لە هەر یەکێ لە سەرکردە بەناوبانگەکانی بۆ دابنێین . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵرقی‌یە جانەوەرانەکەی‌و بێ‌بەشی‌یەکەی لە هەستی مرۆڤانەو لە پاڵیاندا ئەو هەموو زوڵم‌و زۆرە لەژمارە نەهاتووەی کە کردنی ، ماوەمان نادەن بە یەکێ لەو پیاوە بەناوبانگانەی دابنێین . هەروەکوو لە تواناماندا نی‌یە ئەوەی بۆی بەدی هێنرا بیدەینە پاڵ بەخت یا چاکەکاری ، چونکە پەنای نەبردبووە بەر هیچیان .

هەروەها لە رۆژانی ئێستاشماندا ، لە سەردەمی پاپا ئەلیکساندەری شەشەمدا ، ئۆلیڤیرتۆ داڤیرمۆ بە هەتیوی گەورە بوو ، جیوڤانی فۆگلیانی‌ی (٥٥) خاڵی بەخێوی کردو هەر لە هەرزەکاری‌یەوە کردی‌یە سەربازو خستیە ژێر سەرکردایەتی‌ی پاولۆ ڤیتللی‌یەوە ، (٥٦) تا دوای مەشق‌کردن‌و پێگەیشتنی لەو قوتابخانە سەختەدا ، پایەیەکی سەربازی‌ی زۆر باشی دەستکەوت. ئینجا کە پاولۆ مرد ، لە ژێر سەرکردایەتی‌ی ڤیتیلۆزۆی (٥٧) برای پاولۆدا بووە جەنگاوەرێك‌و دوای ئەوەش بە ماوەیەکی کەم ، لە سایەی زیرەکی‌و زۆرزانی‌و گورج‌وگۆڵی‌ی خۆیەوە ، بووە یەکێك لە سەرکردەکانی هێزە جەنگاوەرەکان . بەڵام کە سەیری کرد مانەوەی لە ژێر سەرکردایەتی کەسانی‌تردا بۆ یەکێکی وەك ئەو سووکی‌یە ، بریاری‌دا شاری فیرمۆ بە یارمەتی‌ی هەندێ لە هاوولاتیانی کە کۆیلەیەتی‌یان لە سەربەستی لا پەسەندتر بوو ، هەروەها بە پشتگیری کردنی لە لایەن ڤیتللی‌یەوە داگیر بکا ، بو ئەم مەبەستەش نامەیەکی بۆ جیوڤانی‌ی خاڵی ناردو تیایدا نووسی‌بووی کە بۆ بینینی ئەوو شارەکەی زۆر بە پەرۆشەوەیەو حەز دەکا

دوای ماوەیەکی دووردودرێژی ئاوارەبوون . مەملەکەتەکەی خۆی بەسەر بکاتەوە .
هەروەها نووسی بووی ئەوێك کە تووشی گەلێ زەحمەتی و ماندووبوون بووە تا گەیشتۆتە پلەی شەرافەتمەندی و لەبەر ئەوەشی کە وای پێخۆشە هاوولاتی یەکانی خۆی بە جۆرێك ببینێتەوە بۆی دەربکەوێ کە رەنجی بە فیڕۆ نەچووە ، دەیەوێ خۆبەناو شارکردنیدا رادەی شان‌وشکۆی بنوێنێ‌و بۆ ئەم مەبەستەش نزیکەی سەد سوارێك لە برادەران‌و دەست‌و پێوەندانی خۆی لە گەڵدا دەبێ . هەروەکوو تکای لە خاڵی کردبوو فەرمان بدا بە خەڵکی فیرمۆ کە پێشوازی یەکی وەهای بکەن نیشانەی رێزلێنانی بێ ، چونکە ئەو خۆنیشاندانە تەنیا مانای پێشوازی لێکردنی ئەو ، ئۆلیڤیرتۆ ، ناگەیەنێ ، بەڵکوو مانای رێزنانە لە جیوڤانی خۆیشی کە ئەوی پێگەیاندوەو دەرسی داداوە .
جیۆڤانی لە بەپیرەوەچوونی خوشکەزاکەیدا کەم‌تەرخەمی ی نەکردو خەڵکی شارەکەی بۆ پێشوازی‌کردن‌و رێزلێنانی‌هان‌داو دوایی ماڵەکەی خۆیدامیوانداری‌کرد. ئینجا ئۆلیڤیرتۆ دوای چەند رۆژێك چاوەڕوانکردن ، پیلانە چەپەڵ‌و نەگریسەکەی خۆی بەم جۆرە نەخشە کێشا : خاڵی‌و هەموو گەورە پیاوانی فیرمۆی بۆ داوەتێکی گەورە بانگ‌کرد . کە نان خوراو ئاهەنگ‌گێڕانی ئاسایی ی لەو بابەتەی لەم جۆرە داوەتانەدا دەکرێ دەستی پێکرد ، ئۆلیڤیرتۆ بە نەزاکەتەوە هەندێ باس‌وخوازی گرنگی بۆ لێدوان هێنایە کایەوەو کەوتە باسکردنی مەزنی ی پاپا ئەلیکساندەرو قەیسەری کوڕی‌و پرۆژەکانیان . بەلام وەختێ جیوڤانی‌و ئەوانی تر کەوتنە وەرامدانەوەی ، ئەو یەکسەر راپەڕی‌یە سەرپێ‌و وتی : ئەم جۆرە باسانە دەبێ بە پەنهانی باس بکرێن‌و ئیتر خۆی کشانەوەو چووە ژوورێکی تەنیشتەوە . هەرخێرا جیوڤانی‌و پیاوماقوولەکانیش دوای کەوتن . ئەوسا هەرهێندەی دانیشتن‌و دانەنیشتن ، ئەو سەربازانەی خۆیان بۆ مەلاس دابوون ، لێیان دەرپەڕین‌و پەلاماریان‌دان‌و هەموویانیان قەلاچۆکرد . دوای کوشتارەکە ئۆلیڤیرتۆ سواری ئەسپەکەی بوو ، بە شەقامەکانی شارەکەدا رابوردو چووە ماڵی (سەرۆکی قازی‌یانیشی) ئابلۆوقەدا . ئیتر خەڵکەکە هەموو لە ترساندا ناچاری تاعەتکردن‌و دامەزراندنی حکوومەتێکی تازە بوون کە ئەویان بە سەردا کردە میر . ئینجا وەختێ هەموو ئەوانەی لەناوبردن کە دەترسا پێی رازی نەبن‌و دەستی

لیٚبوەشێنن ، دەوری خۆی بە ژمارەیەکی نویٚ لە کەسانی مەدەنیو عەسکەری تەنی . تەنانەت لەو تەنیا ساڵەدا کە حوکمرانی ناوچەکە بوو ، بە جیٚپیٚقایمکردنی خۆیەوە لە فیرمۆدا نەوەستا ، بەڵکوو کاریٚکی وەهای کرد هەموو دراوسیٚکانیشی لیٚی بترسن .

ستەم بوو حوکمی ئۆلیڤیرتۆ هەرەس بیٚنیٚ ئەگەر ماوەی بە قەیسەر بۆرجیا نەدایە ، لە مەسەلەی گرتنی ئۆرسینیو ڤیتیللی لە سینیگاگلیادا لە خشتەی بەریٚ وەك لەوەبەر باسم کرد ، چونکە ئەو خۆیشی هەر ساڵە وەختیٚك دوای ئەو قەسابگەرییە بە کۆمەڵەی کردی ، گیراو لەگەڵ ڤیتیلۆزۆی مامۆستای لە جەربەزەییو دڵرەقیدا ، کوژرا .

رەنگە مرۆڤ وا هەبیٚ بە لایەوە سەیر بیٚ کە ئایا چۆن ئاگاتۆکلیسو ئەوانەی لە بابەتی ئەون ، توانیویانە دوای زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکی فرتوفیٚڵو خیانەتکاریو کرداری درندانە ، بیٚترسو بە دڵنیاییەوە بۆ ماوەی ساڵانیٚکی زۆر لە وڵاتەکانیاندا تەمەن بەرنەسەرو هەم لە رووی دوژمنانی دەرەوەدا پاریٚزگاری لە خۆیان بکەنو لە پیلانلیٚکردنی رەعیەتەکەی خۆشیان بەدوور بن . ئەمە لە کاتیٚکدا کەسانیٚ هەبووبن لە ئەنجامی دڵرەقییاندا نەیانتوانییٚ نە لە وەختی ئاشتیو نە لە وەختی ئاژاوەو شەردا ، پاریٚزگاری لە پایەوپلەی خۆیان بکەن . بۆ وەرامدانەوەی ئەم سەرسورمانە دەڵیٚم : من باوەرم وایە هۆیەکەی دەگەریٚتەوە بۆ ئەو شیٚوەیەی کردارە نەگریسەکانی پیٚکراوە ، واتە ئایا شیٚوەکە باش براوەتە سەر یا خراپ . من لیٚرەدا ئەگەر ماوەمان بدریٚ وشەی باش بدەینە پاڵ خراپەکاری ، ناوی شیٚوەی باش لەو کردارانە دەنیٚم کە پیٚویستیی مسۆگەرکردنی ئەمنو ئاسایش وای کردوە بکریٚن ، بە مەرجیٚك ئیدامەیان پیٚنەدرابیٚو دوایی گۆردرابن بە جۆرە کرداریٚك کە ئەوپەری سوودیان بۆ خەڵکەکە هەبووبیٚ . بەڵام شیٚوە خراپەکە ئەو کردارە چەپەڵانە دەگریٚتەوە کە هەرچەندە لە سەرەتادا کەمیش بووبن ، بەڵام لە ئەنجامدا لە بری ئەوەی کەمتر ببنەوە وردە وردە ژمارەیان زیادی کردوە . جا ئەوانەی پەیرەوی شیٚوەی یەکەم دەکەن ، دەتوانن وەزعی خۆیان لەگەڵ خوداو لەگەڵ مرۆڤاندا چاك بکەن ، کتومت وەك ئاگاتۆکلیس کردی . بەڵام ئەوانیتر قەت لە تواناییاندا نابیٚ پاریٚزگاری لە خۆیانو وەزعی خۆیان بکەن .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە داگیرکەر لە کاتی داگیرکردنی دەوڵەتێك لە دەوڵەتاندا ، دەبێ ئانوسات‌و یەکڕەمی چی بۆ بەرپاکردنی کردارە چەپەڵ‌و نەگریسەکانی پێویستە بیکات‌و ئیتر نەکا هەر رۆژە نارۆژنێك بگەڕێتەوە سەریان . بەم جۆرە ، لە رێگەی نەکردنی ئاڵ‌وگۆڕی تازەوە ، دەتوانێ بە هۆی گەلێ پرۆژەی سوودبەخشەوە بۆ گەلەکەی ، دڵنیایی‌و ئاسوودەگی ی لە ناودا بلاوبکاتەوەو بە لای خۆیدا رایبکێشێ . بەلام ئەوەی رێبازێکی جیاواز لەمە دەگرێتە بەر ، چ بە هۆی ترسنۆکی یەوە بێ یا لە ئەنجامی وەرگرتنی ئامۆژگاری ی گەندەڵدا ، ئەوا ناچار دەبێ هەردەم لە سەرپێ بێ‌و شیری لە کالان هەڵکێشابێ ، چونکە بە هیچ کلۆجێ ناتوانێ پشت بە گەلەکەی ببەستێ ، لەبەر ئەوەی کە ئەوانیش ئەنجامی دووپاتکردنەوەی خراپەکاری بەرامبەریان لە لایەن ئەمەوە ، ناتوانن پشتی پێ‌ببەستن . هەروەها خراپەکاری کە کرا پێویستە یەکڕەمی‌و سەرانسەری بکرێ . چونکە ئەمە سیفەتی بلاوبوونەوەی کاریگەری یەکەی بزر دەکاو دواجار شوێنەوارێکی زۆر خراپ جێ‌ناهێڵێ . وەکی تر سوودو قازانج دەبێ تنۆك تنۆك بڕژێنرێتە ناو دەمەوە ، هەتا گەل تامی بچێژێ‌و لەزەتی لێ‌ببینێ . ئینجا سەرباری هەموو ئەمانەش ، میر دەبێ لە ناو رەعیەتەکەیدا بژی ، بەلام بە شێوەیەك کە ماوە نەدا چ خۆشبەختی‌و چ بەدبەختی بەری کاروانی پێ‌بگرن . چونکە ئەو پێویستی‌یانەی لە رۆژانی سەخت‌و تووشدا دێنە کایەوە ، ناچارت دەکەن ئامادەی رووبەروو بوونەوەیان ببیت ، هەروەکوو رەنگە هیچ خێرخوایی‌یەك کە دەیکەیت ، لەم جۆرە کاتەنەدا سوودی بۆت نەبێ ، لەبەر ئەوەی رای گشتی وای بۆ دەچێ کە پێویستی بە سەرتیدا سەپاندووە ، بۆیە ناتوانیت هیچ جۆرە سوودێکی لێ‌دەسگیر بخەیت .

٩

میرایەتی یە میللی یەکان

ئێستا دێینە سەر ئەو حاڵەتەی کە هاوولاتی یەك ، نەك لە رێگەی پیاوکوژی و خراپەکاری یەکی بێ شومارەوە ، بەڵکوو بە هۆی پشتگرتنی لە لایەن برا هاوولاتی یەکانی یەوە بە پلەی میرایەتی دەگا . ئەو حاڵەتە پێ یدەوترێ «میرایەتی ی میللی» . جا مرۆڤ بۆ گەیشتن بەم پایەیە نابێ سەروبەر پشت بە لێهاتوویی و بە بەخت ببەستێ ؛ بەڵکوو پێیستبە پتر پشت بە فێڵبازی ببەستێ و ئینجا بەختیش ذەبێتە یاریدەدەری . هەروەها گەیشتن بەم پایەیە لە رێگەی خواستی جەماوەرەوە دەبێ ، یا لە ئەنجامی پشتگیری کردنەوە لە لایەن سەردارانەوە کە ئەم دوو دەستە دژ بە یەکە لە هەموو شارێکدا هەن .

دژایەتی یەکەشیان لەوەوە دێ کە جەماوەر حەز دەکەن لە چنگ دەسەلاتی گەورەپیاوان رزگاریان بێ و گەورەپیاوانیش حەز دەکەن بەسەر جەماوەردا دەسەلاتدارو حوکمران بن . لەو بەیەکدادانی سوودو مەسلەحەتەدا ، یەکێك لەم سێ ئەنجامە پەیدا دەبێ : یا دروست بوونی حکوومەتێکی دکتاتۆری ، یا حکوومەتێکی

سەربەست . وەیاخود حکوومەتێك کە هەم کۆتو پێوەند دەسەپێنیێو هەم بواریش دەرفەت دەدا . ئینجا حکوومەتی یەکەمیان یا لەگەڵ پێك دێ یا لە سەردارانو پێکهاتنەکەشی بەندی ئەو فرسەتە ناوکۆیی یانە دەبێ کە بۆ هەریەکە لە دوو دەستە دژ بە یەکەکە هەڵدەکەون . چونکە وەختێ سەرداران لە بەربەرەکانی کردن لەگەڵ گەلدا هەست بە دەستەوستانی دەکەن . لە هەڵداندا بە شانوشکۆی یەکێك لە خۆیانو لە بەرزکردنەوەیدا بۆ پلەی میرایەتی یەکدەگرن . بۆ ئەوەی لە ژێر سایەی دەسەلاتی ئەودا ، بتوانن ئیرادەی خۆیان بسەپێننو نەخشەو پلانەکانیان بەدی بێنن . هەروەها لەولای تریشەوە ، وەختێ گەل لە بەربەرەکانی کردن لەگەڵ سەرداراندا . خۆی بە دەستەوستان دەبینێ ، هەوڵدەدا میرێکی ئەوتۆ بخولقێنێو بە شانو باهوویدا هەڵبدا کە لە ژێر سایەی دەسەلاتیدا هەست بە داڵدەدراوی بکا . بەلام ئەو میرەی بە یاریدەی سەرداران بە پایەی میرایەتی دەگا ، بۆ پارێزگاری کردن لە میرایەتی یەکەی زیاتر تووشی زەحمەتی دێ وەك لەو میرەی لە رێگەی گەلەوە دەیگاتێ . لەبەر ئەوەی یەکەمیان کۆمەڵە سەردارێك دەورەی دەدەن کە خۆیان بە هاوشانی دادەنێنو بەوە لەو توانایە دەکەوێ کە بە پێی حەزو ئارەزووی خۆی فەرمانرەوایی بکاو گەل بەرێوەبەری . لە کاتێکدا ئەوەی گەل دەیگەیەنێتە پلەی سەرکردایەتی کردن . خۆی بە تاكو تەنیاو بێ هاوشان دەبینێو لە ژمارەیەکی کەم بەولاوە کەس بەربەرەکانێی لەگەڵدا ناکا . سەرباری ئەمە ، قەت ناکرێ سەرداران بە گرتنی رێگای دادپەوەریو ئازارنەدانی خەڵکی رازی بنو بێنە ژێربار ، لە کاتێکدا رازی کردنی جەماوەری گەل بە گرتنی ئەم رێگایە ئاسانە ، چونکە ئامانجەکانی گەل پاكو بێگەردترن لە ئامانجەکانی سەرداران . ئەمان دەیانەوێ زوڵمو زۆر بکەنو ئەوان تەنیا هێندەیان مەبەستە خۆیان لە زوڵمو زۆر بپارێزن . لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە میر ناتوانێ خۆی لە گەلێکی بە ژمارە زۆری رق لێ هەڵگرتوو بپارێزێ ، بەلام دەتوانێ خۆی لە دوژمنایەتی ی سەردارانێکی بە ژمارە کەم بپارێزێ . هەروەها خراپترین شت کە دەشێ میرێك لە گەلێکی رق هەڵگرتووی چاوەروان بکا ، دەسبەردانێتی لە میرەکەی . لە کاتێکدا ئەوەی کە دەبێ لە سەردارە رق هەڵگرتووەکانی چاوەروان بکا ، تەنیا دەسبەرداربوون نابێ ، بەڵکوو بریتی دەبێ لە

بەربەرەکانی کردنێکی توندوتیژو کاریگەریش . جا لەبەر ئەوەی کە ئەمان لە جەماوەری گەل دووربین‌ترن ، هەردەم بۆ خۆرزگارکردن لە سەرپێن و بۆ چوونەپاڵ ئەو دوژمنەی چاوەروانی زاڵبوونی لێدەکەن ، ئامادەن . وەکی‌تر میر بەبێ گەل ناتوانێ بژی . بەڵام دەتوانێ بەبێ تەنیی دەوری خۆی بە سەرداران بژی ، چونکە بۆی هەیە لەهەر وەختێکدا بیەوێ ، سیفەتی سەرداریان پێ‌ببەخشێ‌و لێشیانی بسێنێتەوە ، هەروەکوو بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی پلەوپایەیان بەرزو نزم بکاتەوە .

جا بۆ زیاتر رۆشن‌کردنەوەی ئەم بەشەی لێدوانەکەم ، دەمەوێ بڵێم : ئەرکی سەرشانی میر وا پێویست دەکا کە بە یەکێك لە دوو شێوە مامەلە لەگەڵ سەردارانداً بکا : یەکەمیان بە بەرێوەبردنیان بە جۆرێك کە پشت‌بەستنی تەواویان بە لوتف‌و سۆزی میر مسۆگەر بکا . دووەمیشیان کە بەم شێوەیە بەرێوە نەبرێن . ئینجا تۆ دەبێ ئەو کەسانەت خۆش‌بوێ‌و رێزیان لێ‌بنێیت کە بەبێ هیچ تەماعێك پابەندت دەبن . بەڵام ئەوانەی خۆیانت لێ بەدوور دەگرن ، دەبێ بە دوو شێوەی جیاواز تێیان بروانیت : هەندێکیان ترسنۆکی‌و بێ‌ورەیی پاڵیان پێوە دەنێ بۆ گرتنی ئەم جۆرە هەڵوێستەو لەم حاڵەتەدا تۆ دەبێ سوود لەو بابەتە کەسانە ببینیت‌و راوێژیان پێ بکەیت‌و بیرورایان وەربگریت کە بەمە ئەوانیش لە لای خۆیانەوە لە رۆژانی خۆشیدا رێزت لێ‌دەنێن‌و لە حاڵەتی تووشی‌و تەنگانەشدا هیچ ترسێکت لێیان نابێ . لە کاتێکدا ئەگەر خۆبەدووگرتنەکەیان بە هۆی نیازو مەبەست‌و تەماعی تایبەتی‌یانەوە بێ ، ئەوا دەبێتە بەڵگەی زیاتر بیرکردنەوەیان لە خۆیان وەك لە تۆ . بۆیە میر دەبێ لە ئاستی ئەم بابەتە کەسانەدا وریا بێ‌و وەك دوژمنێکی نهێنی تێیانبروانێ‌و ئەوەیان لێ‌چاوەروان بکا کە هەرهێندەی ئەم تووشی تەنگانەیەك بوو ، بەبێ هیچ گومان ئەوان هەوڵی تێکشکاندنی دەدەن .

هەروەها ئەو میرەی بە هەڵبژاردن لە لایەن گەلەوە بە پلەوپایەکەی دەگا ، دەبێ پارێزگاری لەو دۆستایەتی‌یەی لەگەڵ گەلدا بکا بۆی رەخساوەو بزانێ کە گەل تەنیا هێندەی دەوێ لە زۆرداری رزگاری بێ . بەڵام ئەو میرەی لە رێگەی سەردارانەوەو بە پێچەوانەی ئیرادەی گەلەوە دەگاتە ئەو پایەیە ، دەبێ بەر لە هەموو شتێ هەوڵ بدا

هەستو سۆزی گەل بە لای خۆیدا رابکێشێ . ئەمەش کارێکی ئاسانە ئەگەر بێتو باڵی داڵدەدانی بە سەردا بکێشێ . ئینجا لەبەر ئەوەی خەڵکی بە تەبیعەت وەهان کە بەرامبەر بەو کەسەی چاوەڕێی خراپەیان لێدەکردو کەچی چاکەیان لێ بینی ، هەست بە قەرزارییەکی گەورە دەکەن ، ئەوا ئەو گەلە وای لێدێ ئەم میرەی لاپەسندتر بێ وەك لە یەکێك کە خۆی هەڵیبژاردایە . میر دەتوانێ بە زۆر شێوەی جۆراوجۆر کە بە پێی بارو زرووف دەگۆڕێن و بەندی هیچ ڕێوشوێن و یاسایەکی دەسنیشانکراو نین ، هەستو سۆزی گەل بە لای خۆیدا رابکێشێ . بەهەر حاڵ من لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم : لەسەر هەر میرێك پێویستە کە دۆستایەتی ی گەلەکەی مسۆگەر بکا ئەگینا لە کاتی تەنگانەو نەهامەتیدا هیچ پەنایەك نابینێتەوە هاواری بەرێتە بەر .

بۆ نموونە ئەوەبوو (نابیس) [٥٨] ی میری سپارتە توانی لە رووی ئەو ئابڵووقەدانەدا خۆی رابگرێ کە سەراپای وڵاتی یۆنان بەشداری تێدا کردو لەشکرێکی سەرکەوتووی رۆمانەکان یاریدەی ئابڵووقەدارانیاندا ، تا لە ئەنجامدا وڵاتەکەی لە دەستیان پاراستو خۆیشی ئەو پایەوپلەیەی پێگەیشتبوو ، لە کیسی نەچوو . ئەو هەرچەندە لە کاتی بەرپابوونی مەترسییەکەدا پشتی بە تەنیا چەند کەسێك لە سەرداران بەست ، بەڵام ئەگەر گەلەکەی دوژمنی بووایە چەند کەسەکە نەیاندەتوانی بە فریای بکەون . بێگومان من لێم خۆش نایەت هیچ مرۆڤێك هەبێ ، بێت بە پێچەوانەی ئەم رایەی منەوە ، پەیرەوی ئەو قسە پووچە بکا کە دەڵێ : (ئەوەی لە سەر شانی گەل بینا دەکا ، لەوە دەچێ کە لە سەر بناغەیەکی قوڕینی فشەڵ بیکا) . رەنگە ئەم قسەیە بۆ هاووڵاتییەکی ئاسایی راست بێ کە دەیەوێ بە پشتبەستن بە گەل لە زوڵمو زۆری دوژمنانی یا حاکمەکانی (قضاة) رزگاری بکا ، چونکە ئەو هاووڵاتییە هەرزوو بە خۆی دەزانێ کە چۆن گشت خەونەکانی پووچ دەبنەوە ، کتومت وەك بە سەر فراشی لە رۆماو جیۆرجیۆ سکالی لە فلۆرنسادا هات . بەڵام ئەگەر ئەو هاووڵاتییەی نەخشەی خۆی لە سەر هەمان بنچینە دادەنێ ، میرێکی ئەوتۆ بوو کە فەرمانڕەوایی کردنی لە باردا هەبێو فەرماندەو ئازا بێو لە کاتی تەنگانەدا نەترسێو

پێویستی یەکانی تری خۆئامادەکردنیش نەخاتە پشت گوێ‌و بەو ئازایەتی‌و چست‌و چالاکی یەی،جەماوەری گەل بزوێنی‌و رایچەنێنێ ، ئەوا ئەم میرە بە پشت بەستن بە گەلەکەی هەلّخەڵەتاو نابێ‌و بۆیشی دەردەکەوێ کە نەخشەکانی خۆی لە سەر بناغەیەکی پتەو دارشتوە .

دەشێ ئەم جۆرە میرایەتی یە ، ئەگەر میرەکەی لە فەرمانرەوایی کردنێکی میللی یانەوە لابداتە سەر باری فەرمانرەوایی کردنێکی زۆردارانە ، ئیتر سا راستەوخۆ بێ یا لە رێگەی چەند حاکمێکی ترەوە بێ ، بکەوێتە بەر مەترسی یەوە . بەتایبەتی لە حاڵەتی دووەمیاندا کە گومانی تێدا نی یە وەزعی میرەکە تەواو لاواز دەبێ‌و لە تێداچوون نزیك دەبێتەوە ، چونکە دەکەوێتە بەر رەحمەتی ئەو هاووڵاتی یانەی کردوونی بە حاکم‌و لە کاتی تەنگانەدا زۆر بە ئاسانی دەتوانن ، یا بە دژایەتی کردن لە گەڵیداو یا لە رێگەی یاخی بوونەوە لە فەرمانەکانی ، لە میرایەتی ی بخەن . جا لەم حالەتەداو لە کاتی پەیدابوونی ئەم مەترسی یەدا ، لە وەزعێکی وەهادا نابێ بتوانێ جڵەوی حوکمرانی یەکی دکتاتۆرانە بگرێتە دەست ، چونکە هاووڵاتی یان‌و رەعیەتەکەی کە راهاتووی وەرگرتنی فەرمانن لە حاکمەکانی یەوە ، ئامادەی تاعەتکردنی فەرمانەکانی ئەو نابن . هەردەمیش لە کاتی تەنگانەدا بێ بەش دەبێ لە کەسانێك کە بتوانێ پشتیان پێ ببەستێ . جگە لە وەی کە ئەم جۆرە میرە ، وەختێ هاووڵاتی یەکانی موحتاجی دەوڵەت دەبن ، ناتوانێ نەخشەکانی بەو پێیە دابنێ کە لە کاتی ئاشتیدا دەیبینێ ، چونکە هەر مرۆڤێك لەم حاڵەتانەدا بە سەخاوەت بەڵێن دەداو کە مردن لێ ی بەدوور دەبێ ئامادەیی خۆی بۆ مردن لە پێناوی میردا نیشاندەداو کەچی لە کاتی تەنگانەداو وەختێ دەوڵەت پێویستی بەهاووڵاتی یەکانی دەبێ ، میر لە ژمارەیەکی کەم بەولاوە کەسی تری دەس ناکەوێ .

بێگومان ئەم تاقیکردنەوەیە گەلێ پڕ لە مەترس یەو تەنیا یەك جاریش روودەدا . بۆیە ئەگەر میر ژیر بێ ، دەبێ هەوڵی دۆزینەوەی ئەو رێ‌وشوێنانە بدا کە بتوانێ لە رێگەیانەوە هاووڵاتی یانی وا لێ بکا ، هەردەم‌و لە هەموو بارودۆخێکدا هەست بکەن کە پێویستی یان بە حکوومەتەکەی هەیەو بەوە ئیتر هەمیشە دڵسۆزی میرەکەیان دەبن‌و پشتی دەگرن .

١٠

ئایا هێزداری دەوڵەتان چۆن دەپێورێ ؟

وەختێ لە چۆنێتی ی ئەم میرایەتی یانە دەکۆڵینەوە بە پێویستی دەزانم بایەخ بە مەسەلەیەکی تریش بدەین ، کە بریتی یە لەوەی ئایا میرەکە لە وەزعێکی وەهادایە بتوانێ لە حاڵەتی پێویستیدا پارێزگاری لە خۆی بکا ، یاخود بەردەوام پێویستی ی بە یاریدەی کەسانی تر هەیە؟ . بۆ روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەڵێم : من وایدادەنێم ئەوانەی لە باریاندایە پارێزگاری لە پایەوپلەی خۆیان بکەن ئەوانەن کە هەم خەڵك و هەم پارەیەکی زۆریان هەیەو دەتوانن لەشکرێکی باش گردبکەنەوەو لە رووی هەر پەلاماردەرێکدا خۆرابگرن . هەروەکو وایدادەنێم ئەوانەی پێویستی یان بە کەسانی تر دەبێ ئەوانەن کە ناتوانن لە شەردا بەرامبەر بە دوژمنەکانیان خۆیان رابگرن و ناچاری کشانەوە بۆ ناو شوورەی قەڵاکانیان و گرتنی هەڵوێستی بەرگری کردن دەبن . جا ئەوەبوو باسی حاڵەتی یەکەممان کردو لە داهاتوشدا ئەگەر پێویستی کرد باسی لێدەکەینەوە . بەڵام دەربارەی حاڵەتی دووەم ، شتێکی ئەوتۆ نی یە بوترێ تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەم جۆرە میرە دەبێ بۆ پڕکردنی شارەکەی لە ئازووقەو پتەوکردنی رێ وشوێنی پارێزگاری لێکردنی و خۆخەریك نەکردن بە وەزعی دیهاتەکانی دەوروپشتی یەوە هان

بدرێ . گومانی تێدا نی یه که دوژمن له پەلاماردانی میرێکدا که بزانێ چۆن شارەکەی قایم و پتەو دەکاو حکوومەتی رەعیەتەکەی به باشی بەرێوه دەبا ، وەك لەوەبەر شیم کردەوەو بۆ لەمەودواش باسی لێدەکەمەوە ، هەردەم دوودڵ دەبێ ، چونکه خەڵکی هەمیشه رقیان له جۆره سەرکێشی کردنێك دەبێتەوه که چاوەروانی گێچەڵ و گۆبەندی لێ بکەن . بۆیه هێرش بردنه سەر کەسێك که شارەزای بەرگری کردن بێ له شارەکەی و رەعیەتەکەشی به خۆشەویستی یەوه به هانایەوه بچن ، قەت به ئاسانی نابرێته سەر . بۆ نموونه شارەکانی ئەڵمانیا سەربەستی یەکی تەواویان هەیەو ژمارەیەکی کەم دێهاتیان به دەوردایەو تاعەتی ئیرادەی ئیمپراتۆرەکەیان به شێوەیەك دەکەن که خۆیان به پەسەندی بزانن و هیچ لێی ناترسن ، هەروەکوو له هیچ حوکمرانێکی تری نزیکیشیان ناترسن . لەبەر ئەوه ئەم شارانه تا رادەیەکی ئەوتۆ قایم و پتەون که ئەوەی بیەوێ به سەریاندا زاڵ بێ و داگیریان بکا ، بۆی دەسەلمێ که چ ئەرکێکی زەحمەت و پڕ له دەردی سەری دەگرێته ئەستۆ . ئەوه نی یه هەموو دەوریان به خەندەق و قەڵاو قولله تەنراوەو پڕ له تۆپ و جباخانەو ئازووقەن ، له خواردن و خواردنەوەو سووتەمەنی که بەشی ساڵێکی تەواوی دانیشتوانیان دەکەن و نراونەته ناو گەنجینه گشتی یەکانەوه . جگه لەمانه ، حکوومەتەکانی ئەم شارانه بۆ راگرتنی دڵی چینی کارگەرەکانی دانیشتوانیان و بێ ئەوەشی هیچ زیانێك له کۆڵی خەزێنەی گشتی بار بکەن ، هەردەم رێ و شوێنێکی وەهایان به دەستەوه هێشتۆتەوه که بتوانرێ بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو لەو جۆره کارانەدا بیانخەنه گەڕ که ژیانی شارەکەو شادەمارەکانی پێکدەهێنن و لەو پیشەسازیانەشدا که کۆمەڵانی خەڵکی ئەو چینانه له سەری دەژین . هەروەها بەردەوام مەشقی سەبازی یان به پێی سیستمێکی رێك و پێکی باڵا تێدا دەکرێ و ئەو پەیڕەوانەشی که ئەو مەشق کردنەیان پێدەپارێزێ ، هەر له گەردان و رەچاو دەکرێن .

بەم پێیه هیچ مرۆڤێك له توانایدا نابێ هێرش بەرێته سەر میرێك که هەم خاوەنی شارێکی قایم و پتەو بێ و هەم خۆیشی نەخستبێته بەر رق و کینەی رەعیەتەوه . سائیتر ئەم مەرجانه بۆ هەر میرێك هەڵبکەون ، ئەوا پەلاماردەرەکەی ناچار دەبێ به

سەرشۆڕی‌یەوە بکێشیتەوە دواوە . چونکە هیچ شتێك بەردەوام نابێ‌و ستەمە هیچ پەلاماردەرێك بتوانێ بۆ ماوەی ساڵێکی ڕەبەق شارێك ئابڵووقە بدا ، بەبێ ئەوەی هێزە ئابڵووقەدەرەکانی هیچیان پێ بکرێ . من دەمەوێ وەرامی ئەوانە بدەمەوە کە دەڵین : گەل کە ئابڵووقە دەدرێ‌و دەبینێ ئەو موڵك‌و ماڵەی لە دەرەوەی شاردا هەیەتی دەسووتێرێ‌و لە ناودەچێ ، ئارامی لەبەر دەبڕێ ، یا درێژ بوونەوەی ماوەی ئابڵووقەدانەکەو سوودو بەرژەوەندی تایبەتی‌یان وایان لێدەکا میر فەرامۆش بکەن ، وەرامیان وا دەدەمەوە کە میری ئازاو بەهێز هەردەم بە بەرزکردنەوەی وورەی رەعیەتەکەی بە سەرێك‌و دڵنیاکردنیان بە سەرێکی‌تر لەوەی کە ئەو مەترسی‌و شەرخواهی‌یە، درێژە ناکێشێت‌و ترساندیان بە درندەیەتی‌و دڵرەقی‌ی دوژمن‌و لە گەڵیدا هەمیشە پشت‌بەستن بەو کەسانەی ئەوپەڕی ئازایی نیشاندەدەن ، بە سەر ئەو جۆرە گیروگرفتانەدا زاڵ دەبێ . جگە لەمە دوژمن بە شێوەیەکی ئاسایی هەر لە یەکەم ساتەوە کە دەگاتە گوندەکانی دەوروپشتی شارەکەو وەختێ کە هێشتا بیرو هۆشی دانیشتوانی لە ژێر تەوژمی سەرگەرمی‌و بەپەرۆشیدان بۆ پارێزگاری‌کردن لە خۆیان ، پەنا دەباتە بەر سووتاندن‌و تاڵانکردنی ئەو گوندانە . لەبەر ئەوە ئەم لایەنە میر ناتۆقێنێ ، چونکە دوای تێپەڕبوونی وەخت‌و خاوبوونەوەی سەرگەرمی‌یەکە ، وا دەکەوێتەوە کە زەرەرو زیانەکە کەوتوەو براوەتەوەو شەرەکە قەوماوەو هیچ چارەسەرێك بە دەستەوە نەماوە کە ئەمە زیاتر هانیاندەدا بۆ یەکگرتن لە گەڵ میرەکەیاندا ، بەتایبەتی کە ئەمیش لە ئەنجامی سووتاندنی خانووەکانیان‌و خاپوورکردنی موڵکەکانیاندا لە پێناوی پارێزگاری‌کردندا لەم ، زیاتر هەست بە ئەرکی سەرشانی خۆی بەرامبەر بەوان دەکا .

ئادەمیزادان تەبیعەتیان وەهایە کە پەیوەندی لە نێوانیاندا بەندی ئەو سوودو بەرژەوەندەیە کە لە گەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕی دەکەن ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە میری زیرەك‌و وریا ، دوای کۆڵینەوەی لە مەسەلەکە بە هەموو بارێکداو دوای مسۆگەرکردنی گشت پێویستی‌یەکانی بەرگری‌کردن ، هیچ زەحمەتی‌یەك لە ڕاگیرکردنی رادەی ئازایەتی‌ی رەعیەتەکەیدا ، چ لە کاتی دەس‌پێکردنی ئابلووقەدانەکەو چ لە ڕۆژانیدا ، نابینێ .

١١

میرایەتی یەکانی سەربەکلێسە

ماوەتە سەر ئەوەی باسێکی میرایەتی یەکانی سەر بە کلێسە بکەین ، بەتایبەتی لەو رووەوەی کە پێش داگیرکردنیان گۆبەندو گێچەڵیان تێدا روودەدا . داگیرکردنی ئەم میرایەتی یانە یا لە ڕێگای لێهاتوویی یەوە دەبێ یاخود بەخت . بەڵام هێشتنەوەیان لە ژێر دەستدا بەم دوو هۆیە ساز نابێ ، چونکە بەندی گەلێ نەریتی ئایینیی کۆنی هێندە بەهێزو کاریگەرن کە میرەکانیان هەر جۆرە ڕێبازێکیان گرتبێتە بەرو هەر چۆنێك لە ژیانیاندا پەیڕەوی بکەن ، دەسەلاتیان لە چنگدا هەر بۆ دەهێڵنەوە . بویە تەنیا ئەم میرانەن خاوەنی جۆرە دەوڵەتێکی ئەوتۆن کە پێویستی یان بە بەرگری لێکردنی نییەو جۆرە رەعیەتێکیشیان هەن کە حوکمرانی یان ناکەن . واتە ئەگەرچی لە تواناو دەسەلاتی بەرگری کردن بێبەشن ، کەچی دەوڵەتەکانیان لێ زەوت ناکرێ . هەروەکوو رەعیەکانیشیان ، ئەگەرچی هەست بە حوکمرانی کردنیان ناکەن ، بەلام پێیان ناخۆش نییەو بیری لێ ناکەنەوەو یا ئەگەر بیریشی لێ بکەنەوە ، ناتوانن خۆیان لە میرەکانیان دابڕ بکەن . کەوابێ تەنیا ئەم جۆرە میرایەتی یانە لە ئەمن و ئاسایشدان و

بەختیارن جا لەبەر ئەوەی کۆلەکەی بوونیان بەندی هۆیەکی پیرۆزی ئەوتۆیە کە ئەقڵی ئاوەمیزاد نایگاتێ ، من خۆم لە باسکردنی دەپارێزم ، چونکە مادامەکی خودا خۆی سەربلندیان دەکاو دەیانپارێزێ ، باسکردنی دەبێتە کارێکی گەوجانەی بێبایەخ . لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە یەکێك لێم بپرسێ : ئایا کلێسە چۆن توانیوێتی بەم هێزە (زەمەنی)یە مەزنەی بگا ، لە کاتێکدا سەرکردە ئیتالیایی‌یەکانی پێش سەردەمی پاپا ئەلیکساندەری شەشەم ، بە هێزدارو بێ هێزیانەوە کە بریتی بوون لە چەندین سەردارو سەروەر ، چەندە پایەنزمیش بووبن ، لە رووی دەسەڵاتی زەمەنی‌یەوە بە چاوی بایەخەوە سەیریان نەدەکرد ، کەچی ئێستا بۆتە خاوەنی ئەو توانایەی کە پادشای فەرەنسا بتۆقێنێ‌و ناچاری بکا لە ئیتالیا بچێتە دەرێ ، هەروەها ڤینیسیایی‌یەکانیش تێکبشکێنێ‌و پەراگەندەیان بکا . جا هەرچەندە وەرامی ئەم پرسیارە لای هەمووان چاك ئاشکرایە ، بەڵام بە باوەڕی من دووپاتکردنەوەوبە بیرهێنانە وەی کارێکی پێویستە .

ئیتالیا ، پێش هاتنی (شارل)ی پادشای فەرەنسا ، لە لایەن پاپاو ڤینیسیایی‌یەکان‌و پادشای ناپۆلی‌و دۆقی میلان‌و فلۆرنسایی‌یەکانەوە حوکمڕانی دەکرا . ئەم سەرکردانەش دەبوو بایەخ بە دوو مەسەلە بدەن ، یەکەمیان : نەیەڵن بێگانە بە زەبری چەك بێتە ناو ئیتالیاوە . دووەمیشیان : ماوە بە هیچ کام لەو حکوومەتانەی هەن نەدەن سنووری خۆی فراوان بکاو دەبوو لەم رووەوە بە شێوەیەکی تایبەتی ، چاودێری‌ی پاپاو ڤینیسیایی‌یەکان بکرێ . بگرە بۆ جڵەوگیرکردنی ڤینیسیایی‌یەکان وای پێویست کرد کە گشت سەرکردەکانی تر ببنە هاوپەیمان ، وەك لە پارێزگاری‌لێکردنی فیرارادا رووی‌دا . هەروەها بۆ جڵەوگیرکردنی پاپا ، دەبوو سەردارانی رۆما بخرێنە کار . ئەم سەردارانەش بە سەر دوو حیزبدا دابەش بووبوون : حیزبی ئۆرسینی‌و حیزبی کۆلۆنا . جا لەبەر ئەوەی ئەم دوو بەرەیە بەردەوام بە گژیەکدا دەچوون‌و هەمیشە بە بەر چاوو گوێ‌ی پاپاوە لە حاڵەتی ئامادەبووندا بوون بۆ شەڕکردن ، توانی‌یان پاپایەتی بە دەستەوستانی‌و لاوازی بهێڵنەوە . خۆ هەرچەندە جارناجارێك پاپای بەهێزو دەسەڵاتداری وەك پاپا

سیکستۆس[٥٩] پەیدا دەبوون . بەڵام ئەو بەهێزی‌و خۆشبەختی‌یەیان ، قەت نەیدەگەیاندنە توانای رزگارکردنیان لەو وەزعەیان . رەنگیشە ئەمەنکورتی‌ی ماوەی پاپایەتی‌ی پاپاکان خۆیان بووبێتە هۆ . چونکە لە ماوەی دە ساڵدا کە ئەمە بە گشتی تەمەنی پاپایەتی پاپاکانە . لە سەرپێی شۆڕکردنی هەر یەکێ لەو دوو دەستە دوژمن بەیەکەدا ، زەحمەتی‌یەکی زۆری تووش دەبوو . یا یەکێك لە پاپاکان لەو ماوەیەی ژیانیدا بە راستی بیتوانیایە سەر بە حیزبی کۆلۆنا شۆڕ بکا . لەوانەبوو پاپای نوێ کە جێگەی‌دەگرتەوە . دوژمنی حیزبی ئۆرسینی بێ‌و ئەوە دەبووە هۆی سەرهەڵداوەی حیزبی کۆلۆنا ، بێ‌ئەوەی هێندەی وەخت بە دەستەوە هەبێ کە بتوانێ حیزبە دوژمنەکەی تێدا ببەزێنێ .

سا ئەمە بوو وای لە ئیتالیا دەکرد رێز لەو دەسەڵاتە زەمەنی‌یە نەنێ کە پاپا هەیبوو . بەڵام پاپا ئەلیکساندەری شەشەم ، بە پێچەوانەی هەموو پاپاکانی پێش خۆیەوە کە چووبوونە سەر تەختی پاپایەتی ، بە بەکارهێنانی هەم ماڵ‌و موڵك‌و هەم هێز . توانی ئەو رێگایە بدۆزێتەوە کە بە هۆیەوە سوود لەو دەسەڵاتە ببینێ . بۆ ئەمەش دۆق ڤالینتینی کوری کردە داردەستی خۆی ، لە گەڵ قوستنەوەی فرسەتی هێرشەکەی فەرەنساداو ئیتر ئەوەی کرد کە کردی ، وەك لەوەبەر لە باسکردنی کردارەکانی دۆقدا لێیدوام . جا هەرچەندە ئەو ئامانجی مەزنکردنی دۆق بوو نەك کڵێسە ، بەڵام لە هەمان کاتدا کردارەکانی بوونە هۆی مەزنکردنی کڵێسەش کە پاش مردنی ، دۆق بووە میراتگری کۆششەکەی . دوای ئەوە ئیتر پاپا یۆلیۆس[٦٠] هاتە سەر حازری‌و کە روانی وا کڵێسە بەهێزەو گشت رۆمانای لە ژێر چنگدایەو هەموو سەردارانی رۆماش ملیان بۆ کەچ کردوە ، چونکە لە سایەی دڵرەقی‌و جەربەزەیی ئەلیکساندەرەوە هەردوو حیزبە دژ بە یەکەکە لەناوبرابوون ، سەرنجی‌دا رێگای لەبەر دەمدا بۆ کۆکردنەوەی سەروت‌و سامان بە جۆرێك بۆ خۆش کراوە کە رێوشوێنەکانی لە پێش سەردوەمی ئەلیکساندەردا قەت بەکارنەهێنرابوون . بگرە بە پەیروکردنی ئەو رێوشوێنانەشەوە نەوەستا ، بەڵکوو پەرەوی پێدان‌و لێی زیادکردن‌و بریاری‌دا دەست بە سەر کۆلۆنادا بگرێ‌و سەر بە ڤینیسیایی‌یەکان شۆڕ بکاو فەرەنسایی‌یەکانیش لە ئیتالیا دەرپەڕێنێتە دەرەوە کە لە

ئەنجامدا لە جێبەجێ کردنی هەموو ئەم نەخشانەیدا سەرکەتنی بەدی هێنا . بێگومان
ئەو لەمەدا جێگەی ستایش‌کردنە ، چونکە بۆ پەرەپێدانی هێزی کلێسە ، نەك هێزی تاکە مرۆڤێك ، چی لە تواناادا بوو کردی . هەروەکوو وەختێ بوو بە پاپا ، حیزبی ئۆرسینی‌و کۆلۆنای چۆن دی ، هەر لە سەر ئەو بارە هێشتنییەوە . بەڵێ .. چەند سەرکردەیەکی تامەزرۆی گۆرینی وەزعەکە لە دوو حیزبەکەوە سەریان هەڵدا ، بەلاّم دوو هۆ لە بزووتنی دەخستن‌و وای لیدەکردن هێمن دانیشن : یەکەمیان مەزنی‌ی کلێسە کە هەردوو لا لیٚیدەترسان : دووەمیان نەبوونی هیچ کاردینالێك لە ناویاندا کە هەردەم ئەوان دەبوونە هۆی بەرپاکردنی دژایەتی لە نێوان دوو حیزبەکەداو نەیاندەهێشت هێمنی‌و ئاشتی‌یان لە بەیندا هەبێ ، چونکە هەر لایەنە لە لای خۆیەوە حیزبەکەی خۆی لە ناو رۆماو لە دەرەوەیدا بە گژ ئەوەکەی‌تردا دەکردو بە دوایدا سەردارەکانی هەردوو حیزبەکەش ناچار دەبوون پارێزگاری‌یان لیٚبکەن . بەم جۆرە هەڵپەکاری‌ی کاردینالەکان ، دەبووە هۆی دژایەتی‌و شەرو شۆر لە نێوان سەردارەکاندا . ئینجا کە پایەپیرۆز پاپا لیۆی دەیەم بوو بە پاپا ، کلێسەی لەبارودۆخێکی هێجگار پتەودا دی‌و هیواش وایە لە سایەی دڵپاکی‌و چاکەپەروەری‌یە بێ‌سنوورەکەیەوە ، ئەوەی پاپاکانی پێش خۆی بە زەبری چەك دەستیان دایە ، بیباتەسەرو تەواوکەری بێ‌و پاپایەتی بکاتە هێزێکی مەزنی بە شان‌وشکۆ .

١٢

شێوە جۆراوجۆرەکانی سەربازی ئیختیاری و سەربازی بەکرێگیراو

دوای ئەوەی بە دوورودرێژی لەو سیفەتانە دووام کە دەبێ لەو میرایەتی یانەدا هەبن کە کردوومن بە باسی لێکۆڵینەوەکەم و دوای روونکردنەوەی کەمێکیش لە هۆیەکانی پێشکەوتن یا ژێرکەوتنیان و ئەو رێوشوێنانەی زۆر کەس بۆ دەسگیرخستنی ئەم جۆرە دەوڵەتانە گرتیانەنەبەر ، خۆم بە ناچار دەبینم بە گشتی باسێکی ئەو رێوشوێنانەش بکەم کە دەشێ چ لە بەرگری کردنو چ لە هێرش بردندا بەکاربهێنرێن . ئیوە وەك دەزانن من لەوەبەر پێم لە سەر ئەوە داگرت کە میر پێویستە بنچینە بۆ خۆی چاکدابرێژێ ، دەنا چارەنووسی بە بێگومان روو لە هەرەس هێنانو کاول بوون دەکا . خۆ رەنگە باشترین بنچینە بۆگشت دەوڵەتان ، لە کۆنو لە نوێو لە تێکەڵ لە هەردووکیان ، بوونی یاسای رێكو چەکی کاریگەر بێ ، یاساش لەو شوێنەدا هەیە کە چەکی بەهێزی تێدایە . لەبەر ئەوە من لێرەدا لە یاسا نادوێم ، بەڵکوو باسم تەنیا لە چەك دەبێ .

من دەمەوێ بڵێم: ئەو هێزە چەکدارەی میر بۆ پارێزگاری کردن لە میرایەتی یەکەی خۆی پشتی پێدەبەستێ ،

یا تایبەتی هی خۆی دەبێ یا بەکرێگیراو ، یاخود یاریدەدەرو یا تێکەڵ بەکرێگیراو و یاریدەدەر هێزێکی بێ کەڵکن ، بگرە بوونیان مەترسی‌ی تیدایەو ئەو میرەی بۆراگیرکردنی دەوڵەتەکەی پشتیان پێدەبەستێ قەت سەرسووکو دڵنیا نابێ . چونکە ئەم هێزانە بە زۆری بەشرپەشێوتەماعکار دەبن ، مانای رێکی نازانن چییە ، گفتبویەڵێن ناپارێزن ، لە رووی دۆستاندا خۆیان بە ئازا نیشاندەدەو بەرامبەر بە دوژمنان ترسنۆکن لە خواناترسن و لە گەڵ خەڵکیدا بێ ویژدانن . ئەو میرەی پشت بەم جۆرە هێزە دەبەستێ ، رەنگە تێکشکانە مسۆگەرەکەی بە دواخستنی ئەو هێرشە دوا بکەوێ کە بەرێوەیە بکرێتە سەری . بەم جۆرە ئەو میرە لە رۆژانی ئاشتیدا دەکەوێتە بەر گیچەڵی راوورووت کردنی سەربازە بەکرێگیراوەکانی‌یەوەو لە رۆژانی شەڕیشدا راوورووتی دوژمن و هۆیەکەشی لەوەدایە کە سەربازی بەکرێگیراو دڵسوزی‌یان بە لاوە نی‌یەو لەو مووچە کەمە زیاتر کە وەریدەگرن و کە زۆر لەوە کەمترە بۆ قوربانی‌دان بە گیانی خۆیان لە پێناوتدا هانیان بدا ، هیچ هاندەرێکی تری خۆشویستنی تۆیان لە دڵدا نی‌یە کە پاڵیان پێوە بنێ بۆ خۆراگرتن لە کۆڕی شەڕدا . ئەوان بە درێژایی ماوەی شەرهەڵنەگیرساندنت و هاوبەشی‌نەکردنت لە جەنگدا ، تەواو ئامادەن سەربازت بن . بەڵام هەر هێندەی جەنگ هاتە کایەوە ، ئیترهەڵدێن‌یا هەر لە بنەڕەتەوە شەڕ ناکەن . بە پێویستیشی نازانم نموونە بهێنمەوە ، چونکە ئەو کاولکاری‌یەی بە سەر ئیتالیادا هات و تا ئێستاش دەیبینین ، ئەنجامی یەك شتە کە ئەویش پشت‌بەستنە بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ بە لەشکری بەکرێگیراو . گومان لەوەدا نی‌یە ئەم لەشکرانە یاریدەی هەندە کەسێکیان بۆ گەیشتنە سەر دەزگای حوکمرانی‌کردن داوەو لە بەراوردکردنیاندا یەك لەگەڵ یەکتردا ، ئازایەتی‌ی چاکیشیان نواندوە . بەڵام هەر هێندەی بێگانەیەکی داگیرکەر شاڵاوی هێنابێ ، ئەمان خێرا بێ کەڵکی‌ی خۆیانیان سەلماندوە . هەر بەم شێوەیەش بوو کە پادشا شارلی فەرەنسایی هەلی داگیرکردنی ئیتالیای بەبێ بەرگری‌کردن بۆ هەڵکەوت . جا هەر کەسێك ئەمە دەداتە پاڵ خراپەکاری‌ی خۆمان ، هەق دەڵێ و راست دەکا . بەڵام خراپەکاری‌یەکە بەو بارەدا نییە کە ئەوان بۆی دەچن . بەڵکوو بەم بارەدایە کە من گێڕامەوەو لەبەر ئەوەشی

لەسەر دەستی میرەکان خۆیاندا رووی‌دا ، ئەوەتا هەر خۆشیان سزای خراپەکاری‌یەکە دەنۆشن .

ئێستا من بە دوورودرێژی خەوشەکانی ئەم جۆرە لەشکرە روون دەکەمەوە . جاری سەرکردەکانیان یا لەوپەری لێهاتوو ییدا دەبن یا ئەم‌پەری دەستەوستانی . جا ئەگەر بەراستی لە لێهاتووەکان بن ، ئەوا تۆ ناتوانیت پشتیان پێ‌ببەستیت ، چونکە هەردەم یا لە رێگەی تەنگ‌هەڵچنین بە تۆی سەرووەریانەوە ، یا لە رێگەی چەوساندنەوەی کەسانی ترەوە ئەنجامی یاخی‌بوون لە فەرمانەکانت ، چاو دەبڕنە بەدی هێنانی سەربەرزی‌ی خۆیان . یا ئەگەر سەرکردەکە دەستەوستان بوو ، ئەوا دەبێتە هۆی راستەوخۆی ماڵویرانیت . خۆ ئەگەر یەکێك بێت‌و لە بەربەرچدانەوەی قسەکەمدا بڵێ : ئەمە چارەنووسی بەبڵاوبراوی هەر کەسێکە خاوەنی هێزی چەکداری چ بەکری‌گیراوو چ بەکری‌نەگیراوبێ ، منیش دەڵێم : لە شکر بە شێوەیەکی ئاسایی ، یامیرێك بەکاری‌دێنێ یا حکوومەتێکی جەمهوری . ئەگەر میر بێ ئەوا دەبێ خۆی سەرکردایەتی بکا . ئەگەر جەمهوری‌یەتیش بێ ئەوا دەبێ یەکێ لە هاووڵاتی‌یان ، خۆی بۆسەرکردایەتی‌کردنی هەڵبژێرێ . ئینجا ئەگەر دەرکەوت کە بێ‌دەسەڵاتە هیچی لەباردا نی‌یە ، دەبێ هەرخێرا بگۆڕدرێ . بەڵام ئەگەر سەلماندی کە لێهاتووە بەکارە ، ئەوا دەبێ دەسەڵاتەکانی لە سنووری یاسادا دەسنیشان بکرێن . ئێمە تاقیکردنەوە فێری کردووین کە تەنیا میرو کۆمارە چەکدارەکان پێشکەوتن بەدی دێنن . لە کاتێکدا لەشکری بەکری‌گیراو لە زەرەربەخشین بەولاوە هیچی‌تری لێ‌بەرهەم ناهێنرێ . هەروەکوو فێری کردووین کە کۆماری چەکدار کەمتر مل بۆ حوکمڕانی‌کردنی تاکە کەسێك لە هاووڵاتی‌یانی دەدا وەك لەو کۆمارەی پشت بە لەشکری بێگانەکان دەبەستێ .

بۆ نموونە رۆماو سپارتە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بە سەربەستی ژیان‌و خاوەنی لەشکری بەهێزی خۆیان بوون هەروەها لە ئێستادا شارەکانی سویسرا کە بە باشی پرچەك کراون ، سەربەستی‌یەکی زۆریان هەیە. بەڵام رەنگە چاکترین نموونە کە لە سەر هێزی بەکری‌گیراوی بهێنینەوە ، ئەوەبێ لە کرتاجەی روودا کە چۆن سەربازە

بەکرێگیراوکان ، دوای کوتایی هاتنی شەری یەکەم[٦٢] لە گەلّ رۆمەکانداو هەرچەندە کرتاجەیی یەکیش سەرکردایەتی دەکردن ، کەوتنە ئازاردانو چەوساندنەوەی خەڵکەکەی . یا لە یۆنان ، خەڵکی تیبە دوای مردنی ئیبامینۆنداس[٦٢] ، فیلیپی مەکدۆنایی یان بۆ سەرکردایەتی کردنی هێزە سەربازی یەکانی خۆیان هەڵبژاردو بەڵام هەر دوای بەدی هێنانی یەکەم سەرکەوتنی ، لەو سەربەستی یەی هەیان بوو بێبەشی کردن . هەروەها خەڵکی میلان ، دوای مردنی دۆق فیلیپ ، فرانسیسکۆ سفۆرزایان بۆ شەرکردن لە گەلّ ڤینیسیایی یەکاندا بەکرێ گرت . کەچی دوای سەرکەوتنی لە شەری سیراجیفۆدا ، بۆ بەگژداچوونی خەڵکی میلان کە بەکرێیان گرتبوو ، دایە پاڵ ڤینیسیایی یەکان . یاخود باوکی هەر ئەم سفۆرزایە کە ئەویش سەربازێك بوو ، لە خزمەتی جیۆڤانای ژنەشای مەملەکەتی ناپۆلیدا بوو ، بەلام لە ناکاو پشتی لێکردو بەبێ ئەوەی هیچ هێزێکی سەربازی ی بۆ بهێڵێتەوە دەسبەرداری بوو کە لە ئەنجامیدا جیوڤانا ناچار بوو خۆی بهاوێتە باوەشی پادشای ئاراگۆنەوە[٦٣] . یاخود هەرچەندە ڤینیسیایی و فلۆرنسایی یەکان لەوەبەر لە رێگەی ئەم جۆرە هیزانەوە سنووری مەملەکەتەکانی خۆیانیان فراوان کردو هەرچەندە سەرکردەکانی ئەو هێزانە میرایەتی یەکانیان بۆ خۆیان زەوت نەکردو بگرە پارێزگاری یان لە میرە فەرمانرەواکانیان دەکرد ، بەڵام من دەڵێم : لەم رووەوە بەخت یاریدەی فلۆرنسایی یەکانی دا ، چونکە ئەو سەرکردانەی دەبوو لێیان بترسن ، هیچ هەوڵێکی دەس بەسەرداگرتنی لەو بابەتەیان نەداو ئەوهەندەشی هەوڵیان دا ، بە توندوتیژی بەریان لێ گیرا ، لە کاتێکدا هەندێکی تریان رووی هەڵپەکاری ی خۆیان ئاراستەی لایەکی تر کرد . بۆ نموونە سێر جۆن هۆکود لەو سەرکردانە بوو کە هەوڵی بۆ نەدا ، ئەگەرچی ساغ نەبووەوە کە ئایا دڵسۆزی یەوە بوو یان نا ، چونکە سەرکەوتنی بەدی نەهێنا . بەڵام هەموو دان بەوەدا دەنێن کە ئەگەر هەوڵی بدایە دەسەڵاتی خۆی بە سەر فلۆرنسادا بسەپێنێ ، ئەوا فلۆرنسایی یەکان دەکەوتنە ژێر رەحمەتی یەوە . یاسفۆرزا کە هەردەم لە لایەن (براکیشی یەکان)ەوە بەری لێدەگیرا ، هەر ئەم بەرلێگرتنە بوو کە توانی جڵەوگیری بکا .

لە کاتێکدا فرانسیسکۆ هەڵپەکاری ی خۆی ئاراستەی لومباردیا کردو براشیۆ

ئاراستەی کڵێسەو مەملەکەتی ناپۆلی [٦٤] .

ئێستا با بەو کارەساتانەشدا بچینەوە کە پێش ماوەیەکی کەم روویان داوە . ئەوەبوو فلۆرنسایی یەکان پاولۆ ڤیتیللی یان بۆ سەرکردایەتی کردنی لەشکرەکەیان هەڵبژارد کە پیاوێکی دووربین‌و زیرەك بوو ، وە کە هەر لە رێگەی ئەم دووربینی‌و زیرەکی یەشی یەوە لە پایەوپلەیەکی ئاسایی یەوە گەیشتبووە بەرزترینیان . جا لەبەر ئەوەی کە پاولۆ شاری پیزای بۆ داگیرکردبوون ، کەسێك نەیدەتوانی نکوولی لە پێویستی ی فلۆرنسایی یەکان بە دۆستایەتی ی ئەو بکا ، چونکە ئەگەر لای بدایەتە پاڵ دوژمنەکانیان ، نەیاندەتوانی لە روویدا بەربەرەکانی بکەن ، یا ئەگەر بەکرێیان بگرتایە ناچار دەبوون تاعەتی بکەن . بەڵام بۆ ڤینیسیایی یەکان ، ئەگەر لەو پێشنکەوتنە بکۆڵینەوە کە بەدی یان هێنا ، بۆمان دەردەکەوێ کە وەختێ لە شەرەکانیاندا پشتیان بە هێزی تایبەتی خۆیان دەبەست ، واتە پێش ئەوەی لە وشکانی ی خاکی ئیتالیادا دەس بکەن بەجێبەجێکردنی پرۆژەکانیان ، بە پتەوی‌و دڵنیایی‌و سەرکەوتنەوە هەنگاویان دەناو پشت بە سەردارەکان‌و گەلە چەکدارەکەی خۆیان ، ئازایانە دەجەنگان . کەچی کە لە وشکانیدا کەوتنە شەرکردن ، وازیان لەو لایەنە چاکە هێناو دەستیان دایەوە پەیڕەوکردنی شێوەو رێبازە ئیتالیایی یە کۆنەکە . ئەوان لە سەرەتای داگیرکاری یەکانیاندا ، هیچ ترسێکیان لە سەرکردەکانی لەشکرەکانیان لە بەردەمدا نەبوو ، چونکە سنووری مەملەکەتەکەیان هێشتا فراوان نەبووبوو ، هەروەکوو ناوو ناوبانگیشیان لەوپەری برەویدا بوو . بەڵام دوای فراوان‌بوونی سنووری ، بەتایبەتی لە ژێر سەرکردایەتی ی کرماگنۆلادا ، ئەو هەڵەیەیان بۆ روون بووەوە کە تێیکەوتبوون‌و هەستیان کرد کە دوای سەرکەوتنی بە سەر دۆقی میلاندا ، بۆتە خاوەنی ئەوپەڕ ی هێزو دەسەڵات . ئینجا لەبەر ئەوەی دەیانزانی لە شەرکردن لە پێناوی ئەواندا کەمتەرخەم بووە ، هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە ئیتر لە ژێر سەرکردایەتی ی ئەودا روو لە هیچ داگیرکاری تر نەکەن ، ئەگەرچی حەزیشیان نەدەکرد یا بۆیان نەدەکرا دەستی لە کار بکێشنەوە ، نەوەکوو دەسکەوتەکانیان لە کیس بچێ . تا لە ئەنجامدا سەیریان کرد باشترین رێگا بۆ رزگاربوون لە دەستی ئیعدام‌کردنێتی . دوای ئەو کەسانێکی وەك

بارتۆلۆمیۆ دابیرگامۆو رۆبیرتۆ داسان سیڤیرینۆو کۆنت دی بیتیگلیانۆ سەرکردایەتی ی لەشکرەکانیان کردن کە ئەم نموونانە چاوەروانی زیانیان زیاتر لە قازانج لێدەکراو ئەنجامیش هەروەها کەوتەوە ، چونکە لە ماوەی تەنیا رۆژێکدا هەموو ئەو دەسکەوتانەیان لە دەست‌دا کە ڤینیسیایی‌یەکان بە کۆشش‌و ماندووبوونی درێژایی ماوەی هەشت سەدە ، بەدی‌یان هێنابوون : کەوابێ ئەم جۆرەهێزانە زۆر جار لە دەسگیرخستنی دەسکەوتدا سستن‌و بەلام لە بەدی‌هێنانی زەرەروزیاندا تا رادەی سەرسورمان خێراو چابووکن . جا لە بەر ئەوەی ئەم نموونانەم لەسەر ئیتالیایەك هێنانەوە کە لە سالانێکی دوورێژەوە لە لایەن سەربازانی بەکرێگیراوەوە کاری رایی‌دەکرێ ، ئێستا وا بە فراوانی لێیاندەدوێم ، چونکە ئەگەر بنەچەو رەگەزو شێوەی پێشکەوتنیانمان پێزانی ، ئەوسا دەتوانین چارەسەری پێویست بۆ گیروگرفتەکانیان بدۆزینەوە .

تۆ دەبێ ئەوە بزانیت کەلەم سەردەمانەی دواییدا ، وەختێ دەسەلاتی ئیمپراتۆری‌یەت لە ئیتالیادا رووی لە پووکاندنەوە کردو پاپایەتی دەستی دایە فراوان‌کرنی دەسەلاتی (زەمەنی)ی خۆی ، ئیتالیا بە سەر چەندین دەولەتدا دابەش بووبوو ، هەروەکوو گەلێ لە شارەکانیشی بە رووی ئەو سەردارانەیاندا راپەرییوون کە دەسەلاتی خۆیان لە ئیمپرتۆرەوە وەردەگرت‌و کاروباریانیان گرتبووە چنگ‌و سەرشۆری کۆیلەیەتی‌یان کردبوون . بۆیە کلێسە ، بۆ فراوان‌کردنی دەسەلاتی (زەمەنی)ی خۆی ، کەوتە هاندانی ئەو شارە راپەریوانە کە لە هەندێکیاندا وەها کەوتەوە هاوولاتی‌یەك تیایاندا ببێتە میر .

بەم جۆرە وەختێ تەواوی ئیتالیا کەوتە ژێر چنگی کلێسەو چەند جەمهوری‌یەتێکەوە ، چ ئایین‌خواهان‌و چ هاوولاتی‌یانی‌تر ، بە چەك‌هەلگرتن رانەهاتبوون . بۆیە کەوتنە بەکری‌گرتنی بێگانەو وەك سەرباز خستیاننە کار . یەکەم کەسیش کە ئەم مۆدەی بەکرێگرتنەی داهێنا ، ئەلبریجۆ داکامۆی رۆمانایی بوو کە براشیۆو سفۆرزای حوکمرانانی دوایی لە ئیتالیادا ، دوو لەو سەربازانە بوون کە لە ژێر دەستی ئەودا مەشقیان پێکراو ئینجا بە دوایاندا ، هەموو ئەوانەی تائێستاش سەرکردایەتی ی لەشکرەکانی ئیتالیا دەکەن‌و لە ئەنجامی رەشیدی‌و چابووکی ی ئەواندا

(!) ، شارلی فەرەسایی پەلاماری‌داو پی‌ی‌شێلی کردو دواییش بووە نێچیرێك بۆ لویس‌و کەوتە بەر زۆروجەوری فرناندۆی ئیسپانیایی‌و سەرشۆڕی بۆ سویسرایی‌یەکانەوە . ئەو سیستمەی سەرکردەکانی سەربازە بەکرێگیراوەکان بەرادەی یەکەم گرتیانە بەر ، بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی بایەخی خۆیان لە ڕێگەی نزم‌کردنەوەی بایەخی سەربازە پیادەکانەوە ، ئەمەشیان بۆیە کرد چونکە خۆیان بێ‌وڵات بوون‌و سەرچاوەی ژیانیان تەنیا مووچەو دەسکەوتەکانیان بوو ، هەروەکوو نەشدەکرا هێزی سەربازی‌ی خۆیان بە زیادکردنی ژمارەی سەربازی پیادە پەرە پی‌بدەن ، چونکە نەیاندەتوانی مووچەی ژمارەیەکی وەها زۆری سەرباز بدەن . بۆیە تەنیا سەربازی سوارەیان بەکاردەهێنا کە بە سەرێك بە ژمارە کەم دەبوون‌و بە سەرێکیش ڕێزێکی زۆریان لێدەنراو مووچەیەکی زۆریشیان وەردەگرت . بەم پێیە هێزەکانی خۆیانیان بە جۆرێك ڕێکدەخست کە لە بایەخی پیادە کەم بکەنەوە ، تەنانەت ئەو لەشکرەی ژمارەی دەگەیشتە نزیکەی بیست هەزار سەرباز ، لە دوو هەزار پیادەی بەولاوە تێدا نەدەبوو . هەروەها بۆ پاراستنی خۆیان‌و سەربازەکانیان لە گێچەڵ‌و زەحمەتی‌و مەترسی‌و لە خۆلادان لە یەکتری‌کوشتن لە شەڕداو لە تەقەلادانی یەکتری‌گرتن بە دیل بە تەماعی وەرگرتنی نرخی بەرەڵلاکردنی ، چ ڕێ‌و شوێنێکیان بۆ بلوایە بەکاریان دەهێنا . وەك ئەوەی بە شەو هێرشیان نەدەبردە سەر قەڵاکان‌و یا قەڵانشینەکان لە تاریکەشەودا پەلاماری چادرنشینەکانیان نەدەداو ئەمانیش لەشکرگای خۆیان تەلبەند نەدەکرد ، یا سەنگەریان بە دەوردا لی‌نەدەداو هەمووش لە زستاناندا نەدەچوونە کۆڕی شەڕەوە . بەم پی‌یە سیستمە سەربازی‌یەکانیان هەموو ئەم شتانەیان گرتبووە خۆیان‌و وەك وتمان لە سەریان دەڕۆیشتن ، بۆ ئەوەی خۆیان لە گێچەڵ‌و مەترسی بپارێزن‌و بەم جۆرە لە شان‌وشکۆی ئیتالیایان کەم کردەوەو دووچاری کۆیلەیەتی‌و سەرنزمی‌یان کرد .

١٣

جۆرەکانی هێزی سەربازی
(سەربار ، تێکەڵاو ، بنچینەیی)

کاتێ مرۆڤێك داوا لە دراوسێ‌یەکی بەهێزی دەکا کە بێت بە دەنگی‌یەوەو بە هێزە سەربازی‌یەکانی پارێزگاری لێ‌بکا ، ئەو هێزە پێ‌یدەوترێ (سەربار – أضافي) کە لە بێکەڵکیدا لە هێزی سەربازی بەکرێگیراو دەچێ . جاپاپا یۆلیۆس لەم دوایی‌دا ، وەختێ سەیری کرد هێزە بەکرێگیراوەکەی لە پرۆژەی داگیرکردنی فیرارادا خراپ شکستی‌ی هێناوە ، پەنای بردە بەر هێزی سەربارو لەگەڵ فرناندۆی پادشای ئیسپانیادا خۆی رێکخستو داوای لێکرد لەشکرەکەی بۆ یاریدەدانی بنێرێ . رەنگە ئەم جۆرە لەشکرە بۆ خودی خۆی کۆك بێ ، بەلاَم بۆ ئەوکەسەی دەیخوازێ هەمیشە مەترسی‌بەخش دەبێ ، چونکە ئەگەر شەڕی دۆڕاند ، ئەوا ژێرکەوتوو تۆ دەبیتو ئەگەر سەرێش کەوت ئەوا دەبیتە دیلو ژێردەستەی . هەر بۆ ئەم مەبەستەش نموونەکەی پاپا یۆلیۆسی دووەم دەگرم کە هێنامەوەو کە هێشتا تازە بە تازەیە ، بێگومان ئەو

ڕێگایەی ئەو گرتیەبەر گەلیّ لە وردبینییەوە دوور بوو ، لە بەر ئەوەی ئارەزووی داگیرکردنی فیرارایالی پیوەناکە تەواو مل بۆ دەسەلاتی بێگانەی داگیرکەر کەچ بکا .
بەلاّم تەنیا خۆشبەختی هۆیەکی سیّیەمی بۆ خولقاندکە نەیهێشت تالاّوی ئەو سیاسەتە چەوتەی بنۆشیّ . چونکە وەختیّ هێزە سەربارەکەی لە ڕاڤینادا شکێزا ، سویسرایییەکان ڕاپەڕینو بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی خۆیو ئەوانی تریشەوە ، سەرکەوتووەکانیان دەرپەڕاندو بەوە ئەم ، هەم لە بە دیل‌گرتنی لە لایەن دوژمنانییەوە کەهەلاّتن و هەم لە ژێردەستەیی هێزە سەربارەکەی کە لە سایەی چەکی خەلّکیترەوە نەك چەکی خۆی سەرکەوتنی بەدی‌هێنابوو ، ڕزگاریّ بوو . یا فلۆرنسایییەکان ، لەبەر ئەوەی هێزی سەربازییان کەم بوو ، ناچار بوون بۆ پەلاماردانی پیزا ، دە هەزار سەربازی فەرەنسایی بەکریّ بگرنو بەوە خۆیان خستە بەر مەترسییەکی هێندە سەختو ستەمەوە کەلەهیچ ڕۆژگارێکی لەوەبەری خەباتکرنیاندا تووشی نەبووبوون .
یا ئیمپراتۆری کوستانتینە . بەمەبەستی بەرهە لّستی‌کردنی دراوسێکانی ، ناچار بوو دە هەزار سەربازی تورك بۆ یۆنان بنێریّ . بەلاّم کە شەڕ کۆتایی هات ، ملیان بۆ گەڕانەوە نەداو بەوە یۆنان لە ژێر سایەی کافرەکاندا ، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ دووچاری کۆیلەتی بوو .
یا دەشیّ بەکارهێنانی ئەم جۆرە هێزە لە لایەن ئەو کەسەوەی ئارەزووی لە داگیرکاری نییە . شێوە نابینایییەك بیّ چونکە ئەم گەلیّ لە هێزی بەکرێگیراو بە مەترسیترەو زۆر جار کاولکارییەکی سەراپایی لەگەلّ خۆیدا دەهێنیّ ، لەبەر ئەوەی هێزێکی یەکگرتووەو دلّسۆزیو تاعەتکردنی بۆ کەسانێکیترە . لە کاتێکدا هێزی بەکرێگیراو . ئەگەر هاتو سەرکەوتنی بەدی هێناو ئەگەر خۆشبەختی‌یشی لە تەکدا بیّ . هێشتا ماوەیەکی زۆری پێدەویّ تا بتوانیّ ئەزیەتت پیّ‌بگەیەنیّ ، چونکە لە لایەکەوە یەکگرتوو نییەو لەولای تریشەوە پەیوەندیی لەگەلّ تۆدا ، لە شێوەی بەکرێگرتندایەو تۆ مووچەی دەدەیتیّ . هەروکوو ئەو کەسی سیّیەمەشی کە بۆ سەرکردایەتی‌کردنی هەلّتبژاردوە . لە وزەیدا نابیّ وا خێرا دەسەلاتێکی ئەوتۆ دەسگیر

بخا كه بتوانیٚ جەزرەبەت لیٚبدا . یا بە واتایەکی تر مەترسی ی گەورە لە هیٚزی بەکریٚگیراو لە ترسنۆکیٚ وراڕایی یەکەیدایە لە شەڕکردندا ، لە کاتیٚکدا مەترسی لە هیٚزی سەربار لە ئازایەتی و بەجەرگی یەکەیدایە .

بۆیە میری ئاقلٚ خۆی لەم جۆرە هیٚزە بەدوور دەگریٚ و تەنیا پشت بە هیٚزی تایبەتی ی خۆی دەبەستیٚ و وەهایشی بە لاوە پەسند دەبیٚ کە لە ئەنجامی بەکارهیٚنانی هیٚزەکەی خۆیدا شەڕ بدۆڕیٚنیٚ ، نەك بە هیٚزی کەسانی تر بیباتەوە ، چونکە لەسەر ئەو باوەڕە دەبیٚ کە سەرکەوتنیٚك لە سایەی هیٚزیبیٚگانەوەبەدیهیٚنرابیٚ قەت ناشیٚ بە سەرکەوتن دابنریٚ . جا من کۆ لەوە ناکەمەوە کە بۆ نموونە حیکایەتی قەیسەر بۆرجیاو کردارەکانیتان بۆ بگیٚڕمەوە . ئەم دۆقە بە هیٚزیٚکی سەرباری بیٚگانە کە سەرجەمی لە فەرەینسایی یەکان پیٚك هاتبوو ، پەلاماری ناوچەی ڕۆمانای داو بە هۆی ئەم هیٚزەوە توانی ئیمۆلاو فۆرلی داگیر بکا . بەلاٚم کە هەستی کرد بوونی ئەم هیٚزە چ مەترسی یەکی بۆ دروست دەکا ، پەنای بردە بەر هیٚزی بەکریٚگیراو بەو حسابەی کە پشت پیٚ بەستنیان ، کاریٚکی ئەوتۆ نی یە مەترسی ی زۆری هەبیٚ و چوو هیٚزەکانی ئۆرسینی و ڤیتیللی ی بەکریٚ گرت . هەروەها سەرلەنویٚ کە سەیری کرد ئەم هیٚزانەش سەرکیٚشن و ناتوانیٚ لیٚیان دلٚنیابیٚ و ترسیان لیٚدەکریٚ ، پەرت و بلاٚوی کردنەوەو پشتی بە هیٚزیٚك بەست کە خۆی پیٚکی یەوە نا . گومانی تیٚدا نی یە ئەگەر سەرنجیٚك بدەینە جیاوازی ی نیٚوان پایەوپلەی دۆق لە وەختیٚکدا کە پشتی بە هیٚزە فەرەنسایی یەکەو دواییش بە هیٚزەکانی ئۆرسینی و ڤیتیللی بەستبوو ، لە گەلٚ ئەو وەختەدا کە پشتیٚ بە خۆی و بە سەربازەکانی خۆی بەست،بەئاسانی جیاوازی نیٚوان ئەو سیٚ جۆرە هیٚزەمان بۆ دەردکەویٚ ، چونکە ناوو ناوبانگی بە دوایدا بەردەوام ڕووی لە پەرەسەندن کردو کە هەموو لایەك ڕوانی یان چۆن بۆتە تاکە سەردارو سەروەری هیٚزە سەربازی یەکانی خۆی ، ئیتر کەس نەیدەتوانی لە بەرێزی و پایەبلەندیدا شان بدا لە شانی .

هەرچەندە من نامەویٚ لە نموونەهیٚنانەوەدا لە میٚژووی نویٚی ئیتالیا دوور بکەمەوە ، بەلاٚم ناتوانم هیٚیرۆی سیراکۆزەیی فەرامۆش بکەم کە لەوەبەریش لە یەکیٚك لە

بەشەکانی ئەم کتێبەدا دەربارەی دوام . ئەم پیاوە وەك وتم ، کرا بە سەرکردەی لەشکری سیراکۆزەو هەر لەگەڵ هەڵبژاردنیشیدا خێرا دەرکی بە بێکەڵکیی هێزە ئیختیارییەکەی خۆی کرد کە لەسەر شێوەی هێزە بەکرێگیراوە ئیتالیاییەکان ڕێکخرابوو . ئینجا لەبەر ئەوەشی هەستی بە مەترسیی هەردوو حاڵەتی هێشتنەوەی یا دەس پێوەنانی کردبوو ، هەڵسا ونجری کردو ئەوسا بە پشتبەستن بە لەشکرێکی خۆی نەك بە لەشکری کەسانی تر ، چووە کۆڕی شەڕەوە. هەروەها حیکایەتێکی تری سەردەمی کۆن (تەورات) دێنمەوە کە نموونەیەکی زۆر گەشەو ئەم مەسەلەیە چاك روون دەکاتەوە . وەختێ داود[٦٥] داوای لە شاوول[٦٦] کرد ماوەی بدا بچێ لەگەڵ پاڵەوانی فەلەستین جۆلیاتدا بجەنگێ ، شاوول بە مەبەستی هاندانی ، چەكو قەڵغانەکەی خۆی پێشکەش کرد . بەڵام داود کە تاقی یکردنەوە ، ڕەتی کردنەوەو مەعزەرەتی ئەوەی خواست کە ناتوانێ لە شەڕدا بەکاریان بهێنێو وەهای لا پەسندتربوو کە بە قۆچەقانیو خەنجەرەکەی خۆی ڕووبەڕووی دوژمنەکەی بوەستێتەوە . بە کورتی چەکی کەسانی تر یا هیواو ئاواتت پووچ دەکاتەوە ، یا شکستی دێنێ ، یا سەروو توانای خۆت بارت لە سەرشان کەڵەکە دەکاو یاخود لە کاتی شەڕدا لە جموجووڵت دەخا . بۆ نموونە پادشا شارلی حەوتەمی[٦٧] باوکی پادشا لویسی یازدەهەم ، دوای ئەوەی لە سایەی خۆشبەختیو ئازایەتیی خۆیەوە فەرەنسای لە دەست ئینگلیزەکان رزگارکرد ، دەرکی بەوە کرد کە پێویستە شان دابداتە سەر هێزی سەربازانی تایبەتیی خۆیو لە مەملەکەتەکەیدا ، سیستمێکی بۆ سەربازگرتنو بۆ هێزی پیادە دانا . بەڵام زۆری پێنەچوو پادشا لویسی کوڕ ی ، ئەو هێزی پیادەیەی بڵاوە پێکردو کەوتە بەکرێگرتنی جەنگاوەرە سویسراییەکان کە ئەمە گوناهێك بوو کردیو ئەوانەشی بە دوایدا هاتن لە سەری ڕۆیشتنو وەك ئێستا نیشانی دەدەین ، بووە هۆی مەترسییەکی گەورە بۆ بۆ مەملەکەتەکە . چونکە ئەم بایەخدانە بە سویسراییەکان ورەی سەربازە فەرنساییەکانی نزمکردەوە ، بەتایبەتی دوای

بلاوەپێکردنی هێزە پیادەکەیانو ناچارکردنی جەنگاوەرەکانی تریشیان بۆ چاوەروانکردنی یارمەتی ی بێگانە کە چووبوونە سەر فاکوفیکی ئەو باوەرەی گوایە ئەگەر هێزی سویسرایی یەکانیان لە تەکدا نەبێ ، ناتوانن بچنە کوری هیچ شەرێکەوە . بەم پێ یە فەرنسایی یەکان وایان لێهات نەتوانن بەر لە سویسرایی یەکان بگرن و بەبێ ئەوانیش هەنگاونانیان بۆ هەر بزووتنەوەیەکی سەوبازی دژی لایەنەکانی تر لێ بێتە کاری نەکردە . ئاوەها لەشکری فەرەنسا بووە لەشکرێکی تێکەڵ لە بەکرێگیراوان و لە کوروکالانی خۆی کە ئەمە باشترە لەو جۆرە هێزەی کە سەراپای لە بەکرێگیراوان یا لە بێگانە پێکدێ ، بەلام لە هەمان کاتدا لاوازترە لە هێزە نیشتمانی یە رەسەنەکە .

واتێدەگەم ئەو نموونەیەی هێنامەوە بەسەو دەریدەخا کە ئەگەر پەرە بەو سیستمە سەربازی یە بدرایە کە شارل داینابوو ، یا هەر هیچ نەبێ وەك خۆی بهێلرایەتەوەو کاری پێ بکرایە ، فەرەنسا دەبووە هێزێکی سەربازی ی ئەوتۆ کە ژێرکەوتنی بۆ نەبێ . بەلام کەسانی بێبەش لە حیکمەت و وردبینی ، زۆر جار دەس دەکەنە داهێنانی هەندێ شتی نوێ و لە سەرەتادا چێژی لێدەبینن ، کەچی لەوە بێ ئاگا دەبن کە بە چ ژەهرێکی کوشندە کوتایی دێ ، وەك لەوەبەر لە باسی دەردە کاولکارەکاندا ئیشارەتمدا .

گومانی تێدا نی یە ئەو میرەی ناتوانێ لە وەختی خۆیدا دەرك بە گیروگرفتەکانی ناو دەولەتەکەی بکا ، مرۆڤێکی بێ بەشە لە میهرەبانی کە رەنگە کەم کەس هەبن لەم بابەتە بن . ئینجا ئەگەر لەهۆی یەکەمی نەمانی ئیمپراتۆرێتی رۆمانکان بکۆڵینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە لەئەنجامی بەکرێگرتنی سەربازە ئیختیاری یە (جووتی — قوطی) یەکانەوە [٦٨] بوو لە لایەن رۆماوەو ئیتر لەو مێژووەوە ، هێزو مەزنی ی رۆما رووی لە لاوازی کرد . چونکە جووتی یەکان کەوتنە دەستبەسەرداگرتنی هەموو ئەو خێروبەرەکەتەی کە ئیمپراتۆری یەتەکە بە سەر پایتەختیدا دەرژاندن .

من دەمەوێ بگەمە ئەو ئەنجامەی کە ئەو میرەی پشت بە هێزی تایبەتی خۆی نابەستێ ، قەت هەست بە دلنیایی و سەرسەلامەتی ناکا ، بەلکوو بە پێچەوانەوە ،

هەموو هیوایەکی دێتە سەر تەنیا پشت بەستن بە خۆشبەختی ، لەبەر ئەوەی کە لە کاتی تەنگ وچەڵەمەدا ، لە ری وشوێنی راست و دروستی بەرگری لەخۆکردن بێبەش دەبێ . پیاوانی بە حیکمەتیش هەردەم دانیان بەوەدا ناوە کە هیچ کەسێك لەو مرۆڤ لاوازتر نابێ کە بۆ بەهێزکردنی خۆی ، پشت بە هێزی کەسانی تر دەبەستێ . هێزی تایبەتی مرۆڤ بریتی یە لەو هێزەی لە هاوولاتی یەکانی خۆی پێکدێ ، یا لەوانەی پشتی لە زەوی نادەن . ئیتر لەمە دابڕبکا ، گشت هێزەکانی تر یا بەکرێگیراو دەبن یا بێگانەی سەربار . خۆ ئەگەر بە وردی لە کردارو رەفتارەکانی ئەو چوار میرە بکۆڵرێتەوە کەلەم بەشەدا ناویان هێنرا ، یا ئەگەر لەو رێبازانە بکۆڵرێتەوە کە فلیپی باوکی ئەسکەندەری گەورەو سولتانەکان و جمهوری یەتەکان لە رێکخستنی هێزەکانیاندا پەیرەویان کردوون ، ئەوا فێربوونی چۆنێتی رێکخستنی ئەم جۆرە هێزە تایبەتی یە ئاسان دەبێ . واتێدەگەم لەم باسەدا پێویست بە لەوەزیاتر پەل هاویشتن ناکا ، چونکە نموونەم زۆر لە سەرهێنایەوە .

١٤

ئەرکی سەرشانی میر بەرامبەر بە سەربازی ئیختیاری

میر دەبێ لە جەنگ و لە شێوەکانی و لە چۆنێتی ی هەڵسووڕاندنی بەولاوە ، هیچ ئامانجێکی تری نەبێ و بیر لە هیچ شتێکی تر نەکاتەوەو لێ نەکوڵێتەوە ، چونکە شەڕکردن بۆ ئەو کەسەی جڵەوی سەرکردایەتی کردنی دەگرێتە دەست ، تاقە هونەرێکەو پێویستی پێ ی دەبێ . خۆ وەنەبێ ئەم سیفەتە بە کەڵکی تەنیا ئەو کەسانە بێت کە بە میری لە دایك دەبن ، بەڵکوو یاریدەی کەسانی تریش لە کوڕوکاڵانی گەل بۆ گەیشتن بە پایەی میرایەتی دەدا . زۆر جار رووی داوە کە ئەو میرەی پتر بیری لە خۆشحاڵی و رابواردن کردۆتەوە وەك لە چەك ، میرایەتی یەکەی لە دەست داوە . بۆیە گومانی تێدا نی یە کە پشت گوێ خستنی هونەری جەنگ ، دەبێتە هۆی سەرەکی ی فەوتاندن و لەدەسدانی دەوڵەتان . لە کاتێکدا وەستایی و قاڵبوون تیایدا دەبێتە مایەی دەسگیرخستنی دەوڵەت و میرایەتی

بۆ نموونە فرانسیسکۆ سفۆرزا لە سایەی چەکەکەیەوە ، لە مرۆڤێکی ئاسایی‌یەوە بە پایەی دۆقایەتی‌ی میلان گەیشت. بەڵام کورەکانی لەبەر ئەوەی ویستیان خۆیان لە گێچەڵ‌و ئەرك‌و ئازاری شەر بەدوور بگرن ، لە پلەی میرایەتی‌یەوە داخزانە سەر پلەی هاووڵاتی‌یەکی ئاسایی . رەنگە یەکێك لەو ئەنجامە نەگریسانەی کە نەدارایی لە چەکدا دەیهێنێتە کایەوە ئەوەبێ کە تووشی زەلیلی‌و ریسوابیت دەکاو ئەمەش لە نرخی مرۆڤ کەم دەکاتەوەو هەموو میرێك دەبێ خۆی لێ‌بپارێزێ،وەك لە دواییدا روونی دەکەینەوە . ئینجا لەبەر ئەوەی ناتوانرێ هیچ بەراوردێك لە نێوان مرۆڤێکی چەکدارو یەکێکی بێچەکدا بکرێ ، قەت رەوا نی‌یە وای بۆ بچین کە دەشێ چەکدارێك بە حوسن‌و رەزای خۆی سەر بۆ بێچەکێك شۆڕ بکا ، یاخود بێچەکێك لە ناو دەستەو تاقمە چەکدارەکەی خۆیدا سەرسەلامەت دەربچێ . چونکە سەیر دەکەیت ئەم ئاغا ئەو خزمەتکاری خۆی دەبوغزێنێ ، یا ئەویان گومان لە دڵسۆزی‌ی خزمەتکارەکەی خۆی دەکاو بەم جۆرە پەیوەندی لە نێوانیاندا دەپسێ . بۆیە نەفام لە کاروباری سەربازیدا ، جگە لەو گێچەڵانەی ئیشارەتم پێدا ،لەلایەن سەربازەکانیشی‌یەوە بە چاوی سووك سەیر دەکرێ ، هەروکوو ئەویش لە لای خۆیەوە دەکەوێتە گومان‌کردنەوە لە دڵسۆزی‌ی ئەوان .

بەم پێ‌یە میر دەبێ نەیەڵێ بیروهۆشی لە هونەری جەنگ دابڕ بێ‌و لێ‌ی دوور بکەوێتەوەو پێویستە لە رۆژانی ئاشتیدا زیاتر بایەخی پێ‌بدا وەك لە رۆژانی شەر کە ئەمەشی بە دوو شێوە بۆ دەکرێ ، ئەو دووەش ئیشکردن‌و لێکۆڵینەوەن . بۆ نموونە لە رووی ئیشکردنەوە ، لە سەری پێویستە کە جگە لە بەردەوام‌بوون لەسەر مەشق‌پێکردنی سەربازەکانی‌و جڵەوگیرکردنیان ، خۆیشی بەردەوام وەخت بە راووشکارەوە بەسەربەرێ‌و لەشی خۆی بە ماندووبوون‌و زەحمەتی‌چێشتن رابهێنێ‌و بە دەمیشی‌یەوە لە سروشتی ولاتەکەی بکۆڵێتەوە ، وەك بەرزایی چیاکان‌و قووڵی‌ی دۆڵەکان‌و پانایی دەشتەکان‌و چۆنێتی‌ی روبارو زەلکاوەکان . بەڵێ . . دەبێ زۆر بە وردی لا لەم کاروبارانە بکاتەوە ، چونکە بە دوو باردا سوود لەم زانیاری‌یە دەبینێ : یەکەمیان بە زانینی هەموو شت دەربارەی ولاتەکەی خۆی بۆ ئەوەی بڕیاری باشترین

ڕێو شوێنی بۆ پارێزگاری لێکردن بۆ بدا . دووەمیشیان زانیاریو تاقیکردنەوەی سەبارەت بە ناوچەیەك هانی دەدەن بە ئاسانی شارەزای ئەو ناوچانەی تریش بیێ کە ناچاری چاودێری کردنیان دەبێ . بۆ نموونە شاخو دۆڵو دەشتو ڕووبارەکانی تۆسکانیا ، تا ڕادەیەك لە هاوتاکانیان لە میرایەتی یەکانی تردا دەچن . بەم جۆرە پیاو لە ڕێگەی شارەزابوونی ناوچەیەکەوە دەتوانێ وەزعی ناوچەکانی تریش پێی بزانێ . بۆیە ئەو میرەی لەم بەهرەیە بێبەش دەبێ ، مەرجێکی هەرە سەرەکی ی سەرکردە لە خۆیدا ون دەکا . چونکە هەر ئەمەیە کە فێری دەکا چۆن دوژمنەکەی دەدۆزێتەوەو لە کوێدا لەشکرگای دادەمەزرێنیو چۆن سەرکردایەتی لەشکرکەی دەکاو نەخشە بۆ شەڕەکانی دادەنێو چۆن شارێك ئابلۆوقە دەدا ،بەمەرجێکیش بزانێ چۆن سوودی لێدەبینێ .

نووسەرانو مێژونووسان ، ستایشێکی زۆری فیلۆبۆمینی میری ئاخی یەکانیان کردوە ، لەبەر ئەوەی کە لە ڕۆژانی ئاشتیدا بیری لە هیچی تر نەدەکردەوە تەنیا شەڕو شێوازو ڕێوشوێنەکانی نەبێ . تەنانەت کەلەگەڵ هاوڕێکانیدا چووە بۆ لادێ ، زۆر جار ڕاوەستاوەو لێیپرسیون : ئەگەر دوژمن لەسەر ئەو یاڵەو ئێمەش لەگەڵ لەشکرەکەماندا ئالێرەدا بین ، سوودی شوێن بۆ کام لا دەبێ؟! . یا چۆن دەتوانین بیگەینێ بێئەوەی بیە لین پیشێوی بکەوێتە ناو هێزەکانمانەوە؟! یا ئەگەر ویستمان بکشێینەوە ،دەبێ چی بکەین،ئەگەر دوژمنیش کشایە دواوە ، دەبێ چۆن دوای بکەوین؟! . ئینجا بەدەم ڕێگاوە گشت ئەو ڕێکەوتانەی بۆ باس کردون کە دەشیا لە هەر لەشکرێك ڕووبدەنو گوێی لە بیروڕای ئەوان گرتوەو ڕای خۆیشی بە پاڵپشتی چەندین بەڵگەو بورهان دەربڕیوە . بۆیە لە سایەی ئەم بیروباوەڕەوە کە هەمیشە لە کەللەیدا دەگەڕا ، لە سەرکردایەتی کردنی لەشکرەکەیدا هەردەم بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر ڕووداوێك لە سەرپێ بووە .

بەڵام سەربارەت بە بەکارهێنانی ئەقڵ ، لەسەر میر پێویستە مێژوو بخوێنێتەوەو لە کردارەکانی پیاوانی هەڵکەوتوو بکۆڵێتەوە ، تا سەرنج بداتە ڕێوشوێنیان لە شەڕکردنداو لە هۆی سەرکەوتنو ژێرکەوتنیان وردبێتەوە ، بۆ ئەوەی لە

سەرکەوتنەکانیاندا شوێن پێیان هەڵبگرن و لە ژێرکەوتنەکانیاندا خۆی لە هەڵەو چەوتی یەکانیان بپارێزێ . هەروەها وەك ئەو پیاوانە کردار بکا کە ئەوانیش لە رابوردوودا لاسایی یەکێکیان کردۆتەوە کە ستایش کرابیٚ و سەری بەرزکرابێتەوەو پایەبڵندەو کردەوەی کاریگەری بۆ هەموو کەس ئاشکراو دیار بوو بێو هەر ئەمەشە کە دەوترێ ئەسکەندەری گەورە لە لاسایی کردنەوەی ئاخیلداو[٦٩] قەیسەر[٧٠] لە لاسایی کردنەوەی کوڕشدا کردوویانە . گومانی تێدا نی یە هەر کەس ژیانی کوڕش بەو شێوەیە شێکزونۆفۆن[٧١] نووسیویێتی بخوێنێتەوە ، بە بەراورد لەگەڵ سەرگوزەشتەی ژیانی شیپیۆدا[٧٢] ، بۆی دەردەکەوێ کەچۆن هۆی سەرکەوتنی ئەم لە لاسایی کردنەوەی ئەودا بووەو چۆن کت ومت شوێنپێی ئەو سیفەتانەی کوڕشی هەڵگرتوە کە ئێکزنۆن دەسنیشانی کردوون و بریتی بوون لە دڵنەرمی و بەزەیی و سۆزو هەستی مرۆڤایەتی و بیرئازادی .

میری ژیر دەبێ ئەم جۆرە رێوشوێنە بگرێتە بەرو لە رۆژانی ئاشتی دا بەبێ ئیش دانە نیشێ ، بەڵکوو بەردەوام بێ لەسەر چالاکی و کۆشش کردن ، تا ئەگەر چەرخی بەخت سوورا ، بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر جەزرەبەیەکی لە سەرپێ بێ و بتوانێ بەسەر هەر گێچەڵێکیدا زاڵ بێ .

١٥

ئەو کاروبارانەی بۆ مرۆڤ و بەتایبەتی بۆ میر دەبنە مایەی ستایش کردن یا تانووت لێدان

ئێستا پێویستە ئەو ڕێ‌وشوێن‌و بنچینانە نیشان بدەین کە میر دەبێ سەبارەت بە ڕەعیەتەکەی خۆی‌و دۆستانی لە سەریان بڕوا . بەلاّم لەبەر ئەوەی کە زۆر کەس بەدوورودرێژی لەسەر ئەو یاسەیان نووسیوە ، دەترسم ئەم نووسینەی من لە بارەیەوە ؟ شێوە لەخۆبایی بوونێك بنوێنێ ، بەتایبەتی کە بیروڕام تیایدا لە کەسانی‌تر جیاوازە . لە گەلّ ئەوەشدا ، من کە مەبەستمە شتێکی ئەوتۆ بنووسم ئەوانەی تێدەگەن سوودی لێ‌ببینن ، وای بە چاکتر دەزانم یەکسەر بچمە سەر بارە دروستەکانی باسەکە نەك شتە خەیالاّوی‌یەکانی ، چونکە گەلێ کەس هاتوونو چەندین کۆمارو میرایەتی‌یان بە خەیالّ بنیات‌ناوە بێ‌ئەوەی لە جیهانی ڕاستەقینەوا هەبن . ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو ڕەوتی

ژیانەی لە سەری دەڕۆین ، زۆر جیاوازە لەو ڕەوتەی کە گوایە دەبێ لە سەری بڕۆین . ئینجا ئەو کەسەشی بە هیوای ڕوودانی شتێك کە بە تەمایەتی پشت دەکاتە حازری ، لە بری فێربوونی چۆنێتیی خۆپاراستن ، ڕێگای خۆ بەفیرۆدان دەگرێتەبەر .

گومانی تیدا نی یە ئەو مرۆڤەی دڵسافی و خێرخوایی لە هەموو شتێکدا دەکاتە پیشەی خۆی و بەو هەموو ژمارە زۆرەش لە خەڵکی پەراگەندە دەورە دراوە ، تووشی خەفەتباری و سەراسیمەیی دەبێ . لەبەر ئەوە پێویستە هەر میرێك کە دەیەوێ پارێزگاری لە خۆی بکا ، فێر ببێ چۆن لە دڵسافی و خێرخوایی بەدوور دەگرێ و دەبێ ئەم فێربوونەیشی بە پێی پێویستی هەر حاڵەتێك کە تووشی دێ بەکار بهێنێ یا نەهێنێ .

جا بەم پێیە ئەگەر من لە لای خۆمەوە واز لە باسکردنی ئەو کاروبارانە بێنم کە پەیوەندییان بە میرە خەیاڵاوییەکانەوە هەیەو لەو بابەتانەیان بدوێم کە پەیوەندییان بە میرە واقعییەکانەوە هەیە ، ئەوا دەڵێم : هەر مرۆڤێك وبەتایبەتی میرەکان وەختێ پایەکی بڵندیان دەدرێتێ بەجۆرە سیفەتێکیوەها ناوبانگ دەردەکەن کە یا دەبێتە مایەی ستایش کردن وەیا تانووتەلێدانیان . بەم جۆرە دەشێ ئەم میرە بە سەخی و دەس بڵاو بدرێتە قەڵەم و ئەوی تر بە ڕەزیل و پیسکە (وام بە پەسند زانی ئەم زاراوە تۆسکانیاییە بەکار بێنم) ، یا ئەم میر بەرچاوتێرەو ئەوی تر تێرنەخۆرو تەماعکار ، یا یەکێکیان دڵرەق و نەگریسەو دووەمیان بەرەحم و بەزەیی ، یا ڕەنگە یەکەم بەڵێن شکێن بێ و دووەم بەوەفا بۆ بەڵێن . یا ئەمیان بوودەڵەو ترسنۆكبێو ئەویان بەهێزو ورەبەکی پتەو ، یا یەکەم خۆش مەعشەرو مرۆڤ پەروەر بێ و دووەم لووت بەرزو تووڕە ، یا ئەمیان داوێن پیس و بێ ڕەوشت بێ و ئەویان پاك و بێگەرد ، یا یەکەم قسەڕوو بێ و دووەم فێڵباز ، یا ئەم سەرکێش بێ و ئەو هێمن ، یا ئەم بەویقارو ئەو گاڵتەچی ، یا ئەم بەدین و ئەو بێ دین . . . هتد . بێگومان من دەزانم گشت خەڵکەکە ئەوەیان لا پەسندە کە میر هەڵگری هەموو ئەو سیفەتە چاکانە بێ کە ئیشارەتم پێدان . بەڵام لەبەر ئەوەی قەت بۆ هیچ مرۆڤێك ناسازێ ببێتە خاوەنی هەموویان و پەیڕەویشیان بکا کە بارودۆخی

مرۆڤایەتی خۆی ماوەی ئەوە نادەن ، بۆیە پێویستە ،میر هەمیشە ژیرو سەنگین و بیرورد بێ بتوانێ خۆی لەو فەزیحەتانە بەدوور بگرێ کە رەنگە لە ئەنجامی ئەو جۆرە کردەوە چەوتانەدا ببنە هۆی لەدەسدانی دەوڵەتەکەی ، هەروەکوو دەبێ خۆی لەو بابەتەشیان بپارێزێ کە رەنگە نەبنە هۆی ئەو لەدەسدانەو رەنگیشە ببن .

بەڵام خۆ ئەگەر هەر نەیتوانی خۆی بەدوور بگرێ ، ئەوا پێویستە بە جۆرێك کاریان پێ بکا کە نەیەڵێ ئاشکرا ببن . ئینجا وەکی تر ئەگەر سەیری کرد هیچ رێگایەکی تری بۆ پارێزگاریکردن لە دەوڵەتەکەی لەبەردەمدا نی یە بەبێ ئاشکرابوونی هەندێ لەو کردەوە چەوتانە ، ئەوا دەبێ هیچ گوێ نەداتە تانووت لێدانی ، چونکە قووڵ بوونەوە لە وردکردنەوەی کاروباردا دەبێتە هۆی ناچاربوونی کردنی هەندێ شت کە هەرچەندە وەك چاکەکاری دێنە پێشچاو ، بەڵام ئەگەر پەیرەوکران بۆ مرۆڤ دەبنە هۆی ماڵوێرانی ، لە کاتێکدا زۆر شتی تر هەن لە خراپەکاری دەچن ، کەچی دەبنە مایەی زیاتر هەستکردنی مرۆڤ بە دڵنیایی و بەختیاری .

١٦

سەخاوەت و پیسکەیی

ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر یەکەمینی ئەو سیفەتانەی لەوەبەر ئیشارەتم پێدان ، بۆمان دەردەکەوێ کە دەبێ بڵێم : چاکتر وایە مرۆڤ سەخی و بەخشندە بێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەخاوەت بەو جۆرەی خەڵکی تێیدەگەن ، دەشتێ ببێتە هۆی جەزرەبەلێدانت ، چونکە کارپێکردنی لە شێوەی چاکەکاریداو بە ڕێگای راستیی خۆیدا ، وا ناکەوێتەوە کە خەڵکی پێی بزانن و دواجار دەتخاتە بەر حاڵەتی گوناهبارکردنەوە بە سیفەتێکی پێچەوانە . بۆ نموونە ئەو مرۆڤەی حەز دەکا ناوبانگی لە ناو خەڵکیدا بە سەخاوەت بڵاوببێتەوە ، دەبێ هیچ کامێك لەو بەخشینانە نەخاتە پشتگوێ کە مانای ئەوپەری پایەبڵندی دەگەیەنن . ئینجا ئەو میرەی لەم بابەتە بێ ، دیارە زۆری پێناچێ گشت خایەومایەی خۆی بەم ڕێگایەدا تێدەنێ و ئەوسا ئیتر ئەگەر هەر نەیویست دەسبەرداری ئەو ناوبانگەی خۆی لە سەخاوەتدا بێ ، ناچار دەبێ گەلێ باجی قورس و گران بخاتە ئەستۆی گەلەکەی و ببێتە دەسبڕ و راووڕووتکەرو بۆ دەسگیرخستنی پارەوپوول کۆ لە هیچ کردەوەو کارێك نەکاتەوە . خۆکە داشخزایە ئەم جۆرە حاڵەوە ، ئیتر گەلەکەی دەکەوێتە بوغزاندنی و لە تاو هەژاریی خۆی دەسلە

ڕیزلێگرتنی ئەو هەڵدەگریو بەم شێوەیە وەها دەکەوێتەوە کە ئەو لە پێناوی سوودی ژمارەیەکی کەمدا ، بەو سەخاوەتەی زیانی بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی گەیاندبێ ، هەروەکوو زۆری پێ ناچێ هەست بە یەکەمین پشێوی دەکا چەندە کەمبایەخیش بێو بە دوای هەر سەرکێشی‌یەکدا پتر دەکەوێتە بەر مەترسی‌یەوە . وەکی تر ئەگەر ئەو میرە لە خۆی بەئاگا هاتەوەو ویستی سیستمی ئەو جۆرە مامەلەکردنەی خۆی بگۆڕێ ، ئەوا یەکسەر بە تۆمەتی ڕەزیلیو پیسکەیی گوناهبار دەکرێ .

کەواتێ میر ئەگەر نەیتوانی سەخاوەت وەك چاکەکاری‌یەك بەبێ تووش‌بوونی ئەو ناوبانگ‌دەرکردنە بگرێتە خۆیو ئەگەر ژیرو وریاش بێ ، لە سەری پێویستە نەیەڵێ وای لێبێ بە پیسکە ناو ببرێ ، چونکە ڕۆژگار بۆ خەڵکەکەی ڕوون دەکاتەوە کە ئەم بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ئەوانەوە ، پیاوێکی زۆر سەخییە ، لەبەر ئەوەی کە سەیر دەکەن وا لە ڕێگەی دەست‌نووقاندنەکەی لەوەبەری‌یەوە وای لێهاتوە بە داهاتی خۆی کاری خۆی مەیسەر دەکاو چی پێویست بێ بۆ خۆپاراستن لە ڕووی هەر کەسێکدا کە بێژ لە شەڕپێفرۆشتنی بکاتەوە ، بۆی مسۆگەرەو چەندین پرۆژە بەبێ گرانکردنی باری شانی گەلەکەی دەباتە سەرو لە ئەنجامدا لای گشت ئەو کەسانەی ماڵو موڵکیان لێزەوت ناکا کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکەکەن ، بە ڕاستی دەبێتە میرێکی سەخیو بۆ ئەوانەشی هیچیان پێ نابەخشێ کە ژمارەیەکی زۆر کەمن دەبێتە پیاوێکی پیسکە . لە سەردەمی ئێستاماندا زۆر کاری مەزنمان دیوەو کەسانێك بەجێیان هێناوێن کە بە پیسکە دراونەتە قەڵەم ، لە کاتێکدا ئەوانی تر چارەنووسیان ماڵوێرانی بووە . بۆ نموونە پاپا یۆلیۆسی دووەم هەرچەندە ناوبانگی بە سەخاوەت دەرکردوەو ئەم ناوبانگەی بۆ چوونەسەرتەختی پاپایەتی بەکارهێنا ، بەڵام لە دواییدا بۆ ئەوەی بتوانێ پێویستی‌یەکانی جەنگەکانی مسۆگەر بکا ، ناچاربوو واز لەو سەخاوەتەی بهێنێ . یا پادشای ئێستای فەرەنسا ، چەند جەنگێکی بەرپا کردوە بێ ئەوەی هیچ باجێکی زیادەبار بخاتە ئەستۆی گەلەکەی ، چونکە بە هۆی دەس‌پێوەگرتنەوە لە ڕابوردوودا ، توانی جێی هەموو ئەو مەسرەفە نائاسایی‌یانە پڕ بکاتەوە کە تووشیان بوو . یا ئەگەر پادشای ئێستای ئیسپانیا سەخی بووایە ،

نەیدەتوانی خۆی بدا لەو ژمارە زۆرە پرۆژەیەی کە هەموویان ئەنجامیان سەرکەوتن بووە.

لەبەر گشت ئەم هۆیانە، میر ئەگەر بیەوێ خۆی لە رووتاندنەوەی گەلەگەی بەدوور بگرێو بۆ خۆپاراستن ببێتە خاوەنی تواناو دەسەڵاتی خۆیو ماوەش نەدا تووشی هەژاریو رەزالەتی هەژاری بێ، دەبێ زۆر بایەخ بە ناوبانگ‌دەرچوونی بە پیسکە نەداو خۆی ناچاری زەوت‌کردنی ماڵ‌وموڵکی نەکا، چونکە پیسکەیی یەکێکە لەو سیفەتە خراپانەی کە توانای حوکمرانی‌کردنی پێدەبەخشێ. خۆ ئەگەر وترا: قەیسەر لە رێگەی سەخاوەتەکەیەوە ئیمپراتۆریتی‌یەکەی دەسگیربوو، یا زۆر کەسانی‌تر بە سەخاوەت یا هەر هیچ نەبێ بە خۆبەسەخی نیشاندان گەیشتوونەتە بەرزترین پایەوپلە، ئەوا من لە وەرامدا دەڵێم: تۆ لە ئێستادا میریت یاخود بەرێوەیت ببیتە میر. جا سەخاوەت لە حالەتی یەکەمدا زەرەربەخشە، بەلاّم لە دووەمدا دیارە کە پێویستەو دەبێ خەڵکی بەسەخیو بەخشندەت بدەنە قەڵەم. قەیسەر یەکێك بوو لەوانەی بە ئاواتەوەبوو ببێتە سەرداری رۆما، بەلاّم وەختێ ئەو ئاواتی سەرداری‌یەی بۆ خۆی بەدی‌هێنا، ئەگەر بژیایەو دەستی بە مەسرەفەوە نەگرتایە، بێ‌شك ئیمپراتوریتی‌یەکەی کاول دەکرد. هەروەها ئەگەر کەسانێك هەبن لە وەرامدا بڵێن: ژمارەیەکی زۆر میر هەن لە رێگەی لەشکرەکانیانەوە زۆر کاری مەزنیان بەجێ هێناوەو لەگەڵ ئەوەشدا بە گەلێ سەخیو بەخشندە ناسراون، منیش لە وەرامیاندا دەڵێم: میر یا لە سەروەت‌و سامانی خۆی مەسرەف دەکا یا لە هی رەعیەتەکەی وەیاخود لە هی کەسانی‌تر.

جا بە رای من دەبێ ئەوەکەی خۆی دەمێ پێوە بگرێ، بەلاّم سەبارەت بەوانی‌تر دەبێ بەخشندە بێ. چونکە گومانی تێدا نی‌یە بەخشندەیی بۆ میرێك کە بە خۆیو لەشکرێکەوە هێرش دەباو لەسەر ئەو دەسکەوتانە دەژی کە لە رێگەی زەوتکردن‌و سەرقەبلاّندن‌و دەس‌بەسەرداگرتنی ماڵ‌وموڵکی کەسانی‌ترەوە بەدی‌یان دێنێ، کارێکی پێویستە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەخشندە نەبێ سەربازەکانی دوای ناکەون. بەم پێ‌یە تۆ بۆت هەیە ئەگەر مەسەلە پەیوەندی‌ی بە سەروەت‌و سامانی خۆت‌و رەعیەتەکەوە نەبێ، گەلێ بەخشندەو سەخی بیت، چونکە مەسرەف‌کردنت لە سەروەت‌و سامانی

کەسانی تر،وەك چۆن سیرۆس و قەیسەرو ئەسکەندەر کردیان ، نەك لە ناوبانگت کەم ناکاتەوە بەڵکوو زیاتری دەکا ، لە کاتێکدا مەسرەفکردنت لە سامانی خۆت زیانت پێدەبەخشیٚ ، بگرە هیچ شتێك هێندەی سەخاوەت و بەخشندەیی بۆت زەرەربەخش نابیٚ و هەر کە کەوتیتە داوی‌یەوە ئیتر توانای کارپێکردنیت نامێنیٚ و لە ئەنجامدا دەبیتە یا هەژارێکی لات ، وەیاخود کابرایەکی ریسواو رەزاگران ، ئینجا ئەگەر ویستیشت لە هەژاری‌یەکە رزگارت بیٚ ، ناچار دەبیٚ ببیتە راوورووتکەرێك و ئەوساش رەعیەتەکە دەتبوغزێنن . جا میر بەر لە هەموو شتێك دەبیٚ خۆی لە ریسوابوون یا بوغزاندن بەدوور بگریٚ کە گومانی تێدا نی‌یە بەخشندەیی بەرەو یەکێك لەو دوو ئەنجامەی رادەمالیٚ ، بۆیە چاکتر وایە پیسکە بێت . ئەمیان ئەوپەرەکەی دەتخاتە بەر حاڵەتی ریسوابوونەوە نەك بوغزاندن کە باشترە لەوەی هەژاری‌یەکە هانت بدا ببیتە دزو جەردەو ئەوسا بکەویتە بەر حاڵەتی هەم ریسوابوون و هەم بوغزاندنیشەوە .

١٧

دڵنەرمی و دڵرەقی
ئایا خۆشەویست بیت باشترە
یا ترسێنەر؟

ئەگەر درێژەی پێبدەین و لەو سیفەتانەی تریش بدوێین کە لەوەبەر ناومان بردن ، ئەوا من وای بۆ دەچم کە**چاکترە** میر وەهای حەز لێبێ رەعیەتەکەی بە دڵنەرم و بەرەحمی بدەنە قەڵەم نەك بە دڵرەق و جەربەزە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانێ ئەم دڵنەرمی و بەرەحمی یە چۆن بەکار دێنێ . بۆ نموونە قەیسەر بۆرجیا بەدڵرەق و بێبەزەیی دەدرایە قەڵەم ، کەچی دڵرەقی یەکەی رێك وپێکی و یەکێتی ی بۆ رۆمانا سازاند ودڵسۆزی ی تێدا چەسپاند . جا ئەگەر لەم باسە وردبیینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ ئەو زۆر لەگەلی فلۆرنسا بەرەحم تر بوو کە گوایە بۆ خۆبەدوور گرتن لە سیفەتی دڵرەقی و بێبەزەیی ، بووە هۆی ماوەدان بە کاول کردنی پیستۆیا .[٧٣] بۆیە میر ئەگەر دڵنیابوو کە دڵرەقی یەکەی دەبێتە هۆی یەکگرتنی گەلەکەی و دڵسۆزی یان بۆی ، دەبێ گوێ نەداتە گوناهبارکردنی بەو سیفەتە . ئێمە ئەگەر چەند نموونەیەکی لەسەر بهێنینەوە ، چاك بۆمان ئاشکرا دەبێ کە ئەم جۆرە میرە زۆر لەوانە بە بەزەیی ترە کە بە زیادەوە دڵناسکی دەنوێنن و لە ئەنجامیدا دەبنە هۆی روودانی چەندین ئاشووبی ئەوتۆ

که گەلیٚ خوێنڕشتن‌و ڕاوورِ نکردنیان لێدەوەشێتەوە . دیارە ئەم کارەساتانەش زەرەروزیان پتر بە سەرجەمی یەتەکە دەگەیەنن ، لە کاتێکدا ئەو حوکمانەی میر بەسەر ئەم‌و ئەویاندا دەدا ، تەنها چەند کەسانێك دەگرنەوە . لەبەر ئەوە تازەمیرەکان بە پێچەوانەی میرانی ترەوە ، ئەمە لە چنگی ناوبانگ دەرچوون بە دڵرەقی‌و جەربەزەیی دەرباز بن ، چونکە دەوڵەتێکی نویٚ کە دروست دەبیٚ ، ئاسایی یە بکەوێتە بەر چەندین مەترسی‌یەوە . لەم ڕووەوە ڤەرجیل(٧٤) لە زمانی دیدۆوە(٧٥) وتوێتی :

«لەسەر هەر میرێك پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەتێکی تەنگەتاوی‌و بۆ جیٚبەجیٚکردنی پێداویستی‌یە نویٚیەکانی مەملەکەتەکەی ، ڕیٚوشوێنی گونجاوی خۆی بۆ سازبداو بۆ پارێزگاری‌لێکردنیشی ، لە ماوەیەکی دوورەوە بە دەوریدا پاسەوان دابنیٚ» .

لەگەڵ ئەوەشدا دەبیٚ لە باوەڕکردن بەو قسەو باسانەی دەدرێن بە گویٚیداو لە کارهەڵسووڕاندنیشدا وریا بیٚ . ئەو نابیٚ لە سێبەری تایبەتی‌ی خۆی بترسیٚ ، بەڵکوو پێویستە بە شێوەیەکی مام‌ناوەندی‌ی ئەوتۆ دەسەڵاتی خۆی بسەپێنیٚ کە خۆش‌بین‌و مرۆڤ‌پەروەرانە بیٚ‌و نەیەلیٚ باوەڕبەخۆهێنانی زیاد لە پێویست پاڵی بۆ کەمتەرخەمی‌و گویٚ‌پیٚ‌نەدان پێوە بنیٚ‌و شەرمەزاربوونیش نەی‌هاوێتە باوەشی سەرسەختی‌و دڵرەقی‌یەوە .

جا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە کە ئایاچاکتر وایە خۆشەویست بیت زیاتر لەوەی بەهەیبەت‌و ترسینەر بیت ، یا خەڵکی لێت‌بترسن زیاتر لەوەی خۆشیان بوێت؟! .

پوختەی وەرامی پرسیارەکە ئەوەیە کە پێویستە خەڵکی هەم لێت‌بترسن‌و هەم خۆشیان‌بوێت ، بەڵام لەبەر ئەوەی زەحمەتە بتوانیت هەردووکیان پێکەوە لە خۆتدا کۆبکەیتەوە ، چاکتر وایە لێت‌بترسن وەك لەوەی لە لایان خۆشەویست بیت ، ئەمە ئەگەر ناچار بوویت کە یەکێکیان هەڵبژێریت ، چونکە دەوتریٚ کە خەڵکەکە بە شێوەیەکی گشتی سپڵەو بیٚ‌بارو ڕیاکارن‌و خۆیان لە مەترسی بەدوور دەگرن‌و زۆر

تەماعكاریشن . ئەوان هەتا تۆ بۆیان سوودبەخش بیت لە گەڵتدا دەبن و خوێن و ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان و هەرچی یان هەیە لە پیناوتدا دەیبەخشن وەك لەوەبەر وتم ، ئەمە لە وەختێكدا كە تۆ هێشتا هۆت تی یان نەكەوتوە، بەڵام هەر كە هاتە سەر ئەوەی هۆت تی یان بكەوێ ، بە رووتدا دەتەقنەوە . بۆیە چارەنووسی هەر میرێك كە پشت بە بەڵێنیان دەبەستێ بێ ئەوەی رێ و شوێنی تری بۆ خۆی دانابێ ماڵوێرانی و تێكشكان دەبێ ، چونكە ئەو دوستایەتی یەی لەسەر بناغەی كڕین و فرۆشتن بنیاد نرابێ نەك لەسەر بناغەی پاكی و مەزنی ی گیان ، دۆستایەتی یەكی ساختەیەو ئەگەرچی بە پارەوپوول دەكڕدرێ ، بەڵام جێگەی باوەڕو موتمانە نابێ و لەو بابەتەیە كە هەر هێندەی پێویستیت پی ی هەبوو،وەك نەبووبێ وەهایە . هەروەها خەڵكی چەندە سڵ لە خراپەكردن لەگەڵ ئەو كەسەدا دەكەنەوە كە لی یدەترسن ، هێندەش بۆ خراپەكردن لەگەڵ ئەو كەسەدا خێران كە خۆی لە لایان خۆشەویست دەكا ، چونكە خۆشەویستی بەندی زنجیرەیەك پەیوەندی ی ئەوتۆیە كە دەشێ لە ئەنجامی خۆپەرستی ی خەڵكەكەداو لەهەر وەختێكدا كە پساندنی سوودو بەرژەوەندی ئەوانی تێدا بێ هەرەس بێنێ ، لە كاتێكدا ترس بەندی سڵ كردنەوەیە لە سزادان و ئەم سڵ كردنەوەیەش كەم جار لە كار دەكەوێ .

لەگەڵ ئەوەشدا میر ئەگەر خۆشەویستی ی بۆ مسۆگەر نەكرا ، لە سەری پێویستە، ترسەكە بە شێوەیەك بسەپێنێ كە خۆی پێ لە رق وكینەی خەڵكی بەدوور بگرێ ، چونكە دەگونجێ كە ترس و نەبوونی رق وكینە شان بە شانی یەكتر برۆن . ئەو میرەی دەسدرێژی ناكاتە سەر ژن و ماڵ و موڵكی هاووڵاتی یەكانی ، دەتوانێ ئەو شتانە ر دەسگیر بخا. بەڵام وەختێ ناچاری زەوتكردنی ژیانی مرۆڤێك دەبێ ، پێویستە ر بەهانەیەكی پەسەندو هۆیەكی ئاشكرای بە دەستەوە بێ . بۆیە بەر لە هەموو شت . پێویستە خۆی نەدا لە زەوتكردنی ماڵ وموڵكی خەڵكی **لەبەرئەوەی** مرۆڤ لەنێ بیرچوونەوەی مردنی باوكی لا ئاسانترە وەك لە فەرامۆش كردنی لەدەس چوونی میرات و بۆ ماڵ وموڵكی ، جگە لەوەی كە بەهانە بۆ زەوتكردنی ماڵ وموڵك هەردەم لە كایەداس هەیەو ئەو كەسەی ژیان بە راووڕووتكردن دەس پی بكا ، بەهانە بۆ رووتاندنەوەی بە

کەسانی تر دەدۆزێتەوە ، لە کاتێکدا بەهانە بۆ لەناوبردنی ژیانیان دەگمەنەو زووش دەپووکێتەوە .

بەڵام میر وەختێ لەگەڵ لەشکرەکەیدا دەبێو ژمارەیەکی زۆر سەرباز هەڵدەسوورێنێ ، پێویستەو ناچاری‌یە کە زۆر گوێ نەداتە دابڕینی لەقەبی دڵرەق لە لایەن خەڵکەکەوە بە سەریدا ، ئەو بەبێ ئەم ناوبانگە ستەمە بتوانێ لەشکرەکەی بە یەکگرتوویی‌و مل‌دان بۆ رێك‌وپێکی‌و ئەرکی سەرشان بهێڵێتەوە . ئەمە یەکێك بوو لە سیفەتە گرنگەکانی هانیبال[٧٦] کە ئەگەرچی سەرکردایەتی‌ی لەشکرێکی گەلێ گەورەی پێك‌هاتوو لە چەندین نەژادی لەیەك‌جیای دەکردو لە ولاتێکی بێگانەشدا دەجەنگان ؛ کەچی هیچ ناکۆکی‌یەکیان نەدەکەوتە نێوانەوە ، یا هیچ یاخی‌بوونێکیان لە رووی میردا چ لە رۆژانی خۆش‌بەختی‌و چ لە ماوەی بەدبەختیدا لێ نەدەوەشایەوە . ئەمەش تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جەربەزەیی‌یە لە توانای مرۆڤ بەدەرەی کە دەینواند . ئینجا ئەو سیفەتەی لە پاڵ چەندین سیفەتی چاکی‌تریدا ، لەبەر چاوی سەربازەکانی کردیانە مرۆڤێکی هەردەم بەهەیبەت‌و ترسێنەر ، بگرە ئەگەر ئەم سیفەتەی تێدا نەبووایە ، سیفەتەکانی‌تری لە وزەیاندا نەدەبوو ئەو ئەنجامە ببەخشن .

ئەو نووسەرانەی لە بیرکردنەوە بێبەشن ، وای بۆ دەچن کە لە لایەکەوە بەتان‌وپۆی کارەکانیدا هەڵبدەن‌و لە لایەکی تریشەوە تانووت لە هۆیە سەرەکی‌یەکەی رێگا خۆش‌کردن بۆ ئەو کارانەی بدەن .

گومانی تێدا نی‌یە ئەو راستی‌یەی دەرم‌بڕی‌و وتم کە رەنگە سیفەتە چاکەکانی‌تر بەس نەبن ، لە مەسەلەی شیپیۆدا (کە نەك تەنیا بۆ سەردەمی خۆی ، بەڵکوو بۆ هەر سەردەمێك کە بیرەوەری‌ی ئەو تێدا زیندوو بێ بەبانگە) بە ئاشکرا دەردەکەوێ . ئەوەبوو لەشکرەکەی لە ئیسپانیادا لی‌ی یاخی بوو ، ئەم یاخی‌بوونەش ئەنجامی نواندنی لوتف‌و دڵنەرمی‌یەکی زیاد لە پێویست بوو کە بووە هۆی ماوەدان بە سەربازەکانی بۆ شتی وەها کە لەگەڵ سیستمی سەربازیدا نەگونجێ ، تا تەنانەت فابیۆس مەکسیمۆس[٧٧] لە کۆبوونەوەیەکی کۆنگرێسی پیراندا لەسەر ئەوە لۆمەی کردو بە

تۆمەتی گەندەڵکردنی سەربازانی لەشکری ڕۆمانەکان گوناهباری کرد . هەروەهاوەختێ یەکێك لە ئەفسەرەکانی (لوکری)ی تێکشکاند ، ئەفسەرەکە نەیکرد بە دوایدا تۆڵەوەسێن بێ ، هەروەکوو شیپیۆ خۆیشی ئەو ئەفسەرەی لەسەر ئەو کردەوەی دڵنەرمی‌یە سزا نەدا . لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس لە کۆنگرێسی پیراندا حەزیان دەکرد بیانوو بۆ کردەوەکانی بهێننەوەو دەیانوت کە زۆر کەس هەن چاکتر دەزانن خۆیان لە هەڵکردن بپارێزن وەك لەوەی هەڵەی کەسانی‌تر ڕاست بکەنەوە . ئەم هەڵوێستە بۆ شێواندنی ناوبانگی شیپیۆ بەس دەبوو ئەگەر لە ژێر سایەی کۆنگرێسی پیراندا نەژیایە . ئەو سیفەتە زیانبەخشەی نەك هەر بوو بە ژێرەوەو کەلاکەوت ، بەڵکوو بۆیشی بووە مایەی سەربەرزی .

من قسەکانم سەبارەت بە باسی ترس‌و خۆشەویستی بەوە کۆتایی پێدێنم کە دەڵێم : خەڵکی بەپێی حەزو ئیرادەی تایبەتی‌ی خۆیان خۆشەویستی‌یان لا پەیدا دەبێ ، بەڵام بەپێی حەزو ئیرادەی میر ترسیان لێدەنیشێ . میری ژیریش ئەو میرەیە کە پشت بە دەسەڵاتی ناو چنگی خۆی دەبەستێ نەك بە دەسەڵاتی ناو چنگی کەسانی‌ترو ئیتر تەنیا هێندەی لەسەر پێویست دەبێ کە شەخسی خۆی لە رق‌وکینەی خەڵکی بەدوور بگری ، وەك لەوەبەر روونم کردەوە .

١٨

ئایا میر دەبێ چۆن بەڵێن بەرێتە سەر؟

گومانی تێدا نی یە هەر مرۆڤێك دەزانێ کە دەبێ سیفەتە چاکەکانی میر بریتی بن لەوەی لە بەڵێنەکانیدا راستگۆ بێ و بە ئەپەرافەتمەندی و سەربەرزی یەوە بژی نەك بە فرت و فێڵ و تەڵەکەبازی : بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ، تاقیکردنەوەکانی ئەم سەردەممان سەلماندویانە کە ئەو میرانەی کاری گەورەو مەزنیان لێوەشاوەتەوە، زۆر بایەخیان بە بەڵێنەکانیان و بە وەفاداری بۆیان نەداوە ، بەڵکوو بە فرت وفێڵ و قوماربازی و بە گاڵتەکردن بە ئەقڵی خەڵکی و سەر لێشێواندنیان ، توانیویانە لە ئەنجامدا بەسەر ئەو هاوشانانەیاندا کە دڵسۆزی و وەفاداری یان بۆ خۆیان کردۆتە قوپلەنما ، سەر بکەون .

تۆ پێویستە بزانیت کە دوو رێگەت بۆ شەرکردن لەبەر دەمدایە ، یەکەمیان بە هۆی قانوونەوەو دووەمیان لە رێگەی هێزەوە کە دیارە ئادەمیزاد پەنا دەباتە بەر یەکەمیان و ئاژەل پەنا دەباتە بەر دووەمیان . بەلاّم لەبەر ئەوەی ئاسایی یە کە رێگەی یەکەمیان بەس نەبێ بۆ بەدی هێنانی ئامانج ، ئەوا مرۆڤ لە ئاکامیدا ناچار دەبێ پەنا بەرێتە بەر رێگەی دووەمیشیان . بۆیە بۆ میر پێویستە بزانێ چۆن هەردوو شێوەکە پێکەوە بەکار دەهێنێ ، واتە ئەوەی مرۆڤ و ئەوەی ئاژەڵیش . ئەمە ئامۆژگاری یەکی نووسەرە دێرینەکانیشە بۆ حوکمرانان لە رابوردوودا و نموونەیان لەسەر ئاخیل و چەندانێکی تر لە میرە کۆنەکان هێناوەتەوە کە چۆن بۆ پەروەردەکردنیان بە

کانتووری[٧٨] ئەفسانەیی (شیرۆن) سپێردراون تا ڕێوشوێنی ئەو بگرنە بەر. دیارە مەبەست لەم ڕەمزە ئەفسانەیی‌یە نیوە مرۆڤ‌و نیوە ئاژەڵە.، ئەوە بووە کە میر دەبێ لە هەردوو سروشتی مرۆڤانەو ئاژەڵانەوە شت فێر ببێ، چونکە هیچ کامیان ناتوانێ بەبێ ئەوی تریان بژی.

هەروەها ئەو میرەی خۆی بۆ فێربوونی چۆنێتی کردارو کردەوەی ئاژەڵ بەناچار دەبینێ، پێویستە لەیەك کاتدا لاسایی ڕێوی‌و شێریش بکاتەوە، چونکە نە شێر دەتوانێ خۆی لە تەڵە بپارێزی‌و نە ڕێوی‌یش دەتوانێ لە ڕووی گورگاندا پارێزگاری لە خۆی بکا. لەبەر ئەوە ناچار دەبێ ببێتە ڕێوی تا تەڵە بناسێتەوەو ببێتە شێر تا گورگ بتۆقێنێ. بەڵام ئەوەی وەهای حەز لێ‌یە کە هەر بە تەنیا شێر بێ‌و هیچی‌تر، باشی بۆ ناچێ. حوکمڕانی زیرەك‌و وردبین کاتێ دەبینێ وەفاداری بۆ بەڵێنەکەی بۆی دەبێتە مایەی زیان‌گەیاندن بە سوودو بەرژەوەندی خۆی‌و ئەو هۆیانەشی ناچاری ئەو بەڵێندانەی کردبوون لە گایەدا نەماون، دەبێ بەڵێنەکە لە ئەستۆی خۆی دابماڵێ. دیارە ئەگەر خەڵکی هەموو دڵپاك بوونایە، ئەم ڕایە نیازپاك دەرنەدەچوو. بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکەکە چەوت‌و دڵپیسن‌و ئەوانیش لە لای خۆیانەوە بەڵێنی خۆیان ناپارێزن، ئەوا تۆش لە ڕووی ئەواندا بەندی بەڵێن‌پاراستن نابیت. ئەو میرەشی دەیەوێ هۆی ڕەوا بۆ بەدی‌هێنانی ئەم ئامانجە بدۆزێتەوە، قەت پەکی ناکەوی‌و دەتوانێ چەندین هۆی جۆراوجۆری لە هەمە ڕەنگە بۆ خۆدزینەوە لە بەڵێنەکەی بخاتە پێش چاو. پیاو دەتوانێ گەلێ نموونەی لە ژمارەنەهاتووی هاوچاخ بۆ ئەم ڕاستی‌یە بێنێتەوەو دەری بخا کە چەند جار میران پشتیان لە باوەڕنامەی ئاشتی کردەوەو پەیمانیان هەڵوەشاندۆتەوەو چەند جار ئەنجامی خۆدزینەوەیان، بەڵێنەکانیان لە بایەخ کەوتوون. هەروەها بیسەلمێنێ کە چۆن ئەوانەی بە باشی توانیویانە لاسایی ڕێوی بکەنەوە، لە کەسانێکی‌تر سەرکەوتوتر بوون. بەڵام ئەو میرەی ئەم سیفەتەی تێدابێ، پێویستە زۆر وەستایانە لە خەڵکەکەی حەشار بداو بلۆفچی‌یەکی گەورەو دووڕوویەکی لێ‌هاتوو بێ. خەڵکی بە تەبیعەت هێندە سادەو ساکارن کە ئاسایی ملکەچی پێداویستی‌یەکانی ڕۆژانە دەبن، بۆیە ئەو کەسەی لە فرت‌وفێڵدا دەستی باڵا بێ،

هەردەم کەسانێك دەبینێتەوە ئەو فرتوفێڵەیان بە سەردا تێبپەڕێنێ .

من لێرەدا تەنیا یەك نموونەی هاوچاخ دەگێڕمەوە . پاپا ئەلیکساندەری شەشەم ، لە خەڵەتاندنی خەڵکی **بەولاوە** نەدەکردو لەوە زیاتر بیری لە هیچشتێکیتر نەدەکردەوە . هەمیشە هەلی سەرکەوتنیشی بۆ فرتو فێڵەکانی خۆی دەبینیەوە ، چونکە هیچ کەسێك لە بەڵێنداندو دووپاتکردنەوەی سووربوون لەسەریانو بە سوێند خواردنیش بە حەوت مەزەب ، لەو چالاکتر نەبوو . لە کاتێکدا لە خۆلێدزینەوەشیدا هیچ کەسێك هێندەی ئەو چابووك نەبوو . کەچی هەمیشە لە فرتوفێڵکردندا سەرکەوتوو دەبوو ، چونکە لە هەڵسووراندنی کاروباردا بەم شیوەیە قاڵ بووبوو .

بە هەرحاڵ ، وەنەبێ بوونی گشت ئەو سیفەتانە پێکەوە لە میرێکدا پێویست بێ ، بەڵام بەلایەنی کەمەوە پێویستە خۆی وەها نیشان بدا کە هەموویانی تێدا هەن . بگرە لەوانەیە بوێرم بڵێم کە بوونی ئەم سیفەتانە بەراستیو لە سەرڕۆیشتنیان بە بەردەوامی ڕەنگە بیخەنە بەر مەترسییەوە ، لە کاتێکدا خۆنیشاندان بە بوونیان زۆر جار دەبێتە کارێکی سوودبەخش . بەم پێیە راستە چاکتر وایە خۆت وەها نیشان بدەیت کە بەرەحمیتو بەڵێن دەپارێزیتو خاوەنی هەستێکی مرۆڤانەی بێگەردیتو دڵسۆزیتو بە دینیتو بگرە بەراستییش ئەم سیفەتانەت تێدا هەن ، بەڵام دەبێ خۆت بۆ ئەوەش ئامادە بکەیت کە لە کاتی پێویستیدا خاوەنی سیفەتە پێچەوانەکانیشیان بیت . دەبێ بزانرێ کە میر ، بەتایبەتی تازەمیر ، ناتوانێ گشت ئەم شتانەی کە لە لای خەڵکی پەسندن بگرێتەخۆ ، چونکە وەختێ سەیر دەکا ئەو دەبێ پارێزگاری لە دەوڵەتەکەی خۆی بکا ، ناچار دەبێ بە پێچەوانەی وەفادارییەوە بۆ بەڵێنو بۆ بەرەحمیو مرۆڤپەروەرییو بۆ دیانەت کردار بکا . لەبەر ئەوە لە سەری پێویستە ئەقڵی خۆی ئامادەی هەڵسووران بە پێی حەزی شەپۆل بکاو بەو شێوەیەشی کە جیاوازیی هەم کۆششو هەم خۆشبەختی دەیهێنێتە کایەوە . واتە وەك وتم ، ئەگەر بۆی لوا با پشت نەکاتە خێرخوایی ، بەڵام بە مەرجێك کە ئەگەر تەنگەتاوو ناچار کرا **کۆ لە خراپەکارییو** شەڕخوایی نەکاتەوە .

هەروەها میر دەبێ لەوەدا وریا بێ کە لە قسەکردندا ، خۆی لەگەڵ ئەو پێنج سیفەتەدا کە ئیشارەتم پێدان نەخاتە ناکۆکی‌یەوە . دەبێ خەڵکەکە وەهامڵێ بکا کە بەرەحمی‌و وەفاداری بۆ بەڵێن‌و مەردایەتی‌و مرۆڤپەروەری‌و دینداری‌ی لەلا بە بینین‌و بە بیستن وەك یەك هەست پێ‌بکەن . خۆ رەنگە ئەم سیفەتەی دوایینیان لە هەموویان پێویست تر بێ ، چونکە خەڵك بە گشتی بە چاو زیاتر نوقورچ دەگرن وەك لە دەست . هەروەکوو هەموو بە بینین دەبینن ، بەڵام کەمیان بە هەست‌کردن هەست دەکەن . واتە خەڵکەکە هەموو بە چاو دەبینن تۆ چی دەکەیت‌و چۆن دەنوێنیت ، بەڵام کەمیان هەست بە باری راستەقینەت دەکەن‌و ئەم کەمەش کە بۆ پارێزگاری‌کردن لە خۆیان پشت بە هەیبەتی دەوڵەت دەبەستن ، لە بەربەرەکانی‌کردن لەگەڵ رای گشتیدا دوودڵ‌و رارا دەبن . بێگومان لە کردارو رەفتاری گشت خەڵکیداو بەتایبەتی میرەکان ، ئامانج شێوەی بەجێ‌هێنان بێ‌گوناه دەکا (الغاية تبرر الواسطة)و ئەمەش راستی‌یەکەو دەرهاویشتنی تێدا نی‌یە . بۆ نموونە میر ئەگەر نیازی داگیرکاری‌ی هەبوو ، دیارە دەبێ ئەو دەوڵەتەی داگیری دەکا لە ژێر چنگی خۆیدا بهێڵێتەوە کە ئەوسا خەڵکەکە هەموو بەم کردارەیدا هەڵدەدەن‌و بە نموونەی شەرافەتمەندی‌ی دادەنێن ، چونکە خەڵکە رەشۆکی‌یەکە پیشەیانە کە بە تەنتەنەو عەنعەنەو ئەنجامەکانی هەر کاساتێك هەڵبخەڵەتێن . ئاشکرایە جیهانیش بە گشتی لە خەڵکی رەشۆکی پێکدێ‌و ئینجا لە گەڵیاندا کەمەکە کەسانێکی نارەشۆکی کە وەختێ را گشتی‌یەکە شتێك لە میرەکەیاندا دەبینن‌و بۆی مۆر دەکەن ، ئەمان لێ‌یان دابڕ دەبن . بۆ نموونە ئێستا میرێك هەیە کە لەم سەردەمەماندا دەژی‌و چاکتر وایە ناوی نەبەم ، سەری زمانی‌و بنی زمانی بانگ‌راهێشتنە بۆ ئاشتی‌و وەفاداری بۆ پەیمان‌و بەڵێن ، کەچی لە راستیدا دوژمنی باوەکوشتەی ئەو دوو شتەیە . جا ئەگەر لە چارەی بنووسرایە کە هەرکام لەو دووانەی بگرتایەتە خۆی ، ئەوا زۆر جار تووشی ئەوە دەبوو کە دەوڵەتەکەو ناوو ناوبانگی خۆی لەدەس بدا .

●

١٩

لەسەرمان پێویستە کە خۆمان لە ڕیسوابوون و ڕق لێبوونەوە بەدوور بگرین

لەبەر ئەوەی لەوەپێش لە گرنگترینی ئەو سیفەتانە دوام کە بەندی ئەم باسەن ، ئێستا بە کورتیو بە شێوەیەکی گشتی باسی پاشماوەکەیان دەکەم . ئەوەبوو وتم کە میر دەبێ تەقەلا بدا خۆی لە ڕیسوابوونو رقلێبوونەوە بەدوور بگریو وەختێکیش لەم رووەوە سەرکەوتن بەدی دێنێ ، وادەکەوێتەوە کە کاری خۆی مەیسەر کردوەو ئیتر خراپەکارییەکانی تر مەترسیی بۆ دروست ناکەن.هەروەها وتم : بە شێوەیەکی گشتی ئەو لە وەختێکدا تووشی رقلێبوونەوە دەبێ کە ببێتە راوورووتکەرێكو ماڵومولّكو ژنانی رەعیەتەکەی زەوت بکاو کە پێویستە خۆی لە دەسدرێژیکردن بۆ سەر ماڵومولّكو شەرەفی جەماوەری خەڵکەکە دەپارێزێ ، دەبینێ ئەوانیش بە رەزامەندیو قایلبوونەوە دەژینو ئیتر تەنیا رووبەرووی تەماعی هەندە کەسێك دەوەستێتەوە کە دەتوانێ بە زۆر ریوشوێنی جۆراوجۆر جڵەویان بگریو بیانخاتە ژێر ركێفەوە . هەروەها ئەگەر خەڵکەکە بێباریو چڵێتیو موخەنەتیو ترسنۆکیو لاڵانەوەیان لە میر بینی ، دەشێ بە نەگریسو چەپەڵی بدەنە قەڵەم . جا لەبەر ئەوەی ئەم کاروکردارانە بۆی دەبنە بەردی بناغەی مەترسی ، دەبێ خۆیانی لێبەدوور بگریو

ئینجا کاتێ میر خۆی لە ... **قەرەیان نەدا .**

کاروباری خۆی وەها ساز بدا کە کردەوەکانی ئەوپەڕی مەزنی‌و چست‌وچالاکی‌و ورەپتەوی‌و خۆراگری بنوێنن . هەروەکوو سەبارەت بە حوکمکردنی رەعیەتەکەشی ، دەبێ ئەو بڕیارەی دەیدا ببرای‌ببڕ بێ‌و هەڵوەشاندنەوەی بۆ نەبێ ، دەبێ سوور بێ لە سەر بڕیارەکانی خۆی‌و ماوە بە هیچ مرۆڤێك نەدا بیخەڵەتێنێ‌و فێڵی لی‌بکا .

ئەو میرەی ئەم ناوو ناوبانگە بۆ خۆی پەیدا دەکا ، لای رەعیەتەکەی دەبێتە خاوەنی شۆرەتێکی گەورەوگران ، ستەمیشە خەڵکی بتوانن پیلان دژی خاوەن شۆرەت‌و ناوبانگێکی وا گەورەوگران بگێڕن ، هەروەکوو زەحمەتە بتوانرێ پەلاماری بدرێ ، بەتایبەتی کە بە خاوەن دەسەڵات‌و ڕێزلێ‌گیراو لە لایەن رەعیەتەکەیەوە ناسرابێ . بەڵام میر دەبێ لە دوو لایەنەوە ترسی هەبێ . یەکەمیان ناوخۆیی‌یەو بەندی رەعیەتەکەیەتی‌و دووەمیان دەرەوەیی‌یەو بەندی دەوڵەتە بێگانەکانە . جا ئەو بە بوونی چەکی بەهێزو دۆستی دڵسۆز کە ئەم جۆرە دۆستانە ئەگەر چەك‌و هێز هەبن زۆرن ، هەردەم دەتوانێ خۆی لە دەسدرێژی‌کردنی بێگانە بۆ سەری بپارێزێ . بەم پێیە بەرەی ناوخۆ ئەگەر پیلانگێڕان ئاشووبی تێدا نەنێنەوەو ئەگەر لە دەرەوەشەوە دەسدرێژی نەکرێتە سەر ، هەمیشە هێمن دەبێ ، بگرە ئەگەر دەوڵەتە بێگانەکانیش تەقەلای پەلاماردانی بدەن ، ئەو دەتوانێ — ئەگەر حوکمرانی‌یەکەی‌و ژیانی بەو ڕێبازەدا رۆیشتبن کە باسم‌کردن‌و ئەگەر توانی‌یشی لە سەر ئەو هەڵوێستە خۆی رابگرێ — بەرگەی هەر جۆرە شڵەقاندنێك بگرێ ، وەك چۆن نابیسی سپارتایی کە لەوەبەر ئیشارەتم پێدا کردی . بەڵام سەبارەت بە رەعیەت ، تەنانەت ئەگەر نەشکەونە ژێر تەئسیری بێگانەوە ، مەترسی‌ی ئەوەیان هەر لێدەکرێ کە بە شێوەیەکی نهێنی پیلانی لە دژ بگێڕن . بۆیە میر دەبێ بە باشی خۆی لەمەیان بپارێزێ ، ئەویش بە خۆبەدوورگرتن لە رق‌وکینەیان‌و لە سووك‌و ریسوابوون لەبەر چاویان‌و بە فەرامۆش‌نەکردنی رەزامەندی‌یان بەرامبەر مامەلەکردنی لە گەڵیاندا کە ئەمە ئەرکێکی ناچاری‌یەو دەبێ بەجێ‌ی بێنێ ، وەك لەوەبەر بە دوورودرێژی لە بەشێکی‌تردا روونم کردەوە . رەنگیشە چاکترین چارەسەر بۆ خۆپاراستن لە پیلان ئەوەبێ کە میر لەلایەن جەماوەری گەلەکەیەوە نەبوغزێنرێ ، چونکە ئەو کەسەی پیلان دەگێڕێ وایدادەنێ کە بە کوشتنی

میرگەل رازی دەکا . بەڵام ئەگەر باوەڕی وابوو کە ئەو بەم کارەی خراپە لەگەڵ گەلدا دەکا ، ئەوا لە خۆتێوەگلاندنی پرۆژەیەکی وەهادا دوودڵ دەبێ ، لەبەر ئەوەی کە ئەو گرفتانەی **پیلانگێڕەکان** تووشیان دێن لە ژمارە نایەن . تاقیکردنەوەکانی لەوەبەریش بۆمان دەردەخەن کە لە رابوردوودا گەلێ پیلان کراون ، بەڵام کەمیان سەریان گرتوە ، چونکە پیلانگێڕ لە ناو کەسانی بێزارو کینەلەدڵدا نەبێ ناتوانێ هاورێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە . تۆ کە نیازی دڵی خۆت لای مرۆڤێکی بێزار دەردەخەیت ، حەوانەوەیەك بە دڵ و دەروونی دەبەخشیت و هیوای دەسگیربوونی خواست و مەبەستەکەی خۆی لەلا دەژێنیتەوە . ئیتر ئەو دەشێ تەنیا بە پێزانینی هەواڵەکە دڵی ئاو بخواتەوەو وای ببینێ کە هەندێ سوودی لێ چاوەروان بکا . لە کاتێکدا بە دیوەکەی تریدا وایدادەنێ کە بەشداربوونی بە کردەوە ، رێگایەکی پڕ لە مەترسی و گومانە . ئینجا ئەو بۆ ئەوەی لە گەڵتدا بەشداربێ و لە بەشداربوونەکەیدا راستگۆبێ ، دەبێ یەکێك بێ لەم دووانە : یا دۆستێکی هێجگار دڵسۆز بۆ تۆ ، وەیا دوژمنێکی باوەکوشتەی میر . من بۆ روونکردنەوەی باسەکە بە چەند وتەیەك دەڵێم : پیلانگێڕ لە ترس و حەسوودی بردن و گومان کردن و تۆقین لە سزا بەولاوە کە دڵی دێننە لەرزە ، چی تر لە تەك خۆیدا نابینێ ، لە کاتێکدا میر هەیبەتی حوکمرانی کردن و یاساو پاراستنی لەلایەن هاورێیان و دەوڵەتەوە کە بۆی دەبێتە پاسەوان ، لە پاڵ خۆیدا دەبینێ و خۆ ئەگەر نیازپاکیی گەلیشیان خستنە پاڵ ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە ستەمە هیچ مرۆڤێك توانای سەرکێشی کردن بۆ پیلانگێڕان لە خۆیدابیینێ ، چونکە بە شێوەیەکی گشتی پیلانگێڕ لەم حاڵەتەدا دەبێ پێش جێبەجێ کردنی پیلانەکەی لە دوژمنایەتی گەل بترسێ ، تەنانەت ئەگەر تاوانەکەشی سەربگرێ هێشتا هەر مەڵبەندێکی ئەوتۆ نابینێتەوە لە تووڕەیی گەل بیپارێزێ .

رەنگە نموونە لەسەر ئەمە زۆر بن ، بەڵام من تەنیا یەك کارەسات دەگێڕمەوە کە لە رۆژانی باوکانماندا رووی داوە ، ئەویش ئەوەیە کە وەختێ پیلانگێڕەکانی بنەماڵەی کانیشی ، بەرێز هانیباڵ بێنتیڤۆگلیی میری بۆلۆناو باپیری میری ئێستا بەرێز هانیباڵیان کوشت و میری کوژراو لە بەرێز جیۆڤانی (٧٩) بەولاوە کە منداڵ بوو ، هیچ

کەس‌وکارێکی تری نەبوو ، سەرجەمی گەلی بۆلۆنا راپەرین‌و یەك‌بەیەکی بنەماڵەی کانیشی‌یان کوشتەوە . دیارە ئەم هەڵوێستە ئەنجامی خۆشەویستی‌و لایەنگیری‌کردنی گەل بوو بۆ بنەماڵەی بێنتیڤۆگلی‌و ئەو خۆشەویستی‌یەی‌گەلەکەی هان‌دا کە دوای کوشتنی هانیبال‌و دوای ئەوەی کەسێکیان لە بنەماڵەکەی بۆ نەبینرایەوە فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست ، بکەونە گەڕان‌و پشکنین هەتا یەکێکیان دۆزی‌یەوە کە لە فلۆرنسادا دەژیاو باوکی ئاسنگەرێك بوو ، پەیوەندی‌یەکی خزمایەتی‌ی لەگەڵ بنەماڵەکەدا هەبوو ، ئەوسا هێنایان‌و دەزگای فەرمانڕەوایی شارەکەیان دایە دەست تا ئەو وەختەی جیۆڤانی بالق دەبێ‌و دەتوانێ حوکمرانی‌ی شارەکە بکا .

لەمەوە من ئەو ئەنجامە دەسگیر دەخەم کە میر ئەگەر گەل لێ‌ی رازی بوو ترسی پیلان لەدژگێرانی نابێ ، بەڵام ئەگەر هەستی کرد دەیبوغزێنێ‌و دوژمنایەتی لە گەڵدا دەکا ، لە سەری پێویستە ترسی لە هەموو مرۆڤێك‌و هەموو شتێك هەبێ . بۆیە ئاسایی وا رۆیشتوە کە دەوڵەتە رێك‌وپێکەکان‌و میرە ژیرەکان ، بە سەرێك نەیان هێشتوە سەردارەکان بگەنە رادەی دەسەلاتداری‌و بە سەرێکیش گەلیان رازی کردوەو ئا ئەمەش گرنگترین باسێکە کە میر دەبێ بایەخی پی‌بدا .

گومانی تێدا نی‌یە کە فەرەنسا لە رێك‌وپێکی‌و لە حوکمرانی‌کردندا لە سەردەمی ئێستاماندا ، چاکترینی دەوڵەتانەو ژمارەیەکی زۆر دەزگای ئەوتۆی تێدا بەدی دەکەین کە سەلامەتی‌و سەربەستی‌ی پادشایانی لەسەر راوەستاوەو لە پێشی ئەو دەزگایانەشەوە ، بەرلەمان‌و دەسەلاتەکەیەتی کە دیارە ئەو کەسەی مەملەتەکەی دامەزراندوە ، ئاگاداری تەماع‌و سەرکێشی‌ی سەردارە گەورەکان بووەو بە پێویستی زانیوە بۆ جڵەوگیرکردنیان لغاوێك بخاتە دەمیانەوە . هەروەکوو لەولای ترەوە ، دەرکی بەوە کردوە کە جەماوەری گەل چ رق‌وکینەیەکی داڕێژراویان لەسەر بناغەی ترس ، بەرامبەر بەو سەردارە گەورانە لە دڵدایە . ئینجا بۆ ئەوەی دڵنیایی‌یان پی‌ببەخشێ ، ویستوێتی پادشا لەم باسە رزگار بکاو نەیەڵێ ببێ بە کوڵکی ئەوەوە ، تا لە حاڵەتی رازی‌کردنی گەلدا لە نارەزایی سەردارەکان بیپارێزی‌و لە حاڵەتی رازی‌کردنی سەردارەکانیشدا لە نارەزایی گەلی بەدوور بگرێ . بۆ ئەم مەبەستەش هات قازی‌یەکی

سێیەمی دانا کە لە لایەکەوە ملکەچی فەرمانی راستەوخۆی پادشا نابێ‌و لە لایەکی ترەوە گەورەپیاوان جڵەوگیر دەکاو لەولای تریشەوە دڵسوزی جەماوەری گەل دەبێ. جا بە راستی هیچ رێگایەك بۆ زامنکردنی سەلامەتی‌ی پادشاو مەملەکەت ، لەم رێگایە بە حیکمەت‌ترو هیچ پێشکاری‌یەك لەم پێشکاری‌یە سوودبەخش‌تر نابێ کە دەتوانین ئەو بنەما گەورەیەشی لێ پوختە بکەین کە دەڵێ : لەسەر میر پێویستە ئەو ئەرکانەی لای گەل خۆشەویستن بە کەسانێکی‌تری بسپێرێ‌و خۆیشی تەنیا خەڵات‌و سۆز ببەشێتەوە . هەروەها لێرەدا دەمەوێ ئەو قسەیەشم دووپات بکەمەوە کە وتوومە میر دەبێ .رێزی سەردارانی مەملەکەتەکەشی بگرێ ، بەڵام بە مەرجێك ئەم رێزلێگرتنەی نەبێتە هۆی بزواندنی رق‌وکینەی رەعیەتەکەی بەرامبەری .

لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە هەندێك وای بۆ بچن کە زۆر نموونە لە مێژووی ئیمپراتۆرەکانی‌رۆمانەکان‌وسەرگوزشتەی ژیان‌و مردنیاندا هەن سەرانسەر بەرپەرچی ئەم رایەی من دەدەنەوە ، بەتایبەتی کە ژمارەیەك لەو ئیمپراتۆرانە سەرەرای ژیانی سەردارانەیان‌و بەهێزی لە شەخسی‌یەتیاندا ، دەسەڵاتیان لەدەس چووە ، یا رەعیەتەکەیان پیلانیان لە دژ گێراون‌و کوشتویانن . بەڵام من بۆ وەرامدانەوەی ئەم بەربەستی‌یانە ، باسی سیفەتەکانی هەندێ لە ئیمپراتۆرەکان دەکەم‌و دەیسەلمێنم کە هۆی هەرەس‌هێنانیان جیاواز نەبووە لەو بنەمایانەی من دەسنیشانم کردن . هەروەکوو بە دمی‌یەوە لەو کاروبارانەش دەکۆڵمەوە کە ئەو کەسەی دەفتەری ئەو رۆزگارە دەخوێنێتەوە ، دەبێ سەرنجیان بداتێ . من تەنیا لەو ئیمپراتۆرانە دەدوێم کە لە سەردەمی مارکۆسی فەیلەسووفەوە تا سەردەمی مەکیمینیۆس حوکمرانی‌یان کردووەو بریتین لە مارکۆس‌و(٨٠) کۆمۆدۆسی(٨١) کوڕی‌و بیرتیناکس‌و(٨٢) جۆلیانۆس‌و سیڤیرۆس‌و ئەنتۆنیۆس‌و کاراکالای(٨٣) کوڕی‌و ماکرینۆس‌و(٨٤) هیلیۆگابالۆس‌و ئەلیکساندەرو(٨٥) مەکسیمینیۆس .(٨٦) یەکەم شتیش کە دەبێ لەم لێدوانەدا سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە لە کاتێکدا میرەکانی‌تر لە سەریان بووە بایەخ بە زیادەخوازی‌ی گەورەپیاوان‌و چەتوونی‌ی گەل بدەن . ئیمپراتۆرەکانی‌رۆمانەکان رووبەڕووی گرفتی سێیەم دەبوونەوە کە بریتی بوو لە پشتگیری‌کردنی ئەو دڵرەقی‌و تەماعکاری‌یەی لە

سەربازەکانیان دەوەشانەوەو بەو شێوە توندوتیژەشی کە دەیانکردن‌و ئەمە دەبووە هۆی لەسەرتەخت‌لادانی گەلیٚ لە ئیمپراتۆرەکان ، چونکە بۆیان نەدەکرا سەربازەکانیان‌و گەلەکەشیان لە یەك وەختدا پێکەوە رازی بکەن . گەل ئاسایی حەزی لە ئاسوودەگی‌یەو بەم پیٚ‌یە مەیلی بەلای میرە بیٚ‌وەیەکاندا دەچیٚ ، لە کاتێکدا سەربازەکان ئەو میرەیان لەلا پەسندترە کە گیانێکی سەربازانەی تێدابیٚ‌و چەتوون . جەربەزەبیٚ‌و مەیلی راووڕووت بکا . ئەمان وەهای لێداوا دەکەن کە بۆ دەسگیربوونی مووچەی زیاترو بۆ ئەوەشی بەری تەماعکاری‌و دڵرەقی‌یەکەیان لیٚ بەرەڵابیٚ ، ئەو سیفەتانە بەسەر گەلەکەیدا بسەپێنیٚ . بەم جۆرە ئەو ئیمپراتۆرانەی تەبیعەت‌و تواناو بەهرەیان ، ناوو ناوبانگێکی ئەوتۆیان پیٚ‌نەبەخشیون کە بتوانن هەردوو لای پیٚ جڵەوگیر بکەن ، چارەنووسیان خاپووربوون بووە . جا زۆربەی ئەوانەی گەیشتوونەتە پلەی ئیمپراتۆر ، لەبەر ئەوەی هێشتا تازەکوورە بوون‌و سڵیان لەوگرفت‌و زەحمەتی‌یانە کردۆتەوە کە لەم دوو مەیلە دژبەیەکە دەوەشێنەوە ، ئەگەرچی هەوڵیان‌داوە سەربازەکانیان رازی بکەن ، بەڵام کەم بیریان بە لای ئازاردانی گەلدا چووە . لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبوو لە ئەنجامداو بە ناچاری لایەکیان هەڵبژێرن‌و خۆیان لە رق‌وکینەو توورەبوونی بپارێزن . دیارە یەکەمجار دەبوو پەنا بەرنەبەر هەر ریٚ‌وشوێنێك کە بتوانیٚ لە رق‌وکینەی جەماوەری گەل بەدووریان بگریٚ . بەڵام وەختیٚ ئەمیان بۆ بەدی‌نەدەهێنرا ، ناچار دەبوون خۆیان لە رق‌وکینەی لایەنە بەهێزو کاریگەرەکە بەدوور بگرن . بۆیە ئەو ئیمپراتۆرانە ، بە هۆی تازەکوورەیی‌یەکەیانەوە لە پایەوپلەکەیاندا ، وایان هەست دەکرد کە پێویستیان بە سۆزێکی تایبەتی‌ی هێجگار زۆر هەیەو لە ئاکامیدا ، لە بری گەلەکەیان خۆیانیان بەندی حەزوئارەزووی سەربازەکانیان دەکرد . بێگومان چاکی‌و خراپی‌ی ئەم سیاسەتە لەسەر ئەوە دەوەستیٚ کە ئایا میر تا چ رادەیەك شارەزای چونێتی پاراستنی ناوو ناوبانگی خۆیەتی لەبەردەم سەربازەکانیدا؟. سا هەر لەبەر ئەم هۆیانە بوو کە مارکۆس‌و بیرتیناکس‌و ئەلیکساندەر ، سەرەرای ژیانی بیٚ‌فیزی‌و خۆشویستنی دادپەری‌و دژایەتی‌یان بەرامبەر بە دڵرەقی‌و بیٚ‌رەحمی‌و گیانی مرۆڤپەروەری‌یان‌و حەزکردنیان لە خێرخوایی ،

کۆتاییەکی پڕ لە جەخار کۆتایی‌یان هات . تەنیا مارکۆس نەبێت کە لە ژیان‌و مردنیدا سەربلندی‌ی خۆی پاراست . چونکە لە ڕێگەی مافی میراتگری‌ی خۆیەوە چووە سەر تەختی ئیمپراتۆریتی‌و بە هیچ شتێك قەرزاری چ سەربازەکانی‌و چ گەلەکەی نەبوو . ئەمە جگە لەوەی گەلێ سیفەتی چاکەی ئەوتۆی تێدابوون کە کردیانە ئیمپراتورێکی ڕێزلێنراوو توانی بە درێژایی ژیانی ، هەردوولا لە ڕادەی خۆیاندا گیربداو تووشی هیچ ڕق‌لێبوونەوەو ڕیسوایی‌یەك نەبێ . بەڵام بیرتیناکس بە پیچەوانەی ئیرادەی سەربازەکانی‌یەوە کە لە سەردەمی کۆمۆدۆسی پێش ئەودا بە ژیانی پڕ لە داوێن‌پیسی ڕاهاتبوون ، بە ئیمپراتۆر هەڵبژێردرا . بۆیە بە لایانەوە ستەم بوو بەو شێوە پڕ لە شەرافەتمەندییە بژین کە ئەو بەسەریانیدا سەپاندو بەم جۆرە خۆی خستە بەر ڕق‌وکینەیانەوە . ئینجا ئەگەر ئەو هەستی گاڵتەپێ‌هاتنەشیان بەرامبەری بە هۆی بەساڵداچوونی‌یەوە خستە پاڵ ڕق‌وکینەکە ، ئەوا بۆمان ئاشکرا دەبێ کە بۆچی ئەو هەر لە سەرەتای سەردەمەکەیەوە دارووخانی لە چارە نووسرابوو .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دەشێ ڕق‌وکینە چەندە لە ئەنجامی کاری شەڕخواهانەدا پەیدا ببێ ، هێندەش لە ئەنجامی کاری خێرخواهانەوە سەرهەڵبدا . بۆیە وەك لەوەپێش وتم پێویستە ئەو میرەی دەیەوێ دەوڵەتەکەی بە دەستەوە بمێنێ ، جاربەجارێك شەڕخواییش بکا ، چونکە وەختێك ئەو بەرەیەی تۆ لە پێناوی پاراستنی پایەوپلەی خۆتدا بوونی بە پێویست دەزانیت چەتوون دەبێ ، ئیتر سا بەرەی گەل بێ یا سەربازان یاخود سەرداران ، ئەوا تۆ بە ناچاری دەبێ خۆت بدەیت بەدەم شەپۆلەکەوەو هەوڵی ڕازی‌کردنی بدەیت کە لەم حاڵەتەدا کاری خێرخواهانەت بۆ دەبێتە کارێکی ئازاردەرو زەرەربەخش . با لێرەدا بێینە سەر باسی ئەلیکساندەر . ئەم زاتە پیاوێکی هێجگار خێرخوا بوو . تەنانەت یەکێك لەو چاکەکاری‌یە زۆرانەی لێ‌دەگێڕنەوە ئەوەیە کە دەوترێ بە درێژایی هەر چواردە ساڵی حوکمڕانی‌یەکەی ، بەبێ موحاکەمەکردنێکی عادیلانە ، بڕیاری مراندنی بە سەر هیچ مرۆڤێکدا نەداوە . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ، لەبەر ئەوەی گوایە ماوەی بە دایکی داوە جڵەوگیری بێ ، بە پیاوێکی ژنانی دراوەتە قەڵەم . بەم جۆرە داخزایە ڕادەی بێ‌هەیبەتی‌و

ریسوابوونەوەو سوپا پیلانی لەدژ گێڕاو کوشتی .

لە لایەکی ترەوە ئەگەر بێت و تۆ لە سیفەتەکانی کۆمۆدۆس و سیڤیرۆس و ئەنتۆنیۆس و کاراکالاو مەکسیمینۆس بکۆڵیتەوە ، بۆت دەردەکەوێ کە ئەوانە هێجگار دڵڕەق و چاوچنۆك بوون و لەپێناوی رازیکردنی سەربازەکانیاندا ، کۆیان لە هیچ جۆرە ئازاردانێکی جەماوەری گەلەکەیان نەکردۆتەوە . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان ، تەنیا سیڤیرۆسیان لێدەرچێ ، کۆتایی یەکی خراپ کۆتاییان هاتوە . مەسەلەش بریتی یە لەوەی ئەمیان خاوەنی گەلێ بەهرەو تواناى ئەوتۆ بووە کە یاریدەیان داوە دۆستایەتی خۆی لە سەربازەکانیدا ئیدامە پێبداو بەوپەری بەختیاری یەوە حوکمرانی بکا ، ئەگەرچی میللەتەکەشی دەچەوساندەوە ، چونکە سیفەتە چاکەکانی وایان لێکرد چ لە لای سەربازەکانی و چ لە لای گەلەکەی جێگەی رێزلێنان بێ ، بۆیە لایەنی یەکەم لی ی رازی بوون و دەستیان بەسنگەوە بۆ دەگرت و لایەنی دووەمیش لە بەرامبەریدا گێل و سەراسیمە بووبوون .

جا لەبەر ئەوەی کردارەکانی ئەم فەرمانڕەوایە بۆ تازەمیرێك دیارو مەزنن ، تەقەلا دەدەم بە کورتی نیشانی بدەم چۆن توانیوێتی ئەو سیفەتانەی رێوی و شێر لە خۆیدا کۆبکاتەوە کە لەوەبەر دەربارەیان وتم هەموو میران دەبێ لاسایی یان بکەنەوە . سیڤیرۆس لە وەختێکدا کە لە سلافۆنیا سەرکردایەتی ی لەشکری رۆمانەکانی دەکرد ، هەستی کرد کە ئیمپراتۆر جۆلیانۆس لە چ حاڵەتێکی تەوەزەلی و شل و شێواویدایەو سەربازەکانی خۆی قایل کرد کە چاکتر وایە بۆ تۆڵەسەندنەوەی کوشتنی ئیمپراتۆر بیرتیناکس لە سەردەستی پاسەوانانی پریتۆرەکاندا[٨٧] ، بەرەو رۆما بچن . ئیتر بەم بیانووەوەو بەبێ ئاشکراکردنی ئەو تەماعەی کردبووی یە تەختی پادشایی ، لەشکرەکەی بەرەو رۆما کشاندو پێش بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەرچوونی لە سلافۆنیا ، ئەو گەیشتە ئیتالیا . ئینجا هەر کە گەیشتە رۆما ، ئەنجومەنی پیران لە ترساندا بە ئیمپراتۆر هەڵیبژاردو جۆلیانۆسیش کوژرا . دوای ئەم دەسپێکردنە سەرکەوتووانەیە ، سیڤیرۆس پێش دەستگرتنی بە تەواوی بە سەر ئیمپراتۆرێتەکەدا ، روو بەرووی دوو گرفتی قورس بووەوە . یەکەمیان لە ئاسیادا بوو کە نیڤیرینۆس سەرکردەی لەشکرە ئاسیایی یەکان

خۆ ی کردە ئیمپراتۆرو دوومیشیان لە رۆژئاوادا بوو کە لەوێش ئەلبینۆس تەماعی کردبووە تەختی ئیمپراتۆری . جاکە سەیری کرد زۆر جێگای مەترسی یە لە یەك کاتدا بە گژ هەردوولادا بچێ ، بڕیاری دا لەملاوە پەلاماری نیڤیرینۆس بداو لەولاشەوە ئەلبینۆس بخەڵەتێنێ و نامەیەکی بۆ ناردو تیایدا پێیراگەیاند کە حەز دەکا لەو شەرەفەدا لە گەڵیدا هاوبەش بێ کە ئەنجومەنی پیران بە هەڵبژاردنی بە ئیمپراتۆر پێی بەخشیوەو لەقەبی قەیسەری داوەتێ . بە دوایدا ئەنجومەنی پیرانیشی بە بڕیاردان لە سەر ئەو هاوبەشی یە قایل کردو ئەلبینۆسیش لەلای خۆیەوە باوەری کردو پێ ی هەڵخەڵەتا . ئەوسا کە سیڤێرۆس نیڤیرینۆسی شکاندو کوشتی و بارودۆخی لە رۆژهەڵاتدا داسەکناندەوە ، گەڕایەوە بۆ رۆماو لە ئەنجومەنی پیراندا ئەلبینۆسی بە نمەك حەرامی لە ئاستی ئەو نازونیعمەتەدا پێ ی بەخشی بوون و بە تۆمەتی پیلانگێڕان بۆ کوشتنی ئەمو خیانەت لێکردنی ، تاوانباری کردو وای نیشان دا کە ناچارە بچێ لە سەر ئەم سپڵەیی یەی سزای بدا . ئیتر ئیمپراتۆرە سەرکەوتورەکەمان بەرەو فەرەنسا کشاو لە شەرێکدا پێکدا هەڵگژان و لە ئەنجامیدا لە پایەوپلەو لە ژیانیش بێبەشی کرد .

ئەو کەسەی بە دوورودرێژی لە کارەکانی سیڤیرۆس بکۆڵێتەوە ، بۆی دەردەکەوێ کە هەم نەرەشێرێك بووەو هەم رێوی یەکی فێڵبازو هەموو لایەکیش لێ ی ترساون و رێزیان لێناوە . هەروەکوو سوپاکەشی لە روویدا هەستی بە رق وکینە نەکردوە . بەم جۆرە لێکۆڵەرەوە هیچ سەرسام نابێ ببینێ ئەم فەرمانڕەوا تازەکوورەیە توانیبێتی جڵەوی ئەو جۆرە هێزە بێ پەروایە بگرێتە دەست ، چونکە بۆتە خاوەنی ناوو ناوبانگێکی کاریگەری ئەوتۆ کە هەردەم لەو رق وکینەیەی بە دوور گرتوە کە دەبوو چاوچنۆکی یەکەی لە ناو گەلەکەیدا بی بزوێنێ . هەروەها ئەنتۆنیۆسی کوریشی خاوەنی گەلێ بەهرەو توانای باڵابووەو زۆر سیفەتی وەهای تێدابوون کە لەلای گەلەکەی جێگەی سەرسامی بوون و لەلای سەربازانیش مایەی خۆشەویستی . ئەو بە گشت مانای وشە پیاوێکی سەربازکاری ئەوتو بووە کە قێزی لە خۆراك و پۆشاکی خۆش و نەرم ونۆڵ و نازونیعمەت و هەر شێوەیەکی تری خۆش گوزەرانی هاتۆتەوەو ئەوە سەربازەکانی وا لێدەکرد زۆر هۆگری ببن . کەچی لە گەڵ ئەوەشدا کابرایەکی هێندە

دڕو دڵڕەق بووە کە لەوەبەر وێنەی نەبینرابێ . چونکە دوای کوشتنی گەلێ کەسی ئاسایی ، فەرمانی بە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ڕۆماو هەموو خەڵکی ئەسکەندەری‌یەشدا (٨٨) ؛ تا وای لێهات سەراپای جیهان بی بوغزێنن‌و دەست‌و پێوەندەکەشی ترسی لێ پەیدا بکەن . دواجار بە کوشتن بە دەستی یەکێك لە سەرکردەکانی خۆی‌و لەبەردەم لەشکرەکەیدا کۆتایی هات . لێرەدا دەبێ سەرنجمان بۆ ئەوە بچێ کە هیچ میرێك ناتوانێ خۆی لەم جۆرە مراندنە بە دەستی پیاوێکی بەعەزم‌و سەرسەخت‌و لە ئەنجامی بڕیارو نەخشەبۆدانانێکی لەوەبەردا بەدوور بگرێ ، چونکە ئەو کەسەی خۆی لە مردن ناترسێ دەتوانێ کەسانی‌تر بکوژێ . بەڵام بەهەرحاڵ پێویستە میر لەم جۆرە کوشتنە نەترسێ ؛ لەبەر ئەوەی کە ئەو بابەتە پیاوانە هێجگار دەگمەنن‌و ئیتر دەمێنێتەوە سەر ئەوەی خراپەی کاریگەر لە گەڵ هیچ یەکێك لەو مرۆڤانەدا نەکا کە خزمەتی دەکەن یا لێوەی نزیکن ، وەك لە ئەنتۆنیۆسی ڕوودا کە پێشتر فەرمانی کوشتنی برایەکی ئەو ئەفسەرەی لە شێوەیەکی ناشیرینیشدا دابوو ، هەروەکوو هەموو ڕۆژێك هەڕەشەی لەویش دەکرد ، ئەگەرچی لە ڕیزی پاسەوانەکانی خۆیدا هێشتبوویەوە ، کە ئەمە وەك ڕۆژان‌و ڕووداو سەلماندیان ، گەوجی‌و سەرکێشی‌یەك بوو لەوەوە .

ئێستا با بچینە سەر باسی کۆمۆدۆس کە دەیتوانی پایەوپلەکەی خۆی لەدەست نەدا ، لەبەر ئەوەی بە میراتی بۆی مابووەوە . ئەوێکی کوڕی مارکۆس لە توانایدا هەبوو لە ڕازی‌کردنی گەل‌و سەربازاندا ، شوێن‌پێی باوکی هەڵبگرێ . بەڵام ئەم کۆمۆدۆسە تەبیعەتێکی دڕندانەی سەختی هەبوو . لە سەرێکەوە لە پێناوی ڕازی‌کردنی سەربازەکانیداو بۆ سۆزنیشانداندن‌و پاڵپێوەنانیان بەرەو ژیانی داوێن‌پیسی‌و بەدڕەوشتی ، ئارەزووی چاوچنۆکی خۆی بەردایە گیانی جەماوەری گەلەکەی . لەولای تریشەوە ، هەستی سەنگینی‌یەی نەپاراست کە پایەوپلەکەی بە سەریدا دەیسەپاند ، بەڵکوو بەردەوام لە هۆڵەکانی شانۆکاندا دەچووە ناو کۆڕی زۆرانبازی‌یەوەو زۆر کردەوەی ناشیرینی تریشی دەنواند کە لایەقی ئیمپراتۆرێك نەبوون‌و لە ئەنجامیدا سەربازەکانی وایان لێهات بە چاوی سووکەوە سەیری بکەن . بەم جۆرە هەردوو

هۆیەکە یەکیان گرت ، واتە لە لایەکەوە بوغزاندنو لە لایەکی تریشەوە بەسووکسەیرکردنو ئەنجام بەوە شکایەوە کە چەند کەسێك پیلانێکیان لە دژ گێڕاو کوشتیان .

دواجار شیکردنەوەی شەخسی یەتی مەکسیمینۆسمان لەبەردەمدا دەمێنێ . ئەمیان پیاوێکی جەنگاوەر بوو . دوای مردنی ئەلیکساندەر کە ئەوەبوو لەوەبەر باسمان کرد چۆن سوپا ئەنجامی لاوازیو دەستەوستانی یەکەی لیٚ ی بێزار بووبوو، ئەم بە ئیمپراتۆر هەڵبژێردرا . بەڵام زۆر لە سەر تەختی پادشایی نەمایەوە ، چونکە دوو شت بوونە هۆی بوغزاندنو ریسواکردنی . یەکەمیان نەژادنزمی یەکەی کە لە منداڵیدا لە (تراکیا)[89] شوان بووەو ئەمە راستی یەك بووە بڵاوبۆتەوەو کردوێتی یە گاڵتەچی ی هەموو لایەك . دووەمیشیان دواکەوتنی لە رۆیشتنیدا بۆ رۆما بۆ چوونەسەرتەختی پادشایی ، هەروەها ناوبانگ دەرکردنی بە دڵرەقیو جەربەزەیی ، چونکە لە رۆماو لە زۆر ناوچەی تری ئیمپراتۆرێتدا ، چەندین کرداری دڕندانەی لە رێگەی وەکیلەکانی یەوە لێوەشابوونەوە . بەم شێوەیە گشت جیهان ، بە هۆی نەژادنزمی یەکەیو بوغزاندنی یەوە لە ئەنجامی ترسیو سامدا لە جەربەزەیی یەکەی ، لیٚ ی کەوتنە نارەزاییو رقەبەرایەتیو یەکەمجار ئیتالیا کەوتە پیلان لێکردنیو ئینجا هەرخێرا ئەنجومەنی پیرانو هەموو خەڵکی رۆماو ئیتالیا دەستیاندایەو دواجار سوپایش لە پیلانگێراندا بەشداری ی کرد ، بەتایبەتی **وەختێك** کە ئاکویلیای ئابڵوقەداو نەیتوانی زەفەری پێبەرێ ، سەربازەکان بە هۆی ئەو سەرسەختی یەوەی دەینواند ، لە روویدا راپەرینو کە زانی یان هەموولا بوونەتە دوژمنی ، ترسیان لێی نەماو کوشتیان .

ئیتر لە هیلیۆگابۆلۆس یا ماکرینۆس یا جۆلیانۆس نادوێم ، چونکە ئەوانە لە ریسوابووەکان بوونو هەززوو لەناوبران . بەڵام من لێرەدا خۆم بە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیەم دەگەیەنمو دەڵێم : میران لە سەردەمی ئێستاماندا زەحمەتی یان کەمتر لەوانی تووشی دێ ، چونکە ئەوان ناچار دەبوون لە دەوڵەتەکانیاندا لەرادەبەدەر سەربازەکانیان رازی بکەن ، لە کاتێکدا ئەمان ئەگەرچی پێویستی یان بە هەندێ حساب بۆکردن دەبێ ، بەڵام گیروگرفتەکان هەرخێرا چارەسەر دەکرێن ، لەبەر ئەوەی

که هیچ کام لەم میرانە نەبۆتە خاوەنی سوپایەکی ئەوتۆ کە بە توندی بە دەزگای حوکمرانی یا بە دەزگای بەڕێوەبردنی ناوچەکانەوە بەسترابێتەوە ، بە پێچەوانەی حاڵەتی لەشکرەکانی ئیمپراتۆریێتی ڕۆمانەکانەوە کە لەو ڕۆژگارەدا وا پێویست بووە لە بری گەل سەربازەکان رازی بکرێن ،لەکاتێکدا ئێستا رازیکردنی گەل بۆ گشت میرەکان ، خاقانەکانی تورکو سوڵتانی لێدەرچێ ، کارێکی پێویستترە لە رازیکردنی سەربازەکان ، چونکە گەل توانای کارکردنی لە سەربازان زیاترە . بێگومان سوڵتانی تورکەکانم نەخستە پاڵیان ، لەبەر ئەوەی کە ئەو هەمیشە چواردەوری خۆی بە نزیکەی دوانزە هەزار سەربازی پیادەو پانزە هەزاری سوارە تەنیوە کە کۆڵەکەی دەوڵەتەکەین و ئەمن وئاسایش و بەهێزییەکەی بەوانەوە بەندە . بۆیە ئەرکی سەر شانێتی کە لە پێناوی دڵڕاگرتنیاندا ، هەموو حسابێکی تر بخاتە لاوە . واتە حاڵەتەکە پڕبەپڕ بە سەر مەملەکەتەکەی سوڵتانیشدا دەگونجێ ، چونکە بوونی ئەو مەملەکەتە سەرانسەر لە چنگی سەربازاندا ، سوڵتان ناچار دەکا دۆستایەتیی خۆی لە گەڵ ئەواندا بپارێزێو گوێ نەداتە گەل . دەبێ ئەوەیش جێگەی سەرنج لێدانمان بێ کە دەوڵەتی سوڵتان تەواو لە دەوڵەتانی میرەکانیتر جیاوازە . ئەو لە بەر ئەوەی ناتوانرێ ناوی بە مەملەکەتی میراتگری یا مەملەکەتی تازەدروستکراو ببرێ ، پتر لە پاپایەتیی مەسیحییەت دەچێ ، چونکە کوڕانی میرە مردووەکە نابنە میراتگری تەختی پادشاییەکەی ، بەڵکوو یەکێك لەو بابەتە کەسانە جێگەی دەگرێتەوە کە خاوەن شانوشکۆیەو دەسەڵاتداران بۆ ئەو پایەیە هەڵیدەبژێرن . هەروەها لەبەر ئەوەی کە ڕژێمەکە کۆنە ، ناتوانین سیفەتی مەملەکەتی نوێی بدەینێ ، ئەگەرچی میرەکەی نوێیە . بەڵام ئەو جۆرە گرفتانەی تێدانین کە لە دەوڵەتی نوێدا هەن ، ئەویش بە هۆی کۆنیی یاساو سیستمەکانی ناو وڵاتەکەیەوە کە لەوە دەچن بۆ ئەم ، وەك سوڵتانێکی میراتگر ، ئامادەکرابن .

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان . هەر کەسێ لێدوانەکەی پێشووم بخوێنێتەوە ، دەبینی کە ڕقوکینەو ریسوایی هەردەم هۆی رووخاندنی ئەو ئیمپراتۆرانە بوون کە ناوم بردن ، هەروەکوو دەبینێ کە لە کردارەکانیاندا هەندێکیان ئەم رێگاو

هەندێکیان ئەو ڕێگای جیایان گرتۆتەبەر ، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا ، هەندێکیان کۆتایی‌یەکی بەختیارانە کۆتایی‌یان هاتوەو هەندێکی تریان کۆتایی‌یەکی با کڵۆڵ‌و کەساسانە . یا لەبەر ئەوەی

بیرتیناکس‌و ئەلیکساندەر دوو حوکمڕانی نوێ بوون ، هەوڵدانی لاسایی‌کردنەوەی مارکۆس کە میرێکی میراتگر بوو ، بۆیان بێ‌سوودو بگرە زەرەربەخش بوو . هەروەکوو ئەمە بە سەر کراکلاو کۆمۆدۆس‌و مەکسیمینۆسیشدا دەگونجێ ، چونکە لاسایی‌کردنەوەی سیڤیرۆس‌و لە گەڵ بێ‌بەشیشاندا لەو بەهرەو توانایەی کە بۆ شوێن‌پێ‌هەڵگرتنی ئەو پێویست بوون ، دەبوو بۆیان ببێتە مایەی ماڵوێرانی . بەم جۆرە ، لاسایی‌کردنەوەی کردارەکانی مارکۆس ، بۆ میرێکی نوێ لە میرایەتی‌کەیدا کارێکی زەحمەتەو

نابێ لاسایی کردارەکانی سیڤیرۆسیش بکاتەوە ، بەڵکوو گشت ئەرکی سەرشانی تەنیا ئەوەیە کە ئەو کاروفرمانانەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەی پێویستن لە سیڤیرۆسیانەوە وەربگرێ‌و ئەوەشی سوودیان لێدەبینێ‌و لە پاراستنی دەوڵەتەکەی‌و مانەوەی‌و پتەوکردنیدا سەری بەرزدەکاتەوە ، لە مارکوسیانەوە وەربگرێ .

●

٢٠

ئایا قەڵاو قوللەو ئەوشتانەی تر کەمیر دایانەهێنێ سوود بەخشن یاخود زەرەربەخشن؟

هەندێ لە میران ، بۆ پارێزگاری‌کردن بە ئاسوودەگی‌و دڵنیایی‌یەوە لە مەملەکەتەکانیان ، پەنا دەبەنە بەر چەك داماڵین لە رەعیەتەکەیان ، لە کاتێکدا هەندێکی‌تریان پەنا دەبەنە بەر هێشتنەوەی ئەو ناوچانەی داگیریان دەکەن بە بەش‌بەش‌کراوی . هەروەکوو هەن هەوڵی هێمن‌کردنەوەی ئەو ناحەزی‌یە دەدەن کە دژیان لە کایەدایەو هەشن تەقەلا دەدەن ئەو کەسانە بەلای خۆیاندا رابکێشن کە لە سەرەتای حوکمڕانی‌کردنیاندا گومانیان لە راستگۆیی‌و دڵسۆزی‌یان کردوە . هەروەها هەندێ لە میران قەڵاو قوللەیان دروست کردوە ، لە کاتێکدا هەندێکی‌تریان رووخاندویانن‌و نەیان‌هێشتوونەتەوە . جا هەرچەننده حوکمدانێکی بیڕای‌بڕ بەسەر ئەم کاروبارانەدا بەبێ چوونەناو درێژەی باسی ئەو دەوڵەتەوەی ئەم جۆرە ئامۆژگاری‌یانەی تێدا بەجێ دەهێنرێ ئەرکێکی زەحمەتە ، بەڵام من هێندەی باسەکە بە شێوەیەکی گشتی ماوەم‌بدا لێ‌یدەدوێم .

قەت نەبیستراوە میرێکی نوێ پەنای بردبێتە بەر چەکداماڵین لە رەعیەتەکەی ، بەڵکوو پێچەوانەکەی راستە . واتە ئەگەر سەیری کرد بێ‌چەکن چەکداریان دەکاو بە چەکدارکردنیان چەکەکانیان بە مسۆگەری دەخاتە پاڵ خۆی ، چونکە کامیان جێگەی گومانو ترس‌ لێکردن بووبێ،دەبێتە پیاوێکی دڵسۆزو کامیشیان لەوەبەر دڵسۆز بووبێ وەك خۆی دەمێنێتەوەو ئیتر خەڵکەکە لەم رێگەیەوە دەبنە کۆمەڵێك هاوولاتی . بەلاّم لەبەر ئەوەی زەحمەتە بتوانرێ گشت هاوولاتی‌یان چەکدار بکرێن ، بەخشینی ئەم تایبەتکاری‌یە بە هەندێکیان ، یاریدەت دەدا کە بتوانیت بە شێوەیەکی زیاتر ئاسوودەگی‌و دڵنیایی بەخشەوە مامەلە لەگەلّ ئەوانی‌تردا بکەیت . ئەم جیاوازکاری‌یەش لە مامەلەکردندا کە ئەو کەسانە خۆیان دەرکی پێدەکەن ، وایان لێدەکا باشتر پابەندو هۆگرت بن . هەروەکوو خەڵکەکەی‌تریش لەلای خۆیانەوە بەهانەت بۆ دەبیننەوەودێنە سەر ئەو باوەرەی کە ئەوانەی چەکیان وەرگرتوە ، بە حوکمی پێویستی ، خاوەنی بەهرەو توانایەکی گەورەترنو مەترسی‌یەکی زۆرتریان دەکەوێتە سەرو ئەرکێکی گرانتریان لەسەر شان دەبێ . بەلاّم ئەگەر چەکت لێداماڵین ، ئەوا تۆ دەست دەکەیت بە خراپەکاری لەگەڵیانداو وای نیشاندەدەیت کە یا لە ترسنۆکیتە یا لە بێ‌باوەریتە بە خۆت کە پشتیان پێ‌نابەستیت‌و هەردوو رایەکەش رق‌وکینەت لە دژ دەخولقێنن . ئینجا لەبەر ئەوەی تۆ ناتوانیت بەبێ هێزی چەکدار بمێنیتەوە ، ئەوا ناچار دەبیت پەنا بەریتە بەر سەربازی بەکرێگیراو کە لە بەشێکی پێشوودا باسی نرخ‌و بایەخیانمان کردو دەرمان‌خست جۆرە هێزێکە کە تەنانەت ئەگەر رێك‌وپێکیش بێ ، کەڵکی ئەوەی نابێ لە رووی دوژمنانێکی بەهێزو رەعیەتێکی ئەوتۆدا کە گومانت لە راستگۆیی دڵسۆزی‌یەکەی هەبێ ، پارێزگاریت لێ‌بکا . بویە من وتم کە تازە میر لە میرایەتی‌یەکی نوێدا ، دەبێ پەنا بەرێتە بەر چەکدارکردنی رەعیەتەکەی‌و بیانکاتە سەربازو مێژووش پرە لە نموونە بۆ ئەم حاڵەتە .

بەلاّم وەختێك میر دەوڵەتێکی نوێ داگیردەکاو دەیخاتە پاڵ دەوڵەتەکەی پێشووی خۆی ، چەکداماڵین لە خەڵکی ئەو دەوڵەتە دەبێتە ئەرکێکی سەر شانی ، تەنیا ئەوانەی نەبێ کە لە کاتی داگیرکردنەکەدا لایەنگیری بوون . هەروەها لەسەری پێویستە

که هەر هێندەی هەلی بۆ هەڵکەوت‌و وەختێکی لەباری بۆ ڕەخسا ، ئەو لایەنگرانە لاوازو سەرشۆڕ بکاو کاروباری خۆی وەها ساز بدا کە گشت چەکی دەوڵەتە تازەکە بداتە دەستی سەربازەکانی خۆی ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە دەوڵەتە کۆنەکەیدا لە بن دەستی‌یەوەن . ئێمە لە باووباپیران‌و حەکیمانی خۆمانمان بیستوە کە وتوویانە پێویستە (پیستۆیا) بە پەرت‌پەرتی‌و کاولی‌و (پیزا) بەبێ قەلاو قوللە بمێننەوە . سا هەر لەبەر ئەم هۆیە بووە کە لەوەبەر ناکۆکی‌یان لە نێوان هەندێ لەو شارانەدا بەرپا دەکرد کە دەکەوتنە ژێر چنگیانەوە ، بەو هیوایەی بە شێوەیەکی ئاسانترو ڕەوانتر بتوانن دەستیان بەسەردا بگرن . ئەم ڕێبازە لە ڕۆژگارێکدا کە لەنگەری نێوان هێزەکان لە ئیتالیادا راگیر بووبوو ، سوودبەخش بەکەڵك بوو . بەلام بۆ ئێستامان من بە شتێکی باشی نازانم ، لەبەر ئەوەی باوەڕێکی بڕای‌بڕم بەوە هەیە کە ئەم جۆرە پەرت‌پەرت‌کردنە هیچ سوودێکی نابێ ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە زەرەربەخش دەبێ ، چونکە وەختێ دوژمن شالاو دێنێ یەکسەر دەتوانێ شارە پەرت‌پەرت کراوەکە داگیر بکا ، لەبەر ئەوەی کە حیزبە لاوازەکان دەدەنە پاڵی‌و حیزبەکانی‌تریش ناتوانن خۆیان رابگرن .

گومانی تێدا نی‌یە ڤینیسیایی‌یەکان ، کاتێ ئاگری ناکۆکی‌ی نێوان (جیویلف) و (جیبلین)یان [٩٠] لەو شارانەدا خۆش کرد کە لە ژێر چنگیاندا بوون ، هەر ئەو هۆیانەی پێشوو هانی دابوون . ئەمان هەرچەندە ماوەیان نەدا ناکۆکی‌یەکە هێندە پەرە بسێنێ بگاتە رادەی خوێن رشتن ، بەلام بەو مەبەستەی خەڵکەکە بە ناکۆکی‌یەکانی خۆیانەوە خەریك بن‌و نەتوانن هیچ شتێك دژی داگیرکاری‌یەکەی ڤینیسیا بکەن ، هانیان دەداو ئاگریان بۆ خۆش دەکرد . لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێبازە سوودی پێ نەگەیاندن ، چونکە دیمان کە چۆن هەندێك لەوانە دوای بەزینەکەی (ڤاییلا) هێندەیان ئازایەتی تێدابوو کە دەست بەسەر گشت دەوڵەتەکەدا بگرن . هەروەها ئەم جۆرە ڕێ‌وشوێنانە مانای لاوازی‌ی میر دەبەخشن ، چونکە حکوومەتێکی بەهێز ماوەی سەرهەڵدانی ئەم بابەتە ناکۆکی‌یانە نادا کە ڕەنگە لە ڕۆژانی ئاشتیدا ، بەو مانایەی گوایە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕەعیەتەکە بۆ میر ئاسان دەکەن کەڵکێکی هەبێ ، بەلام هەر کە جەنگ دێتە کایەوە ، چەوتی‌ی ئەم سیاسەتە خێرا

دەردەکەوێ .

بێگومان میران لە وەختێکدا مەزن دەبن کە بەسەر کەندو کۆسپو بەسەر بەربەرەکانی کەرانیاندا زاڵ بن . لەبەر ئەوە کاتێ دەیەوێ شانوشکۆی تازەمیرێك بەرز بکاتەوە کە زیاتر لە میرە میراتگرەکەی هاوەڵی پێویستی ی بە دەسگیرخستنی ناوبانگی فراوانە ، دێت دوژمنی بۆ دەخولقێنێو ناچاری بەرپاکردنی جەنگی دەکا دژیانو لە ئەنجامیشدا بە سەریاندا زاڵی دەکا ، هەتا بە دوایدا بە سەر پەیژەی ئەو کۆسپەدا کە دوژمنەکەی خستبوویە سەریگای سەربکەوێتو بەرزتر بیێتەوە . زۆریش هەن هەر بەم پێیە باوەریان وایە کە میری ئاقل دەبێ ئەگەر هەڵی بۆ هەڵکەوت فێڵبازانە دوژمنایەتی بۆ خۆی بخولقێنێ ، تا بە بەزاندنی دوژمنەکە ، زیاتر مەزنی بۆ خۆی پەیدا بکا .

زۆر جار میران ، بەتایبەتی نوێیەکانیان ، دڵسۆزیو سوودی زیاتریان لەو کەسانە دیوە کە لە سەرەتای هاتنەسەرحوکمیاندا لێیان بەگومان بوون ، وەك لەوانەی جێگەی باوەریان بوون . بۆ نموونە باندۆلفۆ پیترۆچیی[٩١] میری سیەنا ، فەرمانرەوایی ناوچەیەکی بە هۆی ئەو کەسانەوە کردوە کە لێیان بەگومان بووە نەك بە هۆی کەسانی ترەوە . بەڵام ئێمە بەدرێژی لەوانە نادوێین ، چونکە لێدوانیان لە باسەکە دوورمان دەخاتەوەو تەنیا هێندە بەسە کە بڵێین : راکێشانی ئەو کەسانەی لە سەرەتای سەردەمی حکومەتێکی نوێدا بە دوژمن دەدرێنە قەڵەم بۆ ریزی میرکارێکی ئاسانە ، بەتایبەتی ئەگەر لەو بابەتە بوون کە بۆ پاراستنی پایەوپلەی خۆیان پێویستییان بە یاریدەدان دەبێ . ئەوسا خۆیان بەناچار دەبینن کە بە دڵسۆزییەوە خزمەتی بکەن ، چونکە دەزانن کە تەنیا لە رێگەی کرداریانەوە دەتوانن ئەو باری سەنجە خراپە بسرنەوە کە لە رابووردوودا دەربارەیان چەسپی بووە زەینەوە . میریش لەلای خۆیەوە هەردەم یاریدەیەکی گەورەتری لەوان دەسگیر دەبێ وەك لەو کەسانەی بە ئاسوودەگییەوە خزمەتی دەکەنو لە ئەنجامدا سوودو بەرژەوەندی ئەم دەخەنە پشتگوێ .

جا لەبەز ئەوەی هەست دەکەم باسەکە زیاتر درێژەپێدانی پێدەوێ ، لێرەدا بە چاکی دەزانم ئەو میرەی لە سەرەتای داگیرکردنی دەوڵەتێکدایە لە رێگەی یاریدەی نهێنی خەڵکەکەیەوە ، ئاگادار بکەم کە بە وردی لەو هۆیانەی هانی داوان بۆ یاریدەدانی بکۆڵێتەوە . چونکە ئەگەر هۆیەکان بەندی هەستی خۆشەویستی‌یەکی ئاسایی نەبن ، بەڵکوو ئەنجامی نارەزایی‌یان بن لە شێوەی حوکمڕانی‌یەکەی لەوەبەری دەوڵەتەکەیان ، ئەوا زەحمەتی‌یەکی قەبەترو گێچەڵێکی سەختتری لە راگرتنی دۆستایەتی‌یاندا تووش دێ‌و رازی‌کردنیان کارێکی مەحاڵ دەبێ . خۆ ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەو نموونانەی لە سەردەمی دێرین‌و تازەیان دەردێنین لە هۆیەکانی ئەو حاڵەتە بکۆڵینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە میر دەتوانێ دۆستایەتی‌ی ئەو کەسانەی ئاسانتر دەسگیربێ کە لە وەزعی پێشوو رازی‌بوون‌و لە سەرەتادا لە رێزی دوژمنانی ئەمدا بوون ، وەك لە دۆستایەتی‌ی ئەو نارازی‌یانەی دەبنە دۆستی‌و لە داگیرکردنی دەوڵەتەکەیاندا یاریدەی دەدەن .

هەروەها میران بۆ پارێزگاری‌کردن لە دەوڵەتەکانیان‌و ئەمن‌و ئاسایشیان ، پیشەیان وابووە کە وەك دەسپێشکەری‌یەك بۆ بەرگرتن لە تەمای داگیرکردنی خاکەکەیان لەلایەن تەماعکارانەوە ، قەڵا دروست بکەن‌و بۆیان ببێتە پەنایەك‌و لە حاڵەتی هێرشی لەناکاودا ، رووی تێ‌بکەن . من لەگەڵ ئەم شێوەیەدام ، چونکە لە کۆنترین سەردەمەوە بەکارهێنراوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی ئێستاماندا ، دیمان کە چۆن . نیکۆلۆ ڤیتیللی [٩٢] بۆپارێزگاری‌کردن لە دەوڵەتەکەی ، دوو قەڵای لە سیتا دی کاستیللۆدا رووخاند . هەروەکوو گیدۆ باڵدۆ ، [٩٣] دۆقی ئوربینۆ ، وەختێ گەڕایەوە بۆ ناوچەکەی خۆی کە قەیسەر بۆرجیا لێ‌ی دەرپەڕاندبوو ، هەرچی قەڵایەکی تێدا بوون رووخاندنی ، چونکە وای دانا کە بە نەمانی قەڵاکان ستەمە جارێکی‌تر ناوچەکەی لەدەس بچێتەوە . هەروەها بنەماڵەی بێنتیڤۆگلی کە گەڕانەوە بۆ بۆلۆنا ، هەندێ شتی لەم بابەتەیان کرد . جا لەبەر ئەم هۆیانە ، قەڵا بە پێ‌ی وەزع‌و رۆژگار رەنگە سوودبەخش بێ یا بێ‌سوود بێ ، رەنگە لە سەرێکەوە بەکەڵك بێ‌و لە سەرێکی‌ترەوە بێ‌کەڵك بێ . ئێمە دەبێ مەسەلەکە بەم

شێوەیەی خوارەوە وەربگرین : ئەو میرەی ترسی لە گەلەکەی زیاتر هەبێ وەك لە بێگانە ، دەبێ قەلا دروست بکا ، بەلام ئەو میرەی ترسی لە بێگانە زیاتر هەبێ وەك لە گەلەکەی ، بۆی هەیە قەلا فەرامۆش بکا . بۆ نموونە قەلای میلان کە فرانسیسکۆ سفۆرزا بنیاتی نا ، زیاتر لەهەر پشێوی‌یەکی‌تر لە دەوڵەتەکەدا بووە مایەی سەریەشەو بێئارامی بۆ بنەماڵەی سفۆرزا . بۆیە باشترین قەلا کە میرێك بنیاتی بنێ ئەوەیە کە لە ناو دڵ و دەروونی گەلەکەیدا بێ ، چونکە تۆ ئەگەرچی قەلا دروست دەکەیت ، بەلام کە گەلەکەت رقی لێت بوو ناتوانیت بیپارێزیت . هەروەکوو کاتێ گەل دژت رادەپەڕێ ، یەکی لەو جۆرە پشتگیری‌کەرە بێگانانە ناکەوێ کە هەرخێرا یارمەتی‌ی پێشکەش بکەن . لەم سەردەمەدا نەمان دیوە قەلا بۆ هیچ یەکێ لە میران سوودی هەبووبێ ، تەنیا خانمی فۆرلی نەبێ کە لە کاتی مردنی کۆنت جیرۆلامۆی (٩٤) مێردیدا ، توانی لە شۆڕشی جەماوەر خۆی دەرباز بکاو پەنا بەرێتە بەر قەلاکەی ، تا لە میلانەوە یاریدەی گەیەندرایەو میرایەتی‌یەکەی وەرگرتەوە ، بەتایبەتی کە بارودۆخی ئەو وەختە ماوەی هیچ بێگانەیەکی نەدەدا دەستی یارمەتی بۆ گەل درێژ بکا . بەلام لە دواییدا کە قەیسەر بۆرجیا پەلاماری‌داو گەلیش کە دوژمنی بوو خێرا دەستی خستە ناو دەستی بێگانەوە ، قەلاکانی بەفریای نەکەوتن . بۆیە چاکتر وابوو کە لە بری پشت‌بەستن بە قەلاو قوللە ، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی خۆی لەلای گەلەکەی چارەگران نەکردایە . لەبەر گشت ئەم هۆیانە ، من ستایشی دروستکەرانی قەلاو دروست نەکەرانیشی دەکەم ، بەلام لۆمەی ئەوانەش دەکەم کە سەرجەمی باوەڕیانی دەدەنەپاڵ و گوێ نادەنە رق‌وکینە یا خۆشەویستی بۆیان .

٢١

ئایا میر چۆن هەوڵی پەیداکردنی ناوبانگ دەدا ؟

هیچ شتێك وەك دەسدانە پرۆژەی گەورەو قەبەو نیشاندانی بەڵگەی بەهێزی ، میر بە پلەی رێزداری‌و سەربڵندی ناگەیەنێ . با نموونەیەکی هاوچاخی وەك فردیناندی پادشای ئەراگۆن‌و پادشای ئێستای ئیسپانیا وەربگرین کە رەنگە ئەگەر لەقەبی حوکمرانی نوێی بدرێتێ راست دەربچێ ، لەبەر ئەوەی لە پلەی پادشایەکی بچووکەوە بەرزبووەوەو گەیشتە لوتکەی سەربەرزی‌و بەناوبانگی ، تا بووە پادشای یەکەمی مەسیحی‌یەت . جا ئەگەر لە کارەکانی بکۆڵیتەوە مەزنی‌یەکی دیارو ئاشکرای ئەوت تیایاندا بۆ دەردەکەوێ ، چونکە هەموو بەرزو لەرادەبەدەرن . ئەو هات سەردەمی خۆی بە پەلاماردانی گرناتە دەست‌پێکردو ئەم مل‌پێوەنانەی بووە بەردی بناغەی مەملەکەتەکەی . لە سەرەتادا ، لەو وەختانەدا کە کاژوفرمانی نەدەبوو ، بە پێی حەزوو ئارەزووی خۆی‌و بێ‌ترسی ئەوەی کەسێك هەبێ بتوانێ دەست لە ئیش‌وکاری وەربدا هەڵدەسووراو بەوە بیروهۆشی سەردارانی قشتالەی[95] بە پرۆژەکەیەوە خەریك دەکردو تەنانەت لەبەر تەرخان‌کردنی سەرجەمی بیرکردنەوەی خۆیان بۆ جەنگ ، وەختی بیرکردنەوەیان لە هیچ داهێنان‌و خولقاندنێك بۆ نەدەمایەوە . بەم جۆرە ئەو ناوو ناوبانگەی

بۆ خۆی بەدی‌هێناو ئەو دەسەڵاتداری‌یەشی بە سەر ئەواندا سەپاند کە مەبەستی بوو ، بێنەوەی لە سەرەتای کاردا هەستی پێبکەن . ئینجا بەو پارەوپوولەی لە کڵێسەی وەرگرت‌و لە گەلی کۆکردەوە ، توانی لەشکرەکانی بپارێزی‌و ئەو جەنگە درێژخایەنە بەرپابکا کە بووە بنچینەی هێزە سەربازی‌یەکەی‌و ئەمەش لە ئەنجامدا هەلی شۆرەت‌و ناودەرکردنی بۆ رەخساند . جگە لەوەی کە بۆ سازدانی پرۆژەی قورسترو گەورەترو لە ژێر پەردەی پارێزگاری‌کردن لە دیندا ، دەستی کردە چەوساندوەی ئایینی‌و عارەبەکانی لە مەملەکەتەکەی خۆی دەرکردو هەرچی‌یان هەبوو لی‌ی زەوت کردن کە ئەمە کارێکە لی‌ی نەگریسانەترو بێ‌هاوتاتر نی‌یە . هەروەها بە هەمان بەهانە پەلاماری ئەفریقای‌داو ئینجا ملی پێوەنا بۆ ئیتالیاو دواجار هێرشی بردە سەر فەرەنسا . بەم جۆرە هەردەم پرۆژەی گەورەو قەبەی ئەوتۆی دادەهێنان کە بیروهۆشی رەعیەتەکەی خۆی پێ سەرسام دەکردن‌و رای‌هێنابوون کە هەمیشە بە چاوەروانکردنی ئەنجامەوە خەریك بن . ئەم کارانەش وەها بەرودوا دەکران کە یەك بە دوای یەکدا دەهاتن‌و ئیتر بواری هەست‌کردنیان بە هێمنی بە شێوەیەك لە هەر مرۆڤێك دەبری کە ماوەی نەبێ دژی ئەو هیچ شتێك بکا .

هەروەها بۆ میر کارێکی بەکەڵکە کە لە بەرێوەبردنی کاروباری ناوخۆدا هەندێ نموونەی دیارو ئاشکرا ، لەو بابەتەی سەبارەت بە کردارەکانی جەنابی بیرنابۆ(٩٦) لە میلاندا گێرامەوە ، بۆ مەزنی‌ی خۆی پێشکەش بکا . چونکە وەختێ یەکێك لە خەڵکەکەوە هەڵدەکەوی‌و کارێکی نائاسایی‌و لەرادەبەدەر ، چ لە کۆری خێرخوایی‌و چ لە کۆری شەرخواییدا دەکا ، میر دەبێ رێ‌وشوێنی پێویست بۆ خەڵاتکردن یا سزادانی دابنی‌و بە جۆرێکی ئەوتۆش بێ کە خەڵکی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ باسی بکەن . بگرە لەمە بەولاتریشەوە ، میر دەبێ لە هەر کاروکردارێکیدا هەوڵی پەیداکردنی ناوبانگی مەزنی‌و سەرکەوتوویی بدا .

هەروەها میر ئەگەر سەلماندی کە ئەو ، یا هاوری‌یەکی دڵسۆزەو یا دوژمنێکی باوەکوشتە ، ئەوا ئەوپەری رێزلێنان بۆ خۆی مسۆگەر دەکا . ئەمەش وادەگەیەنی کە دەبێ بەبێ راوورێوی بۆهێنانەوە ، دلسۆزی‌و دوژمنایەتی‌ی خۆی بۆ ئەم‌وئەو ئاشکرا

بکا . گومانیشی تێدانی‌یە کە ئەم جۆرە سیاسەتە هەمیشە لە سیاسەتی بێ‌لایەنی باشترە . بۆ نموونە ئەگەر دوو دەوڵەتی دراوسێت چوون بەگژیەکداو کردیانە جەنگ ، تۆ دەبێ لە روویاندا هەڵوێستێکی ئەوتۆ بگریت کە یا ببێتە هۆی ترساندنت لە دەوڵەتە سەرکەوتوەکە ، یاخود نەترساندنت . ئینجا لە هەردوو حاڵەتەکەشدا چاکتر وایە هەڵوێستەکەی خۆت بە ئاشکرا دەرببڕیت‌و بجەنگیت . چونکە نەجەنگینت لە حاڵەتی یەکەمدا ، دەتکاتە نێچیرێکی نەرمەقووت بۆ لایەنی سەرکەوتوو کە ئەوە رەزامەندی‌و گەشکەداری دەخاتە دڵی لایەنی ژێرکەوتووەوەو تۆش هیچ هۆیەك یا بەهانەیەك بۆ ئەو هەڵوێستەی خۆت نابینیتەوە ، هەروەکوو هیچ کەسێکیش بە پیرتەوە نایەت ، لەبەر ئەوەی سەرکەوتوو هەرکام بێ حەز بە دۆستایەتی‌ی کەسانێك ناکا لێیان دڵنیا نەبێ‌و لە وەختی تەنگانەدا بە فریای نەکەوێ ، چونکە لە جەنگەکەیدا کە لە پێناوی پارێزگاری‌کردن لە مەسەلەکەی خۆیدا دەیکرد لەگەڵیدا نەبوویت .

بۆ نموونە ئیتۆلی‌یەکان داوایان لە ئەنتیۆخۆس کرد کە بچێت بۆ وڵاتی یۆنان بۆ دەرپەڕاندنی‌رۆمانەکان‌وئەویش داخوازی‌یەکەی بەجێ هێنان . ئەنتیۆخۆس لەلای خۆیەوە نوێنەرو وتاربێژی بۆ لای ئاخی‌یە دۆستەکانی‌رۆمانەکان‌نارد بۆ هاندانیان کە بێ‌لایەن بوەستن ، لە کاتێکدارۆمانەکان‌لەولای‌ترەوە قایلیان کردن کە‌لەپاڵ ئەماندا بجەنگن‌و ئیتر باسەکە کەوتە لای ئەنجومەنی ئاخی‌یەکان بۆ گفت‌وگۆ لەسەرکردنی . بەڵام وەختێ باڵیۆزی ئەنتیۆخۆس هەڵساو تەقەلای‌دا قایلیان بکا بێ‌لایەن بمێننەوە ، باڵیۆزی‌رۆمانەکان‌لە وەرامیدا وتی : «ئەو قسەیەی کەوتە بەرگوێتان هێجگار دوورە لە راستی‌یەوە . چاکترو بەکەڵکتر بۆ دەوڵەتەکەتان بەشدار بوونی جەنگەکەیە ، چونکە بەشدارنەبوونتان واتان لێدەکا نەبنە خاوەنی هیچ رازو نیازو ناوو ناوبانگێك . جگە لەوەی کە بەمسۆگەری دەبنە خەڵاتێك بۆ لایەنی سەرکەوتوو ، ئیتر سا هەر لایەك بێ» .

هەروەها مەسەلە هەردەم وەها دەکەوێتەوە کە ئەوەی دۆستت نەبێ ، بەردەوام داوات لێدەکا بێ‌لایەن بمێنیتەوە . بەڵام دۆستەکەت داوای ئەوەت لێدەکا هەڵوێستی

خۆت ئاشکرا بکەیتو چەکی لەگەڵدا هەڵبگریت. جا میرە راراکان بە نیازی خۆبەدوورگرتن لەو مەترسییانەی دادێن، ئاسایی پەنا دەبەنە بەر گرتنی رێگەی بێلایەنی کە بەبێ چەندوچۆن بویان دەبێتە مایەی ماڵوێرانیو خۆفەوتاندن. بەڵام ئەو میرەی بە ئاشکرا بریاری چوونەپاڵ یەکێك لە دوو لایەنەکە دەداو وایدادەنێ ئەویان سەردەکەوێ، لایەنەکە سەرەرای بەهێزییەکەیو مانەوەی ئەم لە ژێر رەحمەتیدا، **بەرامبەری هەست بە جۆرە پابەندییەك دەکا، چونکە دۆستایەتییەکی پتەو لە نێواندا بەستراوەو خەڵکەکەش ئاسایی پیشەیان وانییە پشت لە شەرەف بکەنو ئەو کەسە بچەوسێننەوە کە یارمەتیی داونو وا بە زەقی نکوولی لە چاکەی بکەن، لەبەروەی کە سەرکەوتن بە شێوە ئاساییەکەی، لەو بابەتە نابێ ویژدان لە بیرکابرای سەرکەوتوو بەرێتەوە، بەتایبەنی لە باسوخوازی دادپەروەریدا. هەروەکوو ئەگەر هاوسوێندەکەت ژێریشکەوت تۆ لەلایەن ئەوەوە پەنا دەدرێیتو هێندەی لە توانایدا بێ بۆ یاریدەدانت لەسەرپێ دەبێو تۆ دەبیتە هاوبەشی بەختی کە رەنگە جارێکیتر ئەستێرەی هەڵبێتەوەو بدرەوشێتەوە.**

بەڵام سەبارەت بە حاڵەتی سێیەم، واتە وەختێ هەردوولای بەگژیەکداچوو لە چاو تۆداً هێندە لاواز دەبن کە هیچ ترسێکت لە سەرکەوتووەکەیان نابێ، لایەنگرتنی هەرکامیان دژی ئەویتر مەترسیت زیاتر بۆ دروست دەکا، چونکە تۆ بە یاریدەدانی ئەو لایە رێگای خاپوورکردنی ئەویتریان دەگریتە بەر کە ئەوسا لایەنە یاریدەدراوەکە ئەگەر ئاقڵ بووایە، دەبوو هەر لە بنەرەتەوە ئەمە نەکاو بگرە ئەولایەش لەو چارەنووسە رزگار بکا. بەڵام بەهەرحاڵ، ئەگەر هاوسوێندەکەت سەرکەوتنی بەدی هێنا،ئەوا هەر لە ژێر رەحمەتی تۆدا دەمێنێتەوە، چونکە ستەمە بەبێ یاریدەو پشت بەستنی بە تۆ داگیرکاری بکا. ئینجا لێرەدا پێویستە ئەوەش روونبکەمەوە کە میر دەبێ خۆی لە خۆبەستنەوەدا بە میرێکی لە خۆی بەهێزترەوە لە مەسەلەیەکی هاوبەشدا بۆ زەرەرگەیاندن بە میرێکیتر بەدوور بگرێ، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێ کە پێویستی ناچاری بکا وەك لەوەبەر باسم کرد، چونکە بە سەرکەوتنی ئەو تۆ دەکەویتە ژێر رەحمەتییەوە. بۆیە میران دەبێ هێندەی لە توانایاندا هەبێ، خۆیان لە کەوتنی ژێر رەحمەتو ئیرادەو حەزو ئارەزووی کەسانیتربپارێزن. بۆ نموونە ڤینیسیاییەکان دژی

دۆقی میلان لەگەڵ فەرەنسادا پەیمانیان بەست ، لە کاتێکدا دیانتوانی خۆیان لەو پەیمانبەستنە بەدوور بگرن کە بۆیان بووە مایەی ماڵوێرانی . بەڵام ئەگەر هەر ناچاری بوو ، وەك لە فلۆرنسایی‌یەکان رووی‌دا ، کاتێ پاپاو پادشای ئیسپانیا دووقۆڵی بە لەشکرەکانیان پەلاماری لۆمباردیایاندا ، ئەوا میر لەبەر ئەو هۆیانەی لەوەبەر باسم‌کردن ، دەبێ بەشداری‌ی شەر بکا . لەسەر هەر دەوڵەتێکیش پێویستە کە پێ لەسەر دڵنیایی لە سیاسەتی خۆی‌**دانەگرێ** بەڵکوو دەبێ هەردەم گومانێکی دەربارە لە پێش چاو بێ . چونکە بۆ نموونە ئیش بە تەبیعەت وەها دێتە پێشەوە کە وەختێ مرۆڤ هەوڵ‌دەدا لە گرفتێك دەربازی بێ ، دەکەوێتە گرفتێکی‌ترەوە . بەڵام ژیری‌و وریایی لەوەدایە کە تۆ بتوانیت جۆری گرفتەکە بناسیت‌و یەخەی ئەوەیان بگریت کە لە زیان‌و ئازاربەخشیندا کەمترینیانە .

هەروەها لەسەر میر پێویستە هەمیشە مەیلی بەلای مرۆڤی بەهرەدارو بەتوانادا هەبێ‌و کەسانی دەست‌رەنگینی لاپەسەندبێ‌و هەڵکەوتووان لەهەر هونەرێکدا بێ رێز لێ‌بنێ . جگە لەمانە لە سەریشی پێویستە هانی هاوولاتی‌یانی بۆ بەردەوام‌بوون لەسەر ئیش‌وکاریان ، چ لە کۆری بازرگانی یا کشت‌وکاڵ یا هەر پیشەیەکی تری خەڵکەکەدا بێ بدا . بەم شێوەیە ئیتر هیچ کەسێك لە ترسی لەدەست‌دانی ئەوەی هەیەتی ، درێغی لە چاککردنی ناکا ، یا لە ترسی باج لێ‌سەندن لە بازرگانی‌کردن کۆ ناکاتەوە . هەروەکوو دەبێ هەموو ئەو کەسانەش خەڵات بکا کە لەم کۆرانەدا کار دەکەن ، یا بە رێگەی جۆراوجۆر هەوڵی گەشەپێکردنی شارو دەوڵەتەکەی دەدەن . ئینجا جگە لەمانە پێویستە لە وەرزەکانی ساڵداو بە شێوەیەکی گونجاو ، گەل بە چەندین جەژن‌و پێشکەشکردنی شانۆگەری‌ی جۆراوجۆرو شتی‌ترەوە خەریك بکا . یا لەبەر ئەوەی کە شارەکە بەشاوبەشەو لە چەند نەقابەیەك یا لە چەند چینێك پێکدێ ، دەبێ بایەخ بە هەموو ئەو دەستەو تاقمانە بداو بەیناو بەینێك تێکەڵی یەکتریان بکاو رووی مرۆڤپەروەرانەی خۆی بە گشت لایەکیان نیشان بدا ، بەڵام بە مەرجێك کە بەردەوام بڵندی‌ی پلەو هەیبەتی پایەی خۆی بپارێزێ ، چونکە ئەمانە دوو شتن کە دەبێ قەت ماوە بە لەق‌بوون‌و پووکاندنەوەیان نەدا ، ئیتر سا هۆ هەر چۆنێك‌و هەر چی‌یەك بێ .

٢٢

وەزیرەکانی میر

هەڵبژاردنی وەزیرانی میر مەسەلەیەکی کەمبایەخ نی‌یە ، چونکە ئەوانە یا ڕێك‌وپێك دەردەچن یاخود لەگەڵ ژیری‌و وردبینی‌ی میردا سەبارەت بە کاروبار ناگونجێن . یەکەم باری سەرنجیش کە دەربارەی میرو چۆنێتی‌ی بیرکردنەوەی لای هەر مرۆڤێك پەیدا دەبێ ، لە سەرنج لێدانی ئەو کەسانەوە دروست دەبێ کە لە دەورو پشتیدان . واتە ئەگەر دڵسۆزو لێهاتوو بوون ئەوا پیاو لە بەحیکمەتی‌ی میر دڵنیا دەبێ‌و دەوترێ : توانیویێتی لێهاتوویی دەسنیشان بکاو دڵسۆزی بگرێتە خۆی . بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوون ، ئەوا پیاو هەمیشە بۆی هەیە باری سەرنجێکی خراپی دەربارەی میر خۆیشی هەبێ ، چونکە ئەو هەڵبژاردنە خراپەی بۆ دەبێتە یەکەمین زەللە .

بێگومان هەر کەسێ بەڕێز ئەنتۆنیۆ دی فینافیردی.وەزیری میری سی‌یەنا باندۆلفۆ پیترۆچی‌ی ناسیبێ ، یەکسەر ئەو حوکمەی داوە کە باندۆلفۆ لە هەڵبژاردنی ئەم وەزیرەدا بەحیکمەت‌و دادپەروەر بووە . لەم بوارەدا سێ جۆرە ئەقڵ هەن ، یەکەمیان بەبێ یاریدەو یارمەتیدان دەرك بە شت دەکا ، دووەمیان بە یاریدەو ڕێ‌نیشاندان لە لایەن کەسانی‌ترەوە دەرکی پیدەکا ، سێ‌یەمیان نە بە یاریدەو نە بەبێ یاریدە دەرکی

پیّ ناکا . جا بابەتی یەکەم زۆر چاکە ، دووەم چاکە ، بەلاّم سیّیەم بیّکەڵکە . لەمەوە دەردەکەویّ کە باندۆلفۆ ئەگەر لە بابەتی یەکەم نەبووبیّ ئەوا مسۆگەر لە بابەتی دووەم بووە . وەختێکیش هەر میرێك ئەو توانایەی هەبیّ کە لە نێوان رەفتارو گفتاری کەسانەوە ، حوکمی ناسینەوەی خێرو شەر بدا ، تەنانەت ئەگەر لە بەهرەی داهێنانو لە زیرەکییش بیّبەش بیّ ، دەتوانیّ کردارە چاکەکانی وەزیرەکەی لە کردارە خراپەکانی جیابکاتەوەو ئەمیان چارە سەر بکاو بۆ ئەویان هانی بدا کە ئەوسا ئیتر وەزیرەکەی دەس لە هیوای هەڵخەڵەتاندنی دەشواو بەردەوام بۆی دەستو دڵپاك دەبیّ .

هەروەها رێگایەکی‌تر بۆ ناسینی وەزیرو تاقیکردنەوەی لە لایەن میرەوە هەیە کە قەت هەڵەی تێدا روو نادا . ئەویش ئەوەیە کە وەختیّ وەزیرەکە زیاتر لە تۆ بیر لە خۆی دەکاتەوەو لە گشت کردارو رەفتارەکانیدا سوودو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەکاتە ئامانج ، دەردەکەویّ ئەم جۆرە پیاوە دەس نادا ببێتە وەزیرێکی بەکەڵكو تۆ قەت ناتوانیت پشتی پیّببەستیت ، چونکە ئەو کەسەی ئەرکی **بەرێوەبردنەوڵەتی** کەسانێکی‌تری پیّدەسپێردریّ ، دەبیّ قەت بیر لە خۆی نەکاتەوە ، بەڵکوو بیر لە میرەکەی بکاتەوەو جگە لەو شتانەی پەیوەندی‌یان بە میرەوە هەیە ، گویّ نەداتە هیچ شتێکی‌تر . هەروەکوو میریش لەلای خۆیەوە ، بۆ ئیدامەپێدانی پابەندیو دڵسۆزی‌ی وەزیرەکەی بۆ خۆی ، پێویستە ئاگای لیّی بیّو گیرفانی پڕ لە پارەوپوول بکاو بە نیشانو دەبدەبەیّ بەرێزیو گەورەیی دەوری بتەنیّو سۆزی بۆ دەربڕیّو شەرافەتمەندی‌ی پیّببەخشیّو پایەوپلەیەکی بەر پرسیارانەی ئەوتۆی پیّبسپێریّ کە ئەو پارەوپوولو دەبدەبەی بەرێزیو گەورەیی‌یەی بە سەریدا داباری‌نراون ، هانی بدەن بۆ تەماعکردن لە دەسکەوتنی سامانی زۆرترو لەقەبی گەورەتر ، یا ئەو پایەوپلەیەی پیّی گەیشتووە تا ئەو رادەیە گرنگ‌بیّ کە ترسی لەدەس‌چوونی لەلا پەیدا بکا . ئینجا کاتیّ ئەم جۆرە پەیوەندی‌یە لە نێوان میرانو وەزیرەکانیدا دروست دەبیّ ، هەر لایەکیان دەتوانیّ پشت بەوی‌تریان ببەستیّ . بەلاّم ئەگەر وەزعەکە بە پێچەوانەوە بوو ، ئەوا ئەنجام هەمیشە یا بۆ ئەملا یا بۆ ئەولا زەرەربەخش دەبیّ .

٢٣

چۆنیەتی خۆ بەدوورگرتن لە کەسانی دووڕوو

من ئەو باسە گرنگەو لەرووخستنی ئەو زەللەیەش ناخەمە پشتگوێ کە میران ئەگەر ژیرو بەحیکمەت نەبن ، یا ئەگەر هەڵبژاردنیان کۆك نەبێ ، زەحمەتە بتوانن بە ئاسانی خۆیانی لێبەدوور بگرن . باسەکەشی کە مەبەستمە پەیوەندیی بەو دووڕووە ماستاو کەرانەوە هەیە کە لە دەرباری پادشاو میرەکاندا گرد دەبنەوە . خەڵکی پیشەیان وەهایە دڵیان بەو ماڵومولکە خۆش بێ کە هەیانەو شانازی پیوەبکەن‌و خۆیانی پێ چاوبەست بکەن . ئەمەش وایان لێدەکا کە نەتوانن خۆیان لەو پەتایە بپارێزن ، تەنانەت ئەگەر تەقەلای خۆلێپاراستنیش بدەن ، دەکەونە بەر مەترسیی گاڵتەپێکردنەوە . لەبەر ئەوە بۆ تۆ چاکترین ریگا بۆ خۆپاراستنت لە دووڕووەکان ، تێگەیاندنی هەموو لایەکە کە ئەوانە بە راستیوتن لە حزوورتدا هیچ خراپەیەکت دەربارە ناکەن . هەرچەندە ئەگەر وای لێهات کە هەر کەسێك بێت‌و جەسارەتی راستیوتن لە رووتدا بکا ، رێزت لە لایان نامێنێ . بۆیە میری ژیرو ئاقڵ ئەو کەسەیە کە رێگای سێیەم دەگرێتەبەرو پیاوی دنیادیدەو بەحیکمەت بۆ کۆڕی دانیشتنی خۆی هەڵدەبژێرێ‌و ماوەی تەنیا ئەوان دەدا بە سەربەستی بۆی بدوێن‌و لەحزووریدا راستی

دەرببڕن ، بەلاّم بە مەرجێك ئەو سەربەستی‌پێدانە تەنیا لەو باسانەدابێ کە خۆی پرسیاریان دەربارە لێدەکاو لەوە نەچێ بەولاوە . وەکی‌تر پێویستە ئەو لەلای خۆیەوە سەبارەت بە هەموو شت پرسیاریان لێ‌بکاو گوێ بۆ بیروڕایان رابگرێ‌و ئینجا ئەوسا بە شێوە تایبەتی‌یەکەی خۆی ، بیر لە باسەکە بکاتەوە . هەروەکوو دەبێ لەو کۆڕی دانیشتنانەدا لەگەلّ هەر یەکێك لە راوێژکارانیدا وەها بجوولّێتەوە دلّنیای بکا کە چەندە بە دلّسۆزی‌یەوە لەروو قسە بکا ، میر هێندە لێ‌ی‌رازی دەبێ . دوای ئەوە ئیتر پێویستە گوێ لە قسەی هیچ مرۆڤێك نەگرێ ، بەلّکوو خۆی لەبەر رۆشنایی بیروڕای راوێژکارەکانیدا لە باسەکە بکۆلّێتەوەو بڕیارێکی ئەوتۆی لەسەر بدا کە پاشگەزبوونەوەی تێدا نەبێ . بەلاّم ئەو میرەی ڕێگایەکی جیاواز لەمە دەگرێتەبەر ، دەکەوێتە ژێر تەئسیری کەسانی ماستاوکەرو دووڕووەوەو سەرکێشانە کردار دەکا ، یا بە پێ‌ی ئەو بیروڕا جۆراوجۆرانەی دەدرێن بە گوێیدا بڕیارەکانی دەگۆڕێ‌و بەوە رێزو هەیبەتی خۆی لەدەس دەدا .

من لێرەدا نموونەیەکی نوێ بۆ باسەکە دێنمەوە . بری‌لوکا کە یەکێکە لە دەست‌وپێوەندانی ئیمپراتۆری ئێستا مەکسیملیان ، (٩٧) وتویەتی کە خاوەن‌شکۆ لە هەموو ژیانیدا پرسی‌وڕای بە کەس نەکردوە ، کەچی لەگەلّ ئەوەشدا قەت شتێکی بە تەنیا بە پێ‌ی حەزو ئارەزووی خۆی نەکردوە ، چونکە هەمیشە بە پێچەوانەی ئەو شێوەیەوە جوولاّوەتەوە کە باسم‌کرد . ئەو لەبەر ئەوەی ئیمپراتۆرەو پیاوێکە لە حەشاردایەو دەوری بە گەلێ نهێنی تەنراوە ، نیازو مەبەستی خۆی بۆ خەلّکەکە ئاشکرا ناکاو ئامۆژگاری لە هیچ کەسێکەوە وەرناگرێ . بەلاّم کە دەس‌دەداتە بەجێ‌هێنانی نیازو مەبەستەکانی ، بۆ خەلّکەکە ئاشکرا دەبن‌و روون دەبنەوەو ئەوسا ئەگەر دەست‌وپێوەندەکانی دەوروپشتی نارەزایی‌یان لەسەر دەربڕی ، ئیتر ئەویش هەر خێرا واز لە جێ‌بەجێ‌کردنیان دێنێ‌و نیازو مەبەستەکانی دەگۆڕێ . ئەنجامی ئەمەش وەها دەشکێتەوە کە ئەوەی دوێنێ کردویێتی ئەمڕۆ بەرپەرچی دەداتەوەو ئیتر هیچ کەس تێ‌ناگا ئاخۆ چی دەکاو نیازی چی هەیەو باوەڕ پشیان بە راوێژو بیرکردنەوەی نامێنێ .

لەبەر ئەوە میر دەبێ هەمیشە ئامۆژگاری بگرێتە خۆی ، بەلاّم لە وەختێکدا کە ئەو

خۆی دەیەوێ ، نەك لە وەختێکدا کە کەسانیتر دەیانەوێو بگرە ئەگەر خۆی داوای نەکردبێ ، نابێ بە هیچ کلۆجێ ماوە بدا تەقەلای ئامۆژگاریکردنی بدرێ ، هەرچەندە پێویستە ئەو خۆی بە زیادەوە داوای بکاو باش گوێ بۆ ئەو راستییانە شل بکا کە بۆی دەگێردرێنەوەو کە پرسیاری دەربارە کردوون . بەلاّم لە راستیدا ، پێویستە ئەگەر سەیری کرد یەکێك لە راوێژکارەکانی لە وتنی راستیدا دوودڵە ، دەبێ توورە بێ . جا ئەگەرچی هەندێ کەس هەن رایان وایە کە ناوبانگی ئەو میرەی ناوی بە وردبینیو ژیری دەردەچێ نادرێتە پاڵ تەبیعەتی خۆی ، بەڵکوو دەدرێتە پاڵ شارەزایی راوێژکارەکانی دەوروپشتی ، بەلاّم من دەڵێم ئەم رایەتەواو چەوتە . چونکە بنەمایەکی گشتیان هەیە کە دەڵێ : ئەو میرەی سیفەتی حیکمەتی تێدا نەبێ ، کەڵکی ئەوەی نابێ رێگای چاکەی نیشان بدرێ ، مەگەر سەروبەر خۆی بخاتە ژێر دەستی تاقە کەسێکەوەو بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر رکێفییەوەو کەسەکەش پیاوێکی ئاقڵی وردبین بێ . لەم حاڵەتەدا رەنگە میر حوکمرانییەکی باش بکا ، بەلاّم ئەم وەزعە درێژە ناکێشێ ، چونکە جڵەوبەدەستەکە زووری پێناچێ دەسەلاّتو دەوڵەتەکەی لێزەوت دەکا . هەروەها ئەو میرە دوورلەحیکمەتە ئەگەر هاتو راوێژی بە زۆر کەس کرد ، ئەوا ئامۆگارییەکی بەکۆمەڵی یەکگرتووی دەس ناکەوێ ، لەبەر ئەوەی ناتوانێ گشت ئەو بیروڕایانە یەك بخا کە پێیرادەگەیەنرێن تا شێوەی کۆمەك وەربگرنو بگرە راوێژکاران دەکەونە بیرکردنەوە لە سوودی خۆیان ، لەکاتێکدا ئەو لە وزەیدا نابێ بیانخاتەوە سەر رێگای راست یا تەنانەت تێبگا . ئەمەش کارێکەو خۆڵێدەربازکردنی بۆ نییە ، چونکە خەڵکی پیشەیان وەهایە چاوەشەت بکەن . مەگەر پێویستییەکی کاریگەر ناچاری راستگۆییان بکا . کەوابێ دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئامۆژگاریکردنی حەکیمانە لە هەر کەسێکەوە بێ ، پێویستە ملکەچی حیکمەتو وردبینیی میر بێو ناشێ وردبینیی میر سەرشۆڕی ئەو ئامۆژگارییانە بێ کە پێشکەشی دەکرێن ، چەندە راستگۆش بن .

٢٤

ئایا میرەکانی ئیتالیا بۆچی دەوڵەتەکانیان لەدەست چوو؟

ئەگەر تازەمیرێك بە حیکمەت و وردبینی‌یەوە ، پەیڕەوی ئەو شتانەی کرد کە لەوەبەر باسم کردن ، ئەوا لە میرایەتی کردنەکەیدا ڕەسەن دەردەچێ و لە دەوڵەتەکەیدا لەوە دڵنیاترو ئاسوودەتر دەبێ وەك لەوەی تیایدا خاوەنی ڕەگ‌وریشەیەکی بنج قووڵی کۆن بووبێ . چونکە ئاسایی‌یە کە تازەمیرەکان زیاتر لە میرە میراتگرەکان لە ژێر چاودێری کردندا بن . ئینجا کاتێ کە خەڵکەکە دان بە چاکەکاری‌یاندا دەنێن ، ئەوسا زۆر زیاتر لە دەوریان کۆدەبنەوە وەك لەوەی خاوەنی خوێنێکی پادشایانەی ڕەسەن بوونایە . خەڵکەکە کاروباری حازربەدەستیان زیاتر لە کاروباری ڕابووردوو لا مەبەستە . چونکە وەختێ لە حاڵی حازریاندا هەست بە خۆشگوزەرانی دەکەن ، دڵ‌ودەروونیان دەحەوێتەوەو ئیتر لە هیچ شتێکی‌تر ناگەڕێن ، بەڵکوو بە پێچەوانەشەوە مادامەکی میرەکە دەستەوستانی‌ی خۆی لە کاروباری‌تردا نانوێنێ ، ئەمان بۆ پارێزگاری لێکردنی هەرچی‌یەکیان لە تواناداپێ دەیکەن . بەم جۆرە تازەمیر سەربڵندی‌یەکی دووسەرە لە دامەزراندنی دەوڵەتە نوێ‌یەکەیداو گەشەپێ‌سەندنی بە

پاسای دادپەروەرانەو چەکی بەهێزو دۆستانی دڵپاك ، بەهاو نەریتی خێرخوازانە بەدەس دێنێ . لەکاتێکدا عەیب‌وعاری میری میراتگریش هەروەها دوو سەرە دەبێ ، چونکە بە میری لەدایك بووەو بە هۆی بێ‌بەشی‌یەوە لە وردبینی‌و حیکمەت ، تەختی پادشایی‌یەکەی لەدەس دەدا .

ئەگەر پیاو لە وەزعی ئەو حوکمڕانانە بکۆڵێتەوە کە لە ڕۆژانی ئێستاماندا لە ئیتالیادا پایەوپلەی خۆیانیان لەدەس چووە ، وەك پادشای ناپۆلی‌و دۆقی میلان‌و کەسانی تریش ، بۆی دەردەکەوێ کە هەموو لە عەیبێکدا کە پەیوەندی‌ی بە هێزی سەربازی‌یانەوە هەیەو لەوەبەر هۆیەکانیم بە دوورودرێژی شی‌کردنەوە ، هاوبەشن . هەروەکوو دەبینێ کە هەندێکیان دوژمنایەتی گەل بەشیان بووەو هەندێکی‌تریان سەرەرای خۆشەویستی‌ی گەل بۆیان ، نەیانتوانیوە پشت بە خۆشەویستی‌و دڵسۆزی‌ی سەردارانیان ببەستن . ئەم عەیبانە لە کایەدا نەبن دەوڵەت لەدەس ناچێ ، بەتایبەتی ئەگەر هێندەی هێز لە باردا بێ کە بتوانێ لەشکرێك لە مەیداندا لە سەرپێ بهێڵێتەوە . بۆ نموونە فیلیپی مەکدۆنیایی ، مەبەستم لە باوکی ئەسکەندەری گەورە نی‌یە ، بەڵکوو لەو میرەیە کە تیتۆس کۆنیتیۆس سەری پێ‌شۆڕکرد ، دەوڵەتێکی گەورەی وەهای نەبوو لەگەڵ مەزنی‌ی ڕۆماو یۆناندا کە هێرشیان بردە سەری بەراورد بکرێ ، بەڵام پیاوێکی عەسکەری‌ی ئەوتۆ بوو کە بۆ خۆخۆشەویست‌کردن لای گەل‌و دڵنیابوون لە گەورە پیاوان ، دەرکی بە ڕێگا نموونەیی‌یەکە دەکرد ، بۆیە توانی بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر بەرگەی قورسایی جەنگ دژی هەردوو دەوڵەتە گەورەکە بگرێ . ئەو ئەگەرچی لە کۆتاییدا دەسەڵاتی بەسەر چەند شارێکدا لەدەس چوو ، بەڵام هێندەی توانا هەر بۆ مایەوە کە مەملەکەتەکەی خۆی بپارێزێ .

کەوابوو ئەو میرانەی کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ مەملەکەتەکانی خۆیان پاراستووەو دوایی لەدەستیان داون ، دەبێ گلەیی لە بەخت نەکەن ، بەڵکوو دەبێ گلەیی لە تەوەزەلی خۆیان بکەن ، چونکە لە ڕۆژانی خۆشگوزەرانی‌و ئاشتیدا بیریان لەوە نەکردوتەوە کە دەشێ ڕۆژانێکی ڕەش دابێن (بەتایبەتی ئەو هەڵەیە لە ناو خەڵکیدا باوە کە لە کاتی بای شەماڵدا حیساب بۆ ڕەشەبا ناکەن) .بۆیە هەر هێندەی ساتی

نەهامەتی یان هاتبێتە پێشەوە ، لە بری پارێزگاری کردن لە ولاٌت و میرایەتی یەکەیان ، یەکسەر بیریان بۆ ھەلاٌتن چووە ، بەو هیوایەی گوایە گەل کە دەشێ گەوجێتی ی داگیرکەران بیوروژێنێ ، رۆژێك لە رۆژان داوای گەرانەوەی لێ بکا . خۆ رەنگە ئەگەر هیچ چارەسەرێك بە دەستەوە نەما ئەمەیان شتێکی باش بێ ، بەلاٌم پشت گوێ خستنی چارەسەرەکانی ترو پەنابردنەبەر تەنیا ئەمیان گەوجێتی یە ، چونکە هیچ کەسێك نی یە حەز بکا بکەوێ بەو هیوایەی گوایە مرۆڤێکی تر هەیە لە کەوتنەکەی رزگاری بکاو هەلٌیبسێنێتەوە . ئەم رزگارکردنە رەنگە رووبدا یا نەدا ، بەلاٌم ئەگەر رووی دا دیارە ئاسوودەگی و سەرسەلامەتیت بۆ ناهێنێ ، لەبەر ئەوەی تۆ نەتتوانیوە خۆت رزگار بکەیت ، بەلٌکوو وەك ترسنۆکێك بۆ ئەو خۆرزگارکردنە پشتت بە کەسانی تر بەستوەو ئیتر هیچ رێ وشوێنێکیشت بۆ خۆپاراستن سوودی نابێت و بەردەوام کۆت کراو دەبن ، مەگەر تەنیا بەندی خۆت و تواناو دەسەلاٌتی خودی خۆت بن .

●

٢٥

کاری پلاری قەدەر لە کاروباری مرۆڤداو ڕێ و شوێنی بەربەرەکانی کردنی

من لەوەبێ ئاگا نیم کە زۆر کەس لە رابوردوودواو هەتا ئێستاش باوەڕیان وایە کە هەرچی کارەساتو رووداوێکی دنیایی هەن ، لە ژێر دەسەڵاتی قەزاو قەدەردانو خودا جڵەوگیریانەو ئادەمیزاد لە وزەیدا نی یە لە رێگەی حیکمەتو تێبینینەوە بیانگۆڕێو ئاڵشتیان بکاو بە هیچ کلۆجێکیش چارەسەری بۆ نی یە . واتە تەقەلادانی ئادەمیزاد بۆ رەتکردنەوەی فەرمانی قەزاو قەدەر ، کۆششێکی بێپەروایەو دەبێ جڵەو بۆ کاروبار وەها شل بکا کە بەخت چۆنی دەوێ وەها بڕوا . ئەوانەی لە سەر ئەم رایەن ، بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕە گەورانەوەی دیمانن و تا ئێستاش هەموو رۆژ دەیانبینینو سەروو بیرو هۆشو بۆچوونی مرۆڤن ، ژمارەیان لەم سەردەمی ئێمەدا زۆر بووە . من خۆیشم کە بیر لەو ئاڵوگۆڕانە دەکەمەوە ، هەندێ جار مەیلم بەلای هاوبەشی کردنی رایەکەی ئەو کەسانەدا دەچێ . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە کە ناتوانین ئیرادە بە تەواوی پشتگوێ بخەین . بە رای من هەقە پیاو وای دابنێ کە قەزاو قەدەر جڵەوگیری نیوەی کردارەکانمانەو ئیتر نیوەکەی تری یا نزیکەی ، وازلێ هێناوە بۆ خۆمان جڵەوگیری بین . من حەز دەکەم قەزاو قەدەر بەو رووبارە خۆڕو بەهەڵمەتە بشوبهێنم کە لە کاتی

هەڵچوونو شاڵاوبردنیدا ، دەشت نوقوم دەکاودرەخت هەڵدەکەنێو خانووبەرە دەرووخێنێو زەوی لەملا هەڵدەکۆڵێو تووری هەڵدەداتە ئەولا ، خەڵکەکەش لە روویدا هەڵدێنو هەموو شت مل بۆ شۆرشە بێئامانەکەی دەدا ، بەبێ ئەوەی کەسێك بتوانێ بەربەرەکانێی لە گەڵدا بکا . جا ئەو ئەگەرچی ئەمە سروشتێتی ، بەڵام ئەو تەبیعەتەشی هەیە کە بە دوایدا دەگەرێتەوە سەر باری هێمنیو ئەوسا خەڵکەکە دەتوانن بە دروستکردنی بەستو چەپەرو کەناربەندو چیتر پێویست پێ خۆیانی بۆ ئامادە بکەن ، تا ئەگەر بۆ جاری ئایندە ئاوەکەی زیادی کردەوە دابرژێتە ناو کەنداوێکەوە ، یا شاڵاوەکەی ئەو مەترسیو شێتیەی لەوزەدا نەمێنێ . حاڵەتی قەزاو قەدەریش کە لەبەر خۆئامادەنەکردن بۆ بەربەرەکانێکردنی ، دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێو شۆرشەکەی خۆی ئاراستەی ئەو شوێنانە دەکا چەپەرو بەستیان بۆ جڵەوگیرکردنی تێدا نەخراوەتە سەر رێگا ، هەر لەم بابەتەیە . ئینجا ئەگەر سەیری ئیتالیا بکەیت کە بۆتە کۆری ئەو ئاڵوگۆرە گەورانەو خەڵکەکەیان ناچاری باوەرهێنان بەو رایە کردوە ، دەبینیت وڵاتێکە کە بەهیچ جۆرێك هیچ بابەتە چەپەرو بەستێکی تێدا نین . بۆیە ئەگەر وەك ئەڵەمانیاو ئیسپانیاو فەرەنسا بۆی بلوایە بە رێوشوێنی راستو دروست پارێزگاری لێبکرێ ، ئەوا لافاوەکە ئەو ئاڵوگۆرە گەورانەی پێنەدەکران ، یا لافاوەکە هەر لە بنەرەتەوە رووی نەدەدا .

واتێدەگەم ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی رێوشوێنەکانی بەربەرەکانیکردنی قەزاو قەدەر وتم بەسە . بەڵام ئەگەر بمەوێ خۆم بە هەندێ مەسەلەی دەسنیشانکراوەوە ببەستمەوە ، ئەوا دەتوانم بڵێم : سەیر دەکەین ئەمرۆ وا فڵانە میر ئەستێرەی لەوپەری گەشانەوەدایە ، کەچی بۆ سبەینێ دەیبینینەوە لە ژێر پیدا شێلراوە بەبێ ئەوەی هیچ گۆرانێکمان لە تەبیعەتیدا یا لە هەر شتێکی تریدا کەوتبێتە بەرچاو . من بە دڵنیاییەوە لەو باوەرەدام ، گۆرانکاریەکە بەرادەی یەکەم ئەنجامی ئەو هۆیانەیە کە لەوەبەر بە دوورودرێژی شیمکردنەوە ، یا بە واتایەکیتر میرەکە سەروبەر خۆی داوەتە دەست قەدەرو ئیتر وەختێك پێچەی قەدەرەکە بەپێچەوانەوە سوورراوەتەوە ، شێلاوێتی . هەروەها من باوەرم وایە کە ئەو مرۆڤەی شێوەی

ڕێوشوێنەکانی لە گەڵ پێویستی‌یەکانی ڕۆژگاردا بگونجێ بەختەوەرەو ئەوەشی لە ڕێوشوێنەکانیدا بە پێچەوانەی ئەو پێویستی‌یانەوە بێ بەدبەختە . خۆ ئێمە دەبینین چۆن خەڵکەکە لەو ڕێوشوێنانەدا کە هەمیشە بۆ گەیشتن بە پایەبڵندی‌و دەوڵەمەندی پەیرەویان دەکەن ، یەك لە یەکتر جیاوازن . هەیانە پەنا دەبەنە بەر سڵکردنەوەو هەیانە سەرکێشی هەڵدەبژێرن ، یا هەیانە ڕێگای جەربەزەیی دەگرنەبەرو هەن فرت‌وفێڵ‌و زۆرزانی بەکاردێنن ، یا تیایاندایە سەبرگرن‌و بە سەبر دەجووڵێنەوەو هەن بەپەلەن‌و هەمووش ڕەنگە بە ئامانج بگەن . یاخود دەشێ دوو مرۆڤ لە سڵکەرەوەکان ببینین کە یەکێکیان لە پرۆژەکانیدا سەرکەوتن بەدی‌دێنی‌و ئەویتریان ژێردەکەوێ . یا لەولای ترەوە دوو کەس بە دوو شێوەی جیاواز دەگەنە یەك ئامانج ، یەکەمیان بە سڵکردنەوەو سەبرگرتن‌و ئەوی‌تریان بە پەلەپەل‌کردن‌و سەرکێشی . ئەمانە هەموو ئەنجامی جیاوازی‌ی تەبیعەتی ڕۆژگارن کە دەشێ لە گەڵ شێوەی ڕێوشوێنەکەدا بگونجێ یا نەگونجێ . ئەمەش وەك وتم ئەوەی لێدەوەشێتەوە کە دوو کەس بە دوو شێوەی جیا لە یەکتر کردار دەکەن‌و کەچی دەگەنە یەك ئەنجام ، لە کاتێکدا دوو کەسی‌تر بە یەك شێوە کردار دەکەن‌و کەچی یەکەمیان سەردەکەوی‌و دووەمیان سەرناکەوێ . هەروەها ئاڵ‌وگۆڕ لە سەرکەوتن‌و گەشەسەندنیشدا هەر لە سەر ئەمە وەستاوە ، چونکە دەشێ ڕووبدا هۆیەکانی ڕۆژگارو بارودۆخ بۆ کەسێك کە بە وریایی‌و جوان‌بینی‌یەوە کردار دەکا لەبار بێت‌و سەرکەوتن بەدەس بێنێ ، بەڵامزۆری پێ‌نەچێ ئەو هۆیانەی ڕۆژگارو بارودۆخ بگۆڕدرێن‌و ئەویش لەبەر نەگۆڕینی شێوەی ئیشکردنی خۆی لێ‌بکەوێ . قەتیش ڕووی نەداوە مرۆڤێك هەبووبێ هێندە ژیرو وردبین بووبێ کە خۆی لە گەڵ هەموو ئەم هۆیانەدا گونجاندبێ ، ئەویش یا لەبەر نەتوانینی خۆلادانە لەو شتانەی بە تەبیعەت حەزی لێ‌یانە ، یاخود لەبەر ڕاهاتنی بە یەك جۆرە ڕێگای گەیشتن بە سەرکەوتن‌و نەتوانینی بەخۆقایل‌کردن بۆ وازلێهێنانی . بۆیە ئەو کەسەی بە سەبرگرتن ڕاهاتبێ ، وەختێ کار پێویست بە خێراکردن بکا ، لە ئاستی خۆلەگەڵ‌گونجاندنیدا خۆی بە دەستەوستان دەبینی‌و ئیتر بە دوایدا ماڵکاولی ڕووی تێدەکا . بەهەرحاڵ ئەگەرچی مرۆڤ لە توانایدایە بە پێی گۆڕانی ڕۆژگارو بارودۆخ سروشتی خۆی

بگۆڕێ ، بەڵام قەدەر هەرگیز گۆڕانی بۆ نییە .

بۆ نموونە پاپا یۆلیۆسی دووەم لە گشت کردارەکانیدا کابرایەکی سەرکێش بوو ، بەڵام ڕۆژگارو بارودۆخ لە گەڵ ئەو شێوەی ئیشکردنەیدا دەگونجان ، بۆیە بەردەوام ئەنجامی باشی دەسگیر دەبوو . بۆ نموونە با ئێستا لە یەکەم جەنگی بکۆڵینەوە دژی بۆلۆنا بەرپای کردو هێشتا جیۆڤانی بێنتیڤۆگلی لە ژیاندا مابوو ، کە ڤینیسیایی یەکانو هەروەها پادشای ئیسپانیاش لەو جەنگە ڕازی نەبوون ، جگە لەوەی فەرەنسا سەبارەت بەم پرۆژەیە هێشتا لە گەڵیدا لە ڕاوێژکردندا بوو . کەچی لەگەڵ ئەوەشداو ئەنجامی ئەو مەیلی سەرکێشی یە توندوتیژەی ، خۆی بە تەنیا ملی بە پەلاماردانەکەیەوە ناو ئەم بزوتنەوەیەی بووە هۆی ڕاڕایی لە هەڵوێستی ڤینیسیایی یەکانو ئیسپانیادا ، ئەویش بە هۆی سڵکردنەوەی ڤینیسیایی یەکانو ئارەزووی ئیسپانیاوە بۆ وەرگرتنەوەی تەواوی مەملەکەتی ناپۆلی لە لایەکەوەو توانیی ڕاکێشانی پادشای فەرەنسا بۆ پاڵ خۆی لە لایەکی ترەوە ، چونکە ئەمیش کەسەیری کرد وا ئەو ملی بە بزوتنەوەکەیەوە ناوەو بە نیازی دۆستایەتی بەستن لە گەڵیداو سەرپێ شۆڕکردنی ڤینیسیایی یەکان لە ڕێگەی ئەو دۆستایەتی یەوە ، بڕیاریدا کە ناچارەو هەر دەبێ هێزێك بۆ یاریدەدانی بنێرێ ، بەبێ ئەوەشی ڕەتکردنەوەی بە کردەوەیەکی ناشیرین بداتە قەڵەم . بەم جۆرە یۆلیۆس لە ڕێگەی سەرکێشی ی خۆیەوە توانی ئەوەی پاپاکانی تر بۆیان نەکرابوو لە ڕێگەی جڵەوگیری و ئەقڵیەکاهێنانەوە بەدی بێنن ، ئەم بەدی ی بهێنێ . خۆ ئەگەر چاوەڕوانی بکردایە تا هەرچی پێویست بوو دەکراو پێش جێهێشتنی ڕۆماو کەوتنەڕێ بەرەو جێبەجێ کردنی پرۆژەکەی ، هەموو شت ساز ببووایە کە مسۆگەر هەر پاپایەکی تر لە جێ ی ئەو بووایە وەهای دەکرد ، نەدەگەیشتە ئامانجو سەرکەوتنی بەدەس نەدەهێنا ، چونکە بێگومان پادشای فەرەنسا هەزارویەك بەهانەی بۆ قایل کردنی بە پێویستی ی چاوەڕوانکردن بۆ دەدۆزی یەوەو کەسانێکی تریش هەزارەها ترسو خۆفی دڵی خۆیانیان پێرادەگەیاند . من ئیتر قسە لە کردارەکانی تری ناکەم کە هەموو لەم بابەتە بوونو هەمووش بە سەرکەوتن کۆتایی یان هات . بەڵام گومانیشی تێدا نی یە کە تەمەنکورتی یەکەی لە تاقیکردنەوەی ژێرکەوتن بەدووری گرت ، چونکە ئەگەر ژیانی

درێژەی بکێشایەو ئانوساتی وەهای لەبەردەمدا قوت ببوونایەتەوە کە ناچاریان بکردایە بە وریایی و ئاقلانەوە کرداربکا ، مسۆگەر چارەنووسی مالوێرانی دەبوو ، لەبەر ئەوەی لەوە دەستەوستانتر دەبوو بتوانێ لەو ڕێوشوێنانە لابدا کە بە تەبیعەت مەیلی بە لایاندا هەبوو .

ئیتر من کۆتایی بە قسەم دێنم و دەڵێم کەبەخت ئالوگۆر دەکا ، بەلام خەلکەکە ڕێوشوێنی خۆیان ناگۆڕنو تا ئەو وەختەی ڕێوشوێنەکان لە گەل باروودۆخدا بگونجێن ، ئەوان لە سەرکەوتندا دەبن و وەختێکیش لە گونجاوی دەکەون ، ئەوا ژێرکەوتن بەشیان دەبێ . هەروەکوو من باوەڕم وایە کە سەرکێشی کردن لە سلکردنەوە باشترە ، چونکە بەخت وەك ئافرەت وایە ، ئەگەر ویستت دەستی بە سەردا بگریت دەبێ بە زۆر زەوتی بکەیت و ئەویش لەلای خۆیەوە ، ماوەی زەوتکردنی بە پیاوی ئازا دەدا ، نەك بەو کەسەی لەسەرخۆو بەسەبرەوە لە گەلیدا دەجوولێتەوە . بۆیە ڕەفتاری بەخت وەك ڕەفتاری ئافرەتەهەمیشەمەیلی بەلای لاواندا دەچێ ، چونکە کەمتر سلدەکەنەوەو زیاتر چەتونن و بەبێ شەرمی و جەسارەتەوە بەخت دەکەنە موڵکی خۆیان .

٢٦

هاندان بۆ ئازادكردنی ئیتاليا لەدەست درندەكان (٩٨)

ێستا دوای کۆڵینەوە لە هەموو ئەو کاروبارانەی باسم کردن‌و دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر لەوەی کە ئایا رۆژگاری ئیستای ئیتالیا بۆ سەرهەڵدانی میرێکی نوێ لەبارە یان ناو ئایا ئەو بارودۆخەی کە لەئارادەیە ، هەلی بۆ پەیدابوونی پیاوێکی لێهاتووی بەشان‌وشکۆی ئەوتۆ نەرەخساندوە ، رژێمێکی نوێ‌ی وەها بێنێتە کایەوە کە سەربەرزی بەوو خێروخۆشی بە جەماوەری گەل ببەخشی ، دوای ئەمانە وام بۆ دەرکەوت کە گەلێ هۆ بۆ پشتگیری‌کردنی راست‌بوونەوەی حوکمڕانێکی نوێ هەن‌و بە شێوەیەکیش کە بۆ ئەم پرۆژەیە هێندە پەسندو لەبارن کە لە رابوردوودا وێنەیان نەبووبێ . وەك لەوەبەر وتم ، ئەگەر بۆ دەرکەوتنی بەهێزی‌ی مووسا ، کۆیلەیەتی ئیسرائیلییەکان لە میسرداو بۆ ئاشکرابوونی ئازایی‌و مەزنی‌ی کۆرش ، چەوساندنەوەی فارسەکان لەلایەن میدی‌یەکانەوەو بۆ سەلماندنی بلیمەتی‌و گەورەیی تیسیۆس ، پەرت‌پەرتی‌و

پەرەوازەبوونی ئەسینابییەکان پێویست بووبن ، ئەوا لە ئێستادا بۆ دان‌نان بە هێزداری‌ی بلیمەتێکی ئیتالیاییدا ، دەبێ ئیتالیا لەو بارودۆخەدابێ کە لە حالی‌حازردا تیایدایەو خەڵکەکەی لە جوولەکە کۆیلەترو لە فارسەکان چەوساوەترولە یۆنانی‌یەکان پەرتپەرتتر بن وەك هەن‌و پێشەواو رژێمیان نەبێ‌و بەزێنراوو سەروەت‌و سامان تالانکراوو پەرت‌پەرت‌و زەلیل‌و ریسوا بن وەك بوون‌و ولاتەکەشیان لە هەمە شێوەو بابەت وێرانکاری‌و خاپووربوونی بە خۆیەوە دی‌بێ ، وەك دیوێتی .

ئینجا هەرچەندە تیشکێکی هیوا خۆی نواندو نیشانی‌دا کە خودا مرۆڤێکی بۆ رزگارکردنی هەڵبژارد ، بەلام ئەو مرۆڤە وەختێ گەیشتە پۆپەی سەربلندی ، بەخت پشتی تێکردو کە لای خست . بەم جۆرە ولات لەوە نزیك بووەوە جووڵەی ژیانی تێدا نەمێنی‌و بکەوێتە چاوەروانکردنی ئەو مرۆڤەی بتوانێ زامەکانی تیمار بکاوکۆتایی بە کاولکاری‌و تالانکردن لە لۆمباردیاداو چاوچنۆکی‌و زەوتکاری بە ئاشکرا لە مەملەکەتی ناپۆلی‌و تۆسکانیادا بهێنی‌و ئەو برینانەی **چاك‌بکا** کە لە دەمێکەوە کێم‌وزووئیان هێناوەتەوە . بەلێ ئەوەتا ئیتالیا رۆژانە لە خودا دەپارێتەوە کە یەکێکی بۆ بنێری‌و لەم پۆرخزی یە لەرادەبەدەرو گەوجێتی‌یە کوێرانەیە رزگاری بکا . ئەو ئامادەیەو بە پەرۆشەوەیە بچێتە ژێر هەر ئالایەکەوە ، بە مەرجێ یەکێك هەبێ ئالاکە هەڵبگری‌و بەرزی بکاتەوە . ئەو لە ئێستادا ، تکاو هیواو ئاواتی تەنیا هێندەیە کە بنەماڵە بەناوبانگەکەی تۆ ببینێ دەوری سەرکردایەتی‌کردن لە بزوتنەوەی رزگاری‌خوازی‌یەکەدا بگێرێ ، بەتایبەتی کە هێز لە گەڵیدایەو سەرفرازی‌ی پێدەبەخشی‌و بەخت هاوسوێندێتی‌و خوداو کڵێسەشی لە تەکدان ، چونکە ئێستا بنەماڵەکەت فەرمانرەوایی کڵێسە دەکەن‌و ئەگەر تۆ بەردەوام ژیانی ئەو پیاوە ناودارانەو کردارە پر شانازی‌یەکانیانت لە یاد بن کە باسم‌کردن ، ئەوەت لێ‌نایێتە کارێکی ستەم‌و زەحمەت . جا ئەگەرچی ئەو بابەتە گەورەپیاوانە وێنەیان کەمە ، بەلام بەهەرحال ئەو پیاوە مەردانە ئەم هەلەی ئێستایان بۆ هەڵنەکەوتوە ، چونکە پرۆژەکانیان لە پرۆژەکەی تۆ عادیلانەترو ئاسان‌تر نەبوون‌و خوداش هێندەی لە گەڵ تۆدایە لە گەڵ ئەواندا نەبووە . کەوابێ لێرەدا مەسەلەیەکی عادیلانە لە ئارادایەو شتێکیش عەدالەتی تێدابێ هەمیشە

جوان دەنوێنیو دەبێتە پێویستی یەكو هیچ هێزێك لە هەر بابەتێك بیو لە هەر لایەكەوە بیزوێ ، لە توانایدا نابێ بیروخێنیو لەناوی بەرێ . ئیرادە هەرە مەزنەكە هەر لەمەدایەو كە ئیرادەش هەبوو گرفتو زەحمەتی لە كایەدا نامێنێ ، بە مەرجێك پەیرەوی ئەو ڕێوشوێنانە بكەیت كە وەك نموونە بۆتم هێنانەوە . جگە لەمانە ، خودا گەلێ مووجیزەی بێوێنەی بەدیهێناون . ئەوە زەریاكانو ڕێگایان خۆشو بەربەرەڵلان ، هەور شوێن‌هەنگاوی بۆ نیشانە كردوویت ، ئاو لە بەردی ڕەقەوە هەڵقوڵاوە ، ئاسمان بارانی سەبووریو دڵدانەوەی باراندوەو هەموو شت بەشداری‌یان لە سازدانی گەورەییتدا كردوە ، تەنیا بە مەرجێك كە تۆ ئەوەی ماوەتەوە تەواوی بكەیت . خودا خۆی هەموو شت جێبەجێ ناكا ، بەڵكوو ماوە بۆ ئیرادەی سەربەستمان دەهێڵێتەوە كە بكەوێتە كارو ڕێگامان دەدا هەندێك لە سەربڵندی‌یەكە بە نەسیبی ئێمە بێ كە ئەوە هەقو بەشی خۆمانە .

شتێكی سەیریش نی‌یە كە هیچ كام لەو ئیتالیایی‌یانەی لەوەبەر باسم‌كردن نەیتوانی بێ ئەوەی لە بنەماڵە سەربەرزەكەی تۆ چاوەڕوان دەكرێ بەجێی بێنێ . سەرهەڵنەدانی لێهاتوویی لە رووی سەربازی‌یەوە لەو شۆڕشە زۆرانەداو لەو چەندین بزوتنەوە نیمچە سەربازی‌یانەدا كە لە ئیتالیادا روویان داوە ، لەوەوە هاتووە كە ڕێوشوێنە كۆنەكان كەڵكیان نەبووەو كەسێكیش پەیدا نەبووە بتوانێ ڕێوشوێنی نوێ بدۆزێتەوە . بۆیە داهێنانی یاساو ڕێوشوێنی نوێ لە لایەن مرۆڤی تازەهەڵكەوتووەوە بۆی دەبێتە مایەی مەردایەتی‌یەكی بێهاوتا . ئینجا وەختێكیش ئەم كاروبارانە لە سەر بنچینەیەكی دروست دادەنرێنو مانای مەزنی دەبەخشن ، داهێنەرەكەیان بە ڕێزلێنانو دەست بەسنگەوە بۆگرتن پێشوازی لێدەكرێ . هەروەكوو لە ئیتالیادا ماوە بۆ داهێنانی هەر جۆرە ڕێكوپێكی‌یەكی نوێ بەربڵاوەو چاكەكاری لای هاووڵاتی‌یان هێجگار زۆرە ، ئەگەر سەرۆكو پێشەواكان خۆیان لێی بێبەش نەبن . تۆ هەروا بروانە ئەو ڕمبازێنو زۆرانبازی‌یەی لە لایەن ژمارەیەكی كەم ڕمبازو زۆرانبازانەوە دەكرێو ئەوسا دەبینیت كە ئیتالیایی‌یەكان لە بەهێزیو شارەزاییو زیرەكیدا چەندە لەپێشن . كەچی كە دێینە سەر باسی لەشكرو سوپا ، دەبینین ئیتالیایی‌یەكان تیایدا

چەندە دواکەوتوون . ئەمەش بێگومان بە هۆی لاوازی‌ی پێشەواکانەوەیەو ئەوانەشیان کە شارەزان تاعەت ناکرێن . دیارە هەموو کەس خۆی بە شارەزاو زانا دێتە بەرچاو ، بەتایبەتی لە حاڵەتی نەبوونی ئەو جۆرە پێشەوایەدا کە لە ڕێگەی ئازایەتی‌و بەختەوە بە بەیژەی مەزنیدا سەرکەوتبێ‌و تاعەتی خۆی بە سەر ئەوانی‌تردا سەپاندبێ . بەم شێوەیە دەبینین کە لە ماوەیەکی دوورودرێژەوەو لە هەموو جەنگەکانی ماوەی بیست ساڵی رابوردوودا ، لە هەر شوێنێکدا لەشکرێکی ساغ ئیتالیایی هەبووبێ ، ئەو لەشکرە شکستەیی خۆی سەلماندوە ، وەك لە تارۆو ئەسکەندەری‌یەو کاپواو جەنەواو ڤاییلاو بۆڵۆناو میستریدا رووی‌دا .

بەم پێ‌یە ، ئەگەر بنەماڵە جوامێرەکەی ئێوە دەیەوێ شوێن‌پێ‌ی ئەو پیاوە مەزنانە هەڵبگرێ کە وڵاتی خۆیانیان رزگارکردوە ، ئەوا تۆ بەر لە هەموو شتێك‌و وەك بناغەیەك بۆ هەر پرۆژەیەك لە پرۆژەکانت ، لە سەرت پێویستە کە دەوری خۆت بە هێزیکی تایبەتی بتەنیت ، چونکە هیچ لەشکرێك لەم جۆرە لەشکرە دڵسۆزترو راستگۆترو بەتواناتر بۆ شەڕکردن نابێ . هەروەکوو سەربازەکانی چەندە لەوەبەر ئازاو جەنگاوەر بووبن ، کاتێ کە لەم لەشکرەدا یەکدەگرن‌و بە چاوی خۆیان دەبینن چۆن میرەکەیان سەرکردایەتی‌یان دەکاو دەیانخاتە ژێر باڵی خۆیەوەو سۆزیان دەداتێ ، ئەوسا چاکترو رێك‌وپێك‌تر دەبن وەك لەوەبەریان . بۆیە تۆ دەبێ هێزێك لەم بابەتە ئامادە بکەیت ، هەتا بتوانیت بە هێزی تەنیا ئیتالیا خۆی ، لە رووی بێگانەدا پارێزگاری لە وڵات بکەیت . بۆ نموونە سویسرایی‌و ئیسپانیایی‌یەکان ئەگەرچی بە جەنگاوەرێکی درِ دادەنرێن ، بەڵام هەر یەکەیان کەم‌وکووری‌ی خۆی هەیە ، لەبەر ئەوە هەڵبژاردنی شێوەیەکی سێ‌یەم بۆ رێك‌وپێکی ، نەك تەنیا توانای بەرهەڵستی‌کردنیانت پێدەبەخشێ ، بەڵکوو وات لێدەکا لە زاڵ‌بوون بە سەریاندا دڵنیا ببیت . ئیسپانیایی‌یەکان بەرگەی هێرشی سوارە ناگرن . هەروەکوو سویسرایی‌یەکانیش لە رووبەرووبوونەوەی ئەو هێزە پیادەیەدا کە بە جەسارەت‌و باوەڕ پتەوی‌یەوە پەلاماریان دەدەن ، سل دەکەنەوە . هەر ئەمەشە کە وەك تاقیکردنەوە سەلماندویێتی ، بۆتە هۆی ئەوەی ئیسپانیایی‌یەکان نەتوانن لە بەرامبەر هێرشی فەرەنسایی‌یەکاندا

رابوەستن‌و سویسرایی‌یەکانیش لە رووی پیادەی ئیسپانیادا خۆیان پی‌ڕانەگیری. جا هەرچەندە نموونە بۆ دوا راستی قەت بەدەس ناکەوێ، بەڵام هەندێ نیشانە هەن کە لە شەڕی راڤینادا[99] دەرکەوتن، کاتێ پیادەکانی ئیسپانیا پەلاماری چەند هێزێکی ئەڵەمانیایان‌دا کە لە سەر دەستووری لەشکرەکانی سویسرا رێکخرابوون‌و ئیسپانیایی‌یەکان لە سایەی گورج‌وگۆڵی‌ی لەشیانەوەو ئەو یاریدەیەی چەك‌و قەڵغانەکانیان پێیدەبەخشین، توانی‌یان خۆیان بگەیەننە ناو ریزی ئەڵەمانیایی‌یەکانەوە کە وایان لی‌هات نەتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن‌و ئەگەر سوارەکانیان هێرشیان نەبردایەتە سەر ئیسپانیایی‌یەکان، ئەمان دەیانتوانی گشت ئەو هێزانەی ئەڵەمانیا تێك‌بشکێنن. ئێمە لەبەر ئەوەی کەم‌وکوورپی‌ی هەردوو ئەو بابەتە پیادەیە پێدەزانین، بۆمان هەیە بابەتێکی سی‌یەم پێك‌بهێنین کە لە وزەیدا هەبێ لە رووی سوارەدا خۆی رابگری‌و لە پیادەش سڵ نەکاتەوە. ئەم بابەتەش دەتوانرێ لە رێگەی هەڵبژاردنەوە بە باشی‌و لە رێگەی رێك‌وپێکی‌یەوە بە دروستی ئامادە بکرێ. ئیتر ئەمانە ئەو شتانەن کە ئەگەر تازەمیرێك هات‌و کاری پێکردن‌و نوی‌ی کردنەوە، مەزنی‌و شۆرەت‌و ناوبانگ‌بڵاوی‌یان پی‌مسۆگەر دەکا.

دەبێ ئەم هەلەی ئێستا لە کایەدایە لەدەس نەچی‌و ئیتالیا لە ئەنجامیدا رزگارکەری خۆی بدۆزێتەوە. من لە توانامدا نی‌یە وەسفی ئەو خۆشەویستی‌یە بکەم کە ئەو میرە رزگارکەرە لە هەموو ئەو ناوچانەدا دەیدرێتێ کە لە ژێر چنگی هێرشی داگیرکارانەی بێگانەدا دەردو سزایان چەشتوە، یا ئەو تینوێتی‌یە بۆ تۆڵەسەندنەوەو دڵسۆزی‌یە چەسپاوەو فرمێسکی سوپاسی‌و ستایش‌و ئەمەکداری‌یەی دەیانبینێ. ئەو گشت دەرگایەکی لەبەردەمدا دەخرێنە سەر پشت‌و سەرجەمی گەل بە تاعەتکردن‌و دڵسۆزی‌یەوە پێشوازی‌ی لێدەکەن‌و کەسێك نابینێ حەسوودی پی‌بەری‌و تەنیا یەك ئیتالیایی لە چوونەژێرئاڵاکەیدا دوا ناکەوێ. ئەم دەستگرتنە درندانەیە بە سەرماندا، لووتی هەموو مرۆڤێك دەچووزێنێتەوە. سا ئاخۆ بنەماڵە مەزنەکەت، بە پشت‌بەستن بە چەکی ئازایەتی‌و هیواو ئاوات کە بەری ئیلهامی مەسەلە عادیلانەکەمانن، بۆیهەڵدەکەوێ ئەم ئەرکە لە ئەستۆبگری هەتا ئێمەش بۆمان بلوێ لە ژێر ئاڵا

شەکاوەکەتدا ، سەری نیشتمانمان بەرز بکەینەوەو بە سەرپەرشتی ی ئێوە ، قسەکەی پەترارك بێتە دی کە دەڵێ :

«ئازایەتی ئاخری هەر بە رووی تووڕەیی
کوێرانەدا دەتەقێتەوەو
کاتی شەڕەکە پێش دەخا
چونکە گومانی تێدا نی یە ئەو نەریت و بەها
رەسەنانەی کە دڵی ئیتالیایی یەکانیانی رادەچەناند
هێشتا نەمردوون»

- کۆتایی هات -

سويسرا
نەمسا
فەرەنسا
ميلان
تورينۆ
جنەوا
ڤينيسيا
تريستا
مانتوا
فيرارا
بۆلۆنا
ڕاڤينا
فلۆرانسا
سيانا
پيرۆجيا
ڕۆما
كەنداوى جەنەوا
دەريـاى ئەدرياتيك
يۆگسلاڤيا
سارايۆ
ناپۆلى
براندیزى
سردينيا
مەسينا
پاليرمۆ
سكليا
سيراكۆزا
كرتاج
تونس



پەراوێزەکان

تێبینی

ناوەرۆکی ئەم پەراوێزانە لەم سەرچاوانەوە وەرگیراوە :

١- دەمەتەقێ - نیکۆلۆ مەکیاڤیللی - وەرگێڕانی خیری حماد - بێرووت - چاپی دووەم - ١٩٧٩ .

٢- کۆمیدیای خواوەندی - ئەلیجیری دانتی - وەرگێڕانی حسن عثمان - لە پەراوێزەکانی وەگیڕەوە - چاپی دووەم - میسر - ١٩٧٠ .

٣- گەورەترین حیکایەتی جیهانی - لویس ئۆنتەر مایەر - وەرگێڕانی غانم الدباغ - بەتایبەتی پەراوێزەکانی - بەغدا - ١٩٨١ .

٤- رۆمانی لوکریشیا بۆرجیا - جوان هاسلیپ - حیلمی مراد (کتابی) - وەرگێڕانی زکی شنوودە - میسر .

٥- عەرەب و جوو لە مێژوودا - دوکتۆر احمد سوسە - چاپی دووەم - دیمشق .

٦- میدیا - ئی . ئیم . دیا کۆنۆف - وەرگێڕانی برهان قانع - بەغدا - ١٩٧٨ .

٧- ئەتڵەسێکی نەخشەی وڵاتانی جیهان بە ئەڵەمانی - تایبەتیە بۆ قوتابی‌یان - بۆ نەخشەکان و بۆ یاریدەدانی وەرگێڕ لە رووی جوگرافیایی‌یەوە سوودی لێ‌بینراوە .

٨- دەقەکەی کتێبی (میر) بە زمانی ئیتالیایی - بە یاریدەی لاوێکی خوێندکاری کورد لە ئیتالیاو بە یاریدەی نامیلکەی (جۆن فێری زمانی ئیتالیایی دەبیت) .

١- بنەماڵەی میدیتچی – Medici

سەرهەڵدانی ئەم بنەماڵەیە لە کۆڕی فەرمانڕەوایی‌کردنی شاری فلۆرنسادا ، لە کۆزیمۆ دی میدیتچی‌یەوە دەس پێدەکا کە لە ساڵی (١٣٨٩–ز)دا لەدایک بووەو بۆتە سەرۆری شارەکەو حوکمڕانی‌ی تێدا گرتۆتە مشت . ئەمەش لە ئەنجامی دوو هەڵەدا بووە کە نیکۆلۆ دی ئۆزانۆی حوکمڕانی پێش ئەو کردوونی‌و بریتی بوون لە : یەکەم دەرکنەکردنی بە مەترسی‌ی پەرەسەندنی دەسەڵاتی کۆزیمۆ لە وەختو سەعاتی خۆیداو دووەم دەرکردنی لە شارەکە بووە هۆی ئەوەی خەڵکەکە نارەزایی‌و تووڕەیی بەرامبەر ئەم کردەوەیەی نیکۆلۆ دەرببڕنو ناچاری بکەن کە بنێری بە دوایداو بیهێنێتەوەو پایەوپلەیەکی وەهایشی بداتێ کە بۆ خۆی ببێتە مایەی ماڵوێرانی‌و بۆ ئەو مایەی خێروخۆشی ، چونکە لەو ڕێگەیەوە میرایەتی‌یەکەی لە چنگ دەرهێنا .

کۆزیمۆ لە ساڵی (١٤٦٩)دا مردووەو لیۆرانسۆی کورەزای (١٤٤٩ – ١٤٩٢) کە بە لیۆرانسۆی مەزن ناودەبرێ جێگای گرتۆتەوە . ئەم لە ماوەی حوکمڕانی‌یەکەیدا بەوە بەناوبانگ بووە کە زۆر بایەخی بە زانستی‌و هونەرو ئەدەب داوەو تەنانەت ئاکادیمیایەکی بۆ خوێندنی زانیاری‌و ئەدەبیاتی گەلانی دێرین دامەزراندوە کە دەورێکی کاریگەری لە ڕاپەڕینی ئەوروپادا گێراوەو بایەخێکی باشی بە کاروباری چاپەمەنی داوە .

ئینجا هەر دوای مردنی لیۆرانسۆی مەزن بە دوو ساڵ . لە ئەنجامی شۆڕشێکدا لە لایەن جەماوەری گەلی فلۆرنساوە ، بنەماڵەی‌میدیتچی لە میرایەتی خراونو ڕژێمی کۆماری‌ی تێدا دامەزرێنراوەتەوە کە قەشە جیرۆلامۆ سافۆنارۆلا بۆتە حوکمڕانی . کە ئەویش لە ساڵی (١٤٩٨)دا ئیعدامکراوە ، بیارۆ سۆدیرینی‌ی دۆستو ناسیاوی مەکیاڤیللی دەزگای حوکمی کەوتۆتە دەستو هەر لەو ساڵەشدا ئەم وەزیفەی سکرتارێتی‌یەکەی ئەنجومەنی دەیەی دراوەتێ .

بنەماڵەی میدیتچی‌ی دەربەدەرکراو بەرامبەر بەرژێمی کۆماری دەستەوستان نەوەستان ، بەڵکوو لە ڕێگەی دەستوپێوەندو لایەنگرەکانیانەوە بە نیازی دەسگیرخستنەوەی میرایەتی‌یەکەیان ، بەردەوام پیلانیان لەدژ دەگێڕا ، لە کاتێکدا

سۆدیرینی دڵسۆزو دڵپاكو بێغەش‌و غایلە (وەك مەكیاڤیللی وەسفی دەكا) ، تەقەلای دەدا دڵیان رابگری‌و لەبری جەزرەبەلێدانیان سوودیان پێببەخشی‌و یاریدەیان بدا . تا لە ئەنجامدا لە ساڵی (١٥١٢)دا ، بە بۆنەی بەرپابوونی ئاژاوەو ئاشووبێكەوە لە شارو ناوچەكەدا ، بنەماڵەی میدیتچی بە یاریدەی لەشكرێكی ئیسپانیایی ، فرسەتیان لە جەمهووری‌یەتەكە هێناو رووخاندنیان ، سۆدیرینی هەڵات بۆ لای عوسمانلی‌یەكان‌و میدیتچی‌یەكان دەزگای حوكمیان گرتەوە دەست‌و مەكیاڤیللیش بەشی گۆشەگیری‌و دەسدانە نووسین بوو لە گوندی (سانتا كرۆس)ی شوێنی لەدایك‌بوونیدا كە كتێبی (میر) بووە یەكەمین بەرهەمی .

مەكیاڤیللی نووسیویە : « لە مەكیاڤیللی‌یەوە بۆ لیۆرانسۆی مەزنی كوڕی بیارۆ دی میدیتچی» . جا ئاخۆ ئەم لیۆرانسۆ مەزنە (كە دیارە لیۆرانسۆ مەزنەكەی كورەزای كۆزیمۆ نی‌یە) كێ‌یە؟! . ئەم لیۆرانسۆ ناوبراوە بە مەزن لە لایەن مەكیاڤیللی‌یەوە ، كوڕی بیارۆی كوڕی لیۆرانسۆی مەزن بووە كە وەختێ لە ساڵی (١٥١٢)دا فەرمانڕەوایی فلۆرنسا كەوتۆتەوە دەست بنەماڵەكە ، ئەم لاوێكی تازەهەڵچوو بووەو مەكیاڤیللیش كابرایەكی لێكەوتوو یا لێخراوی گۆشەگیركراو بووە . جگە لەوەی كە دەگونجێ وای خستبێتە خەیاڵی خۆیەوە گوایە ئەم لیۆرانسۆ لاوە ، زۆری پێ‌ناچی‌و بەتایبەتی ئەگەر ئامۆژگاری‌یەكانی دووتوێی (میر)ی گرتەگوی‌و پەیڕەوی كردن ، دەبێتەوە ئەو لیۆرانسۆ مەزنە ئەدەب‌و زانست پەروەرو راپەڕین‌خوازو پێشكەوتن‌نیازەو دواجار بەدی‌هێنەری ئەو هیواو ئاواتانەی بە رژێمی جەمهووری بۆی بەدی‌نەهات‌و لە ساتی نووسینی ئەو پێشكەش‌كردنەدا ، وەهای چەسپی بووە مێشكەوە كە دەشێ میرایەتی‌یەكی نوێی لە بابەتی میرایەتی‌یەكەی لیۆرانسۆی مەزنی بۆ بەدی‌بهێنێ .

بەڵام ئەنجام بەوە شكایەوە كە هیواو ئاواتەكەی سەبارەت بەم لیۆرانسۆیە بوونە خەیاڵێكی خاوو وەها دەرنەچوو كە گوایە «ئەگەر بنەماڵە سەردارەكەت ویستی.... »«پێویستە ئەم فرستە لەدەس نەدری‌و ئیتالیا لە ئەنجامدا رزگاركەری خۆی ببینێتەوەو من لە وزەمدا نی‌یە وەسفی بكەم كە ئەو رزگاركەرە چ خۆشەویستی‌یەك‌و.... »«چ دڵسۆزی‌یەكی مسۆگەرو چ فرمێسكێكی سوپاس‌و ستایش

له چاواندا....» هتد، دهێنێ .

لیۆرانسۆ مەزنەکەی مەکیاڤیللی لە ئەنجامدا ، هەر فری بەسەر فلۆرنساوە نەما . هەروەکوو تەمەنیشی درێژەی نە خایاندو لە ساڵی(١٥١٩)دا مرد . (دەمەتەقیێ–ل ٢٨ ، ٣٣٠ ، ٤٠٣) .

٢–فرانسیسکۆ سفۆرزا – Francesco Sforza (١٤٠١–١٤٦٦ ز) . لە بنەماڵەیەك بووە کە بە لێهاتوویی لە کۆڕی سەربازیدا ناسرابوون . فەرماندەی لەشکری فیلیپۆ ڤیسکونتی‌ی میری میلان بووەو بیانکای تاقە کچی ئەوی کردۆتە هاوسەری خۆی . وەختێ فیلیپۆ لە ساڵی (١٤٤٧)دا مردوە ، ئەم لە شەرێکدا ڤینیسیایی‌یە دوژمنە دێرینەکانی میلانی بەزاندوەو بە دوایدا لە ساڵی (١٤٥٠)دا بۆتە میری میلان . فەرمانڕەوایەکی دادپەروەرو لایەنگیری زاناو ئەدیبان بووە . ئیتر لە دوای خۆیەوە حوکمڕانی‌کردنی میلان کەوتۆتە دەست وەچەکەی (دەمەتەقیێ–ل ٥٣٧) .

٣– ناپۆلی– Napole

دەکەوێتە باشووری ئیتالیاوە ، سەر کەناری دەریای تیران . یۆنانی‌یەکان پێش (٢٥٠٠) ساڵ بنیادیان ناوەو بە (نیاپۆلیس) ناویان دەبرد . بورکانی ڤیزۆڤو کەلاوەکانی کۆنە شاری پۆمپی‌ی لێوە نزیکە . هەروەکوو (ڤیرجیل)ی نووسەری (ئەنیادە)شی تێدا نێژراوە .(گەورەترین حیکایەتی جیهانی ل–١٧٢ ، پەراوێز–١٦٤)

٤– مەبەستی باسکردنی جەمهووری‌یەتە لە کتێبی (دەمەتەقیێ)دا نەك لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا (ح.ع) .

٥– ڤینیسیا (بندقیة)– Venisia

دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیاوەو سەر چەندین وردە دوورگەی کەناری هەرە سەرووی دەریای ئەدریاتیك . خاوەنی رابوردوویەکی هێجگار دێرینی رەسەنە . لە سەدەی نۆیەمینی زایینی‌یەوە بە دەریادا بەتایبەتی ، کەوتە پەلهاویشتن‌و بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی‌و هەتا دەریای مەرمەرەی گەیاند . بەڵام لە ئەنجامی چەندین شەڕو شۆڕو جەنگ لە گەڵ عوسمانی‌یەکاندا ، لە کوتایی سەدەی هەژدەیەمەوە رووی لە کزی‌و بێ‌دەسەڵاتی کردو لە ساڵی (١٧٩٧)دا بووە موڵکی نەمساو لە ساڵی

(١٨٦٦)دا بووه بەشێك لە ئیتالیا . لە سەردەمی راپەرینی ئەوروپادا ، بووبووە مەڵبەندێکی هێجگار مەزنی هونەرو زانیاری . (گەورەترین . . . . ، ل – ٢٨٢ ، پ – ٢٦٣) .

٦– لویسی دوازدەیەم

دوای مردنی پادشا شارلی هەشتەمی باوکی لە ساڵی (١٤٩٨)دا ، چووە سەر تەختی پادشایەتی‌و هەر خێرا بۆ سەرلەنوێ دەس‌پێکردنەوەی پرۆژەکەی باوکی لە هێرش‌بردنەسەر ئیتالیاداو بەتایبەتی داگیرکردنەوەی میرایەتی‌ی میلان کەوتەوە خۆی‌و ئەوەبوو بە ئاسانی میلانی داگیرکردەوە . لە ساڵ (١٥٢٥)دا مردوە .

٧– لۆدۆڤیکۆ – Ludovico

لۆدڤیکۆ سفۆرزایە . لە ساڵانی (١٤٩٤–١٥٠٠)دا میری میلان بووە . لە ٦/ئوکتۆبەر/١٤٩٩دا لەشکرەکەی لویسی دوازدەیەمی لە میلان دەرپەڕاندەوە دەرەوە .

٨– ئاخی‌یەکان‌وئیتۆلی‌یەکان

دوو تیرەن کە یەکەمیان لە سەدەی چواردەیەمی پێش زایینداد بەرەو یۆنان کۆچی کردوەو لە باشووریدا نیشتەجێ بووە . دووەمیشیان لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینداد روویان کردۆتە یۆنان‌و لە باکووریدا نیشتەجێ بووە . (دەمەتەق – ل٤٤٤ – پەراوێز) .

٩– مەکدۆنیا – Macedonia

ناوچەیەکە دەکەوێتە شێوە دوورگەی بوڵکانەوە . بەرەوژوور لە دەریای ئیجە (ئەیون)ەوە بە نێوان ئەبیرۆس‌و تراکیادا هەڵدەکشێ‌و ناوچەیەکی شاخاوی‌یە . لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینداد ، بە سەر کردایەتی‌ی بنەماڵەیەکی پەروەردەکراو بە رۆشنبیری‌ی گریکەکان (یۆنانەکان) ، شێوە فەرمانڕەوایی‌یەکی تێدا دامەزرێنرا . لە ساڵی (٥٠٠–پ .ز)دا کەوتە ژێر دەسەڵاتی فارسەکانەوە . بەڵام لە سەردەمی فیلیپی باوکی ئەسکەندەرەوە ، دەست‌کرا بە فراوانکردنی سنووری مەملەکەتەو ئیتر ئەوەبوو بە دوایدا ئەسکەندەری کوڕی ، رووەو هەرچوار قورنەی ئەوسای دنیا پەلی‌هاویشت‌و

شارستانێتی ی گریکەکانی لەگەڵ خۆیدا تێدا بڵاوکردنەوە . (گەورەترین . . . -ل٦١-پ٦٩) .

-١٠ فیلیپ - Filipp

لە شوێنێکی تردا مەکیاڤیللی خۆی دەربارەی دەڵێ : مەبەستم لەم فیلیپە فیلیپی باوکی ئەسکەندەری گەورە نییە ، بەڵکوو مەبەستم لەو میرەیە کە تیتۆس کۆنینیۆس (کونسولێکی رۆمانەکانە) بە سەریدا زاڵ بووە . جا لێرەشدا هەر مەبەستی لەو فیلیپەیە نەك باوکی ئەسکەندەر . (ح.ع) .

11 - ئەنتیۆس

پادشای ئەنتاکیەو سووریاو هەندی بەشی تری ئاسیای بچووك بووە . هەروەکوو گەلێ پادشای تریش بەم ناوەوە هەن کە دوای ئەو حوکمڕانی یان کردوە : (دەمەتەقێ - ل 430) .

-١٢ شارل charLe

شارلی هەشتەمەو باوکی لویسی (١٤٧٠-١٤٩٨) . دوازدەیەمە . بە نیازی سەندنەوەی شاری ناپۆلی کە لەوەبەر ژێردەستەیان بووە ، لەساڵی ٥٩٤١ دا پەلاماری ئیتالیای دا . بەڵام زۆربەی میرایەتی یەکانی ئیتالیا لە بەرەیەکدا پێکەوە رووبەڕووی وەستانەوەو ئیتر بەو نیازەی لە فرسەتێکی تردا پەلامار بداتەوە ، ناچار کشایەوە دواوە . بەڵام ئەوەبوو ئەو بە سەریدا مردو لویسی کوری رێبازەکەی ئەوی گرتەبەرو پەلامارەکەی دایەوە . (دەمەتەقێ- پێشەکی یەکەی لیسلی ووکەر - ل٣٣-پەراوێز) .

-١٣ فلۆرنسا- Firenze

شارێکی بەناوبانگی ئیتالیایەو دەکەوێتە ناوەراستی یەوە . لەرووی سیاسی یەوە شوێنێکی باڵای لە مێژووی ئیتالیادا داگیرکردوە،بەتایبەتی لە دەوروبەری سەردەمی ژیانی مەکیاڤیللی خۆیدا . هەروەکوو مەڵبەندێکی گەورەی ئەدەب و هونەرو رۆشنبیری ی سەردەمی راپەڕین بووە لە ئەوروپادا . (ح . ع) .

١٤- ماركيزى (مانتوا)-Mantwa

مەبەست لە ماركيز فرانسيسكۆ جۆنزاجايە كە میری شاری مانتوا بووە . بنەماڵەكەشی (جونزاجا) لە بنەماڵە سەرداره دێرینەكانی ناوچەكە بوو . لەگەڵ بنەماڵەی بۆرجیادا (كە لە دواییدا ناویان دێ)و بەتایبەتی سیزار (قەیسەر بۆرجیا) دوژمن بەیەكتر بوون . بەڵام لە ساڵی (١٥٠٤)دا وەختێ سیزار كەوتۆتە نەهامەتییەوە ئەمیش كەوتبووە داوی خۆشەویستیی لوكریشیای خوشكی سیزارەوە ، تەقەلای داوە یاریدەی بداو بەڵام هیچی بۆ نەكراوە . (رۆمانی لوكریشیا بۆرجیا- ل ٤٢ ، ٨٧ ، ١٧٥) .

١٥- دۆق فیرارا- Ferrare

مەبەست لە دۆق ئیركۆل دیستەیە كە میری شاری فیرارا بووەو پاپا ئەلیكساندری شەشەم (رۆدریجۆ بورجیا وەك لە دواییدا ناوی دێ) ، بۆ ئامانجێكی سیاسیو لەسەر داخوازی خۆی ، لە ساڵی (١٥٠٢)دا لوكریشیای كچی داوە بە ئەلفۆنسۆی كوڕی دۆق ئیركۆل . ئەمەدوای ئەوەی كەهەر بۆ هەمان ئامانج ، دوو جار كردبوویە دەسگیرانی دوو میریترو دوو جاریشی بە دوو میریتری بەشوو دابوو . (رۆمانی لویشیا بورجیا) .

١٦- بێنتیڤۆگلی - Bentivogli

مەبەست لە جیۆڤانی بێنتیفوگلییە (١٤٤٣-١٥٠٨) كە میری شاری بۆلۆنا بووەو ئەمیش یەكێكە لە شارە ناودارەكانی ئیتالیا . بنەماڵەكەی (بێنتیڤۆگلی) بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ فەرمانڕوایی شارەكەیان كردوە . ئەم لە ساڵی (١٤٦٤)دا تەختی میرایەتییەكەی باوكی كە لیی زەوتكرابوو سەندۆتەوەو حوكمڕانیی بۆلۆنای گرتۆتە دەست . ئەگەرچی بایەخی بە هونەرو ئەدەبو زانیاری داوەو بۆلۆنای كردۆتە شارێكی جوان ، بەڵام دڵڕەقو بێویژدانو ئازاربەخش بووە . دوای (٤٤) ساڵ حوكمڕانیكردن ، پاپا یۆلیۆسی دووەم لە ساڵی (١٥٠٦)دا لە شارەكە دەریپەڕاندووەو هەڵاتوە بۆ میلانو لە ساڵی (١٥٠٨)دا لەوێ مردوە . (دەمەتەقێ-ل ٣١٠) .

١٧- خانمی فۆرلی- Furli

ناوی (کاترینا ریارۆسیفۆرزا)یە. ئافرەتێکی جەربەزەو بەکار بووە. وەختێ جیرۆلامۆی مێردی کە میری شاری فۆرلی بووە کوژراوە، ئەم خۆی لە جێگەی داناوەو بۆتە میری شارەکە. مەکیاڤیللی لە (دەمەتەقێ)دا حیکایەتەکەی بەم جۆرە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: «هەندێ لە پیلانگێڕان لە هاوولاتی‌یانی فۆرلی، جیرۆلامۆی میرەکەی خۆیان کوشت‌و ژن‌و منداڵەکانیان بەدیل گرت. ئەوسا سەیریان‌کرد ئەگەر قەڵای شارەیکەیان نەکەوێتە چنگ کە فەرماندەکەی نەیدەدا بە دەستەوە، ئەوان ژیانیان هەر لە مەترسیدا دەبێ. بۆیە کاترینا بەڵێنی بە پیلانگێڕاندا کە ئەگەر ماوەی بدەنێ بچێ بۆ ناو قەڵاکە، تەقەڵا دەدا بە دەستیانەوە بدرێ. پیلانگێڕەکان منداڵەکانی کاترینایان بە بارمتە گلدایەوەو ڕێگەیان‌دا خۆی بڕوا بۆ ناو قەڵاکە. بەڵام هەر هێندەی پێ‌ی نایە ئەودیو شووەکانی‌یەوە، دەستی‌کرد بە جنێوپێدانیان‌و هەڕەشەلێکردنیان بە تۆڵەسەندنەوەیەکی وەها لێ‌یان کە ڕەچەڵەکیان ببڕێتەوە. ئینجا بۆ ئەوەشی پێ‌یان بسەلمێنێ کە هێندەی نووکی دەرزی‌یەك گوێ ناداتە منداڵەکانی، بە بەرچاویانەوە خۆی رووت‌وقووت کردەوەو هاواری لێکردن کە باش سەیری بکەن‌و ببینن‌و دڵنیابن کە چۆن دەتوانێ چەندین منداڵی تر بێنێتە بەرهەم. ئەم دیمەنەزمانی پیلانگێڕەکانی لە گۆخست‌و وای لێکردن ئانوسات تێ‌بگەن کە چ هەڵەیەکی گەورەیان کردووەو دواییش ئەنجامی ئەو کەم‌ئەقڵی‌و نابینایی‌یەیان، دەربەدەری بوو لە شارەکەیان بۆ هەتاهەتایە (دەمەتەقێ - ل٦٢٢، ٦٢٣).

دیارە بە دوای ئەم حیکایەتەدا بووە کە کاترینا بۆتە خانمی فۆرلی‌و حوکمرانی ئەو میرایەتی‌یەو ئیتر لەو وەختەدایە کە لە کاتی هێرشەکەی لویسی دوازدەیەمدا بۆ سەر ئیتالیا (١٤٩٨)، لە گەڵ ئەو میرانەی‌تردا کە مەکیاڤیللی لە گەڵیدا ناوی بردوون، ملی بۆ کەچ کردوە. هەروەکوو دوایی‌تر قەیسەر بۆرجیا (سیزار) هێرشی بردۆتە سەری‌و دوای ئەوەی زۆر ئازایانە بەرگری‌ی لە شارو قەڵاکەی خۆی کردووەو لە ڕوویدا جەنگاوە، لەلایەن بۆرجیاوە بەدیل گیراوەو ئیتر لێرەوە ڕۆمانی (لۆکریشیا-بۆرجیا - وەك هەر ڕۆمانێك - بە دوورودرێژی لە پەیوەندی‌ی نێوان خانمی فۆرلی‌ی دیل‌و

قەیسەر بۆرجیای سەرکەوتوو دەدوێ . (ح.ع) .

١٨- سەرداری فایینزا – Faenza

مەبەست لە (مانفریدی)ی میری فایینزایە کە لە هەرەتی لاوێتیدا بووەو دوای ئەو خۆبەدەستەوەدانەی بۆ لویسی دوازدەیەمی پادشای فەرەنسا ، کە سەیری کردوە وا قەیسەر بۆرجیای هاوپەیمانی لە گەڵ فەرەنسایی یەکاندا ، بە پشتی ئەوان بەراستو چەپدا هێرش دێنێو پەلامار دەدا ، وای بە چاك زانیوە خۆیو شارەکەی بدا بە دەست بۆرجیاوە . کەچی هەر بۆ رۆژی دوایی لاشەکەی لە روباری (تیبەر)دا بینراوەتەوە (لوکریشیا بۆرجیا -ل١٥٧) .

١٩- سەردارى پیزارۆ – Resaro

مەبەست لە جیۆڤانی سفۆرزایە (١٤٦٦-١٥١٠-ز) کە لە بنەماڵەی سفۆرزای حوکمرانانی میرایەتی ی میلانو برازای کاردینال ئەسکانیۆ بووەو بۆتە میری شاری پیزارۆ کە دەکەوێتە سەر دەریای ئەدریاتیك . پاپا ئەلیکساندەر بە تەماعی مسۆگەرکردنی شوێنە ستراتیژی یەکەی شارەکەی ، لە ساڵی (١٤٩٣)دا لوکریشیای کچی لێ مارە کردوە . بەڵام دوایی تۆمەتی ئەوەی داوەتە پاڵ کە پیاوەتی یەکەی تەواو نی یەو کچەکەی لێ سەندۆتەوەو داوێتی بە ئەلفۆنسۆی کوری میری ناپۆلی . (لوکریشیا بۆرجیا -ل٤٠-٤٢ ، لە زۆر لایەرەی تریشدا ناوی هاتوە) .

٢٠- پیزا – Pisa

لە ناوچەی تۆسکانیاداو نزیك فلۆرنسایە . دەکەوێتە سەر روباری ئەرنۆ . شوێنی لەدایك بوونی گالیلۆیە . لە سەدەی یازدەیەمدا بەو هیزە سیاسیو بازرگانی یەی هەیبوو ، ململانێی لە گەڵ ڤینیسیاو جەنەوادا دەکرد . لە پێش جەنگی جیهانی ی دووەمدا ، لە نواندنی هونەری رۆمانیو جووتیدا ، بە یەکیك لە شارە نموونەیی یەکان دادەنرا. بەڵام جەنگ ئەو شوێنەوارە مێژوویی یانەی هەموو وێرانکردنو ئێستا تەنیا کاترائی یە کۆنەکەیو بورجە خوارەکەی لە کڵێسەی سانتا ماری یای تێدا ماون (گەورەترین . . . ، ل-٣٠١ ، پ-٢٧٩)

٢١- سیەنا- siena

نزیك فلۆرنسایە . دەكەوێتە بەری لای رۆژئاوایەوەو دە كیلۆمەتر لێوەی دوورە . (دانتی - كۆمیدیای خواوەندی - بەهەشت - ل٣١٦-پ٤٢) .

<< - بنەماڵەی بۆرجیا - Borjia

سەرهەڵدانی بنەماڵەی بۆرجیا لە كۆڕی سیاسەتدا لە رۆمادا ، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی چواردەیەم وەختێ ئەلفۆنسۆی دووەمی پادشای ئاراگۆن ، خۆی كردە پادشای میرایەتی‌ی ناپۆلیش‌و ئەلفۆنسۆ بۆرجیا ناوێكی لەگەڵ خۆیدا هێناو كردی‌یە نهێن پۆش‌و كارگێری كۆشكەكەی خۆی كە یەكێك بووە لە دۆستانی‌و راوێژكاری كاتدرائی‌یەتی (لیریدا) .

ئەلفۆنسۆ بورجیا بەرەبەرە پایەوپلەی بەرزبووەوە تا لە ئەنجامدا لە ساڵی (١٤٤٥)دا تاجی پاپایەتی‌ی نایە سەری‌و ئیتر بە دوایدا كەوتە نزیكخستنەوەو دامەزراندنی كەس‌وكارو ناسیاوانی خۆی لە بەڕێوەبردنی كاروباری ڤاتیكاندا ، بەتایبەتی دوو برازاكەی (پیدرۆ لویس)و (رۆدریجۆ بۆرجیا) .

ئینجا لەو دووانە پیدرۆیان هەرزوو دوای مردنی مامی ئەستێرەی بەختی كوژایەوەو لەلایەن جەماوەری گەلی شاری رۆماوە لە شارەكە دەركراو هەڵات بۆ ئیسپانیای وڵاتی باووباپیرانی . لە كاتێكدا رۆدریجۆ خۆی ئاخنی بووە ناو ڤاتیكانەوەو چاوەڕی‌كرد تا گێژەڵووكەكە رەوییەوە . ئەوسا چووەوە سەر شانۆو توانی بە بەهرەداری‌و لێهاتوویی خۆی ببێتە راوێژكاری چوار پاپای یەك بە دوای یەكدا كە بیۆسی دووەم‌و پۆلی دووەم‌و سیكستۆسی چوارەم‌و ئەنۆسینتی هەشتەم بوون .

رۆدریجۆ لەو ساڵانەدا وردەوردە وای‌لێهات كە لە دوای پاپاوە بووە یەكە دەسرۆیشتووی ناو ڤاتیكان ، چونكە كرایە كاردینالی ڤالنسیاو ئەسقەفی ئۆبۆرتۆو مەترانی سوبیاكۆ ، ئەمە جگە لە راوێژكاری‌یە بەردەوامەكەی ڤاتیكانی . تا وەختێ پاپا ئەنۆسینتی هەشتەم هاتە سەر مردن ، ئەو بووبووە بەهێزترین كەسێك بۆ هەڵبژاردنی بە پاپاو نیتر لە بەرەبەیانی رۆژی ١١/ئابی/١٤٩٢دا ، بە ناوی ئەو ئەلیكساندەری شەشەمەوەی كە مەكیاڤیللی لە (میر)دا هێندە باسی دەكا ، كرا بە پاپاو تاجی پاپایەتی‌ی

نرایە سەر .

هەروەها ئەو رۆدریجۆیە (وانە پاپا ئەلیساندەری شەشەم)، چوار منداڵی ناشەرعی ی لە فانۆتزای دۆستی هێنانە دنیاوە کە پیدرۆو سیزارو جانیۆلوکریشیا بوون کە ئەمیان کچ بوو . لەوانەش ئێمە لێرەدا سیزارمان مەبەستە کە (ساڵی (١٤٧٥)دا لەدایك بووەو دوایی بوو بە دۆق فالینتینۆو دوایی تر ناوی بە قەیسەر بۆرجیا دەرکردو ئەوەیە کە مەکیاڤیللی لە کتێبەکەیدا زیاتر لە باوکی باسی کردوەو لە گەلێ شوێندا ئیشارەتی بە کردارەکانی داوەو نموونەی لە سەر هێناونەتەوە .

لە رۆمانی (لۆکریشیا بۆرجیا)دا کە بە رۆمانێکی مێژوویی دادەنرێ‌و نووسەرەکەی پشتی بە بەڵگەی نوسراو بەستوە ، قەیسەربۆرجیای وەك پیاوێکی هێجگار دڵرەق‌و جەربەزەو بێ‌ویژدان‌و داوێن‌پیس نیشانداوە ، بگرە لە باوکەو دوو کوڕو کچەکەی‌تریشی هەروەها دەدوێ . بەڵام ئاشکرایە کە مەکیاڤیللی زیاتر لایەنە سیاسی‌یەکەی ئەم بنەماڵەیەی مەبەست بووەو بەتایبەتی کۆشش‌و تەقەلادانی بۆرجیا بۆ دەسگرتن بە سەر میرایەتی‌یەکانی تری ئیتالیاداو یەکخستنیان لە یەك دەوڵەتدا .

دواجار دەمەوێ بڵێم کە مەکیاڤیللی ئیشارەتی بە چۆنێتی‌ی کۆتایی هاتن‌و مردنی بۆرجیا نەداوە ، بۆیە بە پێویستی دەزانم لێرەدا باسێکی بکەم . دەوترێ کە لە ئێوارەی ٦/ئابی/١٥٠٣دا ، باوکەو کوڕە هەردووك پێکەوە داوەتی کاردینال کۆرنیتۆ بوون . بەڵام بۆ رۆژی دوایی هەر بەیانی زوو هەواڵێك بە ناو شاری رۆمادا بڵاوبۆتەوە کە هەردووکیان نەخۆشن‌و لە جێگەدا کەوتوون . (مەکیاڤیللی خۆی ئیشارەتی بەم نەخۆشی‌یەیانی پێکەوە داوەو لە زمانی بۆرجیاشەوە قسەیەکی دەگێڕێتەوە کە دیارە دەبێ دوای چاکبوونەوەی دیبێتی‌و ئەو قسەیەی بۆ کردبێ) . ئینجا وا بڵاوبۆتەوە کە ئەوان و یستویانە کاردینال دەرمان‌خوارد بکەن‌و خزمەتکارە بەکرێگیراوەکە سەری لێ‌تێکچووە . بەڵام ئەگەر ئەمە وابێ دیارە پێچەوانەکەی راستترە .

پاپا لە رۆژی ١٨/مانگدا دەمرێ‌و بە دوایدا جەماوەری شاری رۆما هەر لەگەڵ بیستنی هەواڵەکەدا روویان‌کردۆتە قەڵاکەی بۆرجیاو هاواریان کردوە :

(مردن بۆ کوڕی قەحبەکە)ە(مردن بۆ سەگی میرانێ) بە باوکیشیان وتوە : (بۆ دۆزەخ هەی فاسق لەعین).

ئەوسا گوایە چەند کاردینالێك کە بەزەیی‌یان بە بۆرجیادا هاتۆتەوە ، بە دزی‌یەوە گواستویانەتەوە بۆ قەڵای سان ئەنجیلۆو لەوێ حەشاریان داوە ، تا لە نەخۆشی‌یەکەی چاك بۆتەوە . رەنگیشە هەر لەو رۆژانەدا بووبێ کە مەکیاڤیللی دیوێتی‌و وەك لە (دەمەتەقێ)دا باسی دەکا ، گوایە نامەیەکی داوەتێ بۆ سەرۆکی فلۆرنسا . ئینجا لەولای ترەوە هەر لەو رۆژانەدا ، بیکۆلۆمینی لە جیێ ئەلیکساندەر کراوە بە پاپاو پاپایەتی‌یەکەی تەنیا بیست‌و حەوت رۆژی خایاندوەو مردوە . بە دوایدا جیلیانۆ دیللا رۆڤیری کە لە کاردینالە دوژمنەکانی بنەماڵەکەی ئەمان بووە ، کراوە بە پاپاو بەوە چارەنووسی ئەم براوەتەوە . چونکە هەر دوای هەفتەیەك بڕیاری گرتنی داوەو لە قەڵاکەی خۆیدا (بۆرجیا) حەپسی کردوە . بەڵام دوای ماوەیەك هەڵاتوەو قەدەرێك ئەم‌لاو ئەولای کردوە . لە ئەنجامدا لە ١١/ثانی/١٥٠٤دا گیراوەتەوەو رەوانەی دوورگەی (ئاسکیا) کراوەو تا مردنی لەوێ ژیانی لە گەڵ پیاوکوژو دزو جەردەدا بەسەربردوە .

٢٣دەڕێ گوایە ژنەکەی خۆی (ئان دی ڤالوا) زۆر ناشیرین بووەو کە دوای مردنی شارل چۆتە سەر تەختی پادشایی ، ویستوێتی ئەو ژنەی تەلاق‌بداو بێوەژنەکەی شارل (ئان دی بریتانی) کە زۆر جوان بووە ، مارە بکا . دیارە ئەوەش پێویستی بە رێگەپێدانێکی تایبەتی هەبووە لەلایەن پاپاوە .

٢٤ – قەیسەر بۆرجیا – Caesar Borgia

بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٢٢ – بنەماڵەی بۆرجیا) .

٢٥– ئەسکەندەری گەورە – (٣٦٢ – ٣٣٠ پ .ز)

پادشای هەرە بەناوبانگی گریکەکانە . لە ماوەیەکی زۆر کورت‌و بە تەمەنێکی کورتەوە ، ئیمپراتۆرێتی‌یەکی بەرفراوانی دامەزراندوە ، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی لە ساڵی (٣٣١ پ .ز)دا بە سەر دارای پادشای فارسەکانداو داگیرکردنی وڵاتەکەی . دوای مردنی ، سەرلەشکرەکانی لە ناو خۆیاندا تێکچوون‌و ئەمانیش لە ماوەیەکی کورتدا ، ئیمپراتۆرێتی‌یەکەیان پەرت‌پەرت‌کردو پووکاندیانەوە .

26 – دارا – Darus

مەبەست لە دارای سێیەمە کە هاوچاخی ئەسکەندەری گەورەو پادشای فارسەکان بووە . لە سالانی (335 — 330 پ.ز)دا حوکمرانی ی کردوە . لە سالی (331 ـ پ.ز)دا لەروا شەری قورسدا کە نزیك شاری ئەربائیلۆ (هەولێری ئێستا) لە نێوان هەردوو لە شکرەکەیاندا قەوماوە ، شکستی ی هیناوەو کشاوەتەوە بۆ ئەکباتان (هەمەدان)ی پایتەختی‌و تەقەلای داوە بۆ

بەرگرتن لە هێرشی ئەسکەندەر ، سەرلەنوێ لەشکر دروست بکاتـەوە ، بەڵام پیرانەگەیشت و کوژراو بە دوایدا ئەسکەندەر ولاتەکەی داگیردو خستی یە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە .(میریا - ئی . ئیم .دیاکۆنۆف .ل - 603 — 612) .

٢٧- پیرۆس- Pyhrhus

(٣١٨-٢٧٢ .پ . ز) .. لە ساڵانی (٢٩٥-٢٧٢)دا پادشای مەملەکەتی (ئیپیێرس) بووە کە دەکەوتە سەر کەناری رۆژئاوای ولاتی یۆنانەوە . لە ساڵی (٢٨٣)دا هێرشی بردۆتە سەر مەکدۆنیاو داگیری کردوەو بەڵام لێیدەرپەڕێنراوە . دوای ئەوە پەلاماری ئیتالیای داوەو لە چەند شەرێکدا بەسەرڕۆمانیەکاندا زاڵ بووە ، تا لە ساڵی (٢٧٥)دا بەزاندوویانە . ئینجا جارێکی تر مەکدۆنیای داگیرکردوە . بەهەرحاڵ ئەنجامی بەوە شکاوەتەوە کە بنمیچی خانوویەکی بە سەردا رووخاوەو کوشتوێتی .

(گەورەترین . . . ل-١٤٦ ، پ ١٣٦)

٢٨- سپارتا- Sparta

دەکەوێتە ناو دۆڵێکی بەرفراوانی بەپیتەوەو لە خوارووی نیمچە دوورگەی (پیلۆپۆنیز)دایە . چەند تیرەیەکی سەر بە نەژادی دووری‌یەکان لە باکوورەوە بەرەوخوار هاتوون‌و بەدەم شەرەوە خەڵکی ناو دۆڵەکەیان لێدەرپەڕاندوە ، یاخود کردۆتە کۆیلەی خۆیان‌و لەبری ئەوان تیایدا جێگیر بوون . ئینجا دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە گەڵ ئەو خەڵکەیدا لەزۆرانبازیدا بوون ، کار وا شکاوەتەوە کە لە گەڵیاندا یەکیانگرتووەو چوونەتە ژێر رکێفی دوو پادشاوەوبە هاوبەشی حوکمڕانی‌یان کردوون . بە دوایدا ئیتر لاکۆنیاو میکینایان داگیرکردوەودەسەڵاتیان پەرەی سەندوە .

رژێمی فەرمانڕەوایی لە سپارتادا بە توندوتیژی‌و پتەوی‌و بە مەشقی سەربازی بەناوبانگ بووەو زۆریش لەگەڵ دەستووری دیموکراتی‌یانەی ئەسینادا جیاوازی‌ی هەبووە .

(گەورەترین . . . -ل ٤١-پەراوێز- ٣٦)

٢٩ ئەسینا-Athene

پایتەختی ئێستای یۆنانە . لە ناوەڕاستی سەردەمی برونزیدا بنیادنراوەو دەوترێ گوایە (سیکرۆپس) بنیادی ناوە . لە سەرەتای دامەزراندنیدا بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە . بەڵام لە دوایدا وردەوردە نەش‌ونمای کردوە . تا لە کۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زایندا لە سەردەمی (بیزیستراتۆس)و کوڕەکایندا ، لە رووی بازگارنی‌یەوە گەشەی سەندووە . ئینجا وەختێك فارسەکان داگیریان کرد ، لە ساڵی (٤٨٠-پ . ز)دا سوتاندنیانو کاولیانکرد . بەڵام دوای دەرپەڕاندنیان ، لە سەردەمی (برکلیس)دا ئاوەدان کرایەوەو ئەمجارە بەوپەڕی وەستایی‌و فەنتازی‌یەوە ، پەرستگاو کۆشکە داروخاوکانی سەر قەڵای (ئەکروپۆل)یان بەیاریدەی گەلێ ئەندازیاری لێهاتوو دروست‌کردەوەو بەوە بووە شارێکی زۆر جوان‌و دڵگیر . هەروەها شارەکە بە ناوی (ئەسینا پالاس- Athene Pallas)ی داڵدەدەری‌یەوە ناونراوە کە کچی (زیوس)ی ژنەخوداوەندی گەورەی خوداوەندەکانە .

(گەورەترین . . . . .-ل١٣-پ٤)

٣٠-تیبە-Thebe

دەکەوێتە ناوەڕاستی وڵاتی یۆنانەوەوئێستا (تیڤا- Thevia)ی پێدەوترێ .

لەکۆتایی سەدەی شەشەی پێش زایینەوە ، لە گەڵ ئەسینادا کەوتە دوژمنایەتی کردن و لە جەنگدا یاریدەی فارسەکانی دەدا . هەروەکوو لە جەنگەکانی پیلۆپۆنیزدا یاریدەی سپارتاییەکانی داو دواجار لە ساڵی (٢٩٤-پ . ز)دا ، چووە پاڵ ئەو دەستە دەوڵەتەی دژ بە سپارتا جەنگان و بەسەریدا زاڵ بوون ، بۆ ماوەیەکی زۆریش سەروەری گشتی وڵاتانی یۆنانی کردوە . (گەورەترین ... ل ٧٥ ، پەراوێز ٨٠) :

٣١- کاپوا - Capua

دەکەوێتە باشووری ئیتالیاوە ، سەرووی شاری ناپۆلی‌و نزیك دەریای تیران .

هانیباڵی کرتاجەیی لە ساڵی (٢١٥–پ . ز)دا داگیریکردو خۆیو لەشکرەکەی تیایدا بەرابواردنەوە خەریك مانو ورەی شەرکردنیان نزم بووەوە کە لە ئەنجامیدا رۆماکان پەلاماریان دانو زەفەریان پێبردن . (گەورەترین . . . .ل– ١٦٤ ، پ–١٥٢) .

٣٢-کرتاجە– Carthage

لە نزیك کەنداوی (توونس)ی ئێستا دا بووە . لە لایەن فینیقییەکانەوە بنیادنراوە . دوژمنێکی گەورەی رۆما بووەو بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەریای سپیی ناوەراست ، ململانێی لە گەڵدا دەکرد . خاوەنی هێزێکی دەریایی فراوان بووەو لە سەرەتادا بە بازرگانی بەناوبانگ بووە . بەلام لە زەمانی هەردوو سەرکردەی ناوداریدا (هامیلکارو هانیباڵی کوری) ، بە هێزی سەربازی کەوتە پەلهاویشتن بە هەموو باکووری ئەفریقادو ئینجا ئیسپانیاو تەنانەت تا نزیك رۆماش ، بە نیازی داگیرکردنیو لە ناوبردنی ئیمپراتوریتی رۆما کشا . بەلام ئەو ئامانجەی بۆ نەهاتەدی .
(گەورەترین حیکایەتی..–بەڵێنی کوشندە –ل١٥٤) .

٣٣– مووسا–Mose

لە سەدەی سیازدەیەمی پێش زایینیدا ژیاوە . دەوترێ گوایە لە دەرباری فیرعەونەکاندا پەروەردە بووەو بۆتە پێشەوایەکی سەربازیو لە شەرێکدا بە سەر حەبەشەدا زاڵ بووەو لە ئەنجامیدا (تەربیس)ی کچی پادشاکەیانی مارەکردوە . لە سەردەمی فیرعەون رەعمەسیس دووەمدا (١٣٠٠–١٢٧٢پ . ز) بە خۆیو تاقمەکەیەوە میسری جێهێشتوەو رووی کرۆتە فەلەستینوتیایدا جێگیربووەو ئایینەکەی خۆی بلاوکردۆتەوە (عەرەبو جوو لە مێژوودا – أحمدسوسە–ل ط ط–كك) .

٣٤کۆرش –Cyrus

بە کۆرشی گەورە ناوی دەبرێ . ساڵی (٥٢٨پ . ز) مردوە . دامەزرێنەری ئیمپراتۆریتی فارسەکانە . سەرەتا بە بەرپاکردنی شۆرشێك دژی پادشای مادەکان دەستیپێکردو خۆی کردە خاوەنی تاجو تەختەکەی . بە دوایدا ملی بە بەرپاکردنی چەندین جەنگەوە ناو لە ئەنجامیاندا ئاسیای ئەو رۆژگارەو ولاتی میتۆپۆمیاو سووریاو فەلەستینی داگیرکردو ئیمپراتۆریتی فارسەکانی لێپێك هێنان . هەر ئەویش بوو ئەو

جوولەکانەی کە نەبۆختنەسر گواستبوونی‌یەوە بۆ بابل ، گەڕاندنی‌یەوە بۆ ئۆرشەلیم .

٣٥- رۆومۆلۆس-Romulus

لە پادشا مەزنەکانی سەرەتای دامەزراندنی ئیمپراتۆریێتی رۆما یە . هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن ئەو شاری رۆمای بنیادناوە . بەڵا م گومان لەوەدا نی‌یە کە ئەو یەکەمین پادشا بووە ئەنجومەنی پیرانی لە رۆمادا پێك‌هێناوەو گەلێ یاسای بۆ رێکخستنی کاروباری دەوڵەت داناوە کە پادشا نۆمای دوای ئەو پەرەی پێداون‌و ئیتر ئەو یاسایانە بوونەتە بناغەیەکی پتەو بۆ رۆژگاری دوای خۆیان (دەمەتەق - ل٢١٥ ، ٢٥١ ، ٢٦٠) . هەروەها دانتی لە کۆمیدیای خواوەندی‌یەکەیدا (بەهەشت سروودی هەشتەم) ناوی دەباو دەربارەی دەڵێ : (یا لە پشتی باوکێکی کەساس ، کویرینۆسێك لەدایك بێ کە بکرێتە کوڕی مارس) . کویرینۆسیش ناوێکی مەزنی‌یە کەرۆمانکان بە رۆمۆلۆسیان بەخشیوەو بە کوڕی خواوەند مارسیان داوەتە قەڵەم . (کۆمیدیای خواوەندی - بەهەشت -ل ١٨٣ - پەراوێز ١١١) .

٣٦- سیزیۆس

قارەمانێکی ئە فسانەیی گریکەکانە . ئیجیۆسی باوکی پادشای ئیتیکا بووە .ژیانی قارەمانانەی خۆی بە کوشتنی گای ماراسۆنی دەس پێکردوە . هەروەکوو یەکێك بووە لەو حەوت لاوەی کە هەموو ساڵێ خەڵکی ئەسینا دەیانناردن بۆ کریت تا ئەژدەهاکەی قووتیان بدا . بەڵام (ئەردیان) دوای ئەوەی ئاشق بووە ، شمشێرێکی داوەتی‌و ئەژدیهاکەی پێ‌کوشتوە . ئینجا کە گەڕاوەتەوە بۆ ئەسینا بووە بە پادشاوناوبانگی بە کرداری لەرادەبەدەری توانای ئادەمیزاد دەرکردوە (دەمەتەقێ -ل ٢١١ - پەراوێزی وەرگێرەکەی) .

بەڵام مەکیاڤیللی خۆی هەر لە (دەمەتەقێ)دا دەربارەی دەڵێ : «سیزیۆس سەرکردایەتی‌ی گرتە دەست‌و فەرمانی بە خەڵکی شاری ئەسینای پەرت‌وبڵاودا کە شارەکە بنیادبنێن‌و تیایدا گردبنەوە» . (دەمەتەقێ - هەمان لاپەڕە) .

٣٧- رۆما

یەکەم شوێن کە وا زەن دەکرێ رۆمای لە سەر بنیادنراوە ، گردێکە کە.

پیٚیدەوترێ (بالاتین)و رووباری تایبەری بە دامیندا تێدەپەڕێ‌و (٢٤) کیلۆمەتر لە دەریاوە دوورە . دەوترێ گوایە ئەوە لە ساڵی (٧٥٣ – پ .ز)دا بووە . ئینجا لە سەردەمی ئۆگستۆسی یەکەم ئیمپراتۆری رۆما دا ، لە دەورەبەری (٢٧ – پ .ز)دا کە دانیشتووانی ئەو وەختە لەوپەری دەسەڵاتداریدا بوون‌و ژمارەیان لە ملیونێك زیاتر بووە ، لە شارێکی دروستکراو لە خشتەوە بۆتە شارێکی دروستکراو لە مەرمەڕ . ئیتر بە دوایدا بەردەوام روو لە فراوانی بووەو تەنیوەتەوە بۆ گشت گردەکانی دەوروپشتی . (گەورەترین . . . ل – ١٢٠ ، پەراوێز – ١٢٦) .

٣٨– میدی‌یەکان :

گەلێك بوون کە لە هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا لە باکووری رۆژئاوای ئێراندا دەژیان‌و (ئەرباکس) دامەزرێنەری بنەماڵە حوکمڕانەکەیانەو (ئەکباتان–هەمەدانی ئێستا) پایتەختیان بووە . کۆرشی گەورە لە ساڵی (٥٥٦–پ . ز)دا پایتەختەکەیانی داگیرکردوەو دەوڵەتەکەی لەناو بردوون‌و وڵاتەکەیانی داوەتە پاڵ ئیمپراتۆرێتە فارسی‌یەکەی خۆی . هەروەکوو لە ساڵی (٣٣٠–پ .ز)دا ، دوای سەرکەوتنی ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی (٣٣١)دا بە سەر دارای سیێیەمدا ، کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی یۆنانەکانەوەو ئینجا سلووکسی‌یەکان (سلووکس یەکێك بوو لە فەرماندەکانی ئەسکەندەر)و ئینجا لە سەدەی دووەمی (پ . ز)دا ئەرشاکی‌یەکان‌و ئیتر هەتا (فەتحی عەرەبی) لە ساڵی (٦٣٤)ی دوای زاییندا ، هەر لە ژێر چنگ‌و دەسەڵاتی ساسانی‌یەکاندا بوون . (گەورەترین . . . . ل ١٩ ، خوارووی پەراوێزی ژمارە–١٢–) .

٣٩–جیرۆلامۆ سافۆنارۆلا

(١٤٥٢–١٤٩٨) . لە شاری فیرارا لەدایك بووە . لە (دیر)ێکی سەر بە قەشە دۆمینیکەکاندا بۆتە رەبەن‌و پانزە ساڵی تێدا بەسەر بردوە . دوایی چۆتە شاری فلۆرنساو خەڵکێکی زۆر بۆ گوێگرتن لە وتارە ئایینی‌یەکانی لە دەوری گردبوونەتەوە . بە لەدین‌دەرچوون تاوانبار کراوەو پاپا بڕیاری بێ‌بەری‌کردن لە کڵێسەی بە سەردا داوە . لە ساڵی ١٤٩٤دا کە بنەماڵەی میدیتچی لە فەرمانڕەوایی‌کردنی فلۆرنسا خراون‌و لە

شار دەرپەڕێنراون‌و رژێمی جەمهووری تێدا دانراوە . ئەم کراوەتە حوکمرانی جەمهووری‌یەتەکەو گەلێ هەنگاوی چاکی بۆ چەسپاندن‌و بەڕێوەبردنی ناوە کە گرنگترینیان دانانی دەستوورێك بووە لەو بابەتەی مەکیاڤیللی خۆی بە ئاواتی‌یەوە بووە . بەلاّم لە ساڵی (١٤٩٨)دا بەدبەختی رووی تێکردوە ، گیراوەو ئیعدام‌کراوەو لاشەکەی سووتێنراوە . (دەمەتەقێ –ل ٢٨ ، ٣٢ ، ٢٦٤ ، ٣٦٧) .

٤٠– سیراکۆزە– Siracusa

دەکەوێتە باشووری رۆژهەلاّتی دوورگەی سیکلیاوەو یۆنانی‌یەکان لە سەدەی سێ‌یەمی پێش زایینیدا بنیادیان‌ناوە . بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لە رووی بایەخەوە وەك مەڵبەندێکی زانیاری‌و هونەر ، بە دوای ئەسینادا هاتوە . تا ئێستاش شوێنەواری شانۆیەکی یۆنانی تێدا ماوە کە بە گەورەترین شانۆی سەردەمی کۆنی جیهان دەدرێتە قەڵەم . شارەکە لە سەردەمی (هیرۆ)ی دکتاتۆریدا کە لە ساڵی (٤٨٠–پ . ز)دا بە سەر کرتاجەیی‌یەکاندا زاڵ‌بووە ، تەواو گەورەو فراوان بووەو بۆتە مەڵبەندێکی مەزنی شارستانێتی‌ی یۆنانەکان .

(گەورەترین . . . . ، ل–٨٠ ، پەراوێز–٨٥) .

٤١– شارەکانی ئەیۆن

مەبەست لەو شارانەیە کە دەکەوتنە سەر کەناری دەریای ئەیۆن . دەریای ئەیۆنیش ئەو ماوەیەی دەریای سپی‌ی ناوەراست دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان کەناری خۆرئاوای یۆنان‌و کەناری خوارووی ئیتالیاوە . (ح.ع)

٤٢– شارەکانی هیلسپۆنت Hellspont

بریتی‌یە لە کەنداوی دەردەنیل کە دەریای مەرمەرە بە دەریای ئیجە دەگەیەنێ ، واتە کەناری ئاسیا لە ئەوروپا جودا دەکاتەوە . درێژی‌یەکەی (٤٠) میل‌و پانایی‌یەکەی (٤) میلە . (گەورەترین . . . . –ل ٦٢ – ب ٧٠) . دیارە لێرەدا مەبەسی لەو شارانەیە کە دەکەوتنە سەر ئەمبەرو ئەوبەری کەنداوەکەوە .

٤٣– ئۆرسینی‌و کۆلۆنا :

دوو بنەماڵەی کۆنی بەناوبانگ‌و دەسەڵاتداری ناو شاری رۆما بوون . گەلێ پاپاو

کاردینال و میرو فەرماندەی سەربازی یان تێدا هەڵکەوتوە . بەردەوام لە گەڵ یەکتردا لە ناکۆکیدا بوون .

(دەمەتەقی – ل ٣٥ – پەراوێز) .

٤٤– مەکیاڤیللی لێرەوە ئیتر مەبەستی لە باسکردنی کردارەکانی دۆق فالنتینە ، واتە سیزار بۆرجیای کوڕی پاپا ئەلیکساندەر نەك پاپا خۆی . چونکە ئەو وەختە بووبووە سەرکردەی سوپاکەی باوکی و کەوتبوە داگیرکردنی ئەو شارو مەملەکەتانەی کە فەرەنسایی یەکان نەیگەیشتبوونێ وەك (ئیمۆلاو فۆرلی و پیزارۆو ئوربینۆو . . . هتد) . (ح.ع) .

٤٥– سینیگاگلیا – Sinigaglia

بریتی یە لە شاری سیناگالیکای زەمانی رۆمانەکان و دەکەوێتە سەر دەریای ئەدریاتیك نزیکی شاری ئەنکۆنا . لە ساڵی (٨٢–پ.ز)دا (پۆمپی) تالانی کردوە . لە سەدەی پێنجەمدا جوتە (قوط) رۆژئاوایی یەکان داگیریان کردوە . ئینجا لە سەدەی هەشتەمدا لۆمباردیایی یەکان و لە سەدەی نۆیەمدا عەرەبەکان . تا لە سەدەی سیازدەیەمدا لە ئەنجامی بەیەکدادانی نێوان جویلف و جیبلیندا وێران بووە . (کۆمیدیا – بەهەشت – ل ٣١٨ – پ ٥٨) .

٤٦– پیروجیا – Perugia پایتەختی هەرێمی ئۆمیریایە . لە وەختی خۆیدا قەڵایەکی سەختی ئیتروسکەکان بووە . لە ساڵی (٣١٠–پ–ز)وە کەوتۆتە ژێر حوکمرانی ی رۆمە وەو بووە بە مەیدانێکی جەنگی ناوخۆیی رۆمانەکان . لە ساڵی (٤١–٤٠پ.ز)دا ئاگستۆس داگیری کردو سووتاندی و بەڵام دوایی بنیاد نرایەوە . لە سەدەی شەشەمدا (تۆتیلان) وێرانی کردوەو بەڵام لە سەدەی یازدەیەمەوە رووی لە گەشانەوەو دەسەڵاتداری کردۆتەوە ، تا لە دەوروبەری ساڵی (١٣٠٠)دا حوکمرانی ی هەموو هەرێمی ئۆمیریای کردوە . ئینجا لە سەدەی شازدەیەمەوە بۆتە میرایەتی یەکی سەر بە ڤاتیکان . (کۆمیدیا–ل ٢٣١–پ ٤٣) .

٤٧– باگلیۆنی – Baglioni

مەبەست لە جیامپاولۆ باگلیۆنی ی میری شاری پیرۆجیایە کە قەیسەر بۆرجیا لەوەبەر

هێرشی بردبووە سەرو میرایەتی‌یەکەی لی'داگیر کردبوو.

مەکیاڤیللی لە (دەمەتەقێ)دا حیکایەتەکەی تەواو دەکاو دەڵێ: «پاپا یۆلیۆسی دووەم.... بڕیاری‌دا (لەساڵی ١٥٠٥دا .ح.ع) کە جیامپاولۆ باگلیۆنیش لە شاری پیرۆجیا کە زۆردارانە حوکمڕانی‌ی تێدادەکرد، دەرپەڕێنێ، چونکە سوێندی خواردبوو هەموو ئەو زۆردارانە لەناوبەرێ کە موڵکی کڵێسەیان زەوت کردبوو».

ئینجا مەکیاڤیللی وەهای دەگێڕێتەوە کە پاپا بە خۆی‌و ژمارەیەك لە کاردینالەکانی‌و تەنیا تاکە یاساوڵەکەی خۆیەوە، ڕوویان کردۆتە شارەکەو کەچی لەو سەرەوە ئەو دوژمنە جەربەزەیەی بە یەخسیری لەگەڵ خۆیدا هێناوەو حوکمڕانێکی سەر بە کڵێسەی لە شارەکەدا جی'هێشتوە. دواجار مەکیاڤیللی ڕووداوەکە وا لێکدەداتەوە کە مەسەلەی خۆبەدەستەوەدانی باگلیۆنی بەو ئاسانی‌یەو بۆ ئەوێکی نەگریس‌و ناپەسەند، لە ویژدان‌پاکی‌و ڕێزلێنانی کڵێسەوە نەبووە، بەڵکوو لە ئەنجامی سەرکێشی‌و مل‌پێوەنانی پاپا یۆلیۆسەوە بووە کە بۆ کات‌و شوێن‌و حاڵەتی تایبەتی خۆی پێویست‌و سوودبەخشەو دەبێ کۆی لی'نەکرێتەوە، چونکە «دەگمەنە خەڵکی بتوانن زۆر چاك لە زۆر خراپ لە یەکتری جودا بکەنەوە». (دەمەتەقێ-ل ٣١٠، ٣١١).

٤٨- پەیوەندی‌ی نێوان مەکیاڤیللی‌و بۆرجیا

یەکەم پەیوەندی لە نێوانیاندا بە هۆی شۆڕشی خەڵکی شاری ئەریزۆوە بووە کە قەیسەر بۆرجیا هانی‌بۆداون. بۆرجیا داوای لە فلۆرنسا کردوە کە نوێنەرێك بۆ ئەو مەبەستە بنێرن بۆ لای. ئینجا بەم بۆنەیەوە مەکیاڤیللی لەگەڵ سۆدیرینی‌ی سەرۆکی فلۆرنسادا چووە بۆ لای‌و بۆ یەکەمجار بینیویەتی‌و بۆی دەرکەوتوە کە مەبەستی گۆڕینی ڕژێمی جەمهووری بووە لە فلۆرنسادا. ئەمە لە ساڵی (١٥٠٢)دا بووە.

هەردوای ئەوە بە ماوەیەك. مەکیاڤیللی بۆتەوە بە نوێنەری فلۆرنسا لە لای بۆرجیاو سی' مانگ لە گەڵیدا ماوەتەوە. لەو ماوەیەدا دیویەتی کە چۆن شاری بیرگۆلای تالان کردوەو پەلاماری فۆسۆمبزۆی داوەو لەگەڵ ئۆرسینی‌یەکاندا جەنگاوەو چۆن بە هۆی گفت‌وگۆکردنەوەو بە فرت‌وفێڵ. سەرکردەکانیانی بانگ کردوە بۆ سینیگاگلیاو

لەویٚ قەلاچۆی کردوون . ئیتر مانەوەی لە گەڵیدا لەو سیٚ مانگەداو بینینی ئەم کاروکردارانەی ، وایان لە مەکیاڤیللی کردوە کە لە کتێبەکەیدا (میر) بە نموونەی شێرو ریٚوی‌یەکەی دابنیٚو زۆر جار ئیشارەتی پیٚبدا .

دوا پەیوەندی‌ی مەکیاڤیللی لەگەڵ قەیسەر بۆرجیادا ، لە دوای مردنی باوکی‌و هەڵبژاردنی یۆلیوسی دووەمدا بووە بۆ پاپایەتی کە بۆرجیا ئەو وەختە تازە لە نەخۆش‌یەکەی رزگاری بووەو کەوتۆتەوە سەرپیٚ . جا مەکیاڤیللی نامەیەکی داوەتیٚ کە بۆ ئەنجومەنی بالآی فلۆرنسای نووسیوەو تکای لیٚکردون ریٚگا بە بۆرجیا بدەن کە بەخاکی فلۆرنسادا بەرەو رۆمانا تیٚبپەریٚ . بەلاٚم هەر بە دوایدا نامەیەکی‌تری بۆ ناردوون کە تیایدا داوای کردوە ئەو نامەیەی دەستی بۆرجیا پشت‌گویٚ بخەن . (دەمەتەقیٚ‌ـل ٥١، ٥٢) .

٤٩– کۆلۆنا – Col;nna مەبەست لە کاردینال جیوڤانی کۆلۆنایە کە لە بنەماڵەی کۆلۆنا بووەو لە ساڵی (١٥٠٨)دا مردوە .

٥٠– ئەسکانیۆ – Ascanio کاردینال ئەسکانیۆ سفۆرزایە . برای لۆدۆڤیکۆ سفۆرزا بووە کە لە ساڵی (١٤٩٢)ەوە کرابووە (جیٚگر) بەسەر تەختی میرایەتی‌ی میلانەوەو ئینجا لە ساڵی (١٤٩٤)دا بووە میری تەواوەتی‌ی میرایەتی‌یەکە . ئەسکانیۆ لە ساڵی (١٤٩٢)دا لە پاڵ جیلیانۆ دی رۆڤیریدا یەکیٚك بوو لە دوو هاوشانە هەرە گەورەکەی کاردینال رۆدریجۆ (ئەلیکساندەر) بۆ هەڵبژاردن بۆ پاپایەتی‌و بەلاٚم ئەوەبوو رۆدریجۆ بە تەماعی ئەوەی بیکاتە راوێژکاری خۆی ، هەڵی‌خەڵەتاندو رایکێشایە پاڵ خۆی . ئیتر بە دوایدا ساڵ هات‌و ساڵ تیٚپەری‌و ئەسکانیۆ چەند جاریٚك بەپیٚی ئاڵ‌وگۆری بارودۆخی سیاسی ، لیٚی‌هەڵگەرایەوەو دایەوە پاڵی ، تا لە ئەنجامدا دوای مردنی فرسەتی بۆ هەڵکەوت کە هەر هیچ نەبیٚ نەیەڵیٚ کورەکەی (قەیسەر بۆرجیا) ئیدامە بە فەرمانرەوایی بنەماڵەکە بدا . (لۆکریشیا بۆرجیا–ل ٣٠ ، ٣٨) .

٥١– ئەم‌قسەیەی مەکیاڤیللی وادەگەیەنیٚ کەسان پیترۆ ئادڤینکۆلا بە ناوی یۆلیۆسی دووەمەوە کرابیٚ بە پاپا . بەلاٚم لە رۆمانی (لۆکریشیا بۆرجیا)دا واباس دەکریٚ کە کاردینال جیلیانۆ دی رۆڤیری بەو ناوەوە کراوە بە پاپا (ح.ع) .

٥٢- ئاگاتۆكليس – Agatocles

(٣٦١ – ٢٨٩ پ.ز) . پادشايەكى زۆردارى سيراكۆزە (سيكليا – صقليە) بووە . لە پايەوپلەيەكى زۆر نزمەوە پێگەيشتووە بەرزبۆتەوەو بۆتە فەرماندەيەكى سەربازى . بە تاوانى پيلانگێڕان دژى حكومەتەكەى گوناهبار كراوەو لە شار دوور خراوەتەوە . بەڵام بە خۆىو لەشكرێكى بەكرێگيراوەوە گەڕاوەتەوەو شارەكەى داگيركردووەو هەموو ئەندامانى ئەنجومەنى پيرانو هەزار كەسى لە خەڵكەكەى كوشتووەو خۆى تێدا كردۆتە تاكەميرو بە دوايدا جەنگێكى لەگەڵ كرتاجەيى‌يەكاندا بەرپا كردووە كە تيايدا شكاوەو لە شارى سيراكۆزەدا ئابڵووقە دراوە . بەڵام خۆى لە ئابڵووقەدانەكە دەرباز كردووەو چووە بۆ سەرووى ئەفريقاو لەوێوە كەوتۆتەوە پەلاماردانيان .(دەمەتەقێ – ل ١٣٢ ، ٤٧٦ ، ٤٨١ ، ٦٢٥) .

٥٣- سكليا – Sicilya ناوەكەى لە يەكێك لەو گەلانەوە وەرگيراوە كە شالاويان بۆ بردووەو تيايدا جێگيربوون . پێشتر ناوى (تريناكريا – **Trinacria**) بووە كە ماناى (زەوى‌يە سێ‌سووچەكە) دەبەخشێ . دوورگەيەكەو دەكەوێتە خوارووى شێوە دوورگەى ئيتالياوەو كەنداوى مەسينا لە يەكتريان جيادەكاتەوە . سيراكۆزەو تاينيوم لە شارە مێژوويى‌يەكانێتى . (گەورەترين...ل – ٤٨ – پەراوێز – ٥١) .

٥٤- هاميلكار – Hamilcar (.... – ٢٢٨ . پ.ز) . لەساڵى (٢٤٦)داو لە رۆژانى (جەنگى يەكەمى پۆنى)دا (٢٦٤ – ٢٤١)كە لە نێوان رۆماو كرتاجەدا رووى‌داوە ، ئەم فەرماندەى لەشكرى كرتاجەيى‌يەكان بووە لە سيكليادا . ئينجا وەختێك كرتاجەيى‌يەكان لە ئەنجامى بەزينى ئەو هێزە دەرياييەياندا كە لە سيكلياوە بۆ داگيركردنى رۆما رووى كردبووە ئيتالياو لە ساڵى (٢٤١)دا ناچارى پێكهاتن لەگەڵ رۆما دا بوون ، ئەم سيكلياى جێ‌هێشتو گەڕايەوە بۆ كرتاجە كە هەر لەو وەختەدا هێزێكى سەربازە بەكرێ گيراوەكان ياخى بووبوونو كرتاجەيان ئابڵووقە دابوو . بەڵام هاميلكار زاڵ‌بوو بە سەرياندا و شارەكەى لە چنگ رزگاركردنو ئيتر بەوە پايەوپلەى هێندە بەرزبووەوە كە وەك تاكە حوكمڕانێكى لێهات . هەروەها لە ساڵى (٢٣٧)دا ئيسپانياى بەو نيازە داگيركرد كە بيكاتە بنكەيەك بۆ بەگژداچوونو داگيركردنى رۆماو

بەڵام لە ساڵی (٢٢٨)دا لە شەڕێکدا لەوێ کوژراو تەواوکردنی نەخشەکەی بۆ هانیباڵی کوڕی جێ هێشت . (گەورەترین...، ل – ١٥٨ ، پ – ١٤٣) .

٥٥– جیۆڤانی فۆگلیانی – Giovanni Fogliani میری شاری فیرمۆ بووەو کوشتنەکەی لە ساڵی (١٥٠٢)دا بووە .

٥٦– پاولۆ ڤیتیللی – Paolo Vitelli فلۆرنسایی یەکان لە ساڵی (١٤٩٩)دا تۆمەتی ناپاکی یان دایە پاڵی و ئیعدامیان کرد .

٥٧– ڤیتیللۆزۆ – Vitellozzo میری سیتا دی کاستیللۆ بووە . یەکێك بووە لەو میرانەی قەیسەر بۆرجیا لە ساڵی (١٥٠٢)دا لە قەلاچۆکردنەکەی سینیگاگلیادا کوشتویتی .

٥٨– پاپا یۆلیۆسی دووەم – Julius . 11 دوای مردنی پاپا ئەلکساندەری شەشەمی باوکی قەیسەر بۆرجیا لە مانگی ئابی (١٥٠٣)دا ، کاردینال بیکۆلۆمینی بۆ پاپایەتی هەڵبژێردراو ناوی پاپا بیۆسی هەشتەمی وەرگرت . بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر پیربووە تەنیا بیست و حەوت رۆژ پاپایەتی ی کردوەو مردوە . ئەو وەختە قەیسەر بۆرجیا کە تا دوو سێ مانگ لەوەبەر لە هەرەتی دەسەلاتیدابوو ، گرۆڵەی تەواو کەوتبووە لێژی . بە سەرێك جەماوەری گەلی شاری رۆما بە خوێنی سەری تینووبوون و بە سەرێك لەشکرەکەی لە دەوری پاشەکشەیان لی کردبوو ، بە سەرێکیش ئەو نەخۆشی یەی لەگەڵ نەخۆشکەوتن و مردنی باوکیدا تووشی بووبوو لە پەل وپۆی خستبوو . ئا لەو وەختەدا کاردینال جیلیانۆ دیللا رۆڤیری ی کۆنە دوژمنەکەی بنەماڵەکەیان ، بووبووە یەکێك لە پالێوراوە بەهێزەکان بۆ هەڵبژاردن بە پاپا . تا ئەو ساتە بۆرجیا هێشتا بەلایەنی کەمەوە خاوەنی دەنگی یازدە کاردیناڵی ئیسپانیایی بوو کە بە بەری یەوە مابوو کاریان تێ بکا . بەڵام وەك مەکیاڤیللی خۆی لە کۆتایی بەشی حەوتەمی کتێبەکەیدا بەوردی لە چەند دیرێکدا باسی کردوە ، بۆرجیا بە پشتگیری کردنی هەڵبژاردنی کاردینال جیلیانۆ (یۆلیۆسی دووەم) بە پاپا ، لەو وەختە ناسکەدا هەڵەیەکی کوشندەی کردوەو چاڵی بۆ خۆی هەڵکەندوە . مەکیاڤیللی باسی چۆنێتی هەڵەکردنەکەی ناکا . بەڵام لە (لۆکریشیا

بۆرجیا)دا چیرۆك‌نووسانە حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە کە چۆن کاردینال جیلیانۆ فرسەتی لەو حاڵەتی کەساسی‌و کلۆڵی‌یەی هێناوە کە تێیکەوتوەو هەڵی‌خەڵەتاندوەو وای‌لێکردوە کاردیناڵە ئیسپانیایی‌یەکانی بۆ قایل‌بکا دەنگی بدەنێ ، بەرامبەر بە یاریدەدانی لە دەسگیرخستنەوەی دەسەڵاتەکەی پێشوویدا . کەچی هەر دوای هەڵبژاردنی بە پاپا ، فەرمانی گرتن‌و حەپس‌کردنی‌دا . ئینجا جارێکی‌تریش توانی ئەو بۆرجیا جەربەزە درندەیەی جاران وەك منداڵێك فریو بداو گوایە بەرامبەر بە سەروەت‌و سامانەکەی ئازادی بکا . کەچی لەم دەرگاوە بەرەڵلای کردوەو کردویتی‌یەوە بەو دەرگای بەندیخانەیەکی‌تردا .

بەهەرحاڵ پاپا یۆلیۆسی دووەم بنەماڵەی بۆرجیای تێکشکاندو لەسەر شانۆی سیاسەتی ڤاتیکان‌و ئیتالیای دەرهاویشتنەدەر . بەڵام خۆی لە واقیعی حاڵدا بەهەمان شوێن‌پێی پاپا ئەلیکساندەری شەشەمدا ڕێگای گرتەبەرو ژیانی خۆی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی کڵێسەو بەرفراوان‌کردنی تەرخان‌کردو دەورێکی باڵای لەو جەنگانەدا گێڕا کە لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا لە ئیتالیادا روویاندا . بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە یەکێك بووە لەو پاپایانەی هۆگری هونەرو ئەدەب‌و رۆشنبیری بوون‌و تەقەلایەکی زۆری بۆ گەشەپێ‌سەندنیان داوە ، تا ئەو ساتەی لە ١٣ شوبات ١٥١٣ دا کۆچی‌دوایی کردوە . (رۆمانی لوکریشیا بۆرجیا) .

٥٩– جەنگی یەکەم (جەنگی پۆنی) – **Punic War** زنجیرە جەنگێك لە نێوان رۆما و کرتاجەیی‌یەکاندا بە هۆی تەقەلادانی زاڵ‌بوونیانەوە بەسەر ناوچەی دەریای سپی‌ی ناوەراستدا روویدا کە مێژوونووسان بەسەر سێ پلەدا دابەشیان دەکەن :

١–جەنگی یەکەم : (٢٦٤ – ٢٤١ .پ.ز) : هۆی راستەوخۆی هاواربردنی دەستەیەك لە خەڵکی شاری (میکینا)ی یۆنانی بووە بۆ رۆما و دەستەیەکی‌تریان بۆ کرتاجەیی‌یەکان ، ئەویش لە وەختێکدا کە پادشای سیراکۆزە (سکلیا) هەرەشەی پەلاماردان‌و داگیرکردنی شارەکەی لێکردوون . ئینجا کە هەردوولا بەدەنگ هاوار بۆهێنانەکەوە چوون ، لەسەر ئەو مەسەلەیە لێیان بووە بە شەرو کوشتار لە یەکترو ئیتر جەنگ لە نێوانیاندا بەیناوبەین‌و هەر جارەی لەبەر هۆیەك بەردەوام بووە ، تا لە ئەنجامدا رۆمانەکان هێزی دەریای کرتاجەیی‌یەکانیان تەفروتوونا کردوەو ناچاریان

دوون دەست لە دوورگەی سکلیا بەربدەن .
- جەنگی دووەم (٢١٨ - ٢٠١ پ.ز) . هۆی راستەوخۆی ئەوەبووە کە رۆما لە تەشەنەسەندنی دەسەلاتی کرتاجی‌یەکان بۆ ئیسپانیا تەنگەتاو بوون‌و ویستویانە بەری لێ‌بگرن . جەنگەکە (هانیبال) دەستی پێکردوە کە لە چیای ئەلپ پەڕیوەتەوەو رۆمای خستوتە بەر مەترسی‌یەوە . بەلام (شیپۆن)ی سەر لەشکری رۆما ، لە ئەفریقاوە ، واتە لە پشتەوە پەلاماری کرتاجەی پایەختی مەملەکەتەکەی هانیبالی داوەو ئەنجام بە رازی‌بوونی کرتاجەیی‌یەکان بە مەرجەکانی رۆما بۆ شەروەستاندن شکاوەتەوە .
٣- جەنگی سێیەم : (١٤٩ - ١٤٦ پ.ز) . هۆیەکەی ئەوەبووە کە رۆماکان ترسیان لە هەلسانەوەی کرتاجەو هێرش‌بردنیان بۆ سەر یەکێك لە مەملەکەتە هاوپەیمانەکانیان لێ‌نیشتوەو ئەمجاریش هەر شیپیۆن ئاسا ، لەبەری لای ئەفریقاوە پەلاماری کرتاجەیان داوەو دوای کاول‌کردنی ، کردوویانەتە ویلایەتێکی ژێردەستەی خۆیان (گەورەترین - ل ١٥٥ - ١٥٦ - پ ١٤٢) .

٦٠- نابیس - Nabide

لە نێوان سالانی (٢٠٦-١٩٢ پ.ز)دا حوکمڕانی‌ی سپارتەی کردوە . تەختی پادشایەتی‌ی بەزەوت‌کردن زەوت کردوە . یەکەمجار داوێتی‌یە پال فیلیپی مەکدۆنیایی‌و ئینجا بۆتە دۆستی رۆما . دواجار ئیتۆلی‌یەکان نەخشەیەکیان بۆ کوشتنی داناکە بریتی بوو لە ناردنی ئەلیکسامینیسی هاوولاتی‌ی خۆیان لە گەل دوو سەد پیادەو سێ سەد سوارەدا ، گوایە بۆ ئەوەی یاریدەی بدەن‌و بەلام هەر هێندەی فرسەتیان لێ‌هێنا ، پەلاماریان‌داو کوشتیان .

٦١- سیکستۆس : Cixtos

پاپا سیکستۆسی چوارەمە کە دوای پاپا بۆلی دووەم بووە بە پاپاو لە سالی ١٤٨٠دا مردوە . یەکێك بووە لەو پێنج پاپایەی کە کاردینال (رۆریجۆ بۆرجیا - دوایی پاپا ئەلیکساندەری شەشەم) راوێژکاری بووە . (لوکریشیا بۆرجیا -ل ١٤ ، ١٥) .

٦٢- ئیبامینۆنداس - Ebaminondas

دوو قۆلی لە گەل بیلۆبیداسی هاوەلیدا مەملەکەتی تیبەیان لە داگیرکاری‌ی

سپارتایی‌یەکان رزگارکردووەو پشتیان بە خەڵکی شارو مەملەکەتەکەی خۆیان بەستوە. پرچەکیان کردوون‌و مەشقێکی باشیان پێ‌کردوون‌و بەوە گرەویان بردۆتەوە. دوای مردنی بیلۆبیداس لە ساڵی (٣٦٤.پ.)دا بۆتە حوکمڕانی مەملەکەتەکەو وەك حوکمێکی جەمهووری‌ی عادیلانە فەرماڕەوایی تێدا کردوە. بەڵام وەك مەکیاڤیللی ئیشارەت‌دەدا، دوای مردنی ئەو کار لەکار ترازاوەتەوەو فیلیپی مەکدۆنیایی کە بۆ سەرکردایەتی‌کردنی لەشکری مەملەکەتەکە بەکری‌گیراوە، دوای یەکەم سەرکەوتنی لە شەڕێکدا، خۆی بە سەریدا کردۆتە دکتاتۆر. (دەمەتەقێ – ل ٢٣٧، ٢٨٦، ٢٩٨، ٧٤٢).

٦٣– ئاراگۆن – Aragon

هەرێمێکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیاوە. لە سەدەی چواردەیەمدا بۆتە دەوڵەتێکی دەسەڵاتدارو بەتایبەتی پەلی بۆ خواروی ئیتالیا هاویشتوەو وەچەی پادشاکانی لەدوای ئەلفۆنسۆی دووەمیانەوە کە لە ساڵی (١٤٤٠)دا ناپۆلی‌ی داگیرکردو خستی‌یە ژێردەستی خۆیەوە، کەوتنە فەرماڕەوایی‌کردنی. دامەزرێنەری بنەماڵەی بۆرجیاش لە ئیتالیادا (ئەلفۆنسۆ بۆرجیا کە دوایی لە ساڵی (١٤٥٥)دا بە ناوی کالیکستۆسی سێ‌یەمەوە بوو بە پاپا)و کە مەکیاڤیللی زۆر بایەخی بە هەردوو وەچەی (پاپا ئەلیکساندەری شەشەم‌و قەیسەر بۆرجیا – سیزار –ی کوڕی داوە)، لە گەڵ لەشکرەکەی ئەو ئەلفۆنسۆیەدا بووەو چۆتە ئیتالیاوەو تیایدا نیشتەجێ بووە: (ڕۆمانی لوکریشیا بۆرجیا – ل ٧، ٨).

٦٤– لێرەدا هەست بە تێکەڵ‌وپێکەڵی‌یەك دەکرێ لە نێوان (سفۆرزا)و (فرانسیسکۆ)دا کە هەردووکیان ناوی یەك کەسن. لە دەقە عەرەبی‌یەکەو لە ئیتالی‌یەکەشیدا هەروەها نووسراوە. بەڵام لەوە دەچێ کە مەبەستی مەکیاڤیللی لە یەکێك لەو دوو ناوە کەسێکی‌تر بووبێ. (ح.ع).

٦٥– داود – Bavid

یەکێکە لە پادشاکانی ئیسرائیل، نێوان (١٠٠٠ – ٩٦٠ پ.ز.)و وەك لە (ئینجیل)دا وتراوە، تابووتە پیرۆزەکەی لە (ئەبیناداب)ەوە بۆ (ئۆبید)و لەوێوە بۆ

(ئۆرشەلیم) گواستۆتەوە . هەروەها مەکیاڤیللی لە (دەمەتەقێ)دا وای ئیشارەت پێدەدا کە یەکێك بووە لەوانەی (ورگی برسی‌یەکانی بە خواردەمەنی‌ی خۆش پڕکردوەو ورگی پڕی دەوڵەمەندانی برسی کردوە) . مەبەستیشی نموونەهێنانەوەیە بۆ سەلماندنی یەکێك لە تیوری‌یەکانی خۆی کە دەڵێ : (ئەگەر کابرایەك بووە حوکمڕانێك لە شارێك یا لە دەوڵەتێکداو بەتایبەتی ئەگەر تیایدا شوێن‌پێ‌یەکی قایمی نەبوو . . . باشترین شت بۆ هێشتنەوەی لە چنگیدا ، بە مەرجێك تازەمیرێك بێ ، ئەوەیە کە هەموو شتێکی سەرلەنوێ‌و لە سەر بناغەیەکی نوێ تێدا رێك‌بخاتەوە . . . وەك ئەوەی دەوڵەمەندەکانی بکاتە هەژارو لات‌وپووت‌و هەژارەکانی دەوڵەمەند بکا ، کوت‌ومت وەك داود کردی کاتێ بوو بە پادشا). (دەمەتەقێ –ل ٣٠٩) .

٦٦– شاوول – Saul

(١٠٢٠ – ١٠٠٠ پ .ز) . یەکەمین پادشای ئیسرائیلی‌یەکانە . فەلەستینی‌یەکان لە شەڕی چیای جیلبوادا بە سەریدا زاڵبوون‌و کە بینی هەر سێ کورەکەی بە بەرچاوی‌یەوە دەکوژرێن ، مشتۆی شیرەکەی چەقاندە زەوی‌و ورگی خۆی پێداداو خۆی کوشت . ئەمە لە ئینجیلدا نوسراوە .

٦٧– شارلی حەوتەم – Charle VII

دوای شارلی شەشەم چۆتە سەر تەختی پادشایەتی‌ی فەڕەنساو لە ساڵانی (١٤٢٢ – ١٤٦١)دا حوکمڕانی‌ی کردوە .

مەکیاڤیللی جگە لەم ، لەکتێبەکەیدا ناوی سێ پادشای‌تری فەڕەنسای بردوە کە حوکمڕانی‌کردنیان بەم جۆرە بووە :

لویسی یازدەیەم : ١٤٦١ – ١٤٨٣

شارلی هەشتەم : ١٤٨٣ – ١٤٩٨

لویسی دوازدەیەم : ١٤٩٨ – ١٥١٥

٦٨– جووتەکان – قوط– Juts

یەکێکە لەگەڵ سەرەکی‌یەکانی جەرمەنەکان . **لە سەدەی چوارەمی زایندا بوون بە** دوو بەشەوە : رۆژئاوایی‌و رۆژهەڵاتی .

ڕۆژهەلاتی یەکانیان ئەوانەبوون کە هەر لە سنووری ئیمپراتۆرێتی جارانی ڕۆما دا مانەوە . بەڵام ڕۆژئاوایی یەکان ڕووەو ڕۆژئاوای خوارووی ئەوروپا کشانو تیایدا جێگیربوون . دوا پادشایان (ڕۆدریك) ناوێك بوو کە (طارق بن زیاد) لە ساڵی (٧١١)دا بەزاندی . (گەورەترین . . . . ، ل ٢١٤ ، پ - ٢٠٢) .

٦٩- ئاخیل - Achill

قارەمانی هەربەناوبانگی جەنگە دە ساڵ خایەنەکەی تەروادەیە کە هۆمیرۆس لە (ئەلیازە)کەیدا نەمری ی پێ بەخشیوە ، دوای ئەوەی دەماودەم بووبووە قارەمانێکی ئەفسانەیی و گوایە خواوەند تیتیسی دایکی ، بۆ ئەوەی لە بەشداربوونی شەری تەروادە ڕزگاری بکا ، لە کانتوورشیرۆنی وەرگرتبووەوەو بردبووی لە دوورگەی سکیزۆس لە دەریای ئیجەدا بە جل وبەرگی ژنانەوە حەشاری دابوو . بەڵام ئۆلیسیسو دیۆمید پێدەزانن و دەچن دەیفرێننو بەشداری شەرەکەی دەکەنو تەروادەی لە جەنگدا پێدەشکێنن . لە میتۆلۆجیای یونانیو ڕوماندا وەها وتراوە . بەڵام هۆمیرۆسی شاعیری مەزن لە ئەلیازەکەیدا کە لە ساڵی (٩٠٠)ی پێش زاییندا نووسیوێتی ، واتە چەند سەدەیەك دوای بەسەرهاتەکە ، وای باس دەکا کە فابیسی کوری پادشای ئیلیۆن (واتە بەرەی لای تەروادە) ، هیلانەی ژنی پادشای ئاخی یەکان (مانیلا)ی فڕاندوە کە دەوترێ گوایە جوانترین ئافرەتی ئەوسای سەرزەمین بووەو تەنانەت ئاگامیمنوونی پادشای پادشایانی ئاخی یەکان ئاشق بووە . بۆیە ئەم ئاگامیمنوونەی پادشای پادشایان ، گاڵی گشت پادشایانی ئاخی یەکانی بۆ یاریدەدانی مانیلاو سەندنەوەی هیلانە داوەو لەوەوە شەرە دە ساڵ خایەنەکەی تەروادە دەستی پێکردوە کە ئاخیل تیایدا بۆتە قارەمانی هەرە مەزنو بەناوبانگو وێنەیەکی ڕۆستەمی زاڵی شانامەکەی فیردەوسی یە .

ئینجا مەکیاڤیللی کە ئیشارەت بە ئاخیلو ئەسکەندەری گەورە پێکەوە دەدا ، دیارە مەبەستی ئەوەیە کە شوێن پێ هەڵگرتنی کەڵەپیاوانی لەوەبەر بکاتە بنەمایەك بۆ هەر کەسێك بیەوێ ڕێگای بوون بە کەڵەپیاوی وەك ئەوەی پێش خۆی بگرێتەبەر .

ئاخیل بە حسابی ئەفسانەی دەماودەم بێ یا بە حسابی هۆمیرۆس‌و یا سەرچاوەکانی‌تری مێژوو ، وای باس دەکەن کە لاوێکی جەنگ‌ئامێزی هێجگار چابووکی هێجگار بەکاربووەو بەلام زۆریش بەرەحم‌و بەزەیی بووە ، ئەگەرچی وەختێك وای پێویست کردبێ کە رەحم‌و بەزەیی تەواو لە دڵی خۆی دەربکا ، بێ سێودوولێکردن کردوێتی‌و خۆی لێ‌لانەداوە ، وەك لە دوا رۆژانی شەری تەروادەدا بەرامبەر بە قارەمانی هەرە مەزنی تەروادەیی‌یەکان (هیکتۆر)ی برای ڤابیس کردی‌و ئینجا دوایی تر لی‌ی پاشگەز بووەوە .

دواجار دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەر ئەو ئاخیلە مەزنە ، بە کوێرە تیرێکی لاوەکی‌ی ڤابیسە شەرهەڵگیرسێنەرەکەی جەنگەکە کوژرا . (گەورەترین...پ ٢٣–ل ٣٢) .

٧٠– یۆلیۆس قەیسەر Julius Caesar)(١٠٠–٤٤ پ.ز) . لەگەڵ پۆمپی‌و مارکۆس کراسۆسدا کە دوو فەرماندەی سەربازی‌و سیاسی‌ی‌تری ئەو سەردەمەی رۆما بوون . سێ قۆڵی‌و بەهاوبەشی ئیمپراتوریێتی‌یەکەیان بەریوە دەبرد . لە ساڵی (٥٥ پ.ز)دا مارکۆسیان بە خۆی‌و لەشکرێکەوە رووەو سووریا بۆ جەنگ‌کردن لەگەڵ فارسەکاندا کشاو بەلام دوای شکستی‌هێنانی لە سەردەستی سۆرینازی فەرماندەی فارسەکاندا ، لە کشانەوەیدا پیلانێکی لێ‌کراو کوژرا . بە دوایدا لە ساڵی (٥٢ پ.ز)دا ، لەسەر ئەوەی کە پۆمپی تەقەلای دەدا خۆی ببێتە تاقە حوکمرانی ئیمپراتورێتەکە ، ناکۆکی‌یان کەوتە بەینەوەو پێکداهەڵگژان‌و لە ئەنجامدا قەیسەر لە شەری فرسالیادا کە لە ساڵی (٤٨–پ.ز)دا لەنێواندا روویدا ، سەرکەوت‌و پۆمپی هەڵات بۆ میسرو لەوێ لە لایەن یەکێك لە ئەفسەرەکانی‌یەوە کوژرا . ئیتر قەیسەر خۆی بوو بە تاقە حوکمران ، تا ئەویش لە ساڵی (٤٤–پ.ز)دا بە دەستی پرۆتۆسی هاوەڵی‌و سەردارانی رۆما کوژرا .

٧١– ئێکزۆنۆفۆن – Xonophon (٤٣٥–٣٥٤ پ.ز) . مێژوونووسێکی یۆنانی‌یە . لە فەرماندە سەربازی‌یەکانی ئەسینا بووە . قوتابی‌و برادەری سوکرات بووە . بۆ ماوەیەك چۆتە لای کۆرشی پادشای فارسەکان‌و ئیشی بۆ ئەو کردووەو کتێبێکیشی بە ناوی (مێژووی ژیانی کۆرش)ەوە داناوە کە مەکیاڤیللی لە کتێبی (دەمەتەقێ)کەیدا ، لە

زۆر شوێندا کە باسی کۆرشی کردبێ ئیشارەتی پێداوەو شتی لێوەرگرتوە . هەروەها زیاتر مەیلی بە لای سپارتادا چووە . گەلێ کتێبی مێژوویی و فەلسەفەیشی داناون ، لەوانە کتێبی (هیرۆ) کە لە زۆرداری دەدوێ .

٧٢- شیپیۆن – Scipione (٢٣٤–١٨٣ پ.ز) . فەرماندەیەکی سەربازیی گەلێ بەناوبانگ و لێهاتووی رۆما بووە.لە ساڵی (٢٠٢ پ.ز)دا لە شەری (زاما)دا بەسەر هانیباڵی کرتاجەییدا (٢٤٧–١٨٣)زاڵ بووە کە لەوەبەر زۆربەی وڵاتی رۆماکانی داگیر کردبوو. مەکیاڤیللی لە (دەمەتەقێ)دا چەندین جار ئیشارەتی پێداوە گەلێ نموونەی لەسەر هێناوەتەوە . هەروەکوو دانتی‌یش بە رێزلێنان و ستایشکردنەوە ئیشارەتی پێداوە (کۆمیدیای خواوەندی – ل ٤٦٤ – دێری ٦١) . بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە وەرگێرەکەی لە پەراوێزەکانیدا سێ مێژووی جیاجیای بۆ ئەو شەری زامایە داناوە .

٧٣- پیستۆیا – Pistoia (پیستۆلا)شی پێدەوترێ و لە کۆندا ناوی پیستۆریا بووە . دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای فلۆرنساوەو (٢٠) میل لێوەی دوورە . (دەمەتەقێ – ل ٧٠٠ – پ ١) .

٧٤- ڤیرجیل ڤیرجیلۆس – Virgil Virgilus (٧٠–١٩ پ.ز) . شاعیری گەورەی رۆمانە . لە نزیك شاری (مانتوا)دا کە دەکەوێتە سەرووی ئیتالیای ئێستاوە لەدایك بووە . لە شاری کریمۆنا (میلان)و ناپۆلی خوێندویێتی . بە سەراپای ناوچەکانی ئیمپراتۆرێتیدا گەراوە . لە شاری (براندیزی) کە دەکەوێتە خوارووی ئیتالیاوە مردوە . (ئەنیادە) یەکێکە لە شارەکانی کە هاوشانی (ئەلیازە)کەی هۆمیرۆسە . هەروەها (دانتی) هێندە بە شاعیرێکی گەورەو لێهاتووی داناوە کە لە گەشتەکەی خۆیدا بۆ ئەوەدنیا (کۆمیدیای خواوەندی) ، کردوێتی‌یە هەم هاورێی گەشتەکەی و هەم چاوساغی خۆی .

٧٥- دیدۆ – Dido لە میتۆلۆجیای یۆنانیدا ، کچی بیلۆسی پادشای (صوور)ەو خوشکی بیجمالیۆنە : کە مێردەکەی خۆی کوشتوە ، ئەوسا ئەم ناچاربووە هەرچی گەنجێکی باوکی هەبووەو بۆیان بەجێماوە ، لەگەڵ خۆیدا بیبات و خۆی بگەیەنێتە

باکووری ئەفریقا . ئیترگوایە لەویٚ خاکی کرتاجەی لە پادشای لیبیا بەوگەنج‌وسامانە کڕیوەو خۆی تێدا جێگیر کردوە . دەشوترێ گوایە بۆ ئەوەی شوو بە ئایاریاسی پادشای لیبیا نەکا ، خۆی کوشتوە .

٧٦- هانیباڵ – Hannibal ٢٤٧-١٨٣-پ.ز) . کوری هامیلکارەو فەرماندەو سەرلەشکری هەرە بەناوبانگی کرتاجە بووە . کە باوکی لە ساڵی (٢٢٨-پ.ز)دا کوژرا ، ئەم لەگەڵ هازدرۆباڵی زاوایدا دوو قۆڵی سەرکردایەتی ی لەشکری کرتاجەیی یەکانیان دەکرد . بەلاٚم کە هازدرۆباڵ لە ساڵی (٢٢١-پ.ز)دا کوژراوە ، ئیتر ئەم کە هێشتا تەمەنی (٢٦) ساڵ بوو ، بووە بە تاقە فەرماندەی لەشکرەکەو لەبەر ئەوەشی سوێندی بۆ باوکی خواردبوو کە تەخت‌وتاجی ئیمپراتوزێتی رۆما تێك‌وپێك بنیٚ ، بە خۆی‌و لەشکرێکەوە بە رێگای ئیسپانیادا بەرەو ئیتالیا کەوتە ریٚ . لەشکرەکەی لە سەرەتادا لە (٣٠) هەزار سەربازی پیادەو شەش هەزار سوارە پێك‌هاتبوو . بەلاٚم بەدەم رێوە تا دەهات زیادی دەکردو کە نزیك ئیتالیا بۆوە ژمارەیان گەیشتبووە (٩٠) هەزار پیادەو (١٢) هەزار سوارەو ژمارەیەکی زۆر هێسترو ولاٚخی‌ترو (٤٠) فیلیش‌و دەوتریٚ کە ماوەی نێوان سەرەتاو کۆتایی لەشکرەکەی (٢٠) میل بووە .

هانیباڵ لە چەندین شەڕدا بەسەر رۆمەکاندا زاڵ‌بووەو راوی‌ناون تا تەواو لە رۆما نزیك بۆتەوەو تەنیا چەند مێلێکی مابوو بیگاتیٚ‌و کەچی لەوێدا راوەستاوە بۆ ئەوەی ماوەی حەسانەوە بە لەشکرەکەی بدا . جا دەوتریٚ لەو ماوەیەدا لەشکرەکەی لە شاری (کاپوا)دا بەرابواردنەوە خەریك بوون‌و ئەوە بۆتە هۆی لاوازبوونی .

بەهەرحاڵ (شیپۆن)ی فەرمانەدەی لێهاتووی رۆما ، لەو وەختەدا فرسەتی هێناوەو بەلاٚم لەبری ئەوەی رووبەرووی هانیباڵ ببێتەوەو لە ئیتالیادا لە گەڵیدا بجەنگیٚ ، ئەم بە خۆی‌و لەشکرەکەیەوە لە ئەفریقاوە شالاٚوی بردوەو بەرەو کرتاجەی پایتەختی ولاٚتەکەی هانیباڵ کشاوە . ئەوسا هانیباڵ ناچار بووە بە خێرایی لە ئیتالیا بکشێتەوەو بچیٚ بە هاواری کرتاجەوە . ئینجا لە ساڵی (٢٠٢-پ.ز)دا لەگەڵ شیپۆندا لە نزیك شاری (زاما)دا بەیەکیاندا داوەو دوای شەڕێکی درێژخایەن ،

هانیباڵ شکستی ی هێناوەو لەشکرەی شکاوە.
دوایی کە بە ناچاری لەگەڵ رۆمادا[1] پەیمانی ئاشتی ی بەستوە، کرتاجەیی یەکان تاوانی ناپاکی یان داوەتە پاڵی و ئەویش لە ئەنجامیدا هەڵاتوە بۆ سووریا. بەڵام (پرۆسیاسی یەکەم)ی پادشای بیسینیا ناپاکی ی لە گەڵدا کردووەو ویستویەتی بیداتە دەست رۆمانەکان ئیتر وەختێك سەربازەکانی رۆما ئابلۆوقەیان داوە، ئەم بۆ ئەوەی تووشی زەلیلی نەبی و نەیبەن بە کۆت وزنجیر کراوی بە شەقامەکانی رۆمادا بیگێڕن، بە زەهر خۆی کوشتوە. (گەورەترین....ل ١٥٨-١٦٤).
٧٧- فابیۆس ماکسیمۆس - Fabius E Maximus بە (لەسەرخۆ) ناسراوەو چەند جارێك و یەك بە دوای یەکدا بە کۆنسوڵ و چاودێرکار (کۆنسور)و دیکتاتۆر لە رۆمادا هەڵبژێردراوە: لە ساڵی (٢٣٣ پ.ز)دا کە کۆنسوڵ بووە، وڵاتی لیگواری یەکانی داگیرکردوە. لە وەختی جەنگ لەگەڵ هانیباڵدا کراوە بە دیکتاتۆرو لەو جەنگەدا سیاسەتێکی بەرگری کردنی تایبەتی گرتۆتەبەر.. بەرگری کردن بە هێواشی و لەسەرخۆو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کە بە سیاسەتی فابیزم ناسراو بزووتنەوە سۆشیالیزمی یەکەی فابی یەکانیش (کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای بیستەم و لە گەڵیاندا ئەدیب و رووناکبیری ناسراو بەرناردشۆ) هەر لەوەوە هاتوە. هاوەڵەکانی لە ئەنجومەنی پیراندا لە سەرەتادا لەم سیاسەتەی نارازی بوون. بەڵام دوای ژێرکەوتنی رۆما لە شەڕە قورسەکەی (کانێ)دا ساڵی (٢١٦ پ.ز) لە رووی هانیباڵدا، ناچار مەجبووری بوونەوەو ئەوەبوو بە دوایدا لە ساڵی (٢٠٩)دا تۆرنتۆی سەندەوە. لەگەڵ (شیپیۆن)دا لەسەر ئەو سیاسەتە جەنگی یەی دەبێ بگیرێتەبەر ناکۆك بوون. لە ساڵی (٢٠٣)دا مرد.
ئینجا دوای ئەم سەرەقەڵەمانە، بە پێویستی دەزانم حیکایەتەکەتان بەو شێوەیەی مەکیاڤیللی لە (دەمەتەقێ)دا دەیگێڕیتەوە بۆ باس بکەم.
١-هانیباڵ پادشای کرتاجە (٢٤٧-١٨٣ پ.ز) ئەو رۆژگارە، شاڵاوێکی بێ ئامانی ئەوتۆی هێنابوو کە سەراپای ئیسپانیاو زۆربەی خاکی ئیتالیای داگیرکردبوو، لە هەمووشی بەناوبانگ‌تر تێپەڕبوونە ستەمەکەی بوو لە زنجیرە شاخی ئەلپ و لە ئەنجامدا

رۆما خۆیشی کەوتبووە بەر مەترسی‌یەکی گەورەوە .

٢-فابیۆس ئەو وەختە سەرلەشکری رۆما بوو کە لەشکرەکەیان لە دوو شەڕی گەورەدا لە رووی هانیباڵی گەنج و کارامەو مەستی نەشوەی سەرکەوتندا شکستی هێنابوو...دوو جار شکستی و بەدوایدا ورەبەردانێکی سامناکی سەربازانی ئەم جەمهووری‌یەتە نموونەیی‌یە (لەباری سەرنجی مەکیاڤیللی‌یەوە) .

٣-کارامەیی و دوورو وردبینی‌یەکەی فابیۆس لەوەدابوو کە بڕیاری‌دا ئەو تین‌وتەوژمە بێ‌ئامانە ، بە سەبرو هێمنی‌و لەسەرخۆیی‌یەکی درێژخایەنەوە بەرەنکاری بکرێ .

٤-بەڵام ئەم سیاسەتە نەبووە جێگای رەزامەندی‌ی گەل و ئەنجومەنی پیران‌و بگرە هەموو لێ‌یکەوتنە تەقەو تانووت‌لێدانی . بۆیە ئەو لێ‌خراو بە دوایدا (شیپیۆن)ی بەناوبانگ هاتەکایەوە .

٥-کەچی وەختێ شیپیۆن هاتە بەرمەیدان ، مێژوو سەلماندی کە ئەگەر فابیۆس بەو جۆرە کرداری نەکردایە کە کردی ، ئەم ئەو سەرکەوتنەی بەسەر هانیباڵدا بۆ بەدی‌نەدەهێنرا کە لەساڵی (٢٠٢)دا بەدی‌ی‌هێنا .

٦-دواجار دەبێ ئەوە بڵێم کە لەو سەردەمەی ئیمپراتۆرێتی رۆما دا (سەردەمی رژێمی جەمهووری) ، گەل خۆی بە ئەنجومەنی پیران‌و بەرەی سەردارو سەروەران‌و ئەندامانی (تریبیون) (پارێزگاری‌کەران لە جەماوەری گەل کە بە هەڵبژاردن لە لایەن خۆیانەوە هەڵدەبژێردران) ، هاووڵاتی‌یەکی هەڵدەبژاردو دەیکردە دیکتاتۆرو بۆ رووبەرووبوونەوەو چارەسەرکردنی حاڵەتێکی تایبەتی‌ی تەواو سەخت‌و ستەم ، دەیانکردە بەرپرسیارو بە دوایدا ئیتر ئاسایی بوو لەو دیکتاتورێتی‌یەی بکەوێ یالی‌بخرێ .

٧٨- کانتوور (شیرۆن) – Canture ، یەکێکە لەو گیان‌لەبەرە ئەفسانەیی‌یانەی کە نیوەی لەشیان ئادەمیزادەو نیوەکەی‌تری ئاژەڵ‌و ئەفسانەکە دەربارەیان دەڵێ کە لە هەور لەدایك بوون .

٧٩- جیۆڤانی بێنتیڤۆگلی – **Giouanni Bentivogli** (١٤٤٣–١٥٠٨) . بنەماڵەکە «بێنتیڤۆگلی» بەدرێژایی سەدەی یازدەیەم فەرمانڕەوایی شاری بۆڵۆنایان کردوە . ناودارترین پیاویان جیۆڤانی بووە کە لە ساڵی (١٤٦٤)دا تەختی میرایەتی‌یەکەی باوکی سەندۆتەوەو بۆتە فەرمانڕەوای بۆڵۆنا . ئەو ئەگەرچی بایەخی بە هونەرو ئەدەب‌و زانیاری داوەو بۆڵۆنای کردۆتە شارێکی جوان ، بەڵام لە حوکمڕانی‌کردندا دڵڕەقی‌و جەربەزەو ئازاردەر بووە . دوای (٤٤) ساڵ فەرمانڕەوایی‌کردن ، پاپا یۆلیۆسی دووەم

له ساڵی (١٥٠٦)دا له شاره‌كه ده‌ری په‌راندووه‌و له‌گه‌ڵ خێزانه‌كه‌یدا هه‌ڵاتوه بۆ میلان‌و دوای ئه‌وه به دوو ساڵ مردوه . فه‌ره‌نسایی‌یه‌كان له ساڵی (١٥١١)دا هه‌ردوو كوره‌كه‌یان گه‌راندۆته‌وه سه‌ر ته‌ختی میرایه‌تی‌ی بۆلۆناو به‌ڵام بۆ ساڵی دوایی ، پاش به‌زین‌و كشانه‌وه‌ی ئه‌وان ، له شاره‌كه ده‌ركراونه‌ته‌وه . «ئینجا مه‌كیاڤیللی كه ده‌ڵێ : (هانیباڵ بێنتیڤۆگلی‌ی میری بۆلۆناو باپیری میری ئێستا به‌رێز هانیباڵ — مه‌به‌ستی هانیباڵی كوری جیوڤانی‌یه دیاره هێشتا ئه‌م ده‌ركردنه رووی نه‌داوه .ح.ع» (ده‌مه‌ته‌قێ - ل ٣١٠ - په‌راوێز) .

٨٠- **ماركۆس ئۆریلیۆس** – **Marcos Aurelios** (١٢١-١٨٠ ز) . له ساڵی (١٦١)دا بووه به ئیمپراتۆر . هه‌ر له منداڵی‌یه‌وه به رۆشنبیری‌یه‌كی باڵا په‌روه‌رده كرابوو . سه‌ر به فه‌لسه‌فه‌ی رواق بوو . هه‌روه‌كوو پتر به لای سۆفیێتیدا دایده‌شكاند . له سه‌رده‌می خۆیدا گه‌لێ هه‌نگاوی بۆ چاككردنی باری ئابووری ناوه . كتێبێكیشی به ناوی (وردبوونه‌وه)وه داناوه .

٨١- **كۆمۆدۆس** – **Commodos** كوری ماركۆس ئۆریلیۆسه . له ساڵی (١٨٠ ز)دا بۆته ئیمپراتۆرو تا ساڵی (١٩٢ ز) جوكمرانی‌ی كردوه . ئه‌م به پیچه‌وانه‌ی باوكی‌یه‌وه ، مرۆڤێكی داوێن‌پیس‌و به‌دره‌وشت بووه كه ته‌نانه‌ت به ده‌ستی ئافره‌تێكی قه‌پاتمه‌ی خۆی كوژراوه‌و مه‌كیاڤیللی حیكایه‌تی كوشتنه‌كه‌ی ده‌گێرێته‌وه‌و ده‌ڵێ : «ئیمپراتۆر كۆمۆدۆس دووبراده‌ری زۆر دڵسۆزی هه‌بوون كه لایتیۆس‌و ئیلیكتۆسیان ناو بوون‌و سه‌ركردایه‌تی‌ی پاساوڵه‌كانی خۆی پی‌سپاردوون . هه‌روه‌كوو ئافره‌تێكی قه‌پاتمه‌شی هه‌بووه كه مارسیای نابووه‌و زۆری خۆشویستوه . دوو براده‌ره‌كه‌ی له‌سه‌ر ئه‌و ره‌وشته‌ی سه‌رزه‌نشتیان كردوه‌و قسه‌ی توندوتیژیان پی‌وتوه . بۆیه بریاری داوه هه‌ردووكیان‌و مارسیاش له گه‌ڵیاندا بفه‌وتێنێ . ئینجا ده‌وترێ گوایه لیستێه‌یه‌كی به ناوی هه‌رسێكیان‌و چه‌ند كه‌سانێكی تریش نووسیوه كه بۆ شه‌وێ بیانكوژێ‌و خستوێتی‌یه ژێر سه‌رینه‌كه‌یه‌وه . ئینجا به دوایدا كه چۆته حه‌مام بۆ خۆشتن ، یه‌كێك له منداڵه بچكۆله‌كانی كه زۆری خۆشویستوه ، چۆته ژووره‌كه‌ی‌و له‌سه‌ر جێگاكه‌ی یاری‌ی

کردوەو بە ڕێکەوت لیستەکەی بەردەست کەوتوەو دەری هێناوە . کە لە ژوورەکە هاتۆتە دەرەوەو لیستەکەی بە دەستەوە بووەو هەر بە ڕێکەوت مارسیای تووش هاتوە ، لیستەکە بەرچاوی مارسیا کەوتوەو ئەویش دوای خوێندنەوەی ، هەرخێرا لایتیۆس و ئیلیکتۆسی ئاگادار کردوەو ئیتر سێ قۆڵی کە سەیریان کردوە وا مردن زۆری بۆ هێناون ، بڕیاری کوشتنی ئیمپراتۆریان داوەو هەر کە شەو داهاتوە کوشتویانە» .

لێرەدا دەبێ ئیشارەت بەوە بدەم کە مەکیاڤیللی لە شوێنێکی کتێبی (دەمەتەقێ)کەیدا بە هەڵە دەیخاتە ریزی ئیمپراتۆرە چاکە خوازەکانەوە . هەروەکوو لە شوێنێکی تردا (ل ٦٠٢)ناوی یەکێك لە دوو برادەرەکەی بە بیرینیس دەبا . (دەمەتەقێ ل ٤٠ ، ٦٠٢ ، ٦١٣ ، ٦٢٧) .

٨٢- بەرتیناکس - **Bertinacs** لە ساڵی (١٩٢-ز)دا بۆتە ئیمپراتۆر .

مەکیاڤیللی لە (دەمەتەقێ)دا ئیشارەت بە جۆری کۆتایی هاتنەکەی دەداو دەڵێ : «لەو بیست و شەش ئیمپراتۆرەی لە نێوان قەیسەرو مەکسیمینۆسدا حوکمڕانی یان کردوە ، شازدەیان بە کوشتن کوژراون و تەنیا دەیان مردنێکی ئاسایی مردوون . تەنانەت ئەگەر هەندێك لەوانەی کوژراون پیاوباش بووبن وەك گالیاو بەرتیناکس ، ئەوا کوشتنەکەیان ئەنجامی ئەو حاڵەتی گەندەڵی یەی نێوان سەربازانی ئیمپراتۆرەکانی پێش خۆیان بووە کە لە کایەدا بووە» ئینجا هەر بەدەمی یەوە دەڵێ : «یا ئەگەر یەکێك لەوانەی ئاسایی مردوون پیاوێکی شەڕخوای وەك سیڤیرۆس بووبێ ، ئەمە دەبێ یەکەم بدرێتە پاڵ خۆشبەختی یەکەی و دووەمیش ئازایەتی یەکەی کە بە دەگمەن هەڵدەکەوێ ئەم دوو سیفەتە پێکەوە لە مرۆڤێکدا کۆببنەوە» . (دەمەتەقێ - ل ٢٥٦ ، ٢٥٧) .

٨٣- کاراکالا - **Caracalla** (١٨٦-٢١٧ ز) . مەکیاڤیللی لە (میر)دا دەڵێ کوڕی ئەنتۆنیوسە . لە کاتێکدا وەرگێڕی دەمەتەقێ لە پەراوێزێکی خۆیدا دەڵێ کوڕی گەورەی ئیمپراتۆر سپتیمیۆس سیڤیرۆسەو لە ساڵی (٢١٢)دا بەهاوبەشی لەگەڵ گیتای برا بچووکیدا بوونەتە ئیمپراتۆر . بەڵام هەر لەو ساڵەدا براکەی خۆی کوشتوەو بۆتە تاکە ئیمپراتۆر . سەردەمی حوکمڕانی یەکەی پڕ لە پیاوخراپی و زۆرداری و زەوتکاری بووە . لە ئەنجامدا لەسەر دەستی ماکرینۆسدا کوژراوە . (دەمەتەقێ - ل ٦١٣) .

٨٤ ماكرینۆس Macrinos یەکێك بووە لە پێشەوا سەربازیەکانی کاراکالاو سەرکردەی ئەو لەشکرەی بووە کە ناردویتی بۆ ولاتی میتوپۆتامیا . ئینجا لەبەر ئەوەی کاراکالا . وەك لە ناو میرە خراپەخوازەکاندا باوە کە هەردەم لە پیلانگێران لە دژیان دەترسن . داوای لە ماتیریانۆسی برادەری کردوە لە فالگرەوەکانی رۆما بپرسێ کە ئاخۆ کەسێك هەیە تەماعی کردبێتە ئەوەی ببێتە ئیمپراتۆر یان نا؟. ماتیریانۆس لە وەرامیدا وتویتی : بەڵێ ماکرینۆس ئەو تەماعکارەیە . بەلاّم وا رێکدەکەوێ کە نامەکە لەبری ئەوەی بە ئیمپراتۆر بگا . دەست ماکرینۆس دەکەوێو ئیتر ئەم کە دەزانێ کوشتن بە دەستی کاراکالا مسۆگەرە . لەلای خۆیەوە بریاری کوشتنی ئەو دەداو کارەکەش بە ئەفسەر مارتیالیس دەسپێرێ کە هەم زۆر دڵسۆزی بووەو هەم زۆر بەرامبەر بە ئیمپراتۆریش دڵ پر لە رق‌وکینە بووە ، چونکە پێش ئەوە بە چەند رۆژێك برایەکی کوشتوە . بەم جۆرە ئەفسەرەکە ئیمپراتۆر دەکوژێو ماکرینۆسیش بە دوایدا دەبێتە ئیمپراتۆر .

(دەمەتەقێ –ل ٦١٣ ، ٦١٤) .

٨٥– ئەلیکساندەر – Alexander لە سالأنی (٢٢٢–٢٣٥ ز.)دا فەرمانڕەوایی کردوە .

٨٦– ماکسیمینۆس – Maximinus لە سالأنی (٢٣٥–٢٣٨ پ.ز.)دا فەرمانڕەوایی کردوە .

٨٧– پاسەوانانی پریتۆرەکان –

لە سەرەتادا ئیشیان پارێزگاری‌کردن بووە لە دادپەروەری . بەلاّم دوایی بوونەتە پارێزگاری‌کەر لە شەخسی سەرکردەو فەرماندەکانی رۆمانەکان‌و لە ساڵی (٤٢–پ.ز)وە وای‌لێهات کە کۆنە جەنگاوەرانی تێدا دەبوونە سەربازو ژمارەیان پەرەی سەندو دەورێکی سەرەکی‌یان لە سیاسەتی ئیمپراتۆرێتەکەدا دەگێرا ، تەنانەت ئەم ئیمپراتۆریان لێدەخست‌و ئەویان لەجێی دادەنا ، تا ئیمپراتۆر کوستانتین لە ساڵی (٣١٢–ز)دا بلاّوەی پێکردن . (دەمەتەقێ – ل ١٨٥ – پەراوێز) .

٨٨– ئەسکەندەریە – Alexandria ئەسکەندەری مەکدۆنیایی لە ساڵی

(۳۳۲–پ.ز)دا بنیادی ناوەو بە کتێبخانەو فەنەرەکەی‌و بە قوتابخانە فەلسەفی‌یەکەی بەناوبانگ بووە . لە ساڵی (۳۰–پ.ز)دا ئۆکتافیۆس داگیری‌کردوەو داوێتی‌یە پاڵ ئیمپراتۆرێتی رۆما . تا لە ساڵی (٦٤۲–ز)دا کەوتۆتە دەست عەرەب‌و موسڵمانەکان .

دەوترێ ئەسکەندەر لە وەختی خۆیدا لەسەر شێوەی شارێکی مەکدۆنیایی دروستی‌کردوەو شەقامەکانی وەك شارە تازەکانی ئەم سەردەمە ، رێك‌و راست بوون‌و هەریەکەیان ژمارەی تایبەتی‌ی خۆی هەبووەو بۆ یەکەمجاریش لە مێژوودا ، شەقام بە شەو لەو شارەدا رووناکی‌ی بە خۆیەوە دیوە . لەبەر ئەوە لەو سەردەمەدا ، جوانترین‌و دڵگیرترین شار بووە لە جیهاندا (گەورەترین.....،ل–۷۵ ، پەراوێز–۸۱) .

۸۹– تراکە (تراقیا) – Thrace هەرێمێکە دەکەوێتە خوارووی رۆژهەڵاتی ئەوروپاوەو خوارووی رۆژهەڵاتی شێوە دوورگەی بولکان دەگرێتەوە . هەروەکوو هەموو یۆنان‌و خوارووی بولگاریاو تورکیای بەری ئەوروپای لی‌پێك‌دێ . لە سەرەتادا تراکەیی‌یەکانی تێدا نیشتەجێ بوون‌و ئینجا ئالیری‌یەکان‌و دوایی لە سەردەمی فیلیپی دوومدا لە ساڵی (۳٤۲ پ.ز)دا مەکدونیایی‌یەکان دەستیان بەسەردا گرتوە . هەروەکوو لە سەدەی یەکەمی پێش زاییندارۆمانەکان‌حوکمرانی‌یان کردوەو ئیتر بەردەوام مەیدانی چەندین شەروشۆر بووەو گەلێ دەوڵەت‌و گەل دەساودەسیان پێکردوە . (گەورەترین – ل ٤۳ – پ ٤۲) .

۹۰– جویلف‌و جیبلین – Guelfe Ghibelline لە ساڵی (۱۲۱۵ .ز)دا بە هۆی کوشتنی بۆندلمۆنتی ناوێکەوە ، خەڵکی شاری فلۆرنسا بوون بە دوو بەرەی دژبەیەکەوە کە پی‌یانوترا (جیویلف‌و جیبلین)و ئیتر ئەو دووبەرەکی‌یە هەم بۆ ماوەی پتر لە سەد ساڵ درێژەی کێشاو چەندین بەیەکدادانی خوێناوی‌ی پڕ لە کوشت‌وبڕی لیوەشایەوەو هەم بۆ شارەکانی‌تری دەوروبەری فلۆرنسا تەشەنەی سەندو گشت ناوچەکەی گرتەوە . چونکە مەسەلە چووە ئەو قاڵبەوە کە هەردەم تەقەلا بدەن یەکتری لەو شاران دەرپەڕێننە دەرەوەو تەنیا لایەکیان بمێنێتەوە . بۆ نموونە

له ساڵی (١٢٤٨ . ز)دا جیویلفی‌یەکان له فلۆرنسا دەرپەڕێنراون ، بەڵام له ساڵی (١٢٦٦)دا خۆیان کوتاوەتەوه ناو شارەکەو ئەوان جیبلینی‌یەکانیان دەرپەڕاندۆته دەرەوەو . . هتد . بێگومان زۆر جاریش تەقەلادراوه پێکبهێنرینەوەو کۆتایی به ناکۆکی‌یەکەیان بهێنرێ (وەك کاردینالٚ لاتینۆ له ساڵی (١٢٨٠)دا کردویتی ، بەڵام بێسوود بووه . ئینجا سەیر ئەوەیه که جویلفی‌یەکانیش لەلای خۆیانەوه له ساڵی (١٢٨٦)دا بوونەته دوو دەستەو کەوتوونەته کوشتو بڕ له یەکتری . بەهەرحالٚ لەوه دەچێ که له سەردەمی ژیانی مەکیاڤیللیدا ئەم دوو بەرەیه نەمابن یا ناکۆکی‌یەکەیان کۆتایی هاتبێ . (ل ٦٤٠-٦٤٢ی کۆمیدیای خواوەندی- بەهەشت- پاشکۆی ژمارە-١-) .

٩١- باندۆلفۆ پیترۆچی - Bandolfo Petrucci

(١٤٥٠-١٥١٢) . میری شاری سی‌یەنا بووه ، میرێکی زۆردارو جەربەزه بووەو وەك دکتاتۆرێك حوکمرانی ی میرایەتی‌یەکەی خۆی کردوه . لۆسیۆ بیلانتی ناوێك که زاوای بووەو بەڵام به زۆرو لەناهەق کچەکەی خۆی لێ‌سەندۆتەوه ، پیلانێکی بۆ کوشتنی سازداوەو که چی ڕێکەوتێك له دواساتدا به فریای کەوتوەو رزگاری بووه . پیلانگێڕەکانیش ناچار هەڵاتوون و له شارەکه (سی‌یەنا) دەربەدەر بوون . (دەمەتەقێ- ل٥٩٩ ، ٦٢١) .

٩٢- نیکۆلۆ ڤیتیللی

میری سیتا دی کاستیللۆ بووه . له ساڵی (١٤٩٧)دا مردوه .

٩٣ گیدۆ بالدۆ - uido Baldo

کوڕی فریدریکه که یەکێك بووه له فەرماندە سەربازی‌یه بەناوبانگەکانی میرایەتی ئوربینۆ . میرێك بووه که جەماوەری گەلەکەی زۆریان خۆشویستوەو لەلایان گەلێ بەڕێز بووه . بۆیه ئەویش دوای گەڕانەوەی بۆ سەر تەختی میرایەتی‌یەکەی ، چۆته سەر ئەو باوەڕەی که پشت به گەلەکەی‌و بەشکرێکی هەڵقولاو له ڕیزی گەلەوه ببەستێ ، نەك به قەڵاو قولله . (دەمەتەقێ-ل ٥٣٨) .

٩٤- جیرۆلامۆ ریارۆ - **Girolamo Riario**

کوشتنەکەی لە ساڵی (١٤٨٨)دا بووە . بڕوانە پەراێزی ژمارە (١٧) .

٩٥- قشتالە - **Castiglia**

عەرەبەکان لە کۆندا (لە زەمانی دەوڵەتی ئەندەلووسدا) بە ئیسپانیایان دەوت قشتالە(ج.ع) .

٩٦- بیرنابۆ /**rnabo**

ەکیاڤیللی لێرەدا تووشی غەفڵەت بووە . چونکە نە لەوەبەری (میر)داو نە لەدوایی تریدا ، هیچ باسێکی ئەم (بیرنابۆ) یەی نەکردوە . لە (دەمەتەقێ)شدا تەنیا یەك جار ناوی .دەباو دەریدەخا کە حوکمڕانێکی ناوچەی لۆمباردیا (میلان) بووەو برازایەکی حوکمڕانی‌یەکەی بە فرت‌وفێڵ لیٚ‌زەوت کردوە .(ح . ع) .

٩٧- مەکسیملیان - **Maximilyan**

پراتۆری ئەڵەمانیا بووە . دوو جار هێرشی بردۆتە سەر ئیتالیا . یەکەمیان لە ساڵی (١٤٩٦)داو دووەمیان لە ساڵی (١٥٠٨)دا . نیازی وابووە هەموو باکووری ئیتالیا داگیربکات‌و ڕۆمای بکەویتە چنگو بکرێتەوە بە ئیمپراتۆری ڕۆمانیای پیرۆز . بەڵام بە سەرێك ئیتالیایی‌یەکان ملیان بۆ نەداوەو بە سەرێکیش فەرەنسایی‌یەکان بەریان لێگرتوە . لە ساڵی ١٥١٩دا مردوە . (دەمەتەقێ -ل٤٤ ، ٥٥ ، ٦٩) .

٩٨- دڕندەکان - **Barbarians**

ناوێکە بە سەر ئەو گەلانەدا دابڕدرا کە بە درێژایی سەدەی پێنجەمی زایینی لە باکوورەوە بەرەوخوار دارژانە ناو وڵاتی (گال)ەوە (باکوورو ڕۆژئاوای ئەوروپا)و ئیمپراتۆرێتی ڕۆژئاوای ڕۆمە یان کۆتایی پیٚ‌هێنا . گالی‌یەکان‌و ڕۆمەکان ئەم ناوەیان بە هۆی کردارو ڕەفتاری وەحشی‌یانەی دوور لە شارستانێتی‌و پێشکەوتووانەوە لێنان . بۆرگاندی‌و جووت (قوط)و جەرمانی ، لە عەشرەت‌و تیرە گەورەکانیان بوون کە لە ساڵی (٤١٠ . ز)دا دەستیان گەیشتە ڕۆماو تالآنیان‌کرد .

ئینجا لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئیشارەت بەوە بدەم کە لە زمانی عەرەبیدا جۆرە تێکەڵاوێك لە نێوان ئەم وشەی (Barbarian - کێوی - وەحشی)یەو (Barbar -

بەربەر)دا روودەدا کە توخمێکن لە ئادەمیزادولەباکووری ئەفریقادا دەژین و لە رۆژگارێکی زۆر کۆنەوە کە دەوترێ لە سێ هەزار ساڵ کەمتر نی یە ، تیایدا جێگیربوون . واتە وشەی (بربري) لە زمانی عەرەبیدا کە بە مانای (کێوی – درندەو جانەوەر – وەحشی) بەکار دەهێنرێ ، لە (Barbarian)ەکەی ئەوروپاوە هاتوە ، نەك (بەربەر)ی توخمە ئادەمیزادی باکووری ئەفریقا . (گەورەترین . . . . ، ل–٢١٣ ، ٢٦٥ ، پ– ١٩٩ ، ٢٤٣) .

٩٩– رافینا– Ravenna

دەکەوێتە باکووری ئیتالیاوە ، نزیك شاری فیراراو دوور لە کەناری ئەدریاتیك بە شەش میل . لە سەردەمی رۆمانەکان بایەخێکی گەورەی هەبووەو تەنانەت (هوزویس) کردوێتی بە پایتەختی ئیمپراتورێتی یە رۆژئاوایی یەکەی خۆی . لە سەردەمی تازەشدا ، لە ساڵی (١٥١٢–ز)دا ، بۆتە مەیدانی شەرێکی گەورە لە نێوان لەشکری فەرەنساو لەشکری دوو قوڵی ی ئیسپانیاو پاپا کە فەرەنسایی یەکان سەرکەوتنیان تێدا بەدیهێنا . هەروەها بە شوێنەوارە مێژوویی یەکانی بەناوبانگەو بەتایبەتی گۆڕی شاعیری گەورەی ئیتالیای سەدەکانی ناوەراست (دانتی) . (گەورەترین . . . ، ل–١٧٠ ،پەراوێز–١٦١ ، دەمەتەقێ ی مەکیاڤیللی ، ل – ٤٩٩ ، پەراوێز) .

نيكولو مكيافيلي

الأميـــر

ترجمه عن العربية

حسين عارف

نرخی یەك دینارە — رقم الايداع في المكتبة الوطنية 1368 / 1982

مطبعة (سمراميس) بغداد